ژمارە: ٥٣
ساڵی پێنجەم، یۆنیۆی ٢٠١٠

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر:
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی:
ڕێبین مەجید

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال

تایپ و نەخشەسازیی:
پەیام ئەحمەد

هەڵەچن:
سنەوبەر کەریم
مونا عەبدوڵڵا

لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە

مۆتیف:
ئاریان ئەبوبەکر

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست


## لێکۆڵینەوە

| | | |
|---|---|---|
| هەڵوەرین، تەمەن کورتیی دەق... | سیروان ڕەحیم | ٧ |
| لەنێوان دەقبوون و شیعرییەتدا... | ئارام سدیق | ١٤ |
| بەراوردێک لەنێوان تێکستی گۆرانیی... | بوار نورەدین | ٢٢ |

## دەق

| | | |
|---|---|---|
| گەڕانەوە بۆ ماڵ گەڕانەوە بۆ ناو ئاو... | ئەحمەدی مەلا | ٤٧ |
| مانیفێستی بەرد... | حسێن لەتیف | ٤٩ |
| دەمەوێت بێمە ئەوینتەوە... | کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٥٢ |
| قسەکردن لەناو جێگادا... | هێرۆ کوردە | ٥٥ |
| قەرز، ئیستیعارە... | بەرزان بابە شێخ | ٥٨ |
| دوو شیعری کورت... | محەمەد موشیر | ٦٠ |
| وابزانە دونیا هێشتا جوانە... | عومەر سەیدە | ٦٢ |
| تەمەنێک لە ئەملا سنووری... | ڕێباز مەحمود | ٦٥ |
| کچێک پڕ لە خەیاڵی هار... | ڕەوشت محەمەد | ٧١ |
| دڵم بەمندا غلۆر دەبێتەوە... | غەمگین بۆڵی | ٧٦ |
| ئەنتیک (Antique)... | کاروان عومەر کاکەسوور | ٧٩ |
| ک-یٚ ئ-ەو ژن-ە دەن-اس-یٚ-ت؟!... | ئەنوەر محەمەد | ٨٩ |
| نامەیەکی کراوەبۆ هاوڕێم سەباح ڕەنجدەر... | عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی | ٩٤ |

## خوێندنەوەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| عەتر چیرۆکی بکوژێک و... | هۆشەنگ شێخ محەمەد | ١٠١ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ بەختیار عەلی... | سازدانی: حەمە کاکەڕەش | ١٠٧ |


## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| نیچە، راستی هونەرو ژیان... | ئەردەڵان فەرەجی | ١٢٩ |
| نووسەرێکی کەموێنە جۆرج بەرنارد شۆ... | یوسف زەماوەنگەیی | ١٣٧ |
| دیدار لەگەڵ مەنسوور یاقووتی... | مستەفا زاهیدی | ١٤٢ |
| دیدار لەگەڵ لەیلا عوسمان... | غەفور ساڵح عەبدوڵڵا | ١٤٧ |
| ئیلیاس... | هیوا خەیات | ١٥٢ |
| من و هاوڕێ شاعیرەکانم... | سەلاح جەلال | ١٥٨ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| چریکەی زیندوو: حەسەن زیرەک... | جەلال هانیسی | ١٦٣ |
| فۆڤیزم، نیگارکێشان بە رەنگی ئاڵ... | و: تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٦٨ |
| خولی ٨٢ی فیستیڤاڵی ئۆسکاری... | ئا: خەسرەو حەمە کەریم | ١٧٨ |
| دیدار لەگەڵ ڤۆلکەر شلۆندۆرف... | و: پشتیوان کەمال | ١٩٣ |

# لێکۆڵینەوە



هەڵوەرین
تەمەن کورتیی دەق
لە ئەدەبی کوردییدا

سیروان رەحیم

لەنێوان
دەقبوون و
شیعرییەتدا

ئارام سدیق



بەراوردێک لە نێوان
تێکستی گۆرانیی
فۆلکلۆری کوردی

بوار نورەدین

# هەڵوەرین
# تەمەن کورتیی دەق
# لە ئەدەبی کوردییدا



سیروان رەحیم

ئەڵەمانناسەکان، کۆمەڵێک لە پرۆفیسۆر و دکتۆرە بەدەربەستەکانی سەرقاڵ لە زانکۆکان، کەسانێک پەروەردە دەکەن، کە هیچ شتێک لە ئەدەبیات حاڵی نابن.

نووسەری نەمسایی هانز ڤایگل
(١٩٠٨-١٩٩١)

با دەسپێک ئەوە بڵێم مەبەستم لە هەڵوەرینی دەق لە ئەدەبی کوردیدا زۆر بەرهەمی نووسراو دەگرێتەوە. بەرهەمگەلی مینا رەخنە، لێکۆڵینەوە، کۆمەڵێ کتێب کە لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیست نووسراون. بێگومان قسەکردن سەبارەت بە هەڵوەرینی دەق، دەبێت شیعری لێ ئاوارتە بکەم. لە ئەدەبی کوردیدا ئەو شیعرانە کەم نین تەمەنیان هەیە و هێشتایش زیندوون. بەرهەمی شیعریی جەزیری، نالی، مەحوی و گەلێکی تر، دەقگەلێکن تا ئێستایش گەش و پڕ جوڵە. لەو بەرهەمە هەمیشە زیندووانەن هەنووکەیش یاری لەگەڵ هەست و لەگەڵ چێژماندا دەکەن. بۆیە لە باس و خواسدا سەبارەت بە مردنی دەق مەبەست لەو دەقگەلەی ئەوان نییە.

بە روونی مەبەستم خەرمانێک نووسین و دەقن کە لە چەند دەیەی رابردوودا لە ماڵی ئەدەبیاتی ئێمەدا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هیچ گۆشەیەکی یادەوەریی و بیرئانینی ئێمەیان نەگرتووە. سەبارەت بە نووسینی سیاسییش، یان گوتار و دەقی سیاسی، دیارە لە نزیکەی بیست ساڵی رابردوودا سیاسەتوانانی ئێمەیش زۆر دیداریان لە تەکدا کراوە، زۆر گوتاریان پێشکەش بە خەڵک کردووە و زۆر شتیان نووسیوە، بەڵام شتی نەمریان نەگوتوە. یان هەر نەبێ شتێکیان نەگوتوە بۆ کاتی خۆی نوێ بێت، یاخود شتێک بێت بمێنێتەوە. لە گوتاری سیاسی ئێمەدا پێشبینییەک، دیدێکی نوێ یان هەر روانینێک شتێکی تازەی لە دووتوێدا هەڵگرتبێت نەبوگە.

لە گۆشەیەکی دییەوە تەماشای سەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردە و زانست بکەین، زانکۆ، تەماشا لە وڵاتی ئێمە چەند زانکۆ هەیە؟ چەندین زانکۆ و سەدان مامۆستای زانکۆمان هەن، بەڵام کوا بەرهەمەکانیان؟

کوا ئەو دەقانەی نووسییان و مانەوە؟

کام دیدەیان پێشکەش کرد شتێکی نوێی لەخۆ گرتبێت؟

لە بیست ساڵی رابردوودا ئەو ناوچەیەی ئێمەی لێدەژین رووبەڕووی چەندین گۆڕان، هەڕەشە و چەند شەڕ بووەوە؟

ئەم کوردە چەندین جار (هەلی زێڕینی) لە دەستدا!، بەڵام کوا شتێکی مامۆستایانی زانکۆیی ئێمە تۆماریان کردبێت و مابێتەوە؟

کوا کاریگەریی قسە و شرۆڤەکانی ئەوان بۆ نابیندرێن؟

بۆ شتێکیان لای هەموو ئەو نەوانە جێنەهێشت ساڵانە بە بڕوانامەوە زانکۆ بە جێدەهێڵن؟

بۆ ئەو کەسانەی زانکۆ تەواو دەکەن بەرهەمێکیان نییە ببیەخشن بە کتێبخانەکەمان؟

بۆ زۆربەیان بێ ئاگان لە گرنگی دەق و لە گرنگی نووسینی کتێب؟

دەقی ئێمە، نووسین و کتێبەکانی ئێمە، نزیکەی لە بەرسڤی هەموو پرسیارەکاندا، هەناسە سوارن. ژمارەکە لەوە زۆرترە قسەی لەسەر نەکرێت. بەرهەمی نووسراوی ئێمە کەم وزەن. رووبەرێکی فراوانی دەقەکانی ئێمە بێ باڵن و توانای فڕینیان نییە. دەقەکانی ئێمە بەرهەمگەلێکن بەرگەی رۆژگارە درێژەکان ناگرن. ئەو بەرهەمانەی هزر و لێکدانەوەمان چەندن کە لە سەد ساڵی رابردوودا نووسراین و شایانی ئەوە بن بچینەوە سەریان؟

ئەمانە پرسیاری غەمگینن، پرسیارگەلێک بـەردەوام لە ئەندێشەمدا سەرهەڵدەدەن. بەردەوام لە خەیاڵگەی جەنجاڵمدا ئەم هەستە لەگەڵ خۆی دەمبات، ئەم پرسیارە دەمخاتە تاسەی قوڵەوە، بۆ دەقمان نییە؟

باشە بۆ ئێمە کتێبخانەیەکمان نییە شتی دەگمەنی تێدا بێت. دیارە کتێبخانەی ئێمە سەبارەت بە کۆمەڵێ زانستی گرینگ خاڵی خاڵییە، بەڵام بۆ لە بواری ئەدەب و هونەردا دەبێت بەو چەشنە بین. لە سەد ساڵی رابردوودا گەلێ کار کراوە، بەڵام کاری رۆژانە بوون، کارگەلێکن یان کەم ژیاون یاخود لەگەڵ یەکەم چاوتروکاندندا مردوون و تەمەنیان لە خانەی تەمەنە هەرە کورتەکاندا بووە.

کاتێک کەسێک دەیەوێت شتێک سەبارەت بە کورد و کێشەکەی بنووسێت و پرسیار ئاراستە دەکات، بۆ نموونە پرسیاری لەم جۆرە کە چەندین جار لە خۆم کراوە: (کێن ئەوانەی لەناو کورددا باسیان لە هۆکارەکانی بە دەوڵەت نەبوونی کورد کردبێت؟).

پرسیارێکە گرنگ، بەڵام ئەوان کێن لەناو کورددا باسیان لەم بابەتە کردبێت؟

لەناو ئێمەدا کەمن زۆر کەم ئەوانەی باسیان لەو کێشە ئاڵۆز و دەردە درێژخایەنە کردبێت، باسکردنێک ببێت بە سەرچاوەی نووسین و لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا جێ باوەڕ بێت. یەکێک لەو کەسانەی باسیان لەو بابەتە ئاڵۆزە کردووە مەسعود محەمەدە. ئەو کەسێک بوو رادەما، رامانێک خوێنەری دەبردە هەواری بیرکردنەوە و پرسیارکردن. مەسعود محەمەد، یەکێک لەو کەسانەیە کۆمەڵێ دەقی زیندووی بە جێهێشتووە. ئەو لە کۆتایی یەکێک لە بەرگەکانی کتێبـی حاجی قادری کۆییدا* باس لە کێشەی دروستنەکردنی دەوڵەت دەکات، بەڵام باسکردنێک شایانی خوێندنەوە و بەشداریکردنە لەگەڵ بۆچوون و

دیدەکانیدا. ئاساییە تۆ لەگەڵ بۆچوونی مەسعود محەمەد یەکدەنگ نەبیت، بەڵام ئەو لە ئاستێکدا قسەی کردووە کە شایانی خوێندنەوەیە. ئەو دەقێکی زیندووی بەجێهشتووە.

***

دیارە قسەکردن سەبارە بەم بابەتە، بابەتی هەڵوەرینی دەق ئاسان نییە. بابەتێکە پێچیدە. مژارێکە ئاڵۆز. لەم نووسینەدا، وەک هەمیشە هەوڵ دەدەم، مەبەستم کەسێکی دیاریکراو نەبێت. دەمەوێت رووی قسە و نووسینم لە رووبەری رۆشنبیریمان بێت. دەمەوێت باسی دیاردەکە بکەم. مەبەستم نییە کەسێکی تایبەت بکەم بە میناک و شتی خۆمی بەسەردا بسەپێنم.

تەمەن کورتیی دەقەکانی ئێمە دیاردەیەکی غەمگینە، بەڵام غەمگینتر ئەوەیە قسەی لەسەر ناکەین؟

بەر لەوەی ئەم بۆچوونانەی خۆم بنووسم، نووسینێکم دەخوێندەوە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ نووسراوە. نووسینێک لە لایەن نووسەرێکی کوردەوە. لە نووسەرە پلە یەکەمەکانی ئێمەیە. هۆی ناونەهێنان و ئاماژەنەکردنم بە سەرچاوە ئەوەیە کە باسم کرد، پێموایە گرنگ باسکردنی دیاردەکەیە، نەک کەسەکان. با کەسیش بۆچوونەکە وا نەخوێنێتەوە من مەبەستم لە شکاندنی نووسەرێکە. نەخێر باسکردنی کێشەکە گرنگە بە لامەوە. لە ئێستەدا بیست ساڵ بەسەر ئەو نووسینەدا تێپەڕ دەبێت. نووسینێکە نووسەرەکەی بەردەوام باسی لە رەچاوکردنی رێبازی زانستی کردووە لە نووسیندا و هەمیشە باسی لە (مەنهەجییەت) کردووە. ئەو نووسینە لە رۆژگاری خۆیدا رووبەرێکی گەورەی لە ناو مەیدانی رۆشنبیریماندا سەرقاڵ کردبوو، بەڵام ئێستا من کاتێک ئەو نووسینە دەخوێنمەوە، هەست بە بێ هیوایی دەکەم. هەست دەکەم تەمەنی رۆشنبیریی کوردی چۆن هەڵچووە و چی لە دەست داوە.

نووسینەکە سەبارەت بە نووسەرێکی بێگانە نووسراوە. بە دۆستی گەورەی کورد ناسێندراوە. ئەو نووسینە سەرباری ئەوەی پڕە لە زانیاری چەوت، هەروەها زۆرتر لەوە دەچێت کەسێکی ئەڤیندار باس لە دڵخوازەکەی بکات، ئەوەندە زمانی سۆز بەسەریدا زاڵە. لە چەندین شوێنی ئەو نووسینەدا کۆمەڵێ دەستەواژەی لەم بابەتە هەیە:

(خوا دەست بە باڵییەوە بگرێ، ئامین، ئامین!)

کارێکی کردووە (یەکێکە لەو شتە هەرە بەرزە سەیرانەی ئەم دونیایە).

(خودا دەست بە باڵتەوە بگرێ و تا دێت لە وێنەت زۆر بکات)

(دیارە دوعای خێری بێکەسان بۆتە پەرژینی دەوری ئەو پیاوە گەورەیە بۆیەکا یەزدان دەستی بە باڵییەوە گرتووە و شوکور تەمەنی درێژ کردووە).**

بەشبەحاڵی خۆم لە نووسینی زانستی کەسانی تردا، دیارە مەبەستم لە نووسینی زانستی بە زمانی کوردی نا، بەڵکو تەواو و روون مەبەستم زمانی ئەڵەمانییە، نەمبینیوە رستە و دەستەواژەی لەو جۆرە جێگەیان هەبێت و بۆچوونی وەها ناخرێتە نووسینەوە.

بۆیە ئەوان خاوەنی دەقگەلێکن، بە ژمارە زۆر، کە زیندوون، دەقگەلێک بـەردەوام پێویستیی خەڵک دەباتەوە سەریان و بۆ ماوەیەکی درێژیش وا دەمێننەوە.

دیارە لە ئەدەبیاتی نووسراوی ئێمەدا نموونەکان زۆرن بچینەوە سەریان. بۆیە من ئەو نووسینەم وەکو نموونە هێنایەوە، چونکە بەڕێکەوت لە بەردەستمدا بوو. دەنا کەرەستەمان زۆرن بۆ قسەکردن سەبارەت بە مردنی دەق لە کن ئەدەبیاتێک کە شتی زیندووی کەم بەرهەم هێناوە.

***

ئەمە ئەندێشەیە، ئەمە شکاندنی کەس نییە. شکاندنی ئەدەبیاتی نەتەوەیەک نییە کە من قسەی لەسەر دەکەم، بەڵکو ئاگادارییەکە سەبارەت بە ئەدەبیاتێک دەیەوێت هەنگاو بنێت، بەردەوام بێت و خۆی بە ئەدەبیات لە قەڵەم دەدات، کەچی ئەدەبیاتێکە زۆر کەم دەقی زیندووی بەهەمهێناوە. ئەدەبیاتێک دەقی زۆر کەمە بژی و هەڵنەوەرێت. هەڵوەرینی دەقەکانی ئەدەبیاتی ئێمە لە رزینی گەڵاکانی پایز دەچن. ئەوەندە بەرگە ناگرن بۆ نەوەیەک، بۆ تاکە نەوەیەک زیندوو بن. بە بەرچاومانەوە گەڵاگەلی دەقەکان هەڵدەوەرێن و لە بیردەچنەوە. بابەتی هەڵوەرینی دەق، بابەتێکە پێویستە بە قوڵی سەرنجی بدرێتێ و بە شێوەیەکی فراوان قسەی لەسەر بکرێت. قسە لەسەرکردنێک دیارە بە مەبەست و ئامانجی جوان. قسە لەسەرکردنێک بمانگەیەنێتە سەر هۆکارەکانی کێشەکە.

لەسۆنگەی ئەوەدا ژمارەی دەقە بێ گیان و دەقە مردووەکانی ئێمە زۆر زۆرترن لە دەقی جوان و زیندوو، بۆیە هەندێ جار تێکەڵ و پێکەڵییەکی وەها دروست دەبێت کە بۆ زۆر کەس ئاسان نەبێت دەقی بێ گیان و دەقێک هەناسەی خاوێن بەنێو رستەکانیدا دێت و دەچێت لێک جودا بکرێتەوە. بەتایبەتی بۆ خوێنەر جوداکردنەوەی ئەو دەقانە لە یەکتر کارێکی دژوارە.

جۆرج بەرنارد شۆ (١٨٥٦-١٩٥٠) نووسەری بە ناوبانگ و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات ساڵی (١٩٢٥) گوتویەتی:

(خەوتنیش شێوازێکی رەخنەگرتنە، بە تایبەتیش لە شانۆدا).

چ بکەین چاوی خۆمان بگرین، کتێبەکانمان نەخوێنینەوە، یان قسە بکەین؟

بە بێدەنگی رەخنە بگرین یاخود بە دەنگی بەرز قسە لە بابەتێک بکەین کە شایانی قسە لەسەرکردنە؟

***

نووسەری ئەڵەمانی ئێریک کێستنەر (١٨٩٩-١٩٧٤) دەڵێت: (ئەدەبیاتی ئەڵەمانی یەک چاوە. ئەو چاوە شک نابات کە پێدەکەنێ). ئەگەر ئەمە بۆچوونی نووسەرێکی بە باندۆری وەک وی بێت سەبارەت بە ئەدەبیاتی ئەڵەمانی، گەلۆ گریمان کەسانی وەها پەی بە رەوشی ئەدەبیات و نووسینی کوردی ببەن، دەبێت بۆچوونیان چ بێت؟

من نازانم، بەڵام تێڕوانینی جودا سەبارەت بە ئەدەبیاتی ئێمە لە شتە زۆر پێویستەکانە.

کێستنەر مەبەستێکی فەرەئالی لەم قسەیەی هەیە. ئەو لەوەیە مەبەستی کێشەی نەبوونی کۆمیدیا بێت لە ئەدەبی ئەڵەمانیدا. دەبێت مەبەستیشی تەماشاکردن بێت بە یەک چاو، دیارە چاوێکی هەمیشە کەم، دەبێت بە چاوگی بزرکردنی چ وزەیەکی گەورە. یان بە یەک چاو تەماشاکردن، واتای بینینی یەک لای شتە. قسەیەکە قوڵ. قسەی نووسەرێکە لە پای پێکانی مەبەستی گەورەدا قسەی کردووە، بۆ ئەوە دەقی نووسیوە بژی و وشەکانی هەمیشە هەناسە بدەن.

ئەو ئەدەبیاتەی کێستنەر پێیوایە یەک چاوە، ئاسمانێکە پڕ لە ئەستێرەی گەش. ئەدەبیاتی ئەڵەمانی دیرۆکێکی هەیە پڕاوپڕ لە نووسەر، نووسەری خاوەن دەقی تا ئێستا نەمر. ئەدەبیاتێک خەملیو بە داهێنەر. ئەو ئەدەبیاتە خاوەنی کتێبخانەیەکە نووسەرانی هەڵگری خەڵاتە گەورەکانن، جگە لەوەی چەندین وەرگری خەڵاتی نۆبڵی تێدایە، بەرهەمەکانی ئەو ئەدەبیاتە لە لای خەڵک زیندوون. لە ئەدەبیاتی ئەڵەمانیدا دەق هەیە تەمەنی سەدان ساڵە، بەڵام ئێستایش مرۆڤ وەکو پێداویستی یان وەک خۆشەویستی و چێژ دەچێتەوە لای، کەچی نووسەرێکی بە توانای وەکو کێستنەر بەو ئەدەبیاتە دەڵێت: (یەک چاو)!.

دیارە ئێمە لە چەند کەمە کتێب زیاتر کە شایستەی خۆشەویستی و چوونەوە سەر بن، کتێبمان نییە تەمەنیان سەدان ساڵ بێت، بەڵام ئەوەی شیاوی لەسەر

وەستان و تێڕامانە، ئەوەیە، ئەو کتێبانەی کە دوێنێ و ئەمڕۆیش نووسراون (زۆربەیان!) هەمان ناسنامەی نەمریی یان ژیانێکی درێژیان پێ نییە.

بۆ؟

ئەمە پرسیارێکە دەبێت هەمووان بیری لێبکەینەوە.

جۆن ئۆسبۆرن (١٩٢٩-١٩٩٤)، شانۆکار و نووسەرێکی بریتانی بوو، گوتویەتی:

(تەنانەت بێ کەڵکترین کتێبیش پەڕەیەکی باشی هەیە: دوا پەڕەی!)

بە هیوام کتێبخانەی ئێمەیش پڕ بێت لەو کتێبانەی کە هەموو پەڕەکانی بەکەڵکن.

* چونکە سەرچاوەکەم لەبەردەست نییە و ناتوانم سوود لە بواری ئینتەرنێتیش وەربگرم، ئاخر ئێمە ئەو بەرهەمانەی کە پێویستن بۆمان و سەرچاوەی بەکەڵکن نەمانخستوونە سەر ئەو تۆڕە گرنگە، ئەو تۆڕەی بەردەوام مرۆڤ دەستی دەیگاتێ، ئینتەرنێت.

** ڕێنووس و ڕستەکان وەکو خۆیان چۆنن وەها گوازراونەتەوە.

**ڕوونکردنەوەی چەند وشەیەک...**

مینا: **وەکو. نموونە.**

ئاوارتە: **ئیستیسنا. دەگمەن.**

شیرۆڤە: **شیکردنەوە. تەحلیل**

باندۆر: **کاریگەری. تەئسیر**

دیرۆک: **مێژوو**

مژار: **بابەت**

فەرەئالی: **فرەلایەن**

# لەنێوان دەقبوون و شیعرییەتدا

## خوێندنەوەی دەقی (نائومێدم وەک نائومێدی خوا لە بەشەر)ی حەمە کاکەڕەش

**ئارام سدیق**

یەکێک لەو گرفتە دیارانەی لە ئێستادا شیعری کوردی گرتۆتەوە، کێشەی شیعرییەتبوونە، کە زیادەڕەویی نییە بڵێین بەشێکی زۆری ئەو دەقانەی بڵاودەکرێنەوە هیچ بەهایەکی شیعرییان لە هەناویاندا هەڵنەگرتووە و تەنها کۆمەڵێک ڕستەی جۆراوجۆرن ریزدەکرێن، کە هەندێکجار ڕستەی جوان و واتادارن و هەندێکجاری تر بە پێچەوانەوە. ئەوەی گرفتی سەرەکییە ئەوەیە، هەندێک لە شاعیران بەناوی داهێنانەوە شەرعییەت بە هەموو شتێک دەدەن لە ڕستەی شیعریدا بخرێتەڕوو، کە من لاموایە هەموو پرۆسەیەکی نووسین لە خاڵێکەوە دەستپێدەکات و سنوورێک هەیە بۆ کۆتایی ئەو خاڵەش، ئیتر ئەو سنوورە لای هەندێک نووسەر ڕەنگە مەودایەکی دیاریکراو و سنوورێکی تەسک بێت و لای هەندێکی تر سنوورەکە دە هێندە و زیاتریش فراوان بێت، کە ئەمەش دەکەوێتەوە سەر ئەو خاڵەی نووسەر چ پەیامێک لە ڕێی دەقەکەیەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت و چۆن ڕێگە نوێکانی گوزارشتکردن دەدۆزێتەوەو مانای نوێ کەشفدەکات.

یەکێک لەو دەقانەی کە لەم ماوەیەدا خوێندمەوە دەقێکی (حەمە کاکەڕەش) بوو بە ناوی (نائومێدم وەک نائومێدی خوا لە بەشەر)، کە بەلای منەوە ئەم دەقەی شاعیر تا ئاستێکی باش لەڕووی ناوەڕۆکەوە سەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی پێی دەوترێت پیشەسازیی شیعرییەت لەم شیعرەدا لاوازەو ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەر ورد لەو وێنەو فەزایە نزیک نەبۆتە، کە دەقەکە دەیخوازێت. بێگومان ئەم کێشەیە لای (حەمە کاکەڕەش) تازە نییە و پێشتر لە شیعری (من و خۆم)دا هەبووە، بەڵام لەو کاتەوە شاعیر نەیتوانیوە ئەو ئەزمەیەی کە (کێشەی شیعرییەت)ە، تێپەڕێنێت و بە هەنگاوی جیدیی ئەزموونەکەی دەوڵەمەند بکات. لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم لەسەر چەند لایەنێکی کێشەی شیعربوون لای ئەم شاعیرە بوەستم.

### بازنەی دەقبوون، یان بازنەی شیعربوون

لەم بەشەی نووسینەکەدا دەمەوێت زیاتر بەشێوەیەکی گشتیی قسە لەسەر شیعر بکەم، سەرەتا دەمەوێت ئەوە روونبکەمەوە کە مەبەستم لە هەردوو چەمکی (بازنەی دەقبوون)و (بازنەی شیعربوون) چییە؟ (بازنەی دەقبوون): ئەو بازنەیەیە، کە دەقێک تەنها توانیویەتی دەق بێت و نەیتوانیوە ئەو بازنەیە ببڕێت و بچێتە نێو بازنەی شیعربوونەوە. هاوکات (بازنەی شیعربوون)یش ئەو بازنەیەیە کە دەقێک دەتوانێت پێی بگات و بۆ هەمیشەیی تێیدا بمێنێتەوە، کە هەڵگری خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی شیعرییەت و بەهای شیعربوون بێت، کە بەپێی سەردەمەکان بەشێک لەو خەسڵەت بەهایانە لە گۆڕاندان و دەگۆڕێن، بەڵام بەشێکی تریان جێگیرن و بۆ هەمیشەیی دەمێننەوە، هەروەها دەمەوێت ئەوەش بخەمەڕوو هەردوو چەمکی (دەق) و (شیعر) وەک دوو چەمکی جیاواز و سەربەخۆ بەکاربراون، کە باسم لە دەق کردووە، واتە من لەگەڵ دەقێکدا کاردەکەم، کە مەرج نییە شیعر بێت، یان بە پرۆسەی شیعربووندا تێنەپەڕیوە. هەروەها کە باسی شیعریشم کردووە، مەبەستم لەو دەقانەیە، کە بە پرۆسەی شیعربووندا تێپەڕیون.

ئەگەر بە وردیی و بەشێوەیەکی گشتیی سەیری شیعری کوردی بکەین لەم چەند ساڵەی دواییدا دەبینین زۆرێک لەو دەقانەی بەناوی شیعرەوە بڵاودەکرێنەوە ناچنە نێو خانەی شیعرەوە، بەڵکو زیاتر لەنێو بازنەی دەقبووندا دەخولێنەوە بەشێوەیەک کە وێنەی شیعریی و فەزای شیعریی و موزیکیش تێیاندا نادیارە، یان بەشێوەیەکی سیستماتیک رێک نەخراوە و ئیقاعی وشە و

رستەکان هاوئاواز نیین. بێگومان ئەمە بە تێپەڕاندنی ئەو پێناسە تەقلیدییانەی پێشتر بۆ شیعر و شیعرییەت دەکرا.

دەکرێت لێرەوە قسە لە کێشەی دەقبوون و شیعربوون بکەین لای (حەمە کاکەڕەش). لای ئەم شاعیرە کێشەکە لەوەدایە، کە ئەم دەقەی پێیەکی لەنێو بازنەی دەقبووندایە و پێیەکەی تری لە شیعردایە. وەک چۆن زۆر شاعیری تری هاوشێوەی (حەمە کاکەڕەش) لەنێو ئەدەبی کوردیدا دەدۆزینەوە و بەشێک لەو شاعیرانە لە دەقێکدا لە ماڵی شیعردا و لە دەقێکی تردا لە ماڵی دەقدان، بەڵام کێشەکە لای (حەمە کاکەڕەش) جیاوازە و جیاوازییەکەش لەوەدایە، کە ئەم شاعیرە تەنها لە یەک دەقدا پێیەکی لەنێو بازنەی دەقبووندایە و پێیەکی تری لەنێو بازنەی شیعربووندا نییە، وەک ئەم دەقەی ئێمە هەڵمانبژاردووە بۆ قسەکردن، کە هەردوو حاڵەتەکە لەم دەقەدا بەزەقی هەستی پێدەکرێت، بەڵکو لە زۆرێک لە دەقەکانی تری ئەم شاعیرەدا هەمان حاڵەت هەستی پێدەکرێت. بەڵام ئێمە بۆیە ئەم دەقەمان بۆ قسەکردن هەڵبژاردووە، چونکە دەقێکی نوێی شاعیرە و لەچاو دەقەکانی پێشتری ئەم شاعیرەدا ئێمە پێمان باشتر بووە لە زۆر رووەوە و بەتایبەت لە رووی واتاو ناوەڕۆکەوە. سەرەتا با سەرنج لە دەستپێکی شیعرەکە بدەین:

**(من و خۆم پێکەوە نا ئومێدین**
**سەدان جار دەستم بە سابوون و شامپۆ شۆری**
**کەچی ئەم رەنگی نائومێدییە**
**لە دەستم نابێتەوە)**(١)

ئەگەر سەرنج لە دەستپێکی ئەم شیعرە بدەین دەبینین یەکەم رستە زۆر بەجوانیی هاتووە و کێشەیەکی جوان خراوەتەڕوو، بەڵام رستەی دووەم (سەدان جار دەستم بە سابوون و شامپۆ شۆری) تەواوی ئەو هێزی شیعربوونەی لە رستەی یەکەمدا هەیە، کوشتویەتی. کێشەکە لەوەدا نییە کە (سابوون و شامپۆ) وەکو دوو وشەی شیعری نایەنەوە لەو رستەیەدا، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە، کە بەکاربردنی ئەو دوو وشەیە گونجاو نییە. ئاخر نائومێدیی کەی بە سابوون و شامپۆ رۆیشتووە. رەنگە جوانتر بوایە وشەی (شادی، بەختەوەری...هتد) لە دوای (سابوون و شامپۆ) هەبوایە، بەڵام ئەوکاتیش شیعرییەت هەر لاواز دەبوو نەدەگەیشتە ئەو خاڵەی کە دەقەکە بازنەی دەقبوون تێپەڕێنێت و بچێتە نێو بازنەی شیعرییەتەوە. بۆیە دەبینین هەر لە دەستپێکەکەوە شاعیر شیعرییەتی شیعرەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و خوێنەر بەرەو تاراندن دەبات.

## لاوازیی زمان لە دەقەکەدا

بۆ ئەوەی لەم بەشەی نووسینەکەدا پرۆسەی لاوازیی زمان و بەلاغەت بە وردتر تەوزیف بکەم، سەرەتا رای چەند لێکۆڵەر و نووسەرێک دەهێنمەوەو ئەوسا تێبینییەکانی خۆم دەخـەمـەڕوو. سەرەتا بە وتەیەکی (هایدگەر) دەستپێدەکەم کە دەڵێت: شاعیر بریتییە لە هۆی (وەسیلە)ی زمان، نەک زمان ئامرازی شاعیر بێت[٢]. هاوکات (راجێر وێبستێر)یش لەبارەی گرنگی زمانەوە دەڵێت: ئەوە داهێنەر نییە، کە مانا بەدیدێنێت، بەڵکو مانا بەرهەمی زمانی دەقە[٣]. رەنگە ئەم وتەیەی (وێبستێر) زیادەڕەویی تێدا بێت، بەڵام دەتوانین ئەوەی تێدا بخوێنینەوە، کە زمانی تۆکمە دەق و واتای تۆکمەی لێدەخوێنرێتەوە. بۆیە لاوازیی زمان دەبێتە هۆی لاوازیی واتا. هەروەها سۆسوریش پێیوایە زمان سیستمێکی نیشانەیی سەرەکییە، کە لە رێگای ئەو سیستمەوە بناغەی پێکهاتەی جیهانی خۆمان دادەڕێژین[٤]. واتە دیسان لێرەشدا هەست بە جەختکردنەوە دەکەین لەوەی زمان گرنگی تایبەت و بایەخی یەکەمی هەیە لە بونیادنانی دەقێکی تۆکمە و فەزا و جیهانێکی شیعری تایبەتدا. هەروەها کارکردنی شاعیر لە هەموو حاڵەتەکاندا لە دوو ئاستدایە. ئاستی یەکەم، ئاستی زمان و بەلاغەتە و ئاستی دووەمیش ئاستی واتایی دەقەکەیە.

ئەم دەقەی (حەمە کاکەڕەش) بە پرۆسەی بە شیعربووندا تێپەڕیوە، بەڵام شاعیر نەیتوانیوە کنەو پشکنین و بەلاغەت و زمان وەک ئەوەی دەقەکە دەیخوازێت، بەکارببات، بۆیە پرۆسەکە تا رادەیەکی زۆر ناکامڵە و وەک لەو نموونەیەی سەرەوەدا خستمانەڕوو تا ئاستێکی زۆر ناکامڵیی پێوە دیارە. بێگومان ناکامڵیی بەو واتایەی کە شاعیر دەستکورت بووە لەوەی وێنە شیعرییەکانی بە شێوەی ئیستاتیکی و شیعرییانە بگەیەنێتە خوێنەر.

پەڕینەوە لەدەقبوونەوە بۆ شیعربوون پرۆسەیەکە ئەم شیعر بە ناکامی پێیدا تێپەڕیوەو ئەوەشی بۆتە جێی سەرنجی من ئاستی واتایی دەقەکەیە، کە پێموایە واتایەکی بەهێز (لەچاو دەقەکانی پێشوو شاعیر) لەپشت ئەم دەقەوە وەستاوە. رەنگە واتاکان بە (تەواوی) نوێ نەبن، بەڵام بەکاربردنی لە دەقێکی لەم شێوەیەدا بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد نوێیە، بەڵام هەر دەقێک ئاستی زمان و بەلاغەتەکەی دەوڵەمەند نەبێت، ناتوانێت ئاستی واتایشی دەوڵەمەند بێت، یان دەوڵەمەند خۆی بنوێنێت. واتە لاوازیی ئاستی زمان و بەلاغەت لەم دەقەدا بۆتە هۆی ئەوەی ئاستی واتایشی بەتەواویی دابەزێت و ئەو وێنانەی شاعیر ویستوویەتی لای

خوێنەر دروستی بکات وێنەی تۆکمە نەبن، بەڵکو زیاتر لە وێنەی شێواو دەچن تا وێنەی دروست.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی دەبێتە ئەوەی شاعیر بە زمان و وێنەی نوێ و تۆکمە بگات ئەزموونکردن و گەڕان پشکنینە بەنێو شیعردا و بەتایبەت شیعری کلاسیکی کوردی کە سامانێکی دەوڵەمەندی شیعرییە. شاعیری ئەڵمانی (ریلکە) لەبارەی گرنگی ئەزموونکردن و گەڕانەوە کە کار دەکاتە سەر دنیابینی شیعریی، دەڵێت: ئەگەر بتەوێت دێڕێک شیعر بنووسیت، دەبێت چەندین شار گەڕابیت و گەلێک شتت بینیبێت و گوڵی زۆرت چنیبێت[٥]. واتە دەتوانین لەم رستەیەی (ریلکە)وە ئەوە بخوێنینەوە، کە ئەزموونکردن و گەڕانی بەردەوام، دنیابینی شاعیر گەورە دەکات و وێنەی نوێی شیعریی پێدەبەخشێت.

لەو شیعرە کورتەدا شاعیر زیاتر لە (٥٠)جار وشەی (نائومێدی) بەکاربردووە، کە پێموایە ئەمەش جۆرێک لە بەلاغەتی شیعرەکەی کوشتووەو خوێنەر لەگەڵ ئەو هەموو وشە دووبارەیەدا رووبەڕوودەبێتەوە. وەک دەبینین لە ناونیشانی دەقەکەشدا وشەکە دووجار ئامادەیی هەیە، رەنگە ئیستاتیکیتر بوایە کە بەکاربردنی ئەو وشە زۆرەی (نائومێدی) کەمبکرایەتەوە. بۆیە کۆی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەبنە هۆی ئەوەی دەقەکە بەگشتیی زمانێکی لاوازی هەبێت، کە دەتوانین لە دروستکردن و دەربڕینی وێنەکاندا بە زەقی ببینینەوە لەگەڵ زۆر دووبارەکردنەوەی وشەی (نائومێدی)، کە زیاد لە قەبارەی پێویستی دەقەکە بەکارهاتووە و دووبارەکراوەتەوە.

### لە دەقبوونەوە بۆ شیعربوون

یەکێک لە کێشەکانی ئێستای شیعری کوردی ئەوەیە کە ئەو دەقانەی دەنووسرێن هەر لە ماڵی دەقدا دەمێننەوەو ناتوانن ئەو ماڵە بەجێبهێڵن و بە پرۆسەی شیعربووندا تێپەڕن، بچنە نێو ماڵی شیعرییەت. هەموو دەقێک سەرەتا لە ماڵی (دەق) خۆیدایە و پاش پێداچوونەو کنەو پشکنینی لەلایەن خالقەکەیەوەو بە پرۆسەیەکی تردا دەڕوات ئەوسا دەچێتە ماڵێکی تر و ناسنامە وەردەگرێت. بۆ نموونە دەقێکی شیعریی سەرەتا دەقەو ئەوە شاعیرە، کە بە پرۆسەی پێداچوونەوەو کنەو پشکنین و تێپەڕینی بە پرۆسەی شیعربووندا ئەوسا دەبێتە شیعر. ئەگەر زمان گرنگی یەکەمی هەبێت لە خەلقکردنی شیعردا، ئەوا بوونی وێنەی شیعریی و دروستکردنی وێنە گرنگی تایبەتی هەیە. هەرچەندە ئەوە روونە، کە زمان خالقی وێنەیە، بەڵام دەسەڵاتی شاعیر لەم ئاستەدا دەردەکەوێت،

کە بەو زمانەی لەبەردەستیدایە چ وێنەیەک و چۆن وێنەیەک خەلق دەکات. لەم بەشەدا لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین، کە پرۆسەی گوێزانەوەیە لە دەقبوونەوە بۆ شیعربوون، کە وێنە رۆڵێکی گرنگی تێیدا هەیە.

وێنە لە شیعردا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و دەتوانین بڵێین وێنەی نوێ لە دەقدا یەکەم و گرنگترین خاڵە بۆ پەڕینەوەی دەق لە دنیای دەقەوە بۆ دنیای شیعر. لەم دەقەی (حەمە کاکەڕەش)دا چەندین وێنەی جۆراوجۆری تێدایە، بەڵام تەواوی وێنەکان، یان زۆربەی زۆری وێنەکان وێنەی تەواو (کامل) نیین بەو پێیەی دەقەکە دەیخوازێت. بۆ پشتیوانی ئەم قسەیە رەنگە باشترین نموونە دەستپێکی دەقەکە بێت، کە لەسەرەوە نموونەمان لێ هێنایەوە، یان زۆر وێنەی تر کە لەنێو دەقەکەدا دەیبینینەوە. گرنگی وێنەی شیعریی تا ئاستێکە، کە زۆرێک لە شاعیر و نووسەرە گەورەکانی دنیا لەبارەیەوە دواون و لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەدەین.

(ئەزرا پاوەند) لەبارەی وێنەی شیعرییەوە، دەڵێت: (زۆر باشتر و گونجاوترە، ئەگەر بە درێژایی ژیانت، وێنەیەکی شیعریی زیندوو پێشکەش بکەیت، لەبری ئەوەی چەند کتێبێک بنووسیت)[٦]. هاوکات (ئەرشیباڵد مالکش)یش ئەوە دەخاتەڕوو کە (وێنە لە شیعردا تەنها بۆ ئەوە نییە شیعرەکە جوان بکات، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە وێنە بێت لە شیعردا)[٧]، هەروەها (مالارمێ)ش دەڵێت: (ئەگەر وێنە نەبوایە، ئەوا قسەکان لە شیعردا دەبوونە قسەی ئاسایی)[٨].

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم شیعرەی (حەمە کاکەڕەش)دا ئەوەیە کە وێنەکان بە پرۆسەی وێنەبووندا تێنەپەڕیوون، کە پرۆسەیەکە دەبێت وێنەکان لە قۆناغی سادەبوونیانەوە بپەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی شیعرییەت. یان وەکو (مالارمێ) لە رستەکەی سەرەوەدا دەڵێت، بۆ ئەوەی قسەکان لەنێو دەقەکەدا نەبنە قسەی ئاسایی، بەڵام (حەمە کاکەڕەش) بەشێکی زۆر لە وێنەکانیشی وێنەی ئاساین و وێنەی نوێ نین، یان بوونەتە قسەی ئاسایی. وەک وێنەی (پێکداکێشانی سەری دەریا بە کەنارەکاندا کە لە نائومێدیدایە)، کە ئەمەش وێنەیەکە لای تۆی شاعیر لە نائومێدیدایە رەنگە بتوانرێت زۆر تەفسیری تر بۆ ئەو هەڵچوونە بکرێت. کێ دەڵێت لە شادی و هەڵپەڕینی دەریادا نییە، کە خۆی بە کەنارەکاندا دەکێشێت.

پرۆسەی پەڕینەوە لە دەقبوونەوە بۆ شیعربوون پرۆسەیەکی زۆر هەستیار و قورسە و ناتوانین بڵێین هەموو دەقەکانی شاعیرێک بەو پرۆسەیەدا تێپەڕیون و سەرکەوتوو بووە، بەڵکو زۆرجار شاعیرە دیارەکانیش لە پرۆسەی بە شیعرکردندا سەرکەوتوو نابن. بۆیە پێموایە لەو ئەزموونەی (حەمە کاکەڕەش)دا

لەگەڵ ئەوەی شیعری زۆر هەیە، بەڵام (ناشیعری) زۆریش هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە شاعیر بتوانێت لە داهاتوودا لە پرۆسەی بە شیعرکردندا زمانێکی تۆکمەتر لەو زمانەی ئێستا و وێنەی نوێتر لەو وێنانەی پێشتر بەکاربێنێت، چونکە پێشتر لە دەقی (من و خۆم)یشدا هەمان کێشەی شیعربوون دەبینرێت، کێشەیەک کە بەشی سەرەتای شیعرەکە تەواو فەزایەکی شیعریی و پڕ ئیستاتیکی هەیە، بەڵام لە نیوەوە بۆ کۆتایی دەقەکە رووبەڕووی کێشەی شیعربوون بۆتەوە، زیاتر فەزاکە لە پەخشانەوە نزیکە تا شیعر، بەڵام ئەوەی ئەم دەقە لە دەقی (من و خۆم) جیادەکاتەوە، هێزی زمانی شیعرییە، کە لەسەرەتای دەقەکەوە هاوتەریبە لەگەڵ فەزای گشتیی دەقەکەدا، بەڵام ئەو وزە شیعرییە ئەوەندە بەهێز نییە تا پرۆسەی پەڕینەوە لە دەقەوە بۆ شیعربوون ئەنجامبدات، واتە ناکرێت بڵێین دەقەکەی (حەمە کاکەڕەش) بە تەواویی لە شیعر و شیعرییەت خاڵییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە لە شیعربوون لەم دەقەدا لاوازترە لە دەقبوون. بۆیە من بڕوای تەواوم بەو قسەیەی (ئەدۆنیس)ی شاعیر هەیە کە دەڵێت: (شیعر بە رێبازەکانی ناپێورێت، بەڵکو بە شیعرییەتەوە شیعرە. هەرگیز رێبازەکان بەهای شیعری بە شیعر نابەخشن)[٩]. لەم دەقەشدا ئەوەی بەهای شیعری بە شیعرەکە دەبەخشێت، شیعرییەت و وێنە شیعرییەکانە، کە شاعیر نەیتوانیوە بەسەرکەوتوویی پرۆسەکە ئەنجام بدات.

## لەبری کۆتایی

ئەوەی لەم دەقەی شاعیردا جێگەی تێڕامانە ئامادەیی بەهێزی واتایی شیعرەکەیە، کە ئەگەر ئاستی زمان و وێنەی شیعرەکە بەو شێوە تۆکمەییەی لە ئاستی واتاییەکەیدا بوایە، دەبووە یەکێک لە دەقە شیعرییە جوانەکانی شیعری نوێی کوردی و دەمانتوانی وەک نموونەی ئەدەبێکی جوان بیهێنینەوە، بەڵام سادەیی و نوێنەبوونی وێنەکان و لاوازیی زمان و بەلاغەت زیانێکی زۆری لە دەقەکە داوەو ئەوەی پێی دەوترێت داهێنان لەم شیعرەدا کوشتوویەتی، چونکە وەکو ئەدۆنیش دەڵێت: (داهێنان ئەوەیە کە رووکاری سادە و دڵنیاکەرەوە تەجاوز بکەیت)[١٠]، بەڵام شاعیر لەم شیعرەدا نەیتوانیوە لە رووکارە سادەکاندا تەجاوز بکات و وێنەی نوێ و زمانێکی تۆکمە بخولقێنێت.

لە دواجاردا دەمەوێت ئەوەش بخەمەڕوو کە ئەم دەقە رامان دەگرێت، بەڵام بەهۆی ئەو هۆکارە جۆر بەجۆرانەی لەم نووسینەدا خرانەڕوو زوو ماڵئاوایش دەکات.

**پەراوێزەکان:**

١-بڕوانە حەمە کاکەڕەش، نائومێدم وەک نائومێدی خوا لە بەشەر، ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت...

٢-بڕوانە راجێر وابێستێر، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقوبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر(٢٠٠٦).

٣-هەمان سەرچاوە...

٤-بڕوانە کتێبی رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی - پێشەکییەک بۆ تیۆری چارلز برێسلێر، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقوبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر (٢٠٠٧).

٥-بڕوانە مەحمود دەروێش، هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعر و سیاسەت، وەرگێڕانی: جەمال غەمبار، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٢٠٠٦).

٦-بڕوانە لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٩).

٧-هەمان سەرچاوە...

٨-هەمان سەرچاوە...

٩-ئەدۆنیس، ئەفسونکاری وشەکان، وەرگێڕانی: عەبدوڵموتەلیب عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، (٢٠٠٧).

١٠-هەمان سەرچاوە...

# بەراوردێک لەنێوان تێکستی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی



له (دیالێکتی کرمانجی خواروو و ژووروو)دا زاراوەکانی (موکریان، پشدەر و هەولێر) له بەرامبەر (بادینان و بۆتان) وەک نموونه

بوار نورەدین

### وتەیەکی پێشوەخت

ئەم لێکۆڵینەوەیە (بەشێوەیەکی دیکە) و لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا بە ناوی (عەبدالخانی بدلیس، کەسایەتییەکی گەورەو باسوخواسێکی کەم)، پێشکەش بە فێستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٦ کران، بەڵام هیچیان وەرنەگیران! لێکۆڵینەوەکەی دووەمیان بوو بە کتێب و چاپکرا[١]. ئەم بابەتەش (بەهەمان شێوە) پڕۆژەی کتێبێکە و ئەگەر عومر باقی بێت، هەوڵدەدەم بە شێوەیەکی گشتگیرتر کاری لەسەر بکەم و بە چاپی بگەیەنم. هەروەها، دیسانەوە و بەم شێوەیەی

ئێستا و بێ هیچ جۆرە دەستکارییەک[٢]، بۆ فێستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٩-م ناردەوە، کەچی دیسانەوە وەرنەگیرا! هەر لەبەرئەمە، بابەتێکم نووسی[٣] و تێیدا قسەم لەسەر لیژنە و بەرپرسی لێکۆڵینەوەی چالاکی ناوبراو کرد کە ئایا لەسەر چ بنەمایەک لێکۆڵینەوە وەردەگرن؟! ئایا بۆچی لێکۆڵەران لە کەموکورییەکانیان ئاگادار ناکەنەوە؟ بۆچی رۆژێک لەم فێستیڤاڵە درێژخایەنە بۆ کەموکوریی بابەتە پشتگوێخراوەکان و سەرنج و تێبینی لیژنەی پسپۆڕ لەسەری، تەرخان ناکەن؟ کە بەداخەوە هیچ وەڵامێکم بەدینەکرد... هەر لە بابەتی ناوبراودا، گفتم دا کە ئەم بابەتە وەک خۆی بڵاوبکەمەوە، بۆئەوەی بۆ خوێنەران و مێژووش، ئاشکرا و روون ببێتەوە کە ئایا پێوەری وەرگرتنی بابەت لەسەر چ بنەمایەک بەڕێوەدەچێت[٤]؟

**سەرەتا**

فۆلکلۆر، پاشماوە و یادگارییەکی بێگەرد و لە مێژینەی گشت کۆمەڵگاکانە، هەر نەتەوەیەکیش بەپێی مێژووی دوور و نزیکی خۆی، ئەرشیف و فەرهەنگی فۆلکلۆرەکەی کۆکراوەتەوە، رەنگە هۆکارەکانی دەوڵەمەندیی و جۆراوجۆریی فۆلکلۆری نەتەوەکانیش، جیاوازییان هەبێت.

بەپێی مەزەندە و ئاماژەی هەندێک لە رۆژهەڵاتناس و گەڕیدە بیانییەکان، نووسەران و توێژەرانی کورد، فۆلکلۆری کوردی بە سەرچاوەیەکی پڕ بایەخی کەلتووری کورد دادەنرێت. لەچاو فۆلکلۆری گەلانی دراوسێی کوردیشدا، فۆلکلۆری کورد سامانێکی دەوڵەمەند و رەنگاورەنگە[٥]. هەرچەندە هەندێکیان ئاماژەیان بە چەند خاڵێک کردووە کە بەرجەستەبوونی ئەم فۆلکلۆرە دەسەلمێنن، بەڵام بە مەزەندەی ئێمەش چەند بنەمایەکی تایبەت بە گەل و وڵاتی کورد، دەبنە هۆکار لەپێناو دەوڵەمەندکردنی فۆلکلۆری کوردی، ئەوانیش: مێژووی دێرینی ژیان و پەیدابوونی مرۆڤ، بوونی کۆمەڵێک ئایین و ئایینزا، سروشتێکی جوان و بەرجەستەبوونی هەر چوار وەرز لە ساڵدا، دابونەریتی جۆراوجۆر، پێکهێنانی خێزان، هۆکاری رامیاریی و جەنگ، نەخوێندەواریی و دواکەوتنی بنەماکانی نووسین. سەرەڕای پێکهاتەی زمانی کوردیش کە لە چەند دیالێکت و چەندین زاراوە و بێچووەزار پێکهاتووە، هەموو ئەو هۆکارانە، بوونەتە بنەما و هەوێن و بنچینە بۆ دەوڵەمەندبوونی فۆلکلۆری کوردی[٦]. کە هەر یەکێک لەو هۆکارانەش پێویستییان بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ورد و درشت و چڕوپڕ هەیە، چونکە هەر یەکێکیان بە جۆرێک کاریگەرییان لەسەر کەڵەکەبوونی فۆلکلۆری کوردی هەبووە[٧].

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

هەروەک ئاماژەمان پێکرد، بوونی چەند دیالێکت و کۆمەڵێک زاراوە لە زمانی کوردیدا، هۆکارێکی گرنگی دەوڵەمەندبوونی فۆلکلۆری کوردیین، لەبەرئەوە دەبینین بەشێوەیەکی گشتگیر، هاوکاریی و لێکچوون لەنێوان تێکستی فۆلکلۆریی دیالێکتەکاندا هەیە، لە چیرۆک، ئەفسانە، سەرگوزشتە، نوکتە، پەند و ئیدیۆم، مەتەڵ، دابونەریت، دەرمانسازیی، وەرزش و یاریی...تاد. کە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات بەشێکی بچووکی ئەم لێکچوونانە بخاتەڕوو و بەراوردیان بکات. کارەکەش تەنیا لەسەر (جۆرەکانی گۆرانیی و تێکستەکانیان) ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە ئەرشیفی فۆلکلۆری ئەم زاراوانەدا، لێکچوون لەڕووی (ناسنامە و ناوەڕۆک)ەوە لەنێوانیاندا هەیە؟

لە کاتێکدا وادەردەکەوێت کە ئەوەندەی ئەم چەند زاراوەیــەی ئەم دوو دیالێکتە لە رووی (وشە و فۆلکلۆر)ەوە لێک نزیکن[٨]، هیچ زاراوەیەکی دیکەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، هێندە لێک نزیک نەبووبنەوە[٩]، بە مەرجێک ئەو چەند جۆر گۆرانییەی لێرەدا بەراوردکراون، لەو چەند زاراوەیەی کرمانجی خوارووەدا، لەگەڵ دەستە خوشکەکانیان لە هەمان دیالێکتدا، ئەوەندە لێکنزیک نەبوونەتەوە، لە کاتێکدا لەگەڵ ئەو (دوو) زاراوەیەی کرمانجی ژووروودا تەواو لێک نزیکبوونەتەوە، چونکە دەبینین کە هەندێک لە جۆرەکانی گۆرانیی فۆلکلۆری وەک (حەیران، بەیت، پاییزە، سەیدەوان...تاد)، کە لە ناوچەکانی (موکریان، پشدەر، هەولێر)دا هەن، لە ناوچەکانی دیکەی کرمانجی خواروو، وەک: سلێمانی، گەرمیان، سنە، بانە و سەقزدا نیین...؟! هەروەها هەمان جۆر گۆرانیی لە ناوچە و زاراوەکانی کرمانجی ژووروودا: مێردین، سەرحەد، دیاربەکر، بەرفراتی[١٠]، نیین و تەنیا لە هەردوو ناوچەی (بۆتان و بادینان)دا هەیە، کە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زمانەوانیی و فۆلکلۆریی دیکە هەیە.

لەبەرئەوە لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێک لە جۆرەکانی گۆرانیی ئەو چەند زاراوەیە بەراوردبکەین، هەروەها تێکستی هاوشێوەیان بدۆزینەوە و ئەوانیش کەمێک بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی خاڵی لێکچوو و جیاوازییان بخەینەڕوو.

## بایەخی لێکۆڵینەوەکە

دەتوانین بە چەند خاڵێک بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بخەینەڕوو:

١-بەراوردکردنی تێکستی فۆلکلۆریی و سەلماندنی لێکچوون لەنێوان فۆلکلۆری دیالێکتەکاندا، پاساو هێنانەوەیە بۆ رەسانەیەتی و دەوڵەمەندیی زمان

و ئەدەب و هونەری فۆلکلۆری کوردی.

٢-هەر لێکۆڵینەوەیەک بەپێی هەڵبژاردن و ورد و درشتی بابەتەکە، ماندووبوون، سەرچاوە، شێوازی داڕشتن و جێبەجێکردنی، کۆمەڵێک ئاکام و ئامانج بەدەستەوە دەدات، کە کەم تا زۆر بۆ زانیاری و لێکۆڵینەوەکانی داوتر کەڵکیان دەبێت.

٣-دۆزینەوەی لێکچوون لەڕووی (ناسنامە و ناوەڕۆک)و زمانەوە، لەنێوان چەند زاراوەیەکی دوو دیالێکتی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا، چەند ئەنجام و پێشهاتێک نیشاندەدەن:

* پاساوێکی بەهێزە لە یەکپارچەیی و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی[١١].

* خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیان دروستدەکەن، کە بۆ یەکگرتنەوەی زمانی کوردی یان بۆ داڕشتنی زمانێکی ستاندارد، جێگەی سەرنج و بایەخپێدانە، واتە بۆ ئەو مەبەستە کاری لەسەر بکرێت، مژدەبەخشە و کارئاسانیی تەواو دەکات[١٢].

* رەنگە پاش لێکۆڵینەوەی وردتر و تایبەتتری زمانەوانیی، مەزەندەبکرێت و بوترێت، کە: هەردوو دیالێکتی کرمانجی (ژووروو و خواروو) لە بنچینەدا یەک دیالێکت بوون، بنچینەی کرمانجی خواروویان (موکریان، پشدەر، سۆران، هەولێر) بووە و بنچینەی کرمانجی ژوورووش هەردوو دەڤۆکی (بۆتان و بادینان) بووە، کە دواتر هەردووکیان لق و پۆپیان هاویشتووە و چەند زاراوەیەکی دیکەیان لێکەوتووەتەوە.

## رێگرییەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:

ئەگەر بتەوێت لە کوردستاندا هەر کارێکی ئەدەبیی و هونەریی ئەنجامبدەیت، کۆمەڵێک: ئاستەنگ و گرفتی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، زانستیی و پێشت پێدەگرن... جگە لە مانەش، تووشی ئەم رێگرییانە هاتم:

١-بەپێی ئاگاداریی و بەدواداچوون و کارکردنم لەسەر کتێب و فۆلکلۆری کوردی، پێشتر کتێبێک یان بابەتێکی لەمجۆرەم نەبینیوە، بۆ ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەمدا کەڵکی لێوەربگرم[١٣].

٢-تا ئێستاش بە تەواویی و بەشێوەیەکی زانستی، فۆلکلۆری کوردی کۆنەکراوەتەوە، کە ئاستەنگی بەردەم ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانە کەم بکاتەوە، چونکە ئەگەر تێکستی هەموو ناوچەکان لەبەردەستدابن، دەتوانیت نموونەی باشتر وەربگریت، کە بۆ بەراوردێکی ئاوها پێویستە.

٣-هەندێک لە فۆلکلۆریستان، جگە لە ناوچەکەی خۆیان، فۆلکلۆری ناوچەیەکی

تریان کۆکردووەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئاماژەی تەواویان بەسەرچاوە نەکردووە، کە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەمجۆرە دەبێتە ئاستەنگ و ناتوانیت سەرچاوە و کانگای تێکستەکە دەستنیشان بکەیت.

٤-هیچ یەکێک لەو کەسانەی کە کاریان لەسەر فۆلکلۆر کردووە، نموونەی لێکچوویان پێکەوە دەرنەخستووە و بەراوردیان نەکردووە، کە کارئاسانیی و هاوکاریی بەراوردکردن ئاسان بکات.

٥-بۆ کارێکی لەمجۆرە، بوونی دوو جۆر نووسین (تیپی عەرەبی و لاتین) ئاستەنگێکی گەورەیە، چونکە بەتەواویی ناتوانیت ئەو تێکستانە بدۆزیتەوە کە وێدەچێت لێک نزیک بن... بەتایبەت تێکستی ناوچەی بۆتان کە دەکەوێتە باکووری کوردستان و لەو کتێبانەدا بڵاوبوونەتەوە کە لە باکوور و بە تیپی لاتین، چاپکراون.

٦-دووجـۆر گۆرانیی کە لێرەدا بەرامبەرم کـردوون (پاییزە و بەیتی سەیدەوان)، زۆر کەم تێکستیان کۆکراوەتەوە و لەبەر دەستدا کەمن، کە بواری بەراوردکردنەکەی تەسکتر کردووەتەوە.

### ١-لێکچوون لە ڕووی ناسنامەوە (ناونیشان)

ئەگەر جۆرەکانی گۆرانیی کوردی بە گشتیی لەناو هەموو دیالێکت و ناوچەکان دەسنیشان بکەین، ئەوا لە ڕووی شێواز و ناسنامەوە، لە چەند بەشێک پێکدێت: لاوک، بەیت، حەیران، حەیرانۆک، پاییزە، ئازیزە، (لاوژە- شین و لاواندنەوە- چەمەری)، لۆرین (لایلایە)، بەستە (دیلۆک)، مەقام، هۆرە، سیاچەمانە، یاریی منداڵان، ئایینی، کارکردن،... تاد. هەرچەند لە پۆلێنکردنی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا، هەندێک بەپێی (زانستی موزیک) پۆلێنی دەکەن، کە بەلای منەوە گۆرانیی کوردی هەر لەناو فۆلکلۆردا پۆلێنکراوە، واتە دەکرێت بەپێی جۆرەکانی گۆرانیی فۆلکلۆری، پۆلێن بکرێت (وەک لەسەرەوە ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە)، یان لە هەردوو باری ئاواز و تێکستەوە کاری ڕێکخستنی بۆ بکرێت، چونکە گۆرانیی هەیە بە جۆری بەستە دەوترێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا چەندین جۆری هەیە، وەک گۆرانیی: کارکردن، دڵداریی، بۆنە، منداڵان و... تاد[١٤].

کەواتە، گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی، چەندین شێواز و جۆری هەیە، کە هەر بەپێی دیالێکت و ناوچەکان، جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان. بۆ نموونە: سیاچەمانە لەناو گۆرانەکاندا هەیە، هەروەها لەناو لوڕ و کەڵهوڕەکانیشدا (هۆرە) هەیە، بەڵام هیچیان (واتە هۆرە و سیاچەمانە) لەناو کرمانجەکاندا (ژووروو و خواروو) نییە،

بەهەمان شێوە جۆرەکانی حەیران و لاوک و بەیت، لەناو کرمانجەکاندا هەیە و لەناو ئەواندا نییە. لەلایەکی دیکەوە (لایلایە، مەشکەژەندن) لەناو هەموو دیالێکتەکاندا هەیە[١٥]. ئەمە بەگشتیی، ئەگەر بەتایبەتیش کرمانجی خواروو و سەروو بخەینە تای تەرازووەوە، ئەوا لەنێوانیاندا لە رووی ناونیشان (ناسنامە)وە، هەندێک لێکچوون هەیە، بۆ نموونە: حەیران- حەیرانۆک، پاییزە- پاییزۆک. کە دەکرێت لە رووی میلۆدیشەوە لەسەر یەک شێواز و جۆر بوترێن[١٦].

## ٢-لێکچوون لەرووی ناوەڕۆکەوە

ئەو لێکچوونەی کە لە ناونیشان یان ناسنامەی بەشەکانی گۆرانیی نێوان ئەو دوو دیالێکتەدا هەیە (کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن و لە بابەتەکانی دواتردا باشتر روونده‌بێتەوە)، بەهەمان شێوە، ناوەڕۆک و تێکستەکانیشیان چوونیەکن، هەروەها ئەو جۆرە گۆرانیانەش کە لە ناونیشانەوە لێکجیاوازن (وەک: بەیت و لاوک)، بەڵام ئەوانیش لە رووی ناوەڕۆک و پێکهاتەوە چوونیەکن.

ئەگەر بەیتی (مەم و زین) بە نموونە وەربگرین، دەبینین هەمان رووداو دەگێڕێتەوە کە لاوک یان کەلامی (مەم و زین)دا باسیدەکات، لەهەمانکاتدا لەڕووی رستە و کۆپلە شیعرییەکانیشەوە، هەردووکیان بۆ جۆری (پەخشانە شیعر) دەگەڕێنەوە، بەڵام دەبینین کە لە دیالێکتی گۆران یان لوڕ و کەڵهوڕدا، ئەمجۆرە بەیت و لاوکانە نین، تەنیا کۆمەڵێک داستانە چیرۆک هەن، وەک: شیرین و فەرهاد، بیژەن و مەنیژە، ئەمیر ئەرسەلان، کە بەشێوەی هۆنراوە رێکخراون و هیچ نزیکیی و لێکچوون لەو شێوازەی کە لەناو کرمانجەکاندا (خواروو و سەروو) بە پەخشانە شیعر دەگێڕدرێنەوە، نییە. ئەمە لەکاتێکدا کە لەناو کرمانجەکاندا هەندێک لەو جۆرە داستانانەی کە بە هۆنراوە هەڵبەستراون، هەیە.

لێکچوون لەنێوان تێکستی داستانێک بە دوو زاراوە، تاڕادەیەک ئاساییە، چونکە لەژێر یەک ناونیشاندا بڵاودەبنەوە کە ئەم (بەیت) و ئەو (لاوک)ە، واتە: داستانی مەم و زین بە هەردوو دیالێکتەکە هەر (مەم و زین)ە. لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە داستانی (مەم و زین) کە بە کرمانجی خواروو بگێڕدرێتەوە و پێی بوترێت (بەیتی مەم و زین)، هەروەها بە کرمانجی ژووررووش بەناوی کەلام یان بەیتی (مەم و زین) بگێڕدرێتەوە، یەک ناونیشانیان هەیە کە (مەم و زین)ە، بەڵام لەگەڵ وردبوونەوەمان لە تێکستەکانی دیکەی گۆرانیی ئەو دوو دیالێکتە، دەبینین هەندێک لە رووداو و تراژیدیا فۆلکلۆرییەکاندا، بەشێوە داڕشتن و رێکخستنێکی

جیاواز لەناو فۆلکلۆری کوردیدا خۆیان دەنوێنن. لەبەرئەوە هەوڵدەدەین چەند تێکستێک بە نموونە وەربگرین و بەراوردیان بکەین:

## کۆپلە هۆنراوەییەکان

### نموونەی یەکەم

تێکستە سۆرانییەکە:

گۆرانی خەزیم

**(خەزێم و خەزێم، خەزێمێ یارێ**
**خەزێم بزربوو، دوێنێ ئێوارێ**
**جوابەکێ ببەن، سەرێ سەفینی**
**ئاگری تێبەردەن، گیایێ نەهێنی**
**بەشکی چاو جوان، خەزێم وەبینی**
**جوابەکێ دەنە، سەرێ سەفینی**
**چەند هەور و سامار، لە خۆی ئارێنی**
**خەزێم بزربوو، کەس نییە وەبینی**

**جوابەکێ دەنە، لە بۆ خۆشناوان**
**هەتا حەفت ساران، نەکەن دۆشاوان**
**خەزێم بزربوو، لە دەستی لاوان**
**جوابەکی دەنە، میری خۆشناوان**
**لە خۆی حەرامکا، مێوژو و دۆشاوان**
**خەزێم بزربوو، لە بەرەک چاوان**

**جوابەکێ ببەن، لە بۆ پردێیە**
**دائیم و سەعات، ئەو سەرە رێیە**
**ئەوان دەزانن، خزێم لە کێیە؟**

**جوابەکێ دەنە، جزیرێ بۆتان**
**لە سەری نەنێن، کراوی خۆتان**
**خەزێم بزربوو، لە دایک و دۆتان)**(١٧)

دەبینین لە سەرچاوەیەکی کرمانجی ژووروودا هەمان رووداو و هۆنراوە بەشێوەیەکی دیکە هاتووە:

تێکستە کرمانجییەکە:

**(خزێم و خزێم، هەرێ خزێمێ**
**خزێم و خزێم هەرێ خزێمێ**
**هەرێ بچووکێ، تە عاقل کەمێ**
**دێ تو ژی هەرِێ دا ئەژی بێمێ**
**جوابێ بدەنە شارێ شەمزینا**
**حەفت سالا نەکەن چ تاو کوینا**
**خزێم بەرزە بوو ل ناڤ نڤینا**
**جوابێ بدەنە شارێ شنۆیێ**
**حەفت سالا نەکەت نەخشێ نیمۆیێ**
**خزێم بەرزە بوو ل مەرزێ جۆیێ**
**جوابێ بدەنە شارێ کەرکووکێ**
**حەفت سالان نەکەن شۆلێ دەرزیکێ**

**خزێم بەرزە بوو ل دەستێ بویکێ**

**جوابێ بدەنە جزیرا بۆتا** **حەفت سالا نەکەن چ گایی و جۆتا**

**خزێم بەرزە بوو دەست دایێ و دۆتا**

**جوابێ بدەنە شارێ هەڤلێرێ** **حەفت سالا نەکەن گایی و گێرێ**

**خزێم بەرزە بوو ل ڕێیا بێرێ**

**جوابێ ببەن بۆ ئامێدیێ** **حەفت سالا نەکەن نەخشێ دەرزیێ**

**خزێم بەرزە بوو ل ناڤ کەفیێ**

**جوابێ بدەنە دەشتا خۆشناوا** **هەتا حەفت سالا نەکەن دۆشاوا**

**خزێم بەرزە بوو ل دەستێ لاوا)**(١٨)

### بەراوردکردنی هەردوو تێکستەکە:

دەبینین لە هەردوو هۆنراوەکەدا لێکچوونی تەواو لە ناوەرۆکی هەردووکیاندا هەیە و تەوەری چیرۆکی هەردوو هۆنراوەکە چوونیەکن، بەڵام بە دوو زاراوەی جیاواز وتراون، هەروەها هەندێک خاڵی جیاوازیش هەیە:

١-ئافرەتێک بەناوی (خەزێم) بزر بووە و بۆیدەگەڕێن.

٢-لە سۆرانییەکەدا لە ناوچە و شارەکانی (سەفین، خۆشناوەتی، پردێ، بۆتان) بۆیدەگەڕێن، بەڵام لە کرمانجییەکەدا لە (شەمزین، شنۆ، کەرکوک، بۆتان، هەولێر، ئامێدی، خۆشناوەتی)دا بۆیدەگەڕێن، کە (خۆشناوەتی و بۆتان) لە هەردووکیاندا دووبارەبۆتەوە و وێدەچێت (خەزێم) خەڵکی یەکێک لەو دوو ناوچەیە بووبێت...؟

٣-لە هەردووکیاندا گۆیندە داوای (٧) ساڵ دەکات، لەپێناو گەڕان و نەبڕینی هیوا بۆ دۆزینەوەی خەزێم.

٤-هەروەها هەندێک وشەی وەک (دایی و دۆت، دۆشاو، لاو) دووبارەبوونەتەوە.

**نموونەی دووەم**

تێکستە سۆرانییەکە:

**(چەندم گۆ کوڕە حەسەن، مەکە خزمەتی دایێ**

**شا کەزیانت لۆ دەبڕم، بیکە گورینگەی عەبایێ**

**چەندم گۆ کوڕە حەسەن، مەکە خزمەتی دایێ**

**سەری خۆمان هەرگرین، بچینە دەر لە دنیایێ**

**ئــەو ســارە ژن گــرانــە، لـێــرە بــە کــڕیــن نایێ**
**چەندم گۆ کــوڕە حەسەن، مەکە خزمەتی خاری**
**سەری خۆمان هەربگرین، بچینە وراتــی زێباری**
**چ غیرەت لە توو نەبوو یاریان بردی بە عەبداری**
**چەندم گۆ کــوڕە حەسەن مەکە خزمەتی میری**
**سەری خۆمان هەربگرین بچینە وراتــی جزیری**
**شاکەزیانت لۆ دەبــڕم بیکە بەندۆکی[١٩] شیری**
**چ غیرەت لە توو نەبوو یاریان بردی بەیەخسیری**
**لە وڵاتــی غەریبیان، تا منت بێتەوە بــیــری)[٢٠]**

تێکستە کرمانجییەکە:

**(هەرێ هەی نایێ و نایێ**
**دەنگی لاوکێ من نایێ**
**کچکێ دگۆتێ دێم ب ڕەڤێ**
**کورکی ژی خیرەت نایێ**
**ژن ل ولاتی د گرانن**
**بوومە بە کرین نایێ**
**چەند جا من گوت ئەحمەدو**
**نەکە خلمەتا دایێ**
**جووت ڕەش کەزیا لۆت دەبڕم**
**بۆ کاڤلانێ زرنایێ)[٢١]**

**بەراوردکردنی هەردوو تێکستەکە:**

لەم دوو هۆنراوەیەدا هەندێک لێکچوون و جیاوازیی هەیە، بەڵام کە هەردووکیان دەخوێنیتەوە هەستدەکەیت کە گوێبیستی یەک چیرۆک دەبیت:

١-گۆیندەی هەردووکیان (ئافرەت)ە.

٢-هۆنراوەکە ئاماژە بە ئازایەتی ئافرەت و بێغیرەتی کوڕێک دەکات، چونکە لە هەردووکیاندا مێینەکە داوای هەڵگرتن (ڕەدووکەوتن- ڕەڤاندن) دەکات و کوڕەکە ناوێرێت.

٣-لە هــەردوو تێکستەکەدا کوڕ خزمەتکاری (دایکە) یان بە واتایەکی تر، وابەستەی دایکییەتی بۆ نەکردنی ئەم کارە گرانە، بەڵام لە سۆرانییەکەدا وابەستەبوونەکە درێژەی بۆ (خاڵ و میری)یش پێدراوە.

٤-لە هەردووکیاندا باس لە گرانیی ژنهێنان کراوە.

٥-مێینەی هەردوو تێکستەکە ئامادەن کەزییەکانیان پێشکەش بە دڵدارەکەیان بکەن، بەڵام لە سۆرانییەکەدا بۆ ئەوەیە بیکاتە (گورینگەی عەبا و بەندۆکی شیری)، لە کرمانجییەکەدا بۆ (کاڤلان- کاولان)ی زووڕنایە.

٦-هۆنراوە سۆرانییەکە لە کرمانجییەکە فرەترە.
٧-لە سۆرانییەکەدا کوڕ ناوی (حەسەن)ەوە لە کرمانجییەکەدا ناوی (ئەحمەد)ە.



## کۆپلە پەخشانییەکان

لەناو هەردوو دیالێکتەکەدا: حەیران، پاییزە، ئازییزە، بەیت و لاوک، کۆپلەیەک یان چەند کۆپلە هۆنراوەیەکن، کە باشترە بڵێین بە شێوەی (پەخشانە شیعر) داڕێژراون و دەوترێن[٢٢].

لە کۆپلە پەخشانییەکاندا، (پاییزە و بەیتی سەیدەوان) بە نموونە وەردەگرین، بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر بەراوردکردنیان، پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

* هەموو ئەو تێکست و جۆرە گۆرانییانەی کە لە فۆلکلۆری هەردوولادا هەیە: بەیت- لاوک، حەیران- حەیرانۆک، پاییزە- پاییزۆک، بەستە، مەقام، یاریی منداڵان، ئایینی، کارکردن... تاد، لە رووی: فۆرم، ناوەرۆک، دوور و درێژیی، هۆنینەوە و بڕگەوە... تاد، هەندێکیان تەواو لێک نزیکن و هەندێکیشیان چوونیەکن.

* ئەم دوو جۆر گۆرانییە (پاییزە و بەیتی سەیدەوان) لە چاو جۆرەکانی تری گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی زۆر کەمتر کۆکراونەتەوە، لەبەرئەوە تێکستمان کەمتر لەبەر دەستدا بوو بۆ بەراوردکردنیان، هەر لەبەر ئەو خاڵەش هەڵمانبژاردن.

* مەقامی (ئازیزە) کە دەستەخوشکی (پاییزە)یە لەناو سۆرانەکاندا هەیە و لای کرمانجەکان نییە[٢٣].

* (لاوک- بەیت)، کە هەردووکیان یەک بابەت و جۆرن، بەڵام ناونیشانیان جیاوازە، هەروەک لە کرمانجی ژووروودا بەمجۆرە داستانە چیرۆکئامێزانە دەوترێت (لاوک) و لە خواروودا بەهەمان شێوە گۆرانیی دەوترێت (بەیت)، وەک: مەم و زین، خەج و سیامەند، شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی... تاد. کە لە راستیدا لێکچوونی تەواو لە رووی فۆرم و ناوەڕۆکی هەموو ئەو جۆرە گۆرانییانەی هەردوو دیالێکتەکەدا هەیە[٢٤]، چونکە لە رووی فۆڕمەوە هەموویان لەسەر شێوەی کۆپلەی پەخشانن، واتە هۆنراوە نیین و بەپێی زانستی ئەمڕۆی ئەدەبیاتی کوردی دەتوانین لە ستایلی فۆڕمی (پەخشانە شیعر) بیانناسێنین، هەروەها لە ناوەڕۆکدا یەک بابەتن، تەنیا چەند وردە گۆڕانکارییەکیان تێدایە، کە ئەو گۆڕانکارییانەش بەپێی (گۆینده و ناوچە) تێی دەکەوێت.

جیاوازییەکان فرەتر دەکەوێتە سەر وێناکردنی تراژیدیاکە، واتە هەر گۆرانیبێژە و بەشێوەیەک چیرۆکەکەی وەرگرتووە و دەیگێڕێتەوە، هەروەها

بە سەلیقە و شارەزایی و ئـارەزووی خۆی، وردە دەستکاریی دەکـات و دایدەڕێژێتەوە[٢٥]، ئەگەرنا ڕووداوەکان جێگیرن و جیاوازییان نییە. لەکاتێکدا ئەمجۆرە جیاوازییانە لە چەند دەقێکی بەراوردکراوی یەک دیالێکتیشدا هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر بەیتێکی کۆکراوەی (مەم و زین) لە ناوچەی هەولێر وەربگرین و لەگەڵ دەقێکی کۆکراوە لە ناوچەکانی (موکریان، پشدەر، یان لە بەیتبێژێکی تری ناوچەی هەولێر)دا بەراوردیان بکەین، هەمان ئەو وردە جیاوازییانە بەدیدەکرێت کە لە بەرامبەرکردنی دوو دەقی کرمانجی و سۆرانییدا هەیە، کە ئەمەش لە زانستی فۆلکلۆردا شتێکی سروشتییە؟، چونکە فۆلکلۆر لە ئەدەبی (زارەکی- زارگۆتن) پێکهاتووە، واتە ئەو ئەدەب یان هونەرەی کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە باوکەوە بۆ منداڵ، لە پیرەوە بۆ گەنج، دەگوازرێتەوە و خاوەنی دیار نییە و تەنیا (کەلتووری گەل) خاوەنداریێتی دەکات، بێگومان ئەدەبێکی (گەڕۆک) لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر بگوازرێتەوە و بگاتە ئەمڕۆ، بەپێی کەس، ناوچە، مێژوو... تاد، گۆڕانکاریی تێدەکەوێت و یەکشێوە نابێت. کەواتە: هەموو ئەو بەیت و لاوکانە یەک سەرچاوەیان هەیە، هەرچەند هەندێکیان لە ناسنامەدا جیاوازییان تێکەوتووە، بەڵام تاڕادەیەک تەوەرە سەرەکییەکانیان (ناو، ناوچە، بەسەرهات و رووداو، ئاکام...)یان هاوبەشە.

لێرەدا دوو نموونە لە هەریەک لە پاییزە و بەیتی سەیدەوان وەردەگرین و بەراوردیان دەکەین:

## نموونەی سێیەم (پاییزە)

بەپێی بەدواداچوونمان بەناو کتێب و سەرچاوە فۆلکلۆرییەکاندا، کۆپلەکانی: پاییزە، پاییزۆک، پاهیزۆک، لەناو چەند کتێبێکی کرمانجی ژووروودا تێکەڵاوی (حەیران) بوون و کتێبێکی سەربەخۆی لەسەر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناسنامەی خۆی لەدەستنەداوە[٢٦]. لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و زاراوەی موکریانیشدا یەک کتێبی سەربەخۆ بەناوی (پاییزە)وە بڵاوبووەتەوە[٢٧]. هەروەها چەند تێکستێکیش لە کتێبی ناوچەکانی هەولێر[٢٨] و پشدەردا[٢٩]، هەیە.

تێکستە سۆرانییەکە:

**(ئەوی وای وەی وای...**

**ئاغام، ئەوە سەدایەکە پاییزم گەیوەتێ**

**خەڵک دەڵێن درەنگە، ئەمن دەڵێم زووە سەر لە هەوەڵێ**

**ئەوە دەمدی سوورە گوڵ و سومبول و هەڵاڵە و بەیبوون**
**سەریان دێنایەدەر لە گڵی، لە خۆڵی**
**خۆیان رادەوەشاند دەگەڵ بارانی پیرە پەڵێ**
**مەمکی نازدارێ بە قەد هەنارێکی بوون**
**ئەوساڵ بوونەوە پڕ باغەڵێ**
**پار ئەوان مەجالان دە ئیختیاری مندا بوون**
**ئەوساڵ گولێکی دە گولە مێردان پێیان دەکاتەوە گەنگەڵێ)**[٣٠]

تێکستە کرمانجییەکە:

**(ژ ئەڤرۆکە پێڤە پیرە پاییزە**
**مە نەکربوو چ کاروبارێ زڤستانێ**
**ل من هاتی وەختێ مال بارکرنێ، وار بەردانێ**
**کەپرا و خابکرنێ، نیرا و ژێ کێشانێ**
**دەستی شڤان و بێریا، ژێک بەردانێ**
**سەرییێت زۆزانێت ژووری، دمژو مورانێ وەربوون**
**ژ نویکا وارێ دەشتا ژێری، دخوازیت،**
**هیرە هیرە ڕشیشەکا ژ ئەڤێ بارانێ**
**هەتا سالا پار ڤی چاخی**
**مەمکێت تە مال خرابێ هێش نەبوون**
**تە ل وارییێت زۆزانێت ژووری، وارێ هاڤینێ**
**تە نیشا من نەدان**
**کەنگێ سالا ئەڤ سالە کەتنە**
**بەر حین و مەجالێ من و تێکڤەدانێ**
**هەری ژارۆ دلۆ بۆچی ئەز پیر بووم تۆ پیر نابی)**[٣١]

**بەراورد لە ڕووی پێکهاتەوە (فۆرم):**

١-هەردوو تێکستەکە هی پاییزەن و بە وشەی پاییز دەستپێدەکەن.

٢-پێکهاتەکەیان لە شێوازی پەخشانە شیعرە.

٣-لە هەردوو تێکستەکەدا زۆربەی کۆتایی رستەکان بە (ێ) و (بوون) کۆتاییان دێت.

**بەراورد لە رووی ناوەڕۆکەوە:**

١-لە سەرەتای هەردووکیاندا ئاماژە بە درەنگیی وەرزی پاییز کراوە.

٢- گۆیندە بە دەستەواژەی (خەڵک دەڵێن درەنگە، ئەمن دەڵێم زووە سەر لە هەوەڵێ) و (مە نەکربوو چ کاروبارێ زڤستانێ)، ئاماژە بەوە دەکەن کە فریای کاروبارەکانی کۆتایی پاییز نەکەوتوون.

٣-لە هەردووکیاندا ئاماژە بە باران و پەڵە و ئەو گۆڕانکارییانە کراوە کە لە وەرزی پاییزدا بەسەر زەویدا دێن و روودەدەن.

٤-لە هەردوو پاییزەکەدا، باس لە دابڕانی دڵداران دەکات، هەرچەند لە کرمانجییەکەدا روونتر و باشتر باسکراوە، بەڵام لە تێکستە سۆرانییەکەدا کەمتر، بەڵکو لە تێکستی دیکەی پاییزەدا ئەو دابڕانە فرەتر رەنگیداوەتەوە[٣٢].

٥-لە هەردووکیاندا باس لە گەورەبوون، یان پێوانەی مەمکی (بەرۆکی) کچە پاییزە کراوە، کە پار بچووکتر بوون و ئەمساڵ گەورە بوون.

تێبینی: لەناو تێکستی زۆربەی پاییزەکانی سۆرانی و کرمانجیدا ناوی (گەلاوێژ) هاتووە، بەڵام ئەم دوو تێکستە خاڵی لێکچوونیان پتربوو، لەبەرئەوە ئەم دووانەمان وەک نموونە هەڵبژارد.

## نموونەی چوارەم (سەیدەوان)

ئەگەر لە بەیتی (سەیدەوان و سەیدک) وردبینەوە، دەبینین کە هەردووکیان باس لە تراژیدیا و شینی عەبدولعەزیزی داسنی دەکەن کە چۆن بووکێک بۆ هەر سێ کوڕی دەهێنێت و جوانەمەرگ دەبن و بۆ هیچیان نابێت.

ئەوەندەی ئێمە بەرچاومان کەوتووە و ئاگادارین، تەنیا لە یەک کتێبی کرمانجی و سۆرانیدا بەیتی سەیدەوان کۆکراوەتەوە، هەروەها لە کتێبێکی ناوچەی هەولێر[٣٣]، هۆنراوەیەک بەناوی (سەیدەوان) و لە رۆژنامەی هاوکاری-شدا[٣٤] هۆنراوەیەک بەناوی (سەیدکا) بڵاوکراونەتەوە.

چیرۆکی سەیدەوان بەمجۆرەیە: عەبدولعەزیز گەورە پیاوی داسنیانە و سێ کوڕی بە ناوی (سەیدەوان و مەلکەوان و نێچیروان) هەبووە، عەلی بەگی داسنیش کچێکی زۆر نازداری دەبێت، هەر کەسێک داوای دەکات نایداتێ، بەڵکو دەیدات بە (مەلکەوان) و لە رۆژی شایی و گۆڤەندێدا، مەلکەوان دەچێتە کێوان و لە راوی نێرینە کێوییەکدا هەڵدەدێرێت و دەمرێت، کە خەبەر بۆ بابی دەبەنەوە، دەڵێت شایی و زەماوەند گەرموگوڕە و دۆست و دوژمنم میوانە، باسیمەکەن و بووکێ لە (نێچیروان)ی مارەکەن. کە بووک و زاوا چوونە ناو پەردەوە، زاوا

نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت، دواتر زەماوەند تێکنادات و بووک لە (سەیدەوان) مارەدەکەن، بۆ بەیانی (باب و کوڕ) هەریەک بە تەنیا دەچنە راوێ و ئاگایان لە یەکتر نییە، بابی داماو سەری سەیدەوانی لێدەبێتە بزنەکێویی و لە دوورەوە بە گوللەیەک سەیدەوان سارد دەکاتەوە، کاتێک دێتەسەر نێچیر، دەبینێت چ قەوماوە...؟! لەسەر ئەم رووداوە، ئەم تێکستە فۆلکلۆرییە لەسەر (داد و هاوار و گریان و شین و لاواندنەوە)ی عەبدولعەزیزی داسنی هۆنراوەتەوە و تائێستاش لە سەرزاری زۆرێک لە بەیتبێژەکان دەوترێتەوە.

لە لێکۆڵینەوەکەی کاک (ئەحمەد بەحری)دا لەسەر (بەیتی سەیدەوان)، دەڵێت: (بەیتی سەیدەوان باسی عەبدولعەزیزی مەزن و سەردار عێلە، مەزنێکە سێ کوڕی هەیە و هەرسێکیان لە تافی لاویدا لە دەستدەدات. تەنانەت ئەوی هەرە خۆشەویستیان، بە دەستی خۆی دەکوژێت!).

هەروەها لە وەسفێکی ئەو تراژیدیایەدا دەڵێت: بەیتی سەیدەوان پێهەڵدا وتنێکی هونەرمەندانە و شینگێڕییەکی باوکانەیە بۆ لەدەستچوونی کوڕان. گابۆڕی مەزنە پیاوێکە، زەمانە فرمێسکی پێ لە چاوی نەزاوە. بە دەگمەن هەڵکەوتووە گەورە پیاوانی کورد بۆ مەرگی کوڕانیان بگرین، بەڵام عەبدولعەزیز دەگری و بە سۆزیش دەگری. وەنەبێت عەبدولعەزیز دڵناس و ئێحساساتی بێت، دڵی بەقەد ئەو کێوانە بووە کە پاڵی پێوە داوە...[٣٥]).

هەروەها تیشک دەخاتە سەر سێ نووسەری دیکە کە لەبارەی ئەم داستانەوە قسەیان هەبووە و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە بەیتەکە تاوتوێ دەکات. وەک: سوارە ئێلخانی زادە، حەسەنی مەجیدی و ئەحمەدی شەریفی. کە سوارەی جوانەمەرگ بەیتی سەیدەوانی پێ لە (هاملێتی) شکسپیر بەرزتر بووە و دەڵێت: بەلای شکسپیرەوە هەبوون یان نەبوون مەبەستە، کەچی لە سەیدەواندا دەبێت لەنێوان شین و شاییەکان، هەڵبژێری. هەروەها دەڵێت: غەمی هاملێت بە قەرا غەمی عەبدولعەزیز گران نییە. هاملێت، مامی پیاوکوژ و دایکی خەیانەتکارە، بەڵام عەبدولعەزیز سێ کوڕی کوژراوە و تەنانەت یەکیانی بە دەستی خۆی کوشتووە[٣٦]!

تێکستە سۆرانییەکە:

لێرەدا دوو کۆپلە لە کۆتایی شینی عەبدولعەزیز دەنووسینەوە:

**(ئەرێ هەر لەو زەمانی، هەر وەکوونێ ئەو زەمانی**

**هەر لە دەوری شای، هەتا نۆشیرەوانی**

**خزمینە وەرن ئێوە سێ داوەتان بۆ دڵی عەبدولعەزیزی بگرن**
**یەکیان بۆ مەلکەوانی**
**دووەمینت ئی نێوچیرەوانی**
**سێیەمینت ئی کاکە سەیدەوانی**
**ئەرێ گەلی دە برادەران، گەلی دە خزمان**
**توخودا کێ دیویەتی لە دەورەتی زەمانەیدا**
**لە سەر سێ کوڕان، بووک بە جلی سوور بچنەوە ماڵە بابانی؟!**
**وەرە نێوچیرەوانم مرد، دەنگم نەکرد**
**مەلکەوانم مرد شوکری خوادم کرد**
**بە خوای سەیدەوانە رۆڵە خۆڵی گەرمێنێ و کوێستانێت**
**وە سەری عەبدولعەزیزی دەکرد**
**ئەیرۆ، ئەرێ رۆڵە بابەکەی بابم، کاکە سەیدەوانم رۆ**
**هەتا ئەوێ رۆژێ خودا لە من دەکاتەوە دیوانێ**
**وە سەری عەبدولعەزیزم دەکردەوە خۆڵی کۆکۆ!)**(٣٧)

تێکستە کرمانجییەکە:

**(ئاگرێ بنێ بەرییا ژێری، ل من جووتن**
**دارکوکێ ل سەر زیارەتێ (عبدالعزیز)ێ،**
**منێ مالێ، هەمی شەخەلەدارن، دار کەڤوتن**
**نێچیرێت خەلک و عالەمێ خفش و خەزالێت،**
**بنێ دەشتا ژێری بون**
**یێ من عەبداڵەکێ خودێ، زاڤاکێ مل ب خوتن**
**چ سوبەیە، بایەکێ ل من تێت، بایەکێ هینە**
**بابێ مال خراب پێ خۆ هاڤێتە چەپەرێ،**
**(عبدالعزیز)ێ منێ مالێ**
**من بەرێ خۆ دایێ، ب دێربینێ،**
**یا ژمن ڤە، رێهدینا بەلەکێ شینە**
**ئەزێ مال خراب، تڤەنگا خۆ لێ دشەقینم**
**چوومە هنداڤی کولێ کیڤی، ژنویکا بەرێ خۆدەمێ،**
**(عبدالعزیز)ێ ڕەبەن، سەری لێ دهاڤێم، مەژی خینە**
**ویلا ل منۆ، وەیلا ل منۆ...**

**بابۆ سەیدکۆ، سەیدەڤانۆ**
**زاڤایێ سێ شەڤ و سێ ڕۆژانۆ**
**تە باب کۆرە بیت، ژهەردوو چاڤانۆ**
**ئەزێ ڕەبەن، دێ بەرێ خۆ،**
**چەوا دەمە مالێ ژبەر جووتێ بویک و زەریانۆ**
**ئەڤرۆ خەلکێ تێتە پێش پەریا (عبدالعزیز)ێ مالێ،**
**من نەزانی، جووتێ بویکا دێ ژمن خوازن مەهر و هەشتێکانۆ**
**جابەکێ بدەنە دەیکا سەیدەڤانی، دا وەریسکا بکەتە، جووتکێت خانی،**
**دا بخەندقینیت، بابێ سەیدەڤانی**
**خەی بابۆ، هەی بابۆ، سەیدکۆ، سەیدەڤانۆ**
**تەکەو کوژۆ، بولیلڤانۆ**
**تە دەیکا کریە، ئێخسیرو گوین، بەردایە ڕێلانۆ**
**ئاگرێ بنێ بەڕییا ژێری، ل من سێنە**
**دارکۆکێ ل سەر زیارەتێ (عبدالعزیز)ێ منێ مالێ**
**هەمی شەخەلەدارن، دار کنێرە**
**نێچیرێت خەلک و عالەمێ پورو و مامزێت دەشتێ بون**
**یێ بابکێ مال خراب، زاڤایێ سالێیە)**[٣٨]

### لێکچوونەکان:

١-هەروەک باسمانکرد هەردووکیان باس لە بەسەرهاتی عەبدولعەزیزی داسنی دەکەن.

٢-لە هەردووکیاندا ناوی (عەبدولعەزیز و سەیدەوان- سەیدەڤان) دێت.

٣-هەردووکیان وەک یەک باس لە شین و لاواندنەوە و گازندەی عەبدولعەزیزی دەکەن کە لە تاو هەڵە گەورەکەی دەناڵێنێت.

٤-لە هەردوو تێکستەکەدا دیارە عەبدولعەزیز سەری سەیدەوانی کوڕ و زاوای یەک ڕۆژەی لێبووە بە نێچیر و کوشتوویەتی.

٥-لە هەردووکیاندا ناوی بووک نادیارە.

### جیاوازییەکان:

١- لە تێکستە موکریانییەکەدا بەسەرهاتەکە درێژتر و تراژیدیاکەی ئاڵۆزترە و سۆز و کوڵی عەبدولعەزیز پتر دەربڕاوە، بەڵام لە کرمانجییەکەدا کەمتر.

٢-له موکریانییه‌که‌دا جگه له‌ناوی (سه‌یده‌وان)، ناوی مه‌لکه‌وان و نێچیره‌وانیش هاتووه.

٣-له سه‌ره‌تای زۆربه‌ی ئه‌و تێکستانه‌ی له موکریان کۆکراونه‌ته‌وه، وه‌رزی رووداوه‌که به‌هاره و ناوی کۆمه‌ڵێک گوڵ دێت، به‌ڵام له کرمانجییه‌که‌دا ناوی به‌هار و گوڵ نایه‌ت و ته‌نانه‌ت وه‌رزی رووداوه‌که‌ش نادیاره.

٤-له موکریانییه‌که‌دا ناوی چیای (مه‌قلوب- مه‌غلوب) دێت، به‌ڵام له کرمانجییه‌که‌دا (شوێن) نادیاره.

٥-له کرمانجییه‌که‌دا باس له‌وه ده‌کات که سه‌یده‌وان زاوای (سێ شه‌و و رۆژ) بووه، به‌ڵام له موکریانییه‌که‌دا له‌وه‌ناچێت بووبێت به زاوا، چونکه ده‌ڵێت: بووک به جلی سوور بچنه‌وه ماڵه بابانی!

٦-له کرمانجییه‌که‌دا باس له دایکی سه‌یده‌وان کراوه، به‌ڵام له موکریانییه‌که‌دا ئاماده نییه (نادیاره).

٧-تێکستی وه‌رگیراو له موکریان فره‌تره وه‌ک له بادینان، چونکه هه‌ر له کتێبی (گه‌نجی سه‌ر به مۆر) پتر له (١٠٠) به‌یت له (١٧) به‌یتبێژ وه‌رگیراوه[٣٩]، که هه‌موویان له رووی وشه و رسته و کورت و درێژیی، ته‌نانه‌ت له رووی گێڕانه‌وه‌ش جیاوازییان هه‌یه. به‌ڵام ته‌نیا (٣) تێکستی (سه‌یدک) له کتێبی (قه‌فته‌کا سترانێن فۆلکلۆری ل ده‌ڤه‌را بادینان)دا بڵاوکراوه‌ته‌وه[٤٠]. ته‌نانه‌ت به‌پێی ناوچه‌ی رووداوه‌که و ناوی عه‌شیره‌تی تێکسته‌که (داسنی)، ده‌بوایه ئه‌م تێکسته له‌ناو ئێزدییه‌کاندا فره‌تر ده‌نگ بداته‌وه و پاشماوه‌ی هه‌بێت، که‌چی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، به‌پێچه‌وانه‌وه له‌و ناوچه و زاراوانه‌ی کرمانجی خواروودا ده‌نگۆی فره‌ی هه‌یه[٤١].

### ئەنجام

دەتوانین چەند خاڵێک (وەک ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە)، دەستنیشان بکەین:

١-زۆربەی دیالێکتەکان خاوەنی جۆرێکی تایبەتن بە گۆرانیی کە رەنگە لەوانی تردا نەبێت، وەک بالۆرە لە کرمانجی خوارووداهەیە و لە دیالێکتەکانی دیکەدا نییە، هۆرە لە کەڵهوڕ و سیاچەمانە لە هەورامی، بەڵام هەندێک جۆر گۆرانیی لە هەموو دیالێکتەکاندا هەیە، وەک: بەستە، لایلایە، گۆرانییەکانی کارکردن.

٢-لە گۆرانیی فۆلکلۆری ئەو ناوچانەی کە بەراوردمان کردن، لێکچوون لە رووی ناونیشانی گۆرانییەکاندا هەیە، وەک: حەیران- حەیرانۆک، پاییزە- پایزۆک، سەیدەوان- سەیدک، کە لە ناوەرۆکیشدا هاوشێوەن.

٣-لەنێوان چەند زاراوەیەکی کرمانجی خوارووی (موکریان، پشدەر، هەولێر) لەگەڵ چەند زاراوەیەکی کرمانجی ژووروودا (بۆتان، بادینان) لێکچوون و نزیکیی تەواو هەیە، کە دەکرێت لەنێوان ئەو دوو دیالێکتەدا مەزەندەی لێکچوون لە بواری (وشە)شەوە بکەین.

٤-هەندێک شێواز (جۆر)ی گۆرانیی نێوان ئەو زاراوانـە لە ناونیشاندا جیاوازییان هەیە، بەڵام لە ناوەرۆکدا چوونیەکن، وەک: لاوک، بەیت.

٥-بێگومان لە بەشەکانی تری فۆلکلۆری کوردیدا: چیرۆک، پەند، مەتەڵ... تاد، لێکچوون لەنێوان تێکستی دیالێکتەکاندا هەیە، بەڵام پێویستیان بە بەراورد و لێکۆڵینەوەی تر هەیە.

### پێشنیاز و ڕاسپاردە

١-واباشە هەوڵبدرێت کاری لەمجۆرە بۆ بەشەکانی تری فۆلکلۆر و دیالێکتەکانی زمانی کوردی بکرێت.

٢-ئەوانەی کە تێکستی فۆلکلۆریی کۆ و بڵاودەکەنەوە، هەوڵبدەن هەندێک تێکستی لێکچوو، هەمبەر بکەن.

٣-پێویستە دەزگا تایبەتییەکان و فۆلکلۆریست و خەمخۆرانی کەلەپووری کوردی، هەوڵبدەن تێکستی (پاییزە و سەیدەوان)ی هەردوو دیالێکتەکە فراوانتر کۆبکرێتەوە، بەشێوەیەک کە بە چەند جۆر گێڕانەوە هەیە، هیچیان فەرامۆش نەکرێن.

## سەرچاوەو پەراوێز:

١-بڕوانە: بوار نورەدین، میر عەبدال خانی بدلیس/ بلیمەتێکی فەرامۆشکراو لە مێژووی کورددا ١٦٠٥- ١٧٠١، چاپی یەکەم، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)، چ (حەمدی)، ٢٠٠٧. چاپی دووەم، چ (شڤان)، ٢٠٠٨.

٢- تەنیا دانانەوەی ناوی نووسەر نەبێت کە لە هەندێک شوێندا دانەنراوبوون و ئێستا دانـراون، چونکە پێویست بوو (ناو)ی بەسەرەوە نەبێت، ئەگەرنا دەقاودەق لێرەدا بڵاودەبێتەوە.

٣-بڕوانە: ئایا فێستیڤاڵی گەلاوێژ ئەندێشە جیاوازەکانی لە ئامێز گرت، رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١١٠٣)، ٢٠٠٩/١١/٢٢، ل١٢.

٤-هەر لێرەشدا زۆر سوپاسی گۆڤاری (هەنار) دەکەم، چونکە داوام لێکردن بابەتەکەم بە یەک بەش بۆ بڵاو بکەنەوە و ئەوانیش دەستیان بەڕوومەوە نەنا...

٥-بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، زانکۆی سلێمانی، چ (زانکۆی سلێمانی)، ١٩٧٩، ل١٠- ١٢.

٦-بڕوانە: بوار نورەدین، دەنگیی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردیدا، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، چ (شڤان)، ٢٠٠٤، ل١٥- ١٩.

٧-بـڕوانـە: بوار نورەدین، رەدووکـەوتـن لە کەلتووری کوردیدا، چاپی دووەم، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، هەولێر، چ (ئاراس)، ٢٠٠٦. کە دەکرێت لێکۆڵینەوەی ناوبراو، وەک هۆکاری (پێکهێنانی خێزان) مەزەندە بکرێت لەپێناو دەوڵەمەندبوونی فۆلکلۆری کوردیدا؟، چونکە لەوێدا باس لە هەموو ئەو هۆکارە نەگەتیڤ و پۆزەتیڤانە کراوە کە رۆڵیان لەسەر پێکهێنانی خێزان لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە، جگە لەوەش تیشک خراوەتە سەر زۆرێک لە جۆرەکانی پێکهێنانی خێزان و پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ... تاد.

٨-مەبەست لەو زاراوانەیە کە لە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەیان پێکراوە.

٩-بێگومان ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ورد و زانستی زمانەوانی و فۆلکلۆریی هەیە، کە لێرەدا لە ئاماژە زیاتر ناتوانین لەسەری بڕۆین...، چونکە زۆر وشە کە لە موکریان و پشدەر بەکاردەبرێن، لە ناوچەکانی دەورووبەری دیالێکتەکە خۆی وەک (سلێمانی) بەکارنابرێن، لەکاتێکدا هەمان

وشە لەو زاراوانەی کرمانجی ژووروودا بەکاردێت.

١٠-بۆ دیاریکردنی ئەم چەند زاراوەیەی کرمانجی ژووروو، جگە لە هەوڵ و بەدواداچوونەکانی خۆم، پەیوەندیم بە چەند فۆلکلۆریستێکی ئەو ناوچانەوە کردووە و هەمان بۆچوونیان راستکردووەتەوە کە هەردوو زاراوەی (بادینان و بۆتان) لە فۆلکلۆر و زاراوەی زماندا هاوشێوەن و نزیکیی و لێکچوونی تەواو لە نێوانیاندا هەیە، جگە لەوەش ئەو جۆرە گۆرانییانەی لە بادینان هەیە، بەهەمان شێوە لە بۆتانیش هەیە...

١١-هەرچەند لەلای کرمانج زاراوەکاندا هەوڵی جیاکردنەوەی زاراوە نەدراوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بیستمان کە هەندێک لە خەمخۆرانی دیالێکتی (گۆران) و بەتایبەتیش (زاراوەی هەورامی) لە هەوڵی جیاکردنەوەی زاراوەکەیان بوون لە زمانی کوردی...

١٢-تەنانەت لەم چەند ساڵەی دواییدا و لەپێناو یەکخستنی پرۆگرامی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە، کۆمەڵێک جیاوازیی و گۆڕانکاریی لەنێوان ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) لەسەر (پێکهاتە و داڕشتنی زمانی خوێندن) دروستبوو... کە دەکرێت بەکارکردن لەسەر ئەمجۆرە بابەتانە لەناو فەرهەنگی فۆلکلۆر و زمانی کوردیدا، کەڵک وەربگیرێت و لە زۆر رووشەوە کارئاسانی بکات...

١٣-بەپێی ئەوەی چەند ساڵێک لە کتێبخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورددا کارمدەکرد، کە لەسەر ئاستی کتێبخانەی کوردی بە گشتیی و کتێبی فۆلکلۆری کوردی بەتایبەتی، بە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و زانستیی دادەنرێت، لە دەستەبەرکردنی سەرچاوە و کتێبی فۆلکلۆریدا پەکم نەکەوت، کە شایەنی باسکردن بێت. لەبەرئەوە توانیم بۆ لێکۆڵینەوەکەم، سوود لە کتێبخانەی ناوبراو وەربگرم. بڕوانە: بوار نورەدین، بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆریی کوردیی ١٨٦٠-٢٠٠٤، پێشەکی و پێداچوونەوەی پرۆفیسۆر: عیزەدین مستەفا رەسوڵ، پرۆژەی کتێبخانەی ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد، سلێمانی، چ (شڤان)، ٢٠٠٤.

١٤-بۆ زانیاری فرەتر لەسەر ئەم بابەتە، دەتوانی کەڵک لەم سەرچاوەیە وەربگریت کە ئەویش بۆ توێژینەوەکەی کەڵکی لە چەند سەرچاوەیەکی دیکە وەرگرتووە: ع. ج. سەگرمە، لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردیی، ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد، سلێمانی، چ (شڤان)، ٢٠٠٣.

١٥-هاشم سەلیمی و عوسمان هەورامی، لایلایەی دایکانی کورد، ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد، سلێمانی، چ (شڤان)، ٢٠٠٥.

١٦-فۆرمی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە رووی موزیکەوە، بابەتێکە

پەیوەندیی بە زانستیی موزیکەوە هەیە، لەبەرئەوەی بابەتەکەی ئێمە پەیوەندی بە لایەنی (زمان)ەوە هەیە، ئێمە ناتوانین بچینە بواری موزیکەوە، چونکە لەگەڵ زماندا دوو بابەت و زانستی جیاوازن.

١٧-سەعدوڵلا شێخانی، فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، چ (عەلا)، ١٩٨٥، ل٢٢. لە چەند کتێبێکی دیکەشدا هۆنراوەی ئەم گۆرانییە بە زاری کرمانجیی خواروو هاتووە، وەک:

- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، چ (وەزارەت)، ١٩٩٨، ل١٠٤.
- گوڵبژێرێک لە فۆلکلۆریی کوردی، سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، بەغداد، چ (ارشاد)، ١٩٨٥، ل٢٥.

١٨-حەسەن سەربەنی، دیلان/ چەپکێ گۆرانی فۆلکلۆریی ناوچەی بادینان، چاپی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، چ ( **الحوادث** )، ١٩٨٩، ل٤٦.

١٩-بەندۆک: (١) ئەو داوە بەنەیە کە شمشێری پێ لە شان دەکرێت یان لە ژێر چەناگەوە کڵاوی پێڕادەگیرێت.

بندۆک: (٢) دۆک، ئەو سپیاتییەی کە لە رۆنی کەرە تاواندنەوەدا سەردەکەوێت.

٢٠-محەمەد کەریم شەریف، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کـوردەواری، لە چاپدانەوە و زیادکردنی: سەعدوڵڵا شێخانی، چاپی دووەم، بەغداد، چ (**الحوادث** )، ١٩٧٤، ل٧٠.

٢١-ئەمینێ ئوسمان، ژیان و ڤیان، چاپی یەکەم، بەغداد، چ (الزمان)، ١٩٨٦، ل٨٩- ٩٠.

٢٢-غەفوور مەخمووری، حەیران- چەمک- ناوەرۆک- سەرهەڵدان، دەزگای ئاراس- هەولێر، چ (وەزارەتی پەروەردە)، ٢٠٠١: حەیران لە رووی فۆرمەوە، ل٣٨- ٤٢.

٢٣-مەقامی (ئازیزە) کە جۆرێکی زۆر تایبەتە لە گۆرانی کوردی، تەنیا لە دوو کتێبدا کۆکراونەتەوە:

- گەنجی سەر بە مۆر، ئەحمەد بەحری، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- مامۆستا زیاد محەمەد ئەمین، ئاواز و بەسەرهات، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، چ (ئاراس)، ٢٠٠٧.

٢٤-لێرەدا مەبەستمان ئەو کۆمەڵەیە کە بە کۆپلە پەخشانییەکان ناومان هێناون...

٢٥-ئەمەش لەلای ئەو گۆیندە یان سترانبێژانەی کە گۆرانی فۆلکلۆرییان

وتووه یان دەیڵێن، کارێکی ئاساییە و دەیکەن.

٢٦-بڕوانە: ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ، حەیرانۆک سترانا لێرکێ، بەغداد، چ (الزمان)، ١٩٨٧، ل٣٩. تەنیا یەک تێکستی تێدایە و ئامادەکار لەسەروو تێکستەکەدا ئاماژەی بە وشەی (پاهیزۆک) داوە. هەروەها بڕوانە: حەیرانۆک، عەبدولعەزیز خەیات، سپیرێز، دهۆک، چاپی یەکەم، چ (وەزارەتا پەروەردە)، ٢٠٠٢، ل١٠٩-١١٠. ئەم کتێبەش تەنیا دوو تێکستی"پاهیزۆک"ی تێدایە.

٢٧-بڕوانە: پاییزە، ئەحمەد بەحری، زنجیرەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی (١)، چاپی یەکەم، ئێران، چ (؟)، ١٣٧٣ هەتاوی. هەروەها هەمان فۆلکلۆریست (ئەحمەد بەحری) لە کتێبی (گەنجی سەر بە مۆر) هەمان ئەو تێکستانە و هەندێکی دیکەی بڵاوکردووەتەوە.

٢٨-بڕوانە کتێبی: (ئەسعەد عەدۆ، ئەفسانە لاوک... گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، چ (رۆشنبیری و لاوان)، ١٩٨٧، ل٩٣-٩٤)، کە تایبەتە بە تێکستی فۆکلۆریی ناوچەی هەولێر، چەند تێکستێکی (پاییزە)ی هەیە.

٢٩-بڕوانە: ئاواز و بەسەرهات، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥-٨٢. لەم کتێبەدا چەند تێکستێکی ناوچەی پشدەر و وردە لێکۆڵینەوەیەکیش لەسەر (پاییزە مەقام) بڵاوکراوەتەوە.

٣٠-گەنجی سەر بە مۆر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

٣١-حەجی جەعفەر، قەفتەکا سترانێن فۆلکلۆری ل دەڤەرا بادینان، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، هەولێر، چ (ئاراس)، ٢٠٠٧، ل١٢.

٣٢-بڕوانە: گەنجی سەر بە مۆر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠- ٢٩٣.

٣٣-بڕوانە: داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

٣٤-بڕوانە: رێکێش ئامێدی، رۆژنامەی هاوکاری، سەیدکا، ژمارەی رۆژی ١٩٨٢/١١/١١، ل٦.

٣٥-گەنجی سەر بە مۆر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

٣٦-سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨- ٢٤٠.

٣٧-گەنجی سەر بە مۆر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣-٢٤٤.

٣٨-قەفتەکا ستران، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥-١٤٦.

٣٩-گەنجی سەر بە مۆر، سەرچاوەی پێشوو... لە راستیدا فۆلکلۆریست (ئەحمەد بەحری) لەم کتێبەدا بۆ کۆکردنەوەی (ئازیزە، پاییزە، سەیدەوان و

خەج و سیامەند) کە هەر چواریان یەک ناوەڕۆکیان هەیە، هاتووە چەند تێکستی لە چەند بەیتبێژەوە دەستکەوتووە، هەر هەموویانی بڵاوکردووەتەوە، کە لە فۆلکلۆری کوردیدا کارێکی ناوازەیە و جێی دەستخۆشییە، چونکە مافی تەواوی بەم چوار جۆر تێکستانە داوە، چونکە ئەوانیش لە فۆلکلۆردا تاقانەن و ناکرێت بە نووسینەوەی یەک تێکست دەستبەرداریان ببین...

٤٠-بڕوانە: قەفتەکا سترانێن فۆلکلۆری ل دەڤەرا بادینان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥- ١٤٩.

٤١-لەکتێبێکی تازە چاپکراوی (مامۆستا زیاد محەمەد ئەمین)دا تێکستێکی سەیدەوان هەیە کە لە کۆتایی بەیتەکەدا ئاماژە بە موسوڵمانبوونی (عەبدولعەزیز) دەکات... کە ڕەنگە ئەم گۆڕانکارییە ئایینیە راست بووبێت و هەر لەبەرئەمەش بێت کە هێندە لەناو برا ئێزدییەکاندا کاریگەری نەبووە و نەگێڕدراوەتەوە... بڕوانە: مامۆستا زیاد محەمەد ئەمین، جوانستان- هەندێک بەیتی ناوچەی پشدەر و مەرگە، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، هەولێر، چ (ئاراس)، ٢٠٠٩، ل١٧١- ١٨٨.

# دەق


| | |
|---|---|
| گەڕانەوە بۆماڵ گەڕانەوە بۆ ناو ئاو | **ئەحمەدی مەلا** |
| مانیفێستی بەرد | **حسێن لەتیف** |
| دەمەوێت بێمە ئەوینتەوە | **کەژاڵ ئیبراهیم خدر** |
| قسەکردن لەناو جێگادا | **هێرۆ کوردە** |
| قەرز، ئیستیعارە | **بەرزان بابە شێخ** |
| دوو شیعری کورت | **محەمەد موشیر** |
| وابزانە دونیا هێشتا جوانە | **عومەر سەیدە** |
| تەمەنێک لە ئەملا سنووری... | **ڕێباز مەحمود** |
| کچێک پڕ لە خەیاڵی هار | **ڕەوشت محەمەد** |
| دڵم بەمندا غلۆر دەبێتەوە | **غەمگین بۆڵی** |
| ئەنتیک (Antique) | **کاروان عومەر کاکەسوور** |
| ک–یٚ ئ–ەو ژن–ە دەن–اس–یٚ–ت؟! | **ئەنوەر محەمەد** |

نامەیەکی کراوە
بۆ هاوڕێم سەباح ڕەنجدەر




عەتر
چیرۆکی بکوژێک و بکوژی
چیرۆکەکان

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**

# گەڕانەوە بۆ ماڵ

# گەڕانەوە بۆ ناو ئاو



**ئەحمەدی مەلا**

**دوێنێ دەگەڕامەوە ماڵ،**
**پێش ئەوەی بگەمە بەر دەرگا-پەنجەرەکە،**
**سەرم هەڵبڕی**
**تۆپەڵێ شەوم بینی**
**ئاڵۆزکابووە لقەدارێکی حەشەری،**
**تەڕ تەڕ خۆی دەکێشایە ژوورەکەم.**

**ژوورەکەم**
**دەمێکە کریستاڵە،**
**هەموو دیوارەکانی**
**هەپڕوون بە هەپڕوون بوون و**
**وەکو گەمییەکی**
**قوتار بووی**
**دەم گێژەلووکە،**
**کەوتنە سەر لاپەڕەی یەکەمی دەریا.**

بە هەزار تەرحە
باهۆزی دەریا
لە دونیا و ئاوەدانی دووری دەخستەوە.

لەنێو لەپی بیابانی ئاو،
لەگەڵ قەوزەی موزمین،
پەرچەمی زاکیرەی بەنەوەشەیی،
بۆنی کۆنترین ئاو
بەر هەیوانی کەپووم کەوت.

حەزم نەکرد
وا درەنگ
بگەڕێمەوە ماڵ...

شازادەیەک
کەوایەکی شەفافی لەبەر،
بە ناو تراوێلکە بێ ئاماندا
غاری دەدا...

وێنەیەک بوو،
لەبەر چاوم نەدەسڕایەوە.

٢٠١٠/٦/٤





# مانیفێستی بەرد

**حسێن لەتیف**

ژیان چی بوو جگە لە شەقهەڵدان لە وردە زیخی سەر ڕێگا لەکاتی
بێتاقەتیدا،
کێشانی جگەرەیە لە نائومێدیدا، بەدەم خوێندنەوەی شیعرێکی سوهرابەوە
(تا ترێ گەیشتن چەند سەعات ڕێیە؟)(١)
خەیاڵم پڕ دەبوو لەتۆ
وشە وشە خەیاڵ دەیبردمەوە سەر هاتنی گۆدۆ
دێڕ دێڕ خەیاڵ دەیبردمەوە سەر نەهاتنی گۆدۆ
لە سەر سروتی پاکەتە جگەرەیەک بۆم نووسیبوویت: نازانم ئەم پەیامەت
بەدەست دەگات...؟
لە چاوەڕوانیدا دەژیم
لە چاوەڕوانیدا دەمرم
تکایە وەرە با نەمرم
تکایە مەیە با بمرم
ئاخر(بەرد لەبەردی بێتەوە دەنگی هەیە)(٢)
تۆ لە من بوویتەوە

من لە تۆ بوومەوە
بەردبووایەم دەبووم بە هەزار پارچەوە
بەردبووایەی دەبوویت بە هەزار پارچەوە
پێدەچێت ئێمە جۆرێکی تر بین لە بەرد
بەردێ زەویناس و کیمیاگەرەکان هێشتا نەیاندۆزیوەتەوە،
منی بەرد (بۆ رووی فیراقت دڵم ناڵاندی وەک رووباب)[٣]
کەس لەناڵەی بەرد تێنەگەشت تۆ نەبێت!
(بۆ دووبرۆی میسلی تاقت دڵم بوو بە کەباب)[٤]
کەس گوێی لە برژانی دڵی بەرد نەبوو تۆ نەبێت!

بەرد نەرم و نیانترە
ئازیزی بە جێناهێڵێ
داوای پاسپۆرت لەکەس ناکات
وشکە ماریفەت نازانێت
بەرد بەردە
مرۆڤیش مرۆڤ
مرۆڤ بە درۆ زەواج دەکات
بە درۆ مناڵ دەخاتەوە
بەڕاستی بۆمبا دروست دەکات
بەڕاستی خوێن دەڕێژێت
بەرد خۆی نافرۆشێت
قرچە لە دڵییەوە دێت غەریبێ پێی لەسەر دابنێت
گوێم لە ناڵینی دڵی بەردە
چاوم لە جۆگەلە فرمێسکی سەر رووومەتی بەردە
کە مرۆڤ بە دڵڕەق باسی بکات
لەژێر پێی مرۆڤدا چاوم لە پژانی خوێنی کچێنی بەردە
ئەو فەلسەفە ناخوێنێتەوە
کانت و هیگڵ و دیکارت ناناسێت
حەز بە حیلەی ئەسپی تەڕوادە و
سەیری تابلۆی جێرنیکا ناکات
حەزی دەکرد خۆی بمردایەو... داوای شیلانی لێنەکەن بۆ زامەکەی سەر سنگی هەڵەبجە![٥]

**بەرد هیچ جۆرە جلێک لەبەر ناکات**
**شەوان سەیری زەماوەندی ورچی گەورە و بچووک دەکات**
**لەگەڵ مانگ جووت دەبێت**
**سبەینێش گوڵێک لەسەر سنگی دەڕوێت و بە هەتاو دەڵێت:**
**ئەها چەند جوانم!**
**بەرد بە سروشت میهرەبانە**
**دەبێتە شورا بۆ باخچە**
**تا پێڵاوی قورسی مرۆڤ ئەو هەموو گوڵ و شەتڵ و نەمامانە پێشێل نەکات**
**ڕەنگە نەسەبم بچێتەوە سەر بەرد نەک ئاو**
**ڕەنگە نەسەبت بچێتەوە سەر بەرد نەک گیا**
**من و تۆ لە شارستانیەتی بەرددا لە دایکبووین**
**لە قەراغی بەرددا یاریمان لەگەڵ بەرد کردووە**
**لە سێبەری بەرددا راکشاوین**
**دەنا بەرگەی ئەو هەموو چاوەڕوانییەمان نەدەگرت**
**بەرگەی غەداری ئاومان نەدەگرت**
**بە دەست گێلێتی گیاوە عەقڵمان لەدەست دەدا**
**با بەرد بلاوێنین نەک گیا،**
**سروود بۆ بەرد بڵێین نەک باران،**
**مانیفێستی (میهرەبانی بەرد بنووسین) نەک مرۆڤ.**

٢٠١٠/٣/٢٢

**پەراوێز:**
١- دێڕە شیعرێکی سوهرابی سپهەرییە.
٢- دێڕە شیعرێکی هێمنی شاعیرە.
٣ و٤- گۆرانییەکی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانییە.
٥- لە دێڕێکی ڕەفیق سابیرەوە لە قەسیدەی (لاوکی هەڵەبجە) وەرگیراوە.

Husen_sahand@yahoo.com

# دەمەوێت بێمە ئەوینتەوە



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

١

دەمەوێت بێمە ئەوینتەوە
وەرزێک لەتەمەنی خۆم بچنمەوە
تاکو خەیاڵێکی ناسکی رۆحمو
پەپوولەی دڵێکی شکاوی
ئێوارانت پێببەخشمو
بە زەردەخەنەیەکی غەمبارەوە
نیگایەکی پڕ لە سحر
بۆ تاڵەکانی زوڵفت بنێرم

٢

دەمەوێت بێمە ئەوینتەوە
درەختێکی پرچ درێژ لە قژم
بکەمە وەرزی تەنیایی
تا رەنگی پایز بنوێنێ
شەپۆلی دەریای مەنگیش
بەدیاری بداتە دەستو،
هەناسەی ئاوێنەی تەمەن
وەک منداڵێکی خۆشەویستو

وەک ڕەونەقی بەهاری سەوز
بەدەمتەوە پێبکەنێ

٣

کاتێ پایز وەرزی ئەوین دەچنێتەوە
ئاسمانی خۆی، پڕ دەکا لە بەزەیی
چاوەکانی زەرد هەڵدەگەڕێ
دەستەکانی پڕ دەکا لە دوعا
هەناسەی بۆنی نەرمە بارانیان لێ دێ
پایز دەبێتە دایکو
کۆرپەکانیشی دەبنە گەڵا

٤

دەمەوێت بێمە ئەوینتەوە
بەڵام تۆ وەرزی تەمەنم دەدزیو
شەوانیش بە نێرگزو مێلاقە دامدەپۆشی
تاکو ترپەی دڵمان
هەست نەکات بەسەر باڵی دەریاوە
دەنیشێتەوە



٥

ئازیزەکەم ڕاستە پایز
چیرۆکەکانی ژیان دەنووسێتەوە
بەڵام شەپۆلەکانی بێدەنگیو
بێگەردیی وەرینی گەڵا
دەمانباتەوە بۆ تەنهایی

٦

تۆ دەزانی ئەو شەوانەی
بەدیار شەوەزەنگی مۆمێکەوە
یادی مەرگی ئاو و،
خوڕەی لێزمەی بارانو
تریفەی هەڵهاتنی مانگ دەکەم
تۆ لە قژم دەئاڵێتو
لێوی تەڕم دەڕژێتە ناو ئەوینتەوە

٧

**تۆ دەزانی پایز**
**نوزەی گەڵایەکی هەڵوەریوەو**
**وێستگەیەکی بێهودەیی**
**وەرینی باخچەکانی تەمەنە،**
**کاتێ مەست دەبێت بە نەشئەی دڵم**
**رەنگی گەڵای دەوەرێتو**
**چاوەڕوانی بزەو خەندەی ژنێکی عاشقە**

٨

**کاتێ پایز وێنەی خۆی لە تەنهایی**
**درەختەکاندا دەبینێ**
**زەوی دەکاتە چێژوانی خۆی**
**شەقامەکان رەنگ زەرد دەبن**
**خۆریش ئاسمان زەوتی دەکاو**
**ئەوینیش دەیباتەوە بۆ نیگەرانی**

٩

**پایز وەرزی دڵشکانو**
**ئاسوودەیی رۆحی منە**
**ئەم وەرزەم ناودەنێم سەفەر**
**چونکە زەریا پێدەکەنێ و**
**دارستانیش بۆ سەوزایی خۆیان دەگرین**
**کێڵگەش برین دەچنێتەوە**





# قسەکردن لەناو جێگادا

**هێرۆ کوردە**

**جلەکانم بەتەنافەکەوە**
**لوتی تۆش، بە جلەکانمەوە**
**سەرخۆشانە دەڵێی: بە قووووڵی بۆنت دەکەم**
**بەسەر کاتژمێری نوستووی مەچەکم دەنوشتێمەوە**
**دیسان دواکەوتی,**
**دیسان شەڕێکی گەرم چاوەڕێت دەکات، لۆ لۆ**
**ماسییەکی زەرد یەکی نارنجی**
**لە منداڵدانمدا سەما دەکەن، تۆش لە دڵمدا**
**باسی ئەوینت بۆ دەکەم**
**خەیاڵ تا کن کۆترە ڕەدوو کەوتووەکانت دەبات،**
**ئۆف لەدەست تۆ**
**لە عەشق دەپەیقم**
**پرسیاری ڕەنگی جلەکانم لێدەکەی**
**ئێمە، یانی من و تۆ**
**لەپاڵ یەکین**
**هەریەکەمان لە سەد مەنفا**
**دەستت لە دەستمدا دەلەرزێ**
**دڵی منیش لە سینەتدا**

هەڵەیەک لەو رستەیەی سەرەوە هەیە
وەک هەڵەکانی دی فەرامۆشی بکە
لەگەڵ ژنی ناو حیکایەتەکان
بە رووتی دەتبینم
ئیرەیی گەرووم وشک دەکات
قژم دەڕنمەوە
- تا-ی شێتی بەرم نادات
کتێبەکان دابخە
سۆزانییەکان بنێرەوە بۆ هەر شوێنێک و ئێرە نا
لەگەڵ من نێرگەلە بکێشە
کۆترەکانت فێری فڕین بکە، منیش
سەرو ملیان ماچ بکە، ئی منیش
زاکیرەم بە سەری قۆڵەکانم دەسڕمەوە، دەی تۆش
رۆژنامە دەجووین
وشە لە دانەکانمان گیر دەبێ
ئەم وشە زلانەمان پێ هەرس ناکرێ
قووتی بدە
نووقتە و فاریزە و رستە
دایکم هات
لای خۆتەوە تەلەفۆنەکە دابخە
گلۆپی سفری ژوورەکە دەکوژێنمەوە
خۆم دەکەمە خەو، هههههی
چاوێلکەی ژمارە سفریش لە چاومدا، سەیرە
بەبێ جل نەیەیتە خەوم دیسان
ئەم رووتییە جوانەت تووشی سەرەڕۆییم دەکات
سپێدەیەکی زوو
دوای سێ و چوار گلەیی
ئەلوو، ئەلووو، ئەلووووو
سندان، دیسان کارتی نەما
تاسەری مانگ ئەلووەکان رادەگرین
خەم هێرش دەکات

تاسەری مانگ
خەونی رووت یەخەم بەرنادات
چیڕە درێژبە
لەگەڵ شێتیمدا، توخودا
هەرچی دەکەی سەرپشک
تەنێ بە رووتی
خۆت بە خەونەکانمدا مەکە،
مردنم مسۆگەرە.

٢٠١٠\٤\٢٥



## دوو شیعری کورت



**بەرزان بابە شێخ**

# قەرز

**پێش تووڕەبوون،**
**دەزگیرانەکەم،**
**هەرچی قەرزی لام بوو،**
**دامەوە**
**کە شووی کرد و**
**ژنم هێنا،**
**سەوداسەری ئەوینی بووم،**
**ڕێکەوت بینیم**
**- پیاوەکەم دڵی پیسە،**
**بە دوامەوەیە**
**- ئاخر چی بکەم خۆشم دەوێی تا ئێستا.**
**- گەوجە،**
**دڵیشم قەرز بوو،**
**بە (سروە)دا، دەگەڵ نامە کۆپییەکان**
**ئەویشم بۆ بنێرەوە!**

# ئیستیعارە

**برادەرەکەم،**
**پێی وتم:**
**دوای بینینەکەی تۆ،**
**بەڕۆژێک ئەویش بۆ کتێبخانە،**
**بۆ شوێنەکەی خۆی هاتبوو.**
**گێڕایەوە:**
**کە هاتە ژوورەوە**
**پۆلێک پەپوولەی دەگەڵ بوو،**
**هەر پەپوولەیەک لەسەر کتابێک،**
**لەوانەی تۆ دەستت بۆ بردبوو**
**نیشتەوە،**
**درێژەی دا:**
**کە چووە دەرەوە،**
**پەپوولەکان نەڕۆیشتن دەگەڵیدا**
**ئاوڕێکی دایەوە،**
**بە کارمەندەکەی وت:**
**دەی من هیچ کتابێکم بۆ ئیستیعارە ناوێ**
**بەلام**
**کە ئەو هات بۆ ئێرە،**
**پێی بڵێن:**
**نامەیەکم بۆ بنووسێ**
**برادەرەکەم زیادی کرد:**
**کە ئەو وای وت**
**پەپوولەکانیش**
**دەگەڵیدا کەوتنەڕێ.**



# دوو شیعری کورت

محەمەد موشیر

## (خۆماڵیکردن)

**کاربەدەستانی وڵات،**
**لە هەرکوێ بن**
**نەوت خۆماڵی دەکەن**
**نەمدی کەسێ مرۆ خۆماڵی کا**
**من لە مێژە بڕیارم دا خۆم،**
**کچەکەم، کوڕەکەم،**
**خێزانەکەم**
**نووسین و شیعر و قەڵەمەکەم**
**خۆماڵی بکەم**
**ئەگەر بۆم کرا**
**تۆ، ئەو، هەمووان خۆماڵی دەکەم**

منداڵەکانی ئێستا بۆ دوا ڕۆژ
نەوەکانی دواڕۆژ بۆ دوا ڕۆژێکی دوورتر
خۆماڵی دەکەم
سپی، ڕەش، زەرد، سەوز، سوور
بێ جیاوازی خۆماڵی دەکەم
کە بوونە خۆتان
کە بوومە خۆم
هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژم
ئەی نیشتیمان
هەموو مرۆڤەکانت هی خۆتن
تۆش ببە هی هەمووان!!




(هیچ)

سەیرە ئێوە بە ئێمە دەڵێن
ئێمە بێ ئێوە هیچ نین
ئێمەش بە ئێوە دەڵێین
ئێمە بێ ئێوە هیچ نین
هەردوو ئێمەکان هەرهیچ و
جووتە ئێوەکەش هەر هیچ نین
گەر هەموو تاکەکانی ئێمە هیچ و
هەموو ئەوانەی ئێوەش هەرهیچ نین
چۆن تێبگەین کامەمان هیچین یا هیچ نین؟

# وابزانە دونیا هێشتا جوانە

**عومەر سەیدە– نەرویج**

**وای دابنێ من و تۆ هێشتا لەوێین**
**لای دار سنەوبەرە تەنیاکەی باخی گشتی**
**کە خەونی سێبەرەکانیت بۆ تەفسیر دەکردم**
**منیش هێڵەکانی ناو لەپی تۆ...**
**من مەرگی عیشقم دەدی و**
**تۆ فیشاڵەکانی عاشقبوون...**
**من گوڵەکانی نائومێدییم پەڕ پەڕ دەکرد و**
**تۆ لە باخچەکانی گوماندا سەرمەستی خەونێکی پەمەیی بوویت...**
**وابزانە دونیا هێشتا جوانە**
**وای دابنێ من هەر نەبووم و نەتناسیوم**
**وای دابنێ گوڵەکانی حەقیقەت بوونیان نەبوو**
**وای دابنێ هەرزەکارێکی سەرشێت بووم و**
**لە سوچی کولانێکدا تانەیەکی شێتانەم تێگرتی...**
**وای دابنێ هێشتا شیعرێکم بۆت نەنووسیوە**
**وابزانە دونیا بەبێ شیعر جوانە...**

چامەی وشەکانم مەخوێنەوە
با نەزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی منت بەر گوێ کەوتووە
وای دابنێ ژیان تازە دەستپێدەکات
وای دابنێ شیعر و عیشق و رابردوومان
خەونێکی ناخۆش بوو زوو تێپەڕی...
وای دابنێ ناوی منت تەنها لە چیرۆکێکدا بینیوە
زووبە... منت بیرچێتەوە...
من کۆلارەی دەم ڕەشەبام نابەڵەد بە فاجیعەکانی وجود
ئاسمانەکان تەی دەکەم...
تۆیش گوڵاڵەیەکی سوورپۆشی بەهار
ئومێدی ژیانت ببە بۆلای رووبارەکان
لای کانیلە چاو مەستەکان خەونی ناخۆشی عیشقت پووچ بکەرەوە
لای ژنە قەرەجێک نووشتەی بیرچوونەوەیەک بکە
ناوی من ڕەش بکاتەوە لە تیانووسی چاوەکانتا...
باسی من بسڕەوە تا زووە لە ژیانت
وێنەکانم لە ئەلبوومەکەت دەربهێنە
پشتی هیچیان مەخوێنەوە
نەوەک دێڕێک... وشەیەک... بتهێنێتەوە ڕێی دڵم...
دڵم ئێستا خەڵوەتی خەونە ڕەشەکانە
جێی عیشقی تۆی تیا نەماوە
ئیدی نایەیتەوە دڵم تا هەتایە...
بڕۆ ئیدی وەکو باخچە گوڵ بگرە بۆ ڕەشەبایەک
یاریی بە پرچەکەت بکات
شەرم نەکات لە جوانیی تۆ
خەونەکانت ورد و خاش بکات...
من تا دەمرم ناتوانم نیگایەک بگرمە چاوت
هەر وەکو چۆن نەمدەتوانی
لەگەڵ ئاوێنەیش باسی تۆ بکەم...
هەرچی دەکەم من ناتوانم
بۆ یەک جارێک وەسفی جوانیی تۆ بنووسم...
من نەفام بووم عیشقم قوربانی تۆ کرد و

تۆیش منت کرد بە قوربانی خەونێکی سەر ڕێی خەیاڵت...
وابزانە دونیا هێشتا جوانە
وادەزانم دونیا هەرگیز نابڕێتەوە
وای دابنێ من و تۆ هەرگیز پێکەوە لەوێ نەبووین
لای دار سنەوبەرە تەنیاکەی باخی گشتی
وابزانە دونیا هەر ئێستا دەستپێدەکات
پاش ئەم شیعرە...
وادەزانم دونیا هەر ئێستا وێران دەبێت
پاش ئەم شیعرە...
ئیدی منیش بۆ بەدبەختی پایزی عیشق
لەوپەڕی دونیاوە خەونی نائومێدیی دەهۆنمەوە
دەیکەمە ملوانکەیەک بۆ گەردنی مردنێکی سپی
مردنێک لە ئێوارەیەکی بەفرانباردا
لە کەناری دەریایەکی لە گۆکەوتوو
بە لەرزەوە سەلاو بکات
من هەر حاڵی نەبم چی دەڵێت!!...
وابزانە دونیا هێشتا جوانە
وادەزانم دونیا هەرگیز جوان نەبووە
وای دابنێ من و تۆ هەرگیز یەکمان نەبینیوە...
وای دادەنێم هەرگیز لە چاوم ون نابیت



٢٠١٠/١/٤
sayda@live.no

# تەمەنێک
# لە ئەملا سنووری
# سەفەرەوە،
# لەناو مەنفادام!



ڕێباز مەحمود/ هۆڵەندا

بـۆ بینینی دنیا، ســەفەر ڕێگایە، ڕێگایەک وەک چۆن بــوار ئەدات پیایدا بڕۆی، وەهاش بوار ئەدات پیایدا بگەڕێیتەوە...

مەرجی موســافیربوون ئەوەیە، کە هەمیشــە کەسی موســافیر، کاتێک دەرگــای ماڵەکەی قفــڵ دەدات، ڕۆژێکی هەیە تیایدا... بە دەســتی خۆی هەمان قفڵ دەکاتەوە.

ئەگەر کەســێک، لە دوورگەیەکی جوان یان بیابانێکی وشــک گیریخوارد و نەیتوانی شــوێن پێکانی خۆی بدۆزێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی بەرپێی یەکەمین هەنگاو، ئەوا ئەو کەســە لەجیاتی ئەوەی موسافیر بێت، مەنفییە، مەنفی!

وەک دەستنووسی رۆژانێکی بەجێماو
کە پایزی فەرامۆشیی بەناویدا هەڵیکردبێ و
لەدوا سنووری دەڤەری حیکایەتا،
بە لێواری مەرگەوە زەردبچێتەوە...
ئێستا دەستی هەر نەسیمێک
بەر کتێبــی بێدەنگیم کەوێت،
دەپروێم!
ئاوارە لە هەتاوی میهرەبانیی،
رۆحم لە بەستەڵەکی دوورەدەستیدا،
وا خەریکە دەیبەستێ!
ئاخر مەنفا لە خۆیدا
سوچێکت ئەداتێ تەمەنێک دوور لە ئاشنایی و
ئەبەدیەتێک دراوسێی بیرچوونەوە...
ژوورێکت پێدەبەخشێ،
مەترێک نزمتر لە باڵای راکردن...

نەک هەر کلیلی ماڵەوەم لە رێگایەکدا ونکرد،
کە لە چیرۆکی راستەقینەی خۆمی وەدەرنام...
بەڵکو ئەو رێگایە،
منی گەیاندە لوتکەی شەختەبەندی دووریی و
لەوێوە فڕێیدامە ناشوێن و
خۆی لێ بزرکردم...
تا دواجار،
کاتێکم زانی،
مەنفا هەڵیگرتوومەوە!

مەنفا تەمەڵترینی ئەوانەیە لە خەونەکان ناگەن و
پێچ بەدەوری برینda دەکەنەوە،
یان تێدەگات و هەر بۆ رابواردن: دەڵێ
ها... ئەوە پێشەکی کۆرسێک بۆ فێربوونی زمان!



ها... ئەوە بڕیاری مانەوەی تا هەتایی!
ها... ئەوە وێنەکانی زەلیلیت،
لە پانتایی هەوڵتدا و
بۆ جارێکی دی خۆ رواندنەوەت...
دوای ئەوەی بە ئێجگاری هەڵکەندرای!

بە جوانترین دەستوخەتی عەشقیش نووسرابێتەوە
مەنفا بەسەرتا بیارێت
جۆرێک کاڵت دەکاتەوە،
بە کەڵکی هیچ خوێندنەوەیەک نەیەی!

هەور لە ئاسمانی غەریبیدا لە جیاتی باران،
بەسەرمایەکی تەڕ،
خەونێک بۆردومان دەکات، هەمیشە خەرامان بوو...
مەرەکەبی هەموو تەزووە گەرمەکان،
بەسەر دڵدا رادەماڵێ...
رۆح دەخزێنێتە تاریکترین قوژبنی چۆڵەوانییەوە...
ناچارت دەکات لە بەر پلوسکی یادەوەریدا
ئاو بخۆیتەوە و
بۆت نەبێ هیچ بەنداوێکی تازە،
بۆ کۆکردنەوەی یادگاری شیرین لێبدەی!

لە غەریبیدا،
دنیا لە جیاتی هەر جلێکی ئاڵووالای وەرز
پۆشاکی ئاسن دەپۆشێت...
بەهار لەوێوە هەمیشە بە دزییەوە رەت دەبێ...
خونچە بەربەیانی حیکمەتێک بەدی ناکات بۆ شکۆفە...
پەنجەرە رێ بەبینین نادا بڕوات بەرەو ئاسمان...
نیگا لەچاوانی خوماری پەرۆشیدا مۆنج دەداتەوە
مۆنج دەداتەوە و... دەمەیی!

هەنگاوەکانی منیش هیچیان پێ نانووسرێتەوە،
چەند هەوڵدەدەم بۆ رواندنی باخێک سوورەچناری ئینتیما
وەک ئەوەی بمەوێ بزمار داکوتم بە ئاسندا،
ناگەم بە هیچ،
جگە لە خواروخێچکردنی رۆژەکان!

چەند جوانە ویقاری موسافیرێک
کە نیشتمان لە دوا لەحزەدا پێی دەڵێ:
رۆڵەم دوا نەکەوی... لە وادەی خۆتدا بێیتەوە!
چ دەیجورە ئیحساسی بەدبەختێک،
کە مەملەکەت:
خەونەکانی دەکێشێت بە شۆستە رەقەکانی خۆیدا و
شاربەدەری دەکات...!

تاراوگە هەزار رەنگیش بنوێنێ،
مەنفا پێش هەموو شتێک جانتا دەڕزێنێ و
سەفەر بە بارمتەی ئەبەدی لای خۆی گلدەداتەوە!

سەفەر... خوێنی ئیرەیی بە دەمارەکانیا دەگەڕێ و
هەنگە بۆ بەسەرکردنەوەی هەموو خزمانی ئاوایی لالەزار...
گەڕانی پڕ تامەزرۆیی دۆستایەتییە،
هەر شەوەی بۆ ماڵێک و
گەڕانەوەی ئیحساسە بە دڵێکی خۆشەوە بۆ ناو تەنهایی!

مەنفا شوێنی کەوتنەخوارەوەی کتوپڕی سێوێکە بە کاڵی،
کاتێک رەشەبای ئافات ئێخەی باخ دەگرێ...
کاتێک گێژەڵوکە داروپەردووی وەرزەکان
بەسەریەکدا تێک دەڕمێنێ و
تەپوتۆز دەکاتە چاوانی چاوەڕوانییە جوانەکان!

شوێنێک منالّیمی لە قەدی خۆیدا هەڵکۆڵی و
کردمی بە موڵکی نیشتمانێک... بڵێم چی؟

گوناه ئەوە نییە، کە شەمەندەفەری پەڕاگەندەیی
لە وێستگەی نابەدڵیا بۆ ئەبەد پیادەم دەکاو
هەرگیز رانایەم...
ناهەقی ئەوەیە
درەختێک ناتوانێت نازم بکێشێت،
من گەڵایەکی ئەوم!

لێرە رۆژەکان خۆیان دەکێشن بە زاکیرەی ماندووما،
بۆ لەدەست بەربوونەی نهێنی هاتنم و
زرنگانەوەی بەهام لەسەرشەقامە ساردەکان...
تا غەریبی تەریقم بکاتەوە
بەوەی خاوەن،
چ دراوی زەمانێکی بەسەرچووم!

من بارێک وەهم لەگەڵ خۆیدا،
سوار ئازارەکانی ئەوێی کردم و... هێنامی!
بەچ حەقێک بەسەفەر بڵێم جێیەکی بەتاڵت لاماوە
بۆ گەڕانەوەم؟

من خەمەکانی ئەوێ فڕێیان دامە سەر پشتی بڕیارێکی شەل
بۆیە تا قامی قیامەت دەبێ بەڕێی نەبڕاوەی غوربەتەوە بم...
زۆر بە گومانم لەوەی بەم هەموو هیلاکییەوە،
تازە حەوسەڵەی ئەوەم هەبێت
نیازەکانم بکەمە جانتای سەرمەوە و
سەفەرێک بکەم،
لە ناو ئاپۆرای شارە گەورەکانی خەمۆکییەوە
بۆ ناو لادێیەکی هێمن بە بناری ئارامییەوە!

**سەفەر هەمیشە شەقامێکی دوو سایدە**
**قەت لە خۆتت ون ناکات...**
**وەلێ مەنفا،**
**بە ویستی خۆی سەرت پێدەکات بە هەموو حیکایەتێکاو**
**هەرگیز ناتداتەوە بە نیشتمان!**

پایزی ٢٠٠٩

rebazmahmud@hotmail.com



# کچێک پڕ لە خەیاڵی هار

## ( دەقێکی والاّ )

**رەوشت محەمەد**

**من... کیژێکی پڕ لە خەیاڵ، خەیاڵی هار**
**خەیاڵی پڕ لە ئەشکەوتو خەرەندی هەزار بە هەزار**
**من... کیژێکی پڕ لە خەیاڵ، خەیاڵی تاڵ**
**کیژێکی تەڕ بە وەسوەسەی یەکەم خورپەو تیلەی ئاشقانەی کڕ و کاڵ**
**من... گەورە کچێکی پەلک شۆڕی... دەسشۆڕی...**
**فـەقیانە شۆڕی... مەمک شۆڕی... چاوشۆڕ**
**خراپ لە فڕینی چۆلەکەیەکی نێرینەش حاڵی دەبم**
**دونیای من کەسی لێ ناژی کەس... کەس**
**خۆم مانگی خۆمو ئەستێرەی خۆمو خۆم خۆری خۆمم**
**خۆم قاقای خۆمو سەیرانی خۆمو خۆم خەمی خۆمم**
**خۆم بەستەی خۆمم، وەی... نەوای خۆمو گۆرانی خۆمم**
**دونیای من چۆڵە، خۆم جادەی خۆمو... کۆڵانی خۆمو بەردەرگای خۆمم**
**جیهانی من... بێ شانەو بێ قردێلەیە**
**هەر ئەو قردێلە سوورەی دە ساڵ بەر لە ئێستە کوڕێک بۆی هێنام،**
**کوڕێک کە بەهەڵە رێی کەوتە بەردەگای من هەر زووش بەر دەرگای دڵی چۆڵکرد**
**من... گەورەکچێکی ئاوێنە شکاوی... ناخ شکاوی... پەلشکاوی...**

خەیاڵ شکاوی... خەون شکاوی... دڵشکاو.
ڕۆژانە سەد جار لە خەیاڵی هاری خۆما وەڵامی ئەو پرسیارەی خوداوەند دەدەمەوە
(بأي ذنب قتلت)؟ نەبا... بای قەیرەیی بیبا!
من... کیژێکی پڕ لە تەمەن
قانوونی هیچ وڵاتێ پەی بە کوچە حەزینەکانی دڵی من نابەن
قرەقری نێو پەرلەمانەکانی دونیا کوێرن لەوەی بدەن لە دەرگای ئەو باسەی ها لە دڵما
موعجیزەی خەیاڵی والای هیچ شاعیرێ ناگاتەوە بە خەیاڵی هاری منا
خەیاڵی هار: (تاوێ ئەمبا بە باخا... تاوێ ئەمدا بە داخا)
تاوێ لە چاوی لاوێکا تاوێ لە تاوە بارانی هەتاوێکا... دەمرژێنێ
ڕۆژێ وەک چەم، دەڕوا... دەڕوا خەیاڵی من، ڕۆژێ وەک فرمێسک سەردەکا.
خەیاڵی من سەفەر دەکا...
(دەڕواتە لای باوەڕدارێ لەسەر بەرماڵ... کە ئایاتی خوا ئەزبەر دەکا، هەر بە ئایاتی خوا دووژنو سێ ژنو چوار ژن دەهێنێ... لەو ژنانەی کە بە دوو چاوی پڕ لە شەهوەت تەماشای ئەکەن... چوار ژن لەو ژنانەی کە زووترو زیاتر بانگیان ئەکەنە سەر جێگا... ئەو ژنانەی کە زۆرتر عەتری رووتبوونەوە ئەدەن لە خۆیان...
خەیاڵی من ئاگای لێیە، باوەڕدارەکە هێشتا سەر بەرماڵەکەی چۆڵ نەکردووە، بیر لە چوونە سەرجێگا دەکاتەوە... هێشتا وێردەکان لەدەمو لێویەوە دەرژێن... خەریکە ماچ کۆئەکاتەوە...
ئاگای لێیە خەیاڵی من، هەر ئەو وەختەی کە باوەڕدار بەرماڵەکەی کۆئەکاتەوە، ڕێک لەولاوە ژنێکی گەنج دڵی رائەخا... خەیاڵی من چاوی لێیە... باوەڕدارەکە چەنێ بە زیکر خۆی پۆشتە ئەکا... سەد هێندە خۆی بۆ ژنەکانی رووت ئەکاتەوە).
خەیاڵی من لەوکاتەدا وەک پارچەیەک لە گڕی جەهەننەم ئەسووتێ
ئیتر چ بازگەو پرسگەو پاسەوانێ، ڕێ لە خەیاڵی من ئەگرێ؟!
خەیاڵی من سەفەر ئەکا دوورو نزیک...
(دەچێتە ماڵی سەرمایەدارەکانی وڵات... لەوێ هەموو ئەو ژوورە قەرەباڵغانە ئەبینێ... هەموو ئەو کچو کاڵانەی گەڕەک ئەبینێ، چۆن بە بۆنی

پارەکانی ئەم پیاوە هاتوون... ئەو کچو کاڵانەی ئامادەن لە بەردەم دڵی
وەک پارەو چاوی وەک پارەو لاشەی وەک پارەی ئەم پیاوە جوامێرەدا
رووت ببنەوە... خەیاڵی من... ئەو کچانە دەبینێ چۆن بە رووتی دێنو
دەڕۆن، چاوێکیان لای رەنگی پارەکانی ئەم پیاوەیەو چاوێکیشیان شەرم
ئەکا لە پەنجەرەی ماڵەکەوە خەیاڵی من وەکو تەمێک سەیریان ئەکا...).
خەیاڵی من لەو کاتەدا هێندەی تر سەری سپی ئەبێ
وەی لە بەفری خەیاڵی من... وەی لە تەمی خەیاڵی من
وەی لە چەمی خەیاڵی من، هیچ داستانو ئەفسانەیێ پێی ناوێرێ
خەیاڵی من سەفەر ئەکا...
(ئەچێتە کن سەرۆکەکان، دەبینێ ئەم سەرۆکانە، بەرلەوەی لە سەرقاڵی
سیاسەت ببنەوە، سەرقاڵ ئەبن بە لاشەی ژنە نەناسراوەکانیانەوە...
بەرلەوەی سەرخۆشی کۆبوونەوەکان بەریان بدا، سەرخۆش ئەبن بە لاشەی
ژنە نەناسەکانەوە... خەیاڵی من... جەستەی سەرۆکەکان ئەبینێ...).
وەیش خوایە!: جەستەی رووتی سەرۆکەکانمان چەن چرچە
هەر لە لۆچی خەمی تەوێڵی من ئەچێ
وەیش خوایە!: سەری سەرۆکەکانمان چەن قاڵە
هەر لە خەمی خەیاڵی قاڵی من ئەچێ.
خەیاڵی من... لەنێو دۆزەخی خۆمەوە
هەموو شەوێ دەچێتە باوەشی کوڕێ
ئەو بەهەشتەی خواکان لە منیان حەرامکرد.
(خەیاڵی من لە یەک کاتا، هێندەی سەرۆکی شارەوانی نیویۆرک، حەزی
بە دروستکردنی ڤێللاو پارکو گەڕەکی نوێیە، بەقەد هارترین سەرۆک
ئەرکانی سوپاکانی دنیاش، مەیلی تێکدانو خوێنو ئاگری هەیە).
خەیاڵی من... بە هیچ یاسایەکی ئاسمانو زەمینەوە پابەند نابێ
لە غاندی زیاتر دڵی بە رەنگەکانی ژیان ئەسوتێ
لە پێکەنینەکانی سەدام گەرمتر دنەی مەرگو شەڕەکان ئەدا
کەس ناتوانێ خوێندنەوە بۆ خەیاڵی من بکا
خەیاڵی من... لەنێو راستیو ناڕاستییەکانی دنیادا ئامادەیە
لەنێو ئاوەدانیو کاولکارییەکانا ئامادەیە
لەنێو ئەفسانەو حەقیقەتەکانا ئامادەیە
ئیتر خەیاڵی من گوێ لە هیچ واعیزێک ناگرێ

خەیاڵی من نادرێ لە خاچی هیچ شیعرێ
لە باوەشی تەنگی هیچ رۆمانیکا خەیاڵی من دانانیشێ

چەند دێڕێک لە دەرەوەی خەیاڵی من:
دایکم لە هەموو کەس زیاتر دەیتوانی لە دونیای من نزیک بێتەوە، گومانم هەیە، ئەو شتێک لەو ناڵەناڵو بەریەککەوتنو تەقینەوانەی خەیاڵی منی بیستبێ... دایکم بە منەوە وێران بوو، لەوە زیاتر حەوسەڵەی خەیاڵەکانی منی نەمابوو... گوێم لێبوو لە دوورەوە لە دەرەوەی خەیاڵەکانما، دایکم بەهاوارە کزەکانی خۆی هەموویانی تێگەیاند پێی وتن:
❊ ئەرێ ئێوە چ مرۆڤێکن... چ براو باوکو خوشکێکن... قوڕ بەسەرە شەو تا سەحەر خەوی نییە، کێنگڵ ئەدا... لە عەزرەتا شەوان خەوی وا ئەبینێ، هاکا ئاسمان... ئاسمان رووخا، بەدەم خـــەوەوە شتی وا ئـــەڵێ، ئەفلاتوونی حەکیمش حاڵی نابێ.
دایکم وتی: عەیب ناکەن...!؟
گوێم لێبوو لە دەرەوەی خەیاڵەوە باوکم ئەیوت:
❊ باشە ئافرەت بیبڕەوە، ئێوارە با خۆی حازرکا دێمەوە دەیبەم بۆ عەیادە.
من... کە زیاتر لە دە ساڵە بەڕاست نازانم پێکەنین
لە چاوی مرۆڤەوە دێ یا دڵ
نازانم پێکەنین لە رۆحی مرۆڤەوە دەڕژێ یا دەمی.
بەو وەڵامە باوەی ئازیز
پڕ بە چاو و رۆحو دڵو پڕ بە گەرووی خۆم پێکەنیم
قاقا... لە سەر جێگاکەی خۆم، قاقا... کەوتمە تەپوتلدان
پێکەنیم... هێندە پێکەنیم
مەجلیس وتیان: با هەستین وا چاکبۆتەوە.
(سوپاس بۆ بابەی ئازیزم لەسەر قسەکەی خۆی راست بوو، دوای شەش رۆژ لە ئێوارەیەکی زەردی ئەبلەقدا منی لە ماڵ بردە دەرەوە بۆلای دکتۆر).
چەند گران بوو بۆ من بینینی ئەو خەڵکە...
یەکێ دەستی منالێکی جوانو عەیاری گرتووە
باوکێ بە دەپەنجەی دەستی پێنج عەلاگەی بۆ ماڵەوە دەبردەوە
دایکێ تاسەر کۆڵان دێتو دەمی پڕە لەناوی سەیری مناڵەکان
ئێوارەیە، بانگیان دەکا: (وەرن وا تۆمو جێرییە)

چەند گران بوو بۆ من بینینی ئەو خەڵکە...
چەند گران بوو بۆ من، بینینی ژیان وەکو خۆی.
(بۆنی ژووری دکتۆرەکە منی لەسەر خەیاڵەکانم هێنایە خوار، من لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتووم... دکتۆرم دەدی وردە وردە... بە خەیاڵی خۆی لە دنیای من نزیک دەبووەوە... کەچی من دکتۆرم دەمدی سەد میل لە دووری خۆمەوە...
بە خوا سوێندتان لەسەرم نییە، سەد دەریا لەنێوان منو ئەوا بوون، ئەم پیاوە، نەیدەزانی بۆ نزیکبوونەوە لەمن، دەبوو بێتە نێو دونیاکەم، دەبوو بکەوێتە نێو شەڕو شۆڕی خەیاڵمەوە، دوکتۆر هەر هەنگاوی دەنا
من دەمزانی ئەم پیاوە...
هیچ لە دنیای من نازانێ... دەمزانی ئاشنای یەکێک لە کۆڵانەکانی من نییە... ناوی شارێک، ناوی وڵاتێک، تەنانەت ناوی کیشوەرێکی دنیای من نازانێ... بە خەیاڵی خۆی دکتۆر هاتۆتە سەر سەری نەخۆشەکەی، هاتوو دوو سێ پرسیاری رووتی لێکردم... رووت وەک عەقڵی خەڵک... رووت وەک حەیای خەڵک...
❊ کچم چیتە؟... ئەمڕۆ دوێنێ چیت خواردووە؟... سەرمات نەبووە کچم؟
دکتۆر وەڵامەکانی منی بەدڵ نییە... نزیکتر دەبێتەوەو دەس دەخاتە سەر تەوێڵم.
سەری من... کە بەقەد کورەی ئاسنگەرێ گەرمە
سەری من... کە پڕە لە ئەفسانەی خەیاڵی خۆم
سەری من... کە هێندەی شەڕەکانی یەکەمو دووەمی جیهانیی وێرانەو خەراباتی تێدا بەجێماوە
سەری من... وەک سەری نالی لە خەیاڵی مەستوورەدا
سەری من... وەک گۆبەندی خاچ لە دڵی نابەڵەدی سەنعانا
سەری من... وەک شیعری حەللاج، بە قەنارەی فیقهەوە.
دکتۆر بە خێرایی، بە بێئەوەی هەست بە هیچ خەیاڵو شەڕو شۆڕێکی من بکا، دەستی نەرمی لەسەر سەرم لا دەبا،
باوکم چاوی لە دەمی دکتۆرەو دکتۆریش چاوی لە شاشەی (تێڤی)یەکەیە، جوانیی کچێک سەرنجی بردووە، کە هەواڵی خۆ سووتاندنی کچێکی تر دەخوێنێتەوە.

# دڵم
# بەمندا غلۆر
# دەبێتەوە



غەمگین بۆڵی- هەولێر

(١)
زۆر لێت گەڕام
لەوپەڕی بێتاقەتی زەمەن
لە پەرتەوازەبوونی گومانەکانم
لە وێستگەکانی تراویلکە
لە ژوورە ئاوێنەبەندەکانی فەنابوون
لە سەفەرە دڵتەنگەکانی با
لە تاساوبوونی گێژەڵوکەیەکی تێکشکاو
لە تونێلی وشە کەنفتەکانی یاد
لە تەریقبوونەوەی ونبوون، لە تۆدا
لە نادیاریی تۆ، لە مندا
تۆ لە کوێی؟
وەها بێ سەرو شوێنی!

(٢)
بیانووم هەیە بۆ گەڕانەوەت
لەنێو دێڕە شیعرێکمدا
ماچێکی تۆم تەقەت کردووە.

(٣)
بەداماویی راماوم
بە دیار بەردێکەوە
بیر لە دڵت دەکەمەوە.

(٤)
من دەڕۆم
خۆم ئامانەتی تەنیایی دەکەم
تەنیایش لای تۆ جێدەهێڵم.

(٥)
ئەم ژوورە بێدەنگە بەخەیاڵی کێ ئاوسە؟
مەگیرانی بە کام وشەوە دەکا
گمەگمی کوکوختییەکانی بەر هەیوان
ئاوەزی وشە ئارگۆنییەکان کپ دەکەنەوە
پشیلەیەکی نەوسن
لە تەماعی کوکوختییەکانی بەر هەیوانی رۆح
خۆزگەی فڕین دەخوازێ
مەگیرانی تەواو دەبێ
گەڕەلاوژەی ژوورەکە کوکوختییەکان هەڵدەفڕێنێ
پشیلەکان دەچنەوە سەربان
دیمەنەکە دژ دەبێتەوە
خەیاڵی وشە ئاوسەکان
خەیاڵی کوکوختییە غەمگینەکان
خەیاڵی پشیلە نەوسنەکان

به حه‌وشه‌ی ماڵدا په‌رش و بڵاو ده‌بێ
دیسان له ژووره‌که‌ما
خه‌یاڵه‌کانم تێکده‌چڕژێن و
دڵم به‌مندا خلۆرده‌بێته‌وه.

(٦)
که‌س له ماڵ نییه
رووت رووت به‌سه‌ر دۆشه‌ک و بالیف راکشاوم
به‌م ناوه‌خته ده‌نگی ده‌رگا دێ
ده‌رگای ماڵ نا
ده‌رگای دڵم.

(٧)
باوکم به ده‌رزی له زه‌ت
دایکم به ده‌زووی شه‌هوه‌ت
ئیمشه‌و...
کڵاوه دڕاوه‌که‌ی منداڵییان دووریمه‌وه .



(٨)
زویر مه‌به
که له دڵما سه‌رمات بووه
دوێنێ کچه دراوسێکه‌مان
به دڵی به‌ردی
په‌نجه‌ره‌ی دڵی شکاندم.

xemginb@yahoo.com



# ئەنتیک
# (Antique)

**کاروان عومەر کاکەسوور**

**پێشکەشە بە هەموو ئەو ئازیزانەی، کە لێرە ناویان هاتووە**

دوای ئەوەی لە پیشەکەم دەرکرام، گرفتی گەورەم ئەوە بوو، کە لەمەودوا کاتی خۆم بە چی بەسەر ببەم... سەرەتا ویستم وەکو سەردەمی دواناوەندی و ئەو چەند ساڵەی زانکۆ بۆ کتێبەکانم بگەڕێمەوە، بەڵام هەر زوو زانیم توانای خوێندنەوەم نەماوە... دە دوانزدە جار دێڕێکم دەخوێندەوە و لێی تێنەدەگەیشتم... هەرکە کتێبم بە دەستەوە دەگرت، باوێشکم دەدا و خەوی قورسم لێ دەکەوت... کاتێکیش بێدار دەبوومەوە، دەتوت لە زیندان گەڕاومەتەوە... گیانم دادەهێزرا و خەیاڵی پووچ یەخەیان دەگرتم... ئەمجارەیان بەو مەبەستەی ئیشتیهای خوێندنەوەم بکرێتەوە، هەوڵم دا چیرۆکێک بنووسم، کە لە زووەوە بیرۆکەکەی لە خەیاڵمدا جینگڵی دەدا... ئاخر جاران هەمیشە لە کاتی نووسیندا زیاتر ئارەزووی خوێندنەوەم دەکرد، کەچی لە یەک دوو دێڕی سادە بەولاوەم بۆ نەنووسرا، بۆیە کۆڵم دا و گەیشتمە ئەو باوەڕەی من تازە نە دەتوانم بخوێنمەوە و نە پێشم دەکرێت شتێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش بنووسم... ڕاستییەکەی بۆم دەرکەوت، کە لەو یەک دوو ساڵەی لە زانکۆ خەریکی وتنەوەی لێکچە (Lecture)

بووم، بە بێ ئەوەی ئاگام لێ بووبێت هەموو تواناکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەمم لە دەست داوە... دەبووایە ئیشێکی دیکەش بدۆزمەوە، نەک لەبەر ئەوەی باری داراییم خراپ بوو، بەڵکو دەمزانی بێکاریی بۆ منێکی تەنیا جۆرێکی دیکەی مردنە، بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت، کە زەحمەتە ئیشێکم دەست بکەوێت، لەگەڵ زەوق و توانامدا بگونجێت... زۆرجار خەونم بەوەوە بینیبوو وا خانەنیشین کراوم و کتێبخانەیەکم لە ناوجەرگەی شار داناوە... هەم لە کتێب و گۆڤارەوە نزیکم و هەم بەردەوام نووسەر و خوێنەران سەردانم دەکەن، کەچی نەمدەزانی ڕۆژێک دێت ئەوەی نامەوێت بە لایدا بچم، کتێبە، بگرە دەگەمە ئەو حاڵەتەی، کە حەز ناکەم لەگەڵ یەک نووسەریش قسە بکەم... کاتێ دەمبینین، ڕووی خۆمم لێ وەردەگێڕان... بانگیان دەکردم و وەڵامم نەدەدانەوە... ئێوارەیەکیان (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس لە دوورەوە بەو پێکەنینەی پێی دەناسرێتەوە، بەرەو ڕووم دەهات و دەیویست وەکو جاران لەپاڵ گێڕانەوەی یەک دوو نوکتە بۆ یەکتر، ئینجا باس لەو چیرۆک و ڕۆمانانە بکەین، کە لەو ماوەیە خوێندبوومانەوە، بەڵام من ئەو کۆڵانە تەسکەی دەستی ڕاستمم بە هەل زانی و ڕێگای خۆمم گۆڕی... لەوێ هەنگاوەکانم خێرا کرد، تا تەواو خۆمی لێ ون بکەم، کەچی کاتێکم زانی وا بە دوامەوەیە و بانگم دەکات... نەدەکرا ئاوڕ نەدەمەوە، چونکە تا هێزی تێدا بوو بانگی دەکرد:

_ بوەستە سامان...!! بەڵێنت دەدەمێ باسی کتێب و نووسەرانت لەگەڵ ناکەم.

ئینجا تۆپەڵێک جنێوی لەو جنێوە سەیرانەی پێیان ڕاهاتووە بە کۆمەڵێک شاکاری دنیا و خاوەنەکانیشیان دا... زۆرم بەلاوە سەیر بوو، کە ئەو دەیزانی من بڕیارم داوە لە کتێب و نووسەران نزیک نەبمەوە، چونکە من ئەمەم لای کەس نەدرکاندبوو... نەشمدەویست لێی بپرسم، کە ئاخۆ چۆن ئەمە دەزانێت، چونکە دەترسام ئەو باسە بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ باسی نووسەر و کتێب بگۆڕێت... باش بوو خۆی وتی:

– خەمت نەبێت قسەیەک ناکەم تۆ پێی سەغڵەت ببیت، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم تۆ یەکەم کەس نیت تووشی ئەو نەخۆشییە بووبیت.

لەوە دەچوو خۆیشی چەند جار ئەمەی منی بەسەر هاتبێت، بۆیە هەم لە حاڵەتەکەم تێدەگەیشت و هەم دەشیویست دڵنەواییم بداتەوە... بۆچی پێم خۆش بوو ناوی لەو حاڵەتە دەنا نەخۆشی...؟! نازانم... بەڵام من وا لە دڵم چەسپیبوو، کە چاکبوونەوەم مەحاڵە... زۆر بە پارێزەوە لەگەڵم دەدوا، نەبادا دوور لە خواستی خۆی وشەی کتێب، نووسین، چیرۆک، ڕۆمان، داهێنان، نووسەر و

هەر شتێک پێوەندیی بەوانەوە هەبێت، بە کار بهێنێت... ئەمە بۆ من تا ڕادەیەک ئاسان بوو، کە بەردەوام خۆمم لەسەر ئەوە ڕادەهێنا بە لای ئەو وشانەدا نەچم، بەڵام دەمزانی بۆ ئەو زەحمەتە... بەڵێ، زۆر سەختە تۆ لە ڕێگای ئەو شتانەوە کەسێکت ناسیبێت و بەردەوام گفتوگۆتان لەبارەیانەوە کردبێت، کەچی لەپڕ بتەوێت زمانت لە وتنیان بپارێزیت... کاتێ پێم وت لە پیشەکەم دەرکراوم و بە دوای کارێکدا دەگەڕێم، کە لەگەڵ توانا و زەوقمدا بگونجێت، ئەو ماوەیەک بیری کردەوە و دوایی پێی وتم:

– نازانم بۆچی هەست دەکەم باشترین ئیش بۆ تۆ ئەوەیە، کە دووکانێکی ئەنتیک دابنێیت.

وامزانی گاڵتە دەکات، چونکە (شێرە) بەو شتانە ناسراوە، کەچی خێرا بۆم دەرکەوت بە ڕاستییەتی... دوایی تێگەیشتم ئەمە تەنیا فێڵێکە بۆ ئەوەی من بگەڕێمەوە ناو دنیای خەیاڵ، چونکە کارکردن لە دووکانی ئەنتیک و مۆزەخانەدا چاکترین ڕێگایە بۆ ئاکتیڤبوونی فانتازیا... ئێستاش نازانم بۆچی ئەو بیرۆکەیەم پەسەند کرد و لە ماوەیەکی کەمدا دووکانێکی ئەنتیکم لە ناوجەرگەی شار دامەزراند، بەڵام ئایا هەموو ئەو خەیاڵانەی من لەو ئیشە وەرمدەگرت، کردمیانەوە بە چیرۆکنووس و بۆ خوێندنەوەی کتێبیان گەڕاندمەوە...؟!

دەمەوێ سەرەتا ددان بەوەدا بنێم، کە لەگەڵ ئیشەکەمدا زۆر ئاسوودە بووم، چونکە لەو ڕێگایەوە زۆربەی ئەو هاوڕێیانەمم دۆزییەوە، کە بە درێژاییی تەمەنم لێم ون بووبوون... هەر کاتێکم دەزانی یەکێ لەوانە لەپڕ دەهاتە دووکانەکەم و لە باوەشی دەگرتم... فرمێسکی بەسەردا دەباراندم و دەیوت ئەوە چەند ساڵە لە تۆ دەگەڕێم... ڕاستییەکەی من ئەزموونێکی سەیرم لەگەڵ ونکردنی هاوڕێیەکانمدا هەیە... نازانم بۆچی لەپڕ لێم ون دەبوون و لە هیچ شوێنێک نەمدەدۆزینەوە... خۆشبەختانە لە ڕێگای ئەو ئیشەمەوە بە زۆربەیان شاد بوومەوە: (شێرزاد ڕەئوف)، (ڤیان حیسام)، (سەلاح جەوهەر)، (بەختیار ڕەحمان)، (سەفین سابیر)، (سنەوبەر ئەحمەد)، (ئیدریس پیرداود)، (شاخەوان کەریم دەروێش)، (خەسرۆ کاوێس)، (سائیب ئەکرەم)، (شۆڕش دەرگەلەیی) و زۆری دیکەم دۆزییەوە، بەڵام بێگومان خەفەتم دەخوارد، کاتێ دەمبیست دووان لە کچەکان بە چەقۆ و دەمانچەی باوک و برایان کوژراون... کوڕەکانیش یەکێکیان لە قادسیە و چوار پێنجێکیان لە پێشمەرگایەتی گیانیان لە دەست داوە... هەندێکیان لە ڕاپەڕین سنگیان داوەتە بەر گوللە... ئەو هاوڕێیانەم لەگەڵ دەستی خۆیاندا کەلوپەلی زۆر دەگمەن و گرانبەهایان بۆ دەهێنام، کە نەمدەزانی لە کوێیان پەیدا کردوون...

هیی سەردەمی منداڵیی خۆمان بوون و دواتر لە هیچ شوێنێک نەدەکەوتنەوە بەرچاوم... هەڵماتی شووشە و بەرد، وێنەی ئەکتەرە سینەماییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی فیلمی وێستەرن، کە جاران چ لە گەڕەک و چ لە گۆڕەپانی قوتابخانە بە دزیی مامۆستاکان ڕەسمرەسمێنەمان پێ دەکردن، قاپی چینیی نەخشین، پیاڵەی زەڕلی، کاسکێتی حەسیر، قایشی پانی چەرم و دەیان شتی دیکە، کە پێشکەشیان دەکردم و لە دووکانەکەم دادەنان... ئەگەرچی ئەوان بەو مەبەستە دەیانهێنان، کە بیانفرۆشم و بژێویی ڕۆژانەی خۆمیان پێ دابین بکەم، بەڵام ڕاستییەکەی نەمدەتوانی دەستبەرداریان ببم... کاتێکم زانی من کرێی دووکانەکەمم بۆ نادرێت... هەرچەند هاوڕێیەکانم پێیان دەوتم، کە بۆ ئەوەی لە ئیشەکەم بەردەوام بم، دەبێت کەلوپەلەکانم ساغ بکەمەوە و بەڵێنیان دەدامێ، کە هیی دیکەم بۆ دەهێنن، بەڵام سوودی نەبوو... بیرم لە فرۆشتنی ئەو خانووە کردەوە، کە وەکو زۆر شتی دیکە لە دایک و باوکمەوە بۆم مابووەوە... هەر ئەوان خۆیشیان بە کرێ دابوویانە یەکێ لەو خێزانانەی، کە دوای ڕاپەڕین لە ئێران گەڕابوونەوە... پیاوەکە هەموو سەرەمانگان، کاتێ دەهات و کرێی بۆ دەهێنام، پێی دەوتم:

– تکایە دکتۆر سامان ئەم خانووە بە من بفرۆشە... چەند داوا بکەیت، یەکسەر دەیخەمە ناو دەستت، چونکە لە حەفتاکان خانوویەکی لەم شێوەیەم هەبوو و سەرۆکجاشێک لێی زەوت کردم... تازەش وەرگرتنەوەی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر ئەم خانووەم پێ بفرۆشیت، وا دەزانم ئەویان بۆ گەڕاندوومەتەوە.

بە پارەی ئەو خانووە توانیم کرێی ساڵێکی دووکانەکەم بدەم... کەلوپەلەکانم نەک هەر نەفرۆشت، بگرە بەردەوام هیی دیکەشم بۆ دەهات و بووبوومە خاوەنی مۆزەخانەیەکی بچکۆلە... تاقە شتێک زۆر ئازاری دەدام، ئەوە بوو، کە ڕۆژانە چاوەڕێی (ئومێد فەهمی)ی هاوڕێی منداڵیم دەکرد، کە لە ساڵی حەفتاوشەشەوە لێم ون بووبوو... هیوام دەخواست ئەویش ئاوا وەکو ئەوانی دیکە لەناکاو دەرکەوێت، بەو مەبەستەی تێر تێر لە باوەشی بگرم، بەڵام ئەو ئاواتەم نەدەهاتە دی... لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو، کاتێ لەو هاوڕێیانەمم دەپرسی، ئاخۆ بۆچی (ئومێد) دیار نییە، ئەوان وەڵامیان نەدەدامەوە... بەڵام من وازم نەدەهێنا و لەسەر ئەوە سوور دەبووم، کە دەمەوێت بە هەر شێوەیەک بێت بزانم ئەو کوڕە چیی بە سەر هاتووە، ئەوسا دەیانوت هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکیان بەو ناوە نەناسیوە... پێم دەوتن تکایە لەگەڵم ڕاستگۆ بن... قوربانتان بم من زۆر پێویستم بەوەیە بزانم (ئومێد فەهمی) ماوە، یان مردووە... باوەڕم پێ بکەن من هێندە بیری ئەو هاوڕێیەم دەکەم، کە ئەگەر نەیدۆزمەوە،

ئەوا سوور دەزانم بەرگەی چەند مانگێکی دیکە ناگرم... لێم مەگرن هاوڕێیان، ئەگەر زۆر ڕاشکاوانە پێتان بڵێم باوەڕم بە قسەکانتان نییە... بۆچی باوەڕتان پێ بکەم، ئەگەر سوور بزانم شەش کلاسی سەرەتاییم لەگەڵ (ئومێد فەهمی)دا خوێندووە و هەتا ئێستاش قسەکانی لە گوێچکەمدا دەزرینگێنەوە...؟! هەرچەند من بەوە ناسراوم، کە زوو شێوەی خەڵکم بیر دەچێتەوە، بەڵام ئێستاش شێوەی ئەوم وەکو خۆی دێتەوە بەرچاو... بە حوکمی ئەوەی بە (کلینت ئیەستوود) و ئەکتەرەکانی دیکەی وێستەرن سەرسام بوو، بە چاکێتێکی چەرم و شەپقەیەکی مەکسیکییەوە دەهاتە قوتابخانە... من ئاوام بەو هاوڕێیانەم دەوت، کەچی ئەوان گوێیان لێ نەدەگرتم... هێندەم وتەوە، هەتا ئەوان تەواو لێم بێزار بوون... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو هاوڕێیانەی هامشۆیان دەکردم و کەلوپەلی ئەنتیکیان بۆ دەهێنام، کەمتر دەبوونەوە، کەچی من هەر نەمدەتوانی واز لەو پرسیارە بهێنم... کار بەوە گەیشت تەنیا (سەفین سابیر)م لا مایەوە، ئەویش کەم کەم سەردانی دەکردم... ئەنجام ئەویشم لێ توورە بوو و ببڕای ببڕای نەهاتەوە... دوایین دیالۆگی نێوانمان بەوە دەستی پێ کرد، کە ئەو پێی وتم:

– ئەو ئومێدە هەر لە خەیاڵی خۆتدا بوونی هەیە سامان، ئەگینا بۆ کەسمان نایناسین...!! دەی باشە وەرە پێم بڵێماڵیان لە کوێ بوو... بۆ وەڵامم نادەیتەوە...؟!

ڕاستییەکەی کاتێ لە قوتابخانەش دەگەڕاینەوە، هەر پێکەوە بووین و لای بەردە گەورەکەی ئەو دەشتە جیا دەبووینەوە، بەڵام پێش جیابوونەوە، لەسەر ئەو بەردە دادەنیشت و قاچەکانی بەملا و بەولایدا شۆڕ دەکردەوە... دەیوت کاتێ گەورە دەبێت، شار جێ دەهێڵێت و بە سواری ئەسپ لەو دەشت و کێوانە دەگەڕێت... زۆر جار بیرم لەو قسانەی دەکردەوە و دەموت ڕەنگە ئەو خەونەی منداڵیی کردبێتە ڕاستی، بۆیە دیار نەماوە، بەڵام ئەوەی سەری لێ دەشێواندم، قسەی ئەو هاوڕێیانەم بوو، کە نکوولییان لەوە دەکرد ئەو بە ڕاستی هەبووبێت... نەخێر، بەو شەپقە مەکسیکی و چاکێتە چەرمەیەوە لە سوارچاکێکی بچکۆلە دەچوو... ئینجا لەسەر بەردەکە دەهاتە خوارێ، کە خۆی بە ئەسپی دەزانی و بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشت... هەتا لە چاو ون دەبوو، هەر سەیریم دەکرد، بەڵام نەمدەزانی، یاخود بیرم نەمابوو ماڵیان لە کوێیە... بە (سەفین)م وت:

– نازانم ماڵیان لە کوێ بوو، بەڵام گۆڵچیی تیمی هەڵبژاردەی قوتابخانە بوو... باشترین گۆڵچییش بوو.

– ڕاست نییە...!! چونکە خۆت دەزانی من بەرگریکاری تیم بووم... گۆڵچییەکەمان ناوی سەرکەوت سدیق بوو... ماڵیشیان لە نزیک قوتابخانە بوو...

کورێکی ڕووخۆش بوو و بەردەوام نوکتەی نوێی بۆ دەگێڕاینەوە... ئێستاش وا شێوەی دێتەوە بەرچاوم، تەنانەت درەختەکانی بەردەمی ماڵیشیانم بیر ماوە... من دڵنیام یەک کەس لەو تیمەی ئێمە ناوی ئومێد فەهمی نەبووە، چونکە من زۆر بە چاکی هەموویانم بیر ماوە هەر لە ئەسکەندەر قولی و ئیسماعیل ڕەشید و بابەعەلی و خورشید حەسەن و لوقمان خدرەوە بیگرە هەتا دلاوەر ئەحمەد و سالار قادر و دیدار میرزا و مەروان و.............

کە من هەر لەسەر قسەکەی خۆم سوور بووم، (سەفین سابیر) هەستایەوە و وتی:

– تۆ هەر کەللەڕەقەکەی جارانیت و هەرگیز ناگۆڕێیت... نەمدەویست وەکو ئەوانی دیکە جێت بهێڵم و دەموت با بە تەنیا نەمێنیتەوە، بەڵام لەم دەقەیەوە چاوت بە من ناکەوێتەوە.

ئەگەرچی ئەوە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، کە دووبارە هەموو ئەو هاوڕێیانەی خۆمم لە دەست دایەوە، بەڵام هێشتا هیوایەکم هەبوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان (ئومێد فەهمی) لەناکاو پەیدا ببێت و تینوویەتیی ئەو هەموو ساڵەم بشکێنێت... هاوکات وا لە دڵیشم چەسپیبوو، کە هەر کاتێ ئەو بدۆزمەوە، ئەوا هاوڕێیەکانی دیکەشم بۆ لام دەگەڕێنەوە... کەلوپەلەکانم ئەگەرچی زیادیان نەدەکرد، بەڵام هەرگیز دانەیەکیشم لێ نەدەفرۆشتن... بۆ ئەوەی بتوانم کرێی دووکانەکەم بدەم، پەیتا پەیتا کەلوپەلی ناوماڵەکەمم دەفرۆشت، لە پێش هەموویانەوە کتێبەکانم، کە هەندێکیان باوکم کڕیبوونی و دەستنووس و شتی زۆر گرانبەهایان تێدابوو... لەو ڕۆژەوە بڕیارم دابوو کتێب نەخوێنمەوە، دەرگای ژوورەکەم لێ داخستبوون و نەمدەویست چارەیان ببینم... ڕاستییەکەی داوام لە دراوسێیەکم کرد، کە خۆی بە کتێبخانەیەکیان بفرۆشێت و کاتێکیش بیانبات، کە خۆم لە ماڵ نەبم، تەنانەت زۆر بە کورتییش ئەو دراوسێیەمم لە مەسەلەکە تێگەیاند... هەوڵم دا کەمترین وشەی کتێب بە کار بهێنم... بەهەرحاڵ ئەو پارەیە بەشی چەند مانگێک کرێی دووکانەکەم و بژێویی خۆشمی دەکرد... من ڕۆژانە لەو دووکانە بە تەنیا دادەنیشتم، بە بێ ئەوەی کەسێک سەردانم بکات، بگرە هەر یەکێکیان لێیشی نەدەڕوانییم... وتم باشە ئەوە هاوڕێیەکانم لە قسەکانم تووڕە بوون و جێیان هێشتم، ئەدی ئەو خەڵکە بۆ بە لای دووکانەکەمدا تێدەپەڕن و ئاوڕێکم لێ نادەنەوە...؟! ڕاستە من هەرگیز نەمدەویست کەلوپەلەکانم بفرۆشم، بەڵام نایشارمەوە زۆر بەوە پەست دەبووم، کاتێ ئەوان ئاوا بە نەبوویان دەزانیم، بگرە ترسێکی سەیر دەخزایە گیانمەوە... هەر لەو بازاڕە یەک دوو گۆڕی پیاوچاکان هەبوون، زۆر لە من و

لە دووکانەکەشم زیاتر سەرنجی خەڵکیان ڕادەکێشا... هەندێکیان بە دیاریانەوە دەوەستان و قسەشیان لەگەڵدا دەکردن، کەچی من وەک بڵێی تارمایی بم، کەس هەستی پێ نەدەکردم... سەرەتا زۆر داوایان دەکرد شتومەکەکانمیان پێ بفرۆشم، تەنانەت هەندێکیان لێشم دەپاڕانەوە، بەڵام من پێم دەوتن هیچ شتێکی ناو ئەو دووکانە بۆ فرۆشتن نییە... ئەوان ئەمەیان زۆر بە لاوە سەیر بوو، بگرە بە شێتیان دەزانیم... وردە وردە کەمتر دەهاتن، ئەنجام بە تەواوی لە بیر خۆیانیان بردمەوە... خاوەنی دووکانەکەشم کاتێ دەهات و کرێی لێ وەردەگرتم، نە لە کەلوپەلەکانمی دەڕوانیی و نە قسەشی لەگەڵدا دەکردم، ئەگەرچی جاران هەمیشە لام دادەنیشت و سەرسامیی خۆی لە ئاستی کەلوپەلەکانمدا دەردەبڕیی...ماڵەکەم شتێکی وا بە نرخی تێدا نەما پارە بکات و کرێی دووکانەکەمی پێ بدەم، ناچار خانووەکەی دیکەشمم فرۆشت و شەوان لە دووکانەکەم دەخەوتم... هەموو ئەمانە ئەوەیان لە بیر نەدەبردمەوە، کە من چاوەڕێی (ئومێد فەهمی) بکەم، بەڵام نایشارمەوە کاتێ زانیم من دەتوانم بەو سامانەی هەمە تەنیا دوو مانگی دیکە کرێ بدەم، ترسێکی گەورەم لێ نیشت، چونکە دەمزانی ئەو کەڵلەڕەقییەم ناهێڵێت یەک دانە لەو شتومەکە ئەنتیکانەم بفرۆشم... هیوام بە دۆزینەوەی (ئومێد فەهمی) و گەڕانەوەی هاوڕێیەکانی دیکەشم بڕا... هەتا ڕۆژەکان زیاتر تێدەپەڕین، من پتر هەستم بە ترس و نائومێدی دەکرد... تاقەتم نەبوو وەکو ئەوەی پێی ڕاهاتبووم بچم لە ڕێستۆرانتە هەرزانەکان شتێک بخۆم، بۆیە هەندێجار پسکویت و پاقلاوەم لە منداڵە دەستفرۆشەکان دەکڕی، بەڵام دڵم ئەوانیشی نەدەبرد... کاتێ هەڵدەستامەوە، سەرم گێژی دەخوارد و چاوم دەکەوتە ڕەشکەوپێشکە... دیمەنی شتەکانم لێ دەگۆڕان، بەتایبەتی ئەو دومیە (Dummy)یەی (ئیدریس پیرداود) ی هونەرمەند لە شێوەی کوڕێکی دە دوانزدە ساڵان دروستی کردبوو... ئەوندە لێزانانە ڕێکی خستبوو، دەتوت کوڕی ڕاستەقینەیە... لەسەر کورسییەک دایناوو و دەیڕوانییە دەرەوە... ئەوسا (ئیدریس) پێی وتم:

– دەزانم تۆ تەنیا ڕێگا بە شتی کۆنە دەدەیت بێتە دووکانەکەت، بەڵام ئەوە چاک بزانە ئەم دومیەیەم ساڵی حەفتاوهەشت دروست کردووە، ئەو ساڵەی لە یەکتر دابڕاین... تۆ جوان لێی بڕوانە و بزانە شێوەی لەوسای خۆت ناچێت...!! ئاخر تۆش ئاوا باریکەلە بوویت... ئەمە هیی تۆیە سامان... باوەڕم پێ بکە بۆ تۆم دروست کردبوو، بەڵام نازانم تۆ بۆچی لەپڕ دیار نەمایت... ماوەیەکی زۆر من وەکو شێت بەو دومیەیەوە بە دوای تۆدا دەگەڕام و خەڵک پێم پێدەکەنین... لێم دەپرسین ئەرێ کوڕێکتان نەدیوە، کە کتومت لەم دومیەیە دەچێت...؟! ئەوان

زیاتر لە قاقای پێکەنینان دەدا و توندتر سکی خۆیان دەگرت... خۆم بە گوناهبار دەزانی، بەوەی هەر ئەو دومیەیەم لەسەر شێوەی تۆ دروست کرد و تۆی ڕاستەقینە لەم دنیایە نەمایت... دوایی کۆڵم دا و لای دایکمم دانا... بەردەوامیش لە خۆمم دەپرسی ئەوە سامان چیی بە سەر هات...؟! ئەم شارە هێندە گەورەیە، هەتا مرۆڤ ئاوا بە ئاسانی هاوڕێیەکانی خۆیی تێدا ون بکات...؟!

(ئیدریس پیرداود)ی هونەرمەند بەو قسانەی هەژاندمی... نزیکترین هاوڕێم بوو... هەموو نهێنییەکانی خۆمان بە یەکتر دەوت، کەچی ساڵی حەفتاوهەشت لەپڕ لێم ون بوو... بەردەوام لێی دەگەڕام و نەمدەدۆزییەوە... بیری قسە خۆشەکانیم دەکرد و بۆی دەگریام... هەتا ئەو دووکانەم دانا و دۆزییمەوە، کەچی ئەو پێی دەوتم تۆ ون بووبوویت و بە دواتدا گەڕاوم... هەر چۆنێ بێت دۆزییمەوە، بەڵام لەبەر ئەو کەللەڕەقییەی خۆم دیسان ونم کردەوە......

ڕۆژێکیان نازانم نیوەڕۆ بوو، یان ئێوارە، چونکە من لەم دواییە هێندە بێهێز بووبووم، کاتەکانم بۆ لە یەکتر جیا نەدەکرانەوە، بەڵام هەستم کرد وا (ئومێد فەهمی) لە بەردەمی دووکانەکەم وەستاوە... سەرەتا وام دەزانی خەون دەبینم، بەڵام کاتێ تەواو سەرنجم لە ڕووخساری دا، زانیم خۆیەتی... بە هەمان جلی سەردەمی منداڵی و هەمان شەپقەی مەکسیکییەوە وەستا بوو و لە کەلوپەلە ئەنتیکەکانی دەڕوانیی... ویستم لەسەر کورسییەکەم هەستمەوە و لە باوەشی بگرم، کەچی شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا، بە ڕادەیەک منی لەناو سەرسامییەکی ئەبەدیدا هێشتەوە:

لە دومیەکەی (ئیدریس پیرداود)ی پرسیی:

– ئەوە باوکت لە کوێیە...؟!

خەریک بوو لە قاقای پێکەنین بدەم... لە دڵی خۆمدا وتم ئا، ئەوەیە (ئومێد فەهمی)...!! هێشتا بەو گیانە پاکەی منداڵیی دەژیی... وەک چۆن سواری بەردە گەورەکە دەبوو و وایدەزانی ئەسپە، ئاواش دومیەیەک بە کوڕی من دەزانێت و هەواڵم لەو دەپرسێت، بەڵام من تەواو بە هەڵەدا چوو بووم... هەر کاتێکم زانی دومیەکە وتی:

– باوکم مرد، بەڵام ئەگەر پێت بڵێم چەند چاوەڕێی تۆی کرد، هەر باوەڕم پێ ناکەیت... دەتوانم بڵێم ئەو لەوە زیاتر بەرگەی دووریی تۆی نەگرت و بەو خەفەتەوە سەری نایەوە.

ئەو ماوەیەک بێدەنگ بوو و بە خەمناکی لە کەلوپەلە ئەنتیکەکانی ڕوانیی، بەڵام نازانم گریا، یان نا... ئەوەندە دەزانم دوای بیستنی ئەو هەواڵە تۆنی دەنگی

تەواو گۆڕا... وتی:

– لە هاوڕێیەکانمم بیستووە، کە زۆر پەرۆشی بینینی من بووە، بەڵام ئەوە لە تۆی بزانم مردووە.

– بەڵێ، ئەوە چەند مانگێکە باوکمماڵئاواییی لێ کردووین.

ئەوسا (ئومێد فەهمی) هاتە ناو دووکانەکە و کوڕەکەمی لە باوەش گرت... هەردووکیان گریان... کوڕەکەم دەرفەتی هێنا و بە هەندێک گلەییەوە لێی پرسیی:

– مامە ئومێد نەدەبووایە زووتر بهاتیتایە...؟!

ئەو ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

– چیرۆکی من زۆر دووورودرێژە ئازیزم، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم من لە حەفتاوشەشەوە ون بووبووم و تازە دۆزراومەتەوە.

کوڕەکەم هەر بە دەم هەنسک و گریانەوە وتی:

– ئەوەندەی من گوێم لە باوکم و هاوڕێیەکانی بووبێت، هەر زانیومە ئەمیان بەویانی وتووە تۆ ون بووبوویت و من بە دواتدا گەڕاوم، بەڵام تۆ تاکە کەسی بڵێی من ون بووبووم و دۆزراومەتەوە.

(ئومێد فەهمی) وتی:

– من ئێستاش ترسم هەیە جارێکی دیکە ون ببم.

ئینجا لە کوڕەکەمی پرسیی:

– ئەرێ من زۆرم بە لاوە سەیرە، کە تۆ دەزانیت من ئومێد فەهمیم...!!

ئەوسا کوڕەکەم زیاتر گریا و وتی:

– هیچ بە لاتەوە سەیر نەبێت، چونکە باوکم بەردەوام باسی تۆی دەکرد... داڵغەی لێ دەدا و لە بەرخۆیەوە لەگەڵ تارماییەکەت دەدوا، کە ئەمانە وایان لە من کردبوو شێوەت تەواو بهێنمە بەرچاوم... زۆرجاریش خەونم پێوە دیویت.

– تۆ ناوت چییە...؟!

– ئومێد.

کوڕەکەم ئاوا وەڵامی دایەوە، بەڵام چونکە ئەوسا زۆر بە کوڵ دەگریا، نەیدەتوانیی بە چاکی دەنگی پیتەکان دەرببڕێت و ئەویش لێی تێنەگەیشت، بۆیە دووبارە لێی پرسیی:

– چی...؟!

کوڕەکەم بۆ ساتێک گریانەکەی وەستاند و دیسان وتی:

– ئومێد.

– ناوی منی لێ ناویت...!!

کاتێ ڕۆیشت، پێی وت:

– ئومێد گیان، ئاگات لە دوو شت بێت، لە دووکانەکەی باوکت و لە خۆت، کە ون نەبیت...!!

تێبینی:

١. هەموو ئەو ناوانەی لەم تێکستەدا هاتوون، ڕاستەقینەن. هەندێکیان لە ژیاندا نەماون و هەندێکیانم هەر لە منداڵییەوە لێ ون بوون، یان لەوانەیە من لەوان ون بووبێتم. هیوادارم لە ڕێگای ئەم ئیمەیلەوە زیندووەکان بدۆزمەوە، یان ئەوان من بدۆزنەوە: karwankakasur@yahoo.co.uk

٢. یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەی (منارەی ئاوەدانی).



# کـیـ
# یـەو
# ژنـە
# دەنـاسـیـت؟!

**ئەنوەر محەمەد ئەحمەد**

نەمدەزانی چییکەم، یەکبینە تەلەفۆنم بۆ دەکرد، بەڵام هێڵەکە هەمیشە گیرابوو. جا ئەو، یان بە درێژیی لەتەک کەسێکدا دەپەیڤی، یانیش بیستەری تەلەفۆنەکەی بە هەڵە داناوەتەوە. بۆیە بڕیارمدا، بە پێ بچمە لای، کاتی جێژنی (ڤایناختن)* و ناوەندی شار پڕە لە هاتوچۆکەر، منیش وەک خووی هەمیشەییم، سەرم داخستبوو، بە بیرەوە بەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا دەڕۆیشتم، لە پڕدا، بە دەنگێک سڵەمیمەوە، کە وتی:

- دەتوانن (ئیۆرۆ)یەکم پێبدەن؟!

کە ئاوڕمدایەوە، سەرنجم چووە سەر رووخساری پیاوێکی ریش چەند رۆژ نەتاشراو. پێموت:

- یەک ئیۆرۆ؟ ئیۆرۆیەک هێشتاکە لە بەرامبەر نرخی دوو مارکدایە...! ئایا بە پەنجا سێنت رازین...؟

بە روویەکی گرژەوە، وەڵامیدامەوە:

- چی بڵێم! هەموو شتێک گران بووە...!

- سواڵیش؟! مەگەر ئێوەیش نرخی هاوکاریی و دەرۆزەتان بردۆتە سەرێ؟

ئەوجا پەنجا سێنتم خستە بەری دەستی و کەوتمەوە ڕێ، هێشتاکە زۆر دوور نەکەوتبوومەوە، دەنگێک بەئاگای هێنامەوە دەنگی ئەو قەیرەژنەی بە ڕوویەکی خۆشەوە، لەبەر دەممدا وەستا و وتی:

- چی...؟ ناشێت کە خەون ببینم! خۆ ئێوە جەنابی... ئاخ... ناوتان چیبوو...؟!

بەناچارییەوە وتم:

- بەڵێ...؟ ئەوە لەگەڵ منتانە؟!

ئافرەتەکە بە نەرمە پێکەنینەوە، وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ. بەڵێ. دەنا لەگەڵ کێدا؟! لێ، بسەکنن! ئەرێ ناوەکەتان چیبوو...؟!

لەوەدابوو ناوەکەم بدرکێنم، بەڵام هەر خێراش سەری زمانی خۆمم گەست و بیرم کردەوە: (چ مرۆڤێکی تەنیا و ئا لەم ساتی چەژنەیشدا...!) ئەو ساتەی من بە بەزەییەوە لێم دەڕوانی، ئەو وتی:

- من زۆر جاران، کێشەم لەگەڵ ڕاستی دەربڕینی ناو بیانییەکانە! بەتایبەتیش ئەو ناوانەی کە پیتەکانی (پز و کڤ و شخ...) بەدوای یەکتردا دێن...

نەمتوانی ڕێگە لە پێکەنینەکەم بگرم. خۆشبەختانە، خۆیشی پێکەنی. ئینجا بە ئارامیی وتم:

- دەبێت ئێوە منتان لەتەک کەسێکی تردا لێگۆڕابێت...!

ئیدی ئەو ساتەی خۆم بۆ ڕۆیشتن وەرگێڕا، ئافرەتەکە بەپاڕانەوەوە وتی:

- چەند چرکەیەک ئارامت بێت. ناشێت لەو باوەڕەیدا بیت کە من بەهەڵەدا چووبم! یانیش گرفتی دەروونیی و هۆشم هەبێت! ئەی پێکگەیشتنەکەمان لە شەمەندەفەردا و بەرەو شاری فرانکفۆرت؟ دەی خۆ ناشێت، خەونێک بووبێت؟ جەنابتان لە ڕابردوودا، نەرم و نیان و بە سەبر و سادەتر بوون، دەبێت چیتان لێقەوما بێت؟ پێشەکی هەزاران جار داوای لێبووردن دەکەم، کە وەها پرسیارێکی شایەد گەمژانە دەکەم، خۆ جەنابیشتان تووشی بێهێزیی و توانایی مێشک نەبوون...؟!

- هێندەی کە خۆم بیزانم، هێشتا نەخێر.

- دەفەرموو، دەی... ئەی چەوا شتتان لەبیر کردووە؟ ئامۆژگارییەکی خراپ نابێت، ئەگەر پێتانی بڵێم، هیچ زیانێکی وەهای نییە، سا ئەگەر جەنابیشتان، بۆ بەهێزکردنەوەی توانای بیرو هۆش، چەند حەبێک قووت بدەن! هەروەک منیش دەیکەم.

هەر بەڕاستی کەوتمە دوودڵیی و گومانەوە. تۆ بڵێیت پێکگەیشتنێک لەتەک ئەم ئافرەتەدا، لە شەمەندەفەر و بەرەو شاری (فرانکفۆرت)م لەیادکردبێت؟! بۆیە

وشەکانی (لە شەمەندەفەردا و بەرە و شاری فرانکفۆرت...)م لە ناخەوە شەنوکەو دەکرد، بەڵام هەرچییەکم دەکرد، پەیوەندییەکم لەنێوان خۆم و ئەو وشانەدا نەدۆزییەوە. سڕ ببووم و واقم وڕمابوو، لەبەر خۆمەوە ورتاندم: (ئایا ئەم بەرەوڕووبوونەوەیەش، لە ئێستادا و لەگەڵ ئەم ژنەی لە هەمبەر پێکگەیشتنێک لە رابردوودا دەپەیڤێت، خەون یان خەیاڵ نییە...؟)، بەڵام کە لە دەوروبەرم هەڵڕوانی، رووناکی زۆری گڵۆپە رەنگاو رەنگەکانی بە لق و چڵ و پەلی دارەکانەوە ئاوێزانکرابوون. بە جامخانەی دوکان و کۆگاکانەوە چەسپێنرابوون، خۆشییەک و ئارامییەکی دەروونی پێگەیاندم، بۆیشم ئاشکرابوو کە بەڵێ، ئەم پێکگەیشتنە نە خەونە و نە خەیاڵ. من کە رەپ و راست و بە پێی ئارەزووی ژنەکە – گوێڕایەڵ وەستابووم، ئەویش لە سەر ئاوازی راهیبە دینییەکان، نەرم و لەسەرخۆ و دایکانە، درێژەی پێدایەوە:

– باش گوێبگرە! ئێوە دەبێت بە سەبرتان کاتم بۆ قسەکردن و روونکردنەوە پێبدەن. هەتا لە هەمبەر پێگەیشتنەکەمانەوە، هاوکاری وەبیرهێنانەوەتان بکەم...

بە تەشەرەوە وتم:

– ئێی... ئاوەها... پاشان گەرەکتانە بیسەلمێنن لە شەمەندەفەردا و بەرەو شاری فرانکفۆرت...؟

– بێجگە لەوەیش، لەنێو ئاپۆڕەی ناو شەمەندەفەرەکەدا و گرفتی بۆ جێگە گەڕان. ئەو ساتەشی کە بە توندی وەبەر یەکتر کەوتین، لەتەک ئازاریشدا کە هەردووکمان پێمانگەیشت، لە بریتی ئەوەی وەک کەسانی دی، بەر ببینە جنێودان و قسەی ناشیرین و سووک بە یەکتری، هەردووکمان داوای لێبووردنمان لە یەکتر کرد. خۆ هەروەهایش باشترە... وانییە...؟!

– وایە، دەبێت وەهایش بێت...!

– دەفەرموو دەی، خۆشبەختانە وا خەریکە هێدی هێدی دێتەوە یادتان! پێموایە هەر ئەو رۆژەیش پێمڕاگەیاندن، نەشتەرگەرییەکی بچووکم کردووە. ئەوە بوو کە پێش چەند رۆژێک لە کن پزیشک، دەمارە مردوو و زۆر بێهێزەکانی پووزەکانمم دەرهێناون. هەر بۆیەش بۆ من دژوارتر بوو، بۆ دەمێکی درێژ، لەسەر لاقەکانم بووەستم. ئەوە بوو تۆیش، تەنیا جێگە چۆڵبووەکەت دایە من...

نازانم چۆن لە خۆڕا، بە دەمما هات و وتم:

– ئەی هەنووکە، پووزەکانت باشترن...؟

– بەڵێ، بەڵێ، زۆر سوپاسیش بۆ وردبینییەکەت.

هەر بە راستی وەهام دەزانی کە هەلێکم بۆ خۆدەربازکردن دۆزیبێتەوە، بۆیە

پرسیم:

- ئەی نها کە بۆ لاقەکانت دژووار نابێت، هێندە بە پێوە بووەستن...؟

- زۆریش خاس نییە، ئەگەرچی من پێم باشترە، یەکبینە لە رۆیشتن و جووڵەدا بم، هەتا زۆرتر بووەستم. دەی لە راستیشدا، لەسەر پێ وەستانەکەیش هەر دژوارە...

منیش فەیلەسووفانە وتەیەکی کۆمەڵایەتیم درکاند:

- دەشێت مرۆڤ پیر بێت، بەڵام نەخۆش نەکەوێت!

- جا هەروەک لە رابردوویشدا هەستم پێکردبوو، جەنابتان رۆشنبیرن! کەم دەپەیڤن، بەڵام ناوەڕۆکێکی پڕ و دەوڵەمەند. پەروەردەیەکی باشیشتان هەیە! من زۆر بەلامەوە ئاشکرایە، ئەگەر لە جێی جەنابتان مرۆڤێکی دی بووایە، هەر پاش چەند رستەیەک خێرا هەڵدەچوو و دەیوت: (لێمگەڕێ هەی بزنە پیرە! من هیچ شتێک لەمەڕ پێکگەیشتنێکمانەوە نازانم. ئایا ئێوە لە شێتخانە هەڵنەهاتوون؟ تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم...؟!)، بەڵام تۆ چەندە بەسەبر و ئـارام، ئامادە و بەگفتوگۆیت...!

- بۆچ نا؟! ئێمەی مرۆڤ پێویستە پێکەوە بپەیڤین! لە خۆشی و لە ناخۆشیشدا هەر پێویستمان بەیەکترە. تەنانەت لە کن من، بابەتێک نییە ئێمە نەتوانین لەسەری بدوێین و گفتوگۆی لەبارەوە نەکەین...!

ژنەکە سەری هێنایە پێشترەوە. دەستێکی بە سووکی خستە سەر شانم و نزمتر لە پێشوو وتی:

- جێی سەرسووڕمانە! ئێوە هیچ نەگۆڕدراون. تەنانەت ئەو ساتەشی لە شەمەندەفەرەکەدا، هەر بە رێکەوت باسی ئیرۆتێکمان دەکرد، فەیلەسووفانە وتت:

لە ە-ەف-ت-ەی-ەک--دا دووی

نە بۆ تۆ خراپە و نە بۆ وی...

ئەو ساتەشی بە زەوق و سەرسووڕمانەوە ئافەرینم لێت کرد، هێندە راستگۆبوون کە ئەو راستییەتان درکاند، گوایە ئەو دوو دێڕە هی خۆت نیین و بەرهەمی (مارتین لۆتەر)ی قەشە و نووسەر و رۆشنبیری ئەڵمانییە...!

بەسەرسووڕمانەوە لێم پرسی:

- جا هەر بەڕاستی شتی وەهام وتووە...؟!

- بەڵێ، بەڵێ. ئاشکرایە کە وتتان...!

هەتا توانیم هەناسەیەکی قووڵم دایەوە. جا بۆ ئەوەی بزانم کە بەڕاستی خەون

نابینم؟ چاوێکم بە دەوروبەرماندا گێڕا. کە ئاوڕمدایەوە، ژنەکە رمایە سەر تەختی شۆستەکە، چونکە پاسکیل سوارێک بە توندی خۆی پێدا کێشابوو، بووە خورتە و بۆڵەبۆڵ. ئەو ساتەشی بە چەند کەسێک سەرگەرمی هاوکاریی سەرەتایی بووین، دەشێت خێرەومەندێک تەلەفۆنی بۆ ئۆتۆمبێلی فریاگوزاریی کردبێت. ئەوجا، لە ساتی پرسیاری (کێ ئەو ژنە دەناسێت...)دا، کەسێک وەڵامی نەدایەوە. منیش بێدەنگ بووم و نوتقم لە خۆم بڕی. دوای ماوەیەکی زۆری دوورکەوتنەوە لەو جێگەیە و سەرقاڵیم بەو ژنە و قسەکانییەوە، لەناکاو بریسکە بیرێک بە مێشکمدا هات، (پێدەچێت کە ئەو ژنە لەتەک برا دووانەکەمدا، پێکگەیشتبن!)

**پەراوێز:**

(*) ٢٤، ٢٥، ٢٦ی مانگی دوازدەی هەموو ساڵێک، جێژنی لەدایکبوونی (مەسیح)ە!

anwarahmad@web.de





# نامەیەکی کراوە
# بۆ هاوڕێم سەباح ڕەنجدەر

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**

سڵاو کاک سەباح ئەم کاتەت باش ماوەیەک لەمەوبەر کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکانتم خوێندەوە، ناڵێم هەموو کون و قوژبنیانم تەی کرد، بەڵام شتێکم پێ گەیشت.

لایەنێکی باشی چاپکردنی بەرهەم ئەوەیە زۆرینەی ئەزموونی نووسەرت دەخاتە بەردەست. ئیتر تۆ سەرەتا و کۆتایی، هەڵچوون و کشان و دابەزینت لە

بەرچاو دەبێت، یەکێکی تر لە چاکیی چاپکردنی بەرهەم ئەوەیە، گەڕان ماندووت ناکات. من جاری وا هەبووە. بۆ دەقێک، تەنیا دەقێکی شاعیرێک دوو شارم کردووە. بە تایبەت منێک کە زۆربەی زۆری کتێبە کوردییەکانی جارانم لە بەردەستدا نەماوە، ئێستا زۆر پەشیمانم، چونکە رەخنەگر هەمیشە کاری بە دەقە. ئەگەر لە دەق داببڕێیت، ئەوە لە دیمەنی نەوە یەک بەدوایەکەکاندا دادەبڕێیت. هەر تەنیا خوێندنەوەی تیۆری رەخنە بەس نییە بۆ رەخنەگر، ئەو دووانە، ئاگابوون لە تیۆر و بەدوای دەقچووندا بە بەردەوامی پێویستە، تەواوکەری یەکترن. تەنیا یەکێکیان و فەرامۆشکردنی ئەوی تریان کارە رەخنەییەکە پێ ناگەیەنێت. یەکێک لە لایەنە چاکەکانی ئەزموونی تۆ ئەوەیە، کە خۆت نەداوەتە بەر دەربڕینی راستەوخۆ، کە بۆ خۆی فراوانیی نوێگەری کەم دەکاتەوە و سنووری دیاریکراوی بۆ دادەنێ. دیارە نوێگەریش بێ سنوورە، مەودا و پانتایی بۆ دیاری ناکرێت، هەمیشە لە نووسین و پانتایی سنووردار دوور دەکەوێتەوە.

پەنابردنە بەر دەربڕینی راستەوخۆ زمان پەراوێز دەخات، دەتوانم بڵێم تەئویلبڕە، تاکمەودایی دەخولقێنێ. بەدرێژایی ئەزموونی تۆ، هەر لە یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوتەوە تا دوا بەرهەمت ئەم خەسڵەتە چاکەت پاراستووە، بە رادەیەک کە هەندێک جار بەرەو تەمومژێکی خەستمان دەبات. من تەمومژ بە کارێکی پێویست دەزانم بۆ شیعر، ئەمەیش بەو مانایە نا، خۆمان لە داخراویدا بدۆزینەوە. پێم وایە تەمومژ سروشتی شیعرە، سروشت و خەسڵەتێکە پێوەی لکاوە. تەمومژ تەنانەت لە دەقە روونەکانیشدا هەیە، ئەمە خەسڵەتی شیعرە، چونکە لە ناوچەی هەڵچوون و قووڵایی ناخ و ناوچە نادیارەکانەوە دێت.

لە نیوەی دووەمی ئەزموونتەوە هەست بەوە دەکەم بەرەو زمان و فەزایەکی کراوەتر دەچیت، مەبەستم لە زمان و فەزای کراوە دەقی کراوە نییە، بەڵکو مەبەستم لەو دەقانەیە گیروگرفتی گەیاندن و وەرگرتنیان لەلایەن خوێنەرەوە کەم دەبێتەوە. ئەمە لە کۆمەڵە شیعری (شەڕی چل ساڵە)، یان هەندێک دەقی ترتدا دەبینرێت.

پێم خۆشە، ئەو پێشەکییانەم پێ خۆشە کەوا لە کتێبەکاندا دەبینرێن و باسی شیعریان تێدا دەکرێت، ئەمانە وەکو مانیفێستی شیعری وان. دید و بۆچوونی شاعیرمان پیشان دەدەن، بۆچوونی: بۆ مۆسیقا، بۆ خەون، بۆ فەزا، بۆ ئەزموون. حەز دەکەم هەموو شاعیرێک بۆچوونی خۆی لەبارەی شیعرەوە هەبێت، ئاگای لە تیۆری شیعر بێت، ناڵێم ببێت بە یاسا و نەگۆڕێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە پێش

ئەوەی دەق بەرهەم بهێنێ لە دنیای شیعر گەیشتبێت. بەداخەوە زۆر شاعیری کورد ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە. پێم وایە دنیای شیعر بە بەیاننامەی شیعری سنووردار ناکرێت. (ڕوانگە)ی لای خۆمان نەیتوانیوە بەپێی ویست و خەسڵەتی گشتیی خۆی سنوور بۆ داهێنانی (شێرکۆ بێکەس) دابنێت، شێرکۆش خۆی پابەندی ئەو هێڵە گشتییانە نەکردووە.

راست دەکەی دەڵێیت: (زۆرێک لە شیعری ئیمڕۆمان لەسەر سیستەمی تاکە دەنگی منی شاعیر وەک رەگەزێکی کارپێکەر بەڕێوە دەچێت، ئەم شێوازەش وەک هونەر هەرچی پێ بوو بەخشی).

لەگەڵتدام، بەڵام من ناڵێم زۆرێک، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری شیعرمان وەهایە. گرفتەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ ئەوەندە گەورە و فرە لایەنن، کە ناکرێ تاکە دەنگێک دەرەقەتیان بێت. لەگەڵ ئەمەشدا گرفتەکە لەوەدایە لیریکاییەتی تازە چەشن و جۆرێکی ترە، بەیەکجاری لە بنەما و رەگ و ریشەی خۆی دانەبڕاوە، ئەمڕۆ لیریکاییەت بەجۆرێکی تر کاری پێ دەکرێ. بەداخەوە لەمە بێ ئاگاین، بۆیە هەمیشە دەڵێین: کلۆڵیمان لەوەدایە کە ئاگامان لە پەرەسەندنی تیۆری و کەرەستەی ئەدەب نییە.

لە یادمە لە هەشتاکاندا هەوڵێک بۆ ئەوە دەدرا خۆمان لە زەینییەت و فرە دەنگی نزیک بکەینەوە، ئێستا خەریکم لە (من، من) بێزار دەبم، چونکە لە هەزاران دەقدا منێکی شیعریی تایبەتی نادۆزمەوە. (من) ئێجگار فرەیە و خود بزرە.

دوو شاعیری ئێرانی هەن تەمەن و ئەزموونی درێژیان هەیە. شیعری هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی رابردوویانم لایە، دوو سێ دیوانم لایە. شیعری ئەو کاتەیان بۆچوونێکی قووڵ و جوانە، بەتایبەتی یەکێکیان کە لە دوا دیواندا بە ئاشکرا دەڵێت: ئیتر کار و پێوەندیم بە نیماوە نەماوە. من ئیتر لە نیما دوور دەکەومەوە، ئەمەش پاش چل، پەنجا ساڵ نووسین لەسەر نیما و رێکردن لە سێبەریدا. یەکێکی تریشیان پاش ئەو هەموو بەها ئێستێتیکییە، تازە دێت لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: من ئیتر شاعیری دەستەبژێر نیم.

چی وا دەکات ئەم وەرچەرخانە روو بدات، دیدی شاعیرێکی رەخنەگر وەهای لێ بێت بەناوی دەستەبژێر و نادەستەبژێرەوە لە بوونی شیعری کەم کاتەوە. بڵێی تەمەن بێت: بشێت جیهانیبوون کاری خراپی خۆی لەم بوارەدا نەکردبێت، جا دەبێ دژە دەستەبژێری بگاتە رادەی کەمکردنەوە لە بەهای پێکهاتەی شیعری، یان بە ناوی دژە دەستەبژێرییەوە کار بگەیەندرێتە سەر قسەی رووت و گوتاری

ڕاستەوخۆی سواو.

من هەندێک داخراویم پێ خۆشترە لەو گوتارە ڕاستەوخۆ و ڕووشاوانە. شیعر لە دڵەوە بۆ دڵە، ئەمە وتەی ئەدیبێکی گەورەیە، باشە گریمان لاریمان لەم قسەیە نەبوو، بەڵام دەبێ لەم حاڵەتەدا دڵەکان لە یەکتر نەچن، دڵە شیعرییەکان جیاواز بن. ڕەنگ و بۆی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئەم قسەیە کۆتایی و دوا قسە و بۆچوون نییە لەبارەی شیعر.

ئەمڕۆ ئەوەندەی شیعری لێکچوو دەخرێتە ڕوو هەست بە خودێکی شیعری جیاواز ناکەیت، چەندبارەکردنەوەی عیشق و خۆشەویستی و سووتان خەریکە عیشقیشمان لە بەرچاو دەخات. لام وایە ئەو شاعیرانەی کە ئەو وشانە لە دەقەکانیاندا چەندبارە دەکەنەوە، وا بزانن شیعری بەتام و بۆ و ناسک ئەوەیە باسی عیشق بکات و ئەم وشەیە هاوەڵە نزیکەکانی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، هێشتا ڕانەهاتووین بەوەی وشەی زەلکاو بە شیرینی و جوانی ببینین، چونکە وا دەزانین لە دەقی ئەدەبیدا و لە ڕێگای کارلێکی لەگەڵ وشە و پێوەندیی پاش و پێشی خۆیدا هەمان مەدلوولی ناشیرینی دەبێت، یان سڵ لە بەکارهێنانی وشەی شەڕ دەکەینەوە، چونکە پێمان وایە لە دەقی شیعریدا هەمان مەدلوولی دەرەوەی دەقی دەبێت.

هەر ئاوایش سەیری وشەی عیشق دەکەین، کەوا دەزانین دووبارەکردنەوە لە دەقدا شیرینی شیعری دەبارێنێ. جیاوازی، جیاوازی، جیاوازی. جیاوازی لە دید و بۆچوون و جیهانبینی و خەون و شێوازدا، ئەگینا هەموومان وەک تاکە کۆمپانیایەکمان لێ دێ کە تاکە بەرهەمێکی هەیە و تاکە مۆرکێکیشیان لێ دەدات. مەبەستیشم لە جیاوازیی دابڕان نییە لە دەقی تر و کەسی تر و زەمەنی تر. دابڕان جیایە لە جیاوازی، دەکرێ جیاواز بین، لە یەک دانەبڕێین. دەق نییە لە دەقی تر دابڕاو بێت، هەموو دەقەکان پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، پێوەندییەکان دیار بن، یان نادیار، بە ویست بن، یان بێ ویست، وەک ڕۆڵان بارت دەڵێت: دەق نییە سەربەخۆ بێت. بیرمە لە سەرەتای نەوەدەکاندا لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەی دەقئاوێزانەوە نووسیبوو، مامۆستایەکی ئەدەبی دیار و بەتوانای میللەتەکەمان پێی وتم: دەزانــی بەم نووسینە ئاوێکی خراپت ڕشتووە، ئیتر هەر کەسێ هەڵدەستێت بەبیانووی دەقئاوێزانییەوە دزییەکانی خۆی دەشارێتەوە. پێم وایە ئەو مامۆستا بەڕێزەمان زۆر لە بابەتەکە نەگەیشتبوو. ناهەقیشی نەبوو، چونکە ئەو کاتە وەک ئێستا سەرچاوەی وەها لەبارەی دەقئاوێزانییەوە نەبوو.

دێمە سەر مەبەستەکەم و دەڵێم: دەتوانین و بۆمان هەیە دەقێکی تراکل بنووسینەوە، یان دەقێکی ریلکە، بەمەرجێک ببێت بە دەقێکی خۆمان و خود و کەسایەتیی ئێمەی تێدا بێت، نەک ئەو دوو خود و کەسایەتییە. دەکرێ بە مەبەستی پێکهاتنی دەق، رامبۆ بنووسمەوە، بەڵام خۆم لە نووسینەکەدا هەبم نەک رامبۆ.

بزربوونی جیاوازی، یان سەرنەکەوتن لە پێکهێنانی هێڵی جیاوازدا لەنێوان خود و دەقەکاندا گەورەترین کێشەیە رووبەڕووی شیعری ئەمڕۆمان دەبێتەوە، گەورەترین کێشەش کە گرفتی وەرگرتن و خوێندنەوە دەورووژێنێت، دیوار لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست دەکات.

خۆزگە دەهاتین و لە کاتی نووسینی هەموو دەقێکدا بیرمان لە جیاوازی دەکردەوە، ئەو تاسەو ئارەزووەی کە بۆ نووسین هەمانە دەمانوەستاند تا رێگا نەدەین بەبێ هیچ هۆکار و ئامرازێکی هونەری لە خۆمان و کەسانی تر بچین.

بە پەلە شتەکان هەڵدەڕێژین. ئەمە خەڵوەت و رۆژووی دەوێ، بۆیە زیاتر کەسە داهێنەرەکان لەم کات و بوارانەدا خۆیان رادەگرن.

بەپێویستی دەزانم بۆ بەدیهێنانی جیاوازی بگەڕێین، خۆمان بکەین بە کون و قوژبنی دنیادا، بە رابردوودا، بە ئەفسانەدا، بە ئایین و شارستانییەت و مێژووی ئەدەبیدا. شتی جیاواز و شاراوە لەو ناوچە رۆشنبیرییانەدا بدۆزینەوە.

ئەمساڵ خۆشحاڵ بووم بەوەی سێ ئەزموونی تایبەتم خوێندەوە. ئەو سێ شاعیرە ئەو سێ ئەزموونەیان لەخود و کەسایەتیی شیعری پێش خۆیان پێکهێناوە، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدا دەبینمەوە کاتێک دەیانخوێنیتەوە، هەم لەیەکتری جیاوازن، هەم لەخود و سەرچاوەش کە ئەمانیان لێ داهێنراوە.

یەکێک لەوانە، شاعیری ئێرانی (سەید عەلی ساڵحی)یە. گەڕاوەتەوە بۆ سەدە کۆنەکان، چووەتەوە لای ئەبو نواس. دووەمیان کچە شاعیرێکی عێراقییە، چووەتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان و خوداوەندی ئافرەت و لەوێوە دێتە سەر سەدەی بیست و کێشەی ئافرەت.

من چێژم لە (حەج)ەکەی دڵشاد عەبدوڵڵا بینی. ئەویش چووەتەوە سەر ئەزموون و ژیانی چەند شاعیرێک و لەو خود و کەسایەتییانەوە دەقی جیاوازی پێکهێناوە.

لە ئەزموونی تۆدا کۆمەڵێک دەقی دیار و نایاب هەن جودان لە پێکهاتە و بنیاددا. زۆر نووسینیش هەن بێ بنیادن، زۆرن نەک کەم، شتێک نییە کۆیان کاتەوە. چوارچێوەیەکی هونەری نییە لە خۆیان بگرێ، دەتوانم بڵێم: ئەم دەقانە

رووبەرێکی زۆری لە شیعری کوردی داگیرکردووە.

(ڕێزمانی کۆڵانەکان) لە نموونە جوانەکانە، بنیادێکی تۆکمەی هەیە، دابەشکردنی ناونیشان بەسەر چەند بەشێکدا بەناوی: کۆڵانەکانی زەوی، کۆڵانەکانی ئاسمان، کۆڵانەکانی ئاو، ئیقاعێکی لێکچوو لە هەمان کاتدا جیاوازی خولقاندووە، یان دەقی (خەونی خودایی) کە دابەشکراوە بەسەر چەند بڕگەیەکدا هەریەکە بەناوی: خەونی سروشت، خەونی زیندووان، خەونی مردووان، پاشان دووبارەبوونەوەی خەونەکان.

نموونەی تریش لە کۆمەڵە شیعری (شەڕی چل ساڵە)دا بەدی دەکرێن، وەک: (قۆناغەکان) کە هەریەکەیان: منداڵی، هەرزەکاری، گەنجی، جوامێری، پیری، کەنەفتی، ناونیشانێکی لە خوارەوە بۆ دانراوە، وەک تابلۆ بۆ منداڵی، سزا بۆ هەرزەکاری، توانا بۆ گەنجی، جێکردنەوە بۆ جوامێری، هێلکە بۆ پیری، کە ڕەنگە هەندێکیان دەلالەتی جیاواز ببەخشن، وەک: کەنەفتی کە جووڵەی بۆ داندراوە، ڕەنگە بەقەد دووریی جووڵە لە کەنەفتییەوە دەلالەتی جیاواز هەڵڕێژرابێت، یان دەقی (نوێژەکان) و دانانی دوو ناونیشان بۆ هەریەکەیان: بەیانی لە خوارێوە (ڕاکردن)، نیوەڕۆ لەخوارێوە (ترس)، عەسر لە خوارێوە (تێبینی)، ئێوارە لە خوارێوە (گوڵاو)، شەو لە خوارێوە (ناسینەوە)، یان لە دەقی (پێکهاتن)دا کە پەنا براوەتە بەر هەمان دووانەی ناونیشان بۆ نموونە: (با) ناونیشانێکی تری بۆ دانراوە بەناوی (دەربەندی گۆم)ەوە، یان (ئاو) ناونیشانێکی تری بۆ دانراوە بەناوی (دەرکەوتن)ەوە، بەگشتی ڕەخنەگر دەتوانێت بەوردیی لەسەر ئەم ناونیشانە بوەستێ. بەتایبەتی لە (شەڕی چل ساڵە) و چەندین دەقی تردا، هەم لەسەر بنیاد و هەم لەسەر دەلالەتی ناونیشانەکان کە بۆ خۆیان داهێنانن و من ناونیشانی دووانەیی وەهام لە شیعری کوردیدا بەدی نەکردووە.

ئەم کۆمەڵە شیعرەی ئەمساڵت (سەد و یەکشەوە)، یەکسەر خەیاڵ بۆ حیکایەتەکانی هەزار و یەکشەوە دەبات، واتە خەیاڵ وەگەڕ دەخەن بۆ پانتاییی گێڕانەوەی هەزار و یەکشەوە. تەنیا وەبیرهێنانە و بەس، لە خۆیاندا هۆکار و ئامرازی وەگەڕخستنی ڕەگەزەکانی هەزار و یەکشەوە بەکار نابەن. دەتوانم بڵێم ناونیشانێکی هەڵخەڵەتێنەرە، هەڵخەڵەتێنەر بەمانای داهێنانی هونەری. خوێنەر بە بینینی وا هەست دەکات دەروازەیەکە و لێیەوە دەچێتە ناو هونەرێکی تر و مێژوویەکی تر و سەدەیەکی ترەوە، تا بۆن و بەرامەی هونەری گێڕانەوە بکات، بەڵام دەچێتە ناو ئەزموونێکی شیعرییەوە. هەر شیعرە و ناونیشانێکی هەیە،

وەک ئەوەی هەر شیعرەی وەک حیکایەتەکانی هەزار و یەکشەوە لە کاتێکدا بخوێنێتەوە، لە شەوێکدا نا، بەڵکو لە ماوەیەکی کورتدا، کە دەقەکە دەری دەخات. مەرج نییە لەم دەقە بچووکانەدا گێڕانەوە لە گێڕانەوەی هونەری حیکایەت و چیرۆک بچێت، راستە گێڕانەوەی ناو شیعر سەرچاوەی لە پەخشان وەرگرتووە، بەڵام ئەرکێکی چیرۆکئامێزی نییە، ئامانجێکی زەمەنیی نییە تا لە سەرەتاوە دەست پێ بکات و بەرەو کۆتایی بکەوێتە رێ.

هیوادارم رۆژێک بۆم بلوێ لەسەر ناونیشانی دەقەکانت بوەستم تا بزانین چ دەلالەتێکی سیمۆلۆژیانەیان هەیە. تا ئەو کاتە بە ئامادەبوونی دنیایەکی شیعریی ترت دەسپێرم.

٢٠٠٨/١٠/٢٠ سلێمانی



# عەتر

## چیرۆکی بکوژێک و بکوژی چیرۆکەکان




هۆشەنگ شێخ محەمەد

بکوژان، لە مێژووی مروڤایەتیدا زۆرن، لە جۆرو رەنگ و دەنگ و بۆن و شێوە و شەمایلیشیان جیاوازن، وەلێ بکوژی ئەو رۆمانە، بکوژێکی سەرپەڕە، لە پێناو شتێک مروڤ دەکوژێت، جیاواز لە هابیل، سەلاحەدینی ئەیوبی، ناپلیۆن، هیتلەر، ستالین، سەدام حسێن و بکوژە دیارەکانی دیکەی مێژووی مرۆڤایەتی.

پاڵنەری بکوژەکانیش بە شێوەیەکی گشتی، جیاوازن، بۆ پایە و دەسەلات، ترس و تۆقاندن، مەرامی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، دین، بەهەشت، بۆ سێکس و تۆڵەکردنەوە و دەیان جۆرە پاڵنەری دیکەن.

لێ پاڵنەری (گرینوی) بکوژی ئەم رۆمانە، هیچ یەکێک لەو پاڵنەرە باوانە نییە، کە مروڤ پێیان ئاشنا بووە، بەڵکو پاڵنەرێکی دەگمەنە، هەربۆیە ئەم رۆمانە لە چیرۆکی بکوژێکەوە دەبێتە بکوژی چیرۆکەکانی کوشتنەکانی دیکە، بکوژ تەنیا بکوژی مروڤ نییە، لە فۆرمی کچدا، بەڵکو بکوژی ئەو وێنانەشە کە ئێمە لەسەر جۆرەکانی پاڵنەر و ئامانجی کوشتنمان هەیە، (گرینوی) کەسێکە، نە دین،

نە سامان، نە پایەی کۆمەڵایەتی، نە ژن، نە پیاوەتیی، نە نیشتمان، نە بێدادی کۆمەڵایەتی، نە خەمی هەبوون، نە مەسەلەیەکی گشتی یان تایبەتی نییە بۆ ئەوەی شەڕی لە پێناودا بکات و مرۆڤەکانی بۆ بکوژێت.

ئەو دوای ئەوەی کوشتنەکانی دەکات، هیچ وەڵامێکی بڕوا پێکەری بۆ خەڵکی پێ نییە کە ئەو بۆچ ئەو مرۆڤانەی کوشتووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەو پێویستی پێبوون، بۆچی؟ کەس نازانێت و ئەویش لای کەس نایدرکێنێت.

(لێرەشدا خوێنەری ئازیز، نامەوێت پاڵنەرەکان زۆر ئاشکرا بکەم، تا بەخۆت تامی وەرگرتنی زانیارییەکان لە خوێندنەوەی رۆمانەکە وەربگریت، نامەوێت بکوژی خوێندنەوە بم!)

گرینوی، کەسێکە، هەستی بۆنکردن، تەواوی جەستە و هەبوون و ژیانی گرتووە، بە بۆن شتەکان لە یەکدی جیادەکاتەوە و هەبوون دەناسێ، سەرمەست و جەستە مەستە بە بۆن، بۆن لای ئەو کلیلی دەرگەی ژیانە، کردنەوەی جەستە و هەبوون و تەواوی گەردوون لە لووتییەوە درک پێدەکات، لووتی دەبێتە تاکە سەرچاوەی بۆ ژیانکردن و بۆ ژیان نەکردنیش. بۆ مردن و بۆ نەمریش، کە ئەو عەودالی هیچیشییان نییە، بوونەوەرێکی سەرپەڕ و لاپەڕ دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوە ئێمەین وای دەبینین، چونکە لووتی ئەو و هەستی بۆنکردنی ئەومان نییە، لای ئەو دنیا ئەو رەنگ و دەنگ و تەماشاکردن و دەستلێدان و تامانە نیین کە ئێمە بە هەستەکانمانەوە درکییان پێدەکەین، ئەو زانیارییانەی بە هەستە جۆراوجۆرەکانمان وەریدەگرین و دەیخەینە مێشکمانەوە، لای ئەودنیا بۆنە و لە رێی کەپوویەوە دەبێتە وێنە، وێنەکانی ئێمە لەسەر هەبوون و خۆمان، لە رێی دەنگ و رەنگ و تام و دەستلێدان و گرتندا دروستدەبن، بەڵام وێنەکانی گرینوی خاوەن ئەو جەوهەر و ماهییەتە نیین، کە لە زەینی ئێمەدا دروست دەبن. بۆ نموونە ئەگەر لای بکوژێک، مرۆڤ بۆ نموونە (تێکدەر) بێت و ئەمە ببێتە هۆکاری کوشتنی لەلایەن دەسەڵاتێک خۆی پێ (ئاواکار) بێت، یان ئەگەر بکوژێک مرۆڤێکی پێ (کافر) بێت و لەلایەن دەسەڵاتێک خۆی پێ (ئیماندار) بێت، یان ئەگەر بکوژێکی (شۆڕشگێڕ) (خاینێک) لەناو ببات، ئەوە گرینوی ئەو جۆرە دابەشکردن و پۆلینکردنە مێژووییانەی نیین بۆ بکوژ و کوژراوەکان، ئەو لە پێناو هیچ بیرۆکەیەک و فەلسەفەیەک و ئایدیایەک کەسەکان ناکوژێت، ئەو (سوکرات) و (حەلاج) و (سوهرەوەردی) ناکوژێت، چونکە پاراستنی دەسەڵاتەکان وای پێ دەڵێن: لە بیرکردنەوە بترسە، ئەو (جولەکەکان) ناکوژێت، چونکە کەسێک نییە پێی بڵێت: ئەوانە نەفرەت لێکراون و دەبێت لەنێوبچن. (کوردەکان) ناکوژێت، چونکە

دیکتاتۆرێک نییە پێی بڵێت: ئەوانە خۆفرۆش و نۆکەرن و دژی شۆڕشن، بەڵکو ئەو کەسانێک دەکوژێت، چونکە لووتێکی هەیە، جیاواز لە لووتی ئێمە، لە لووتی فەڕەنسییەکانی سەردەمی خۆی، جیاواز لە لووتی ناپلیۆن و سەرکردەکانی دیکەی هێزێکی کۆلۆنیالی.

ئەگەر بکوژەکانی دیکە، نەخۆشییەکییان هەبووبێت و کردبێتنی بە بکوژ، یان ئەگەر دەسەڵاتێکی رەهایان هەبێت و بیانکاتە بکوژ. ئەوە گرینوی ئەو نەخۆشییە و ئەو دەسەڵاتەی نییە، ئەو تەنیا لووتێکی نائاسایی هەیە کە بەدووی عەترێک دەکەوێت و تەنیا لە جەستەی کچەکاندا بۆنی دەکات.

لووتی وێنەی مرۆڤ و وێنەی جیهانی بۆ نەخشدەکات، لەڕێی بۆنەوە، ماهییەتی مروڤ دەناسێت، مروڤ ئەو مروڤانەی ئەو دەیانکوژێت کانگای بۆنێکی مروڤ ورووژێنەر و سەرخۆشکەرە. ئەگەر مروڤ مەحەکی ژیان و جیهان بێت، ئەوە گرینوش لووتی مەحەکی هەبوونە، ئەگەر من بیردەکەمەوە کەواتە هەم، گرینوش بۆن دەکات کەواتە هەیە، ئەو بەومانایە نییە، گرینوی فەیلەسوفە وەک پرۆتۆگۆراس و دیکارت، بەڵکو مانای ئەوەیە، هەقیقەت و هەبوون لە لووتی ئەودایە، جیهان عەترە و لووتیش پشکنەری ئەو جیهانەیە.

دەیان تیورە، جیهانیان شیکردۆتەوە، دەیان بیرۆکە و فەلسەفەی میتافیزیک و فیزیکی هەوڵیانداوە دنیا بناسن، گرینوش لە رێی لووتییەوە هەوڵ دەدات جیهان بە شێوەیەکی دیکە بناسێنێت، کە سەرچاوەکەی بۆنە، نەوەک رووناکی، یان خوا، یان گەشەکردن یان تەقینەوەی گەورە و گچکەی ئەم گەردوونە.

ئەو لەڕێی لووتییەوە، جیهان وەسفدەکات، بەوەی قەبارەیەکە لە عەتر، عەتر سرووشت و زیندەوەر و مروڤەکانی پێچاوەتەوە، عەتر رێنمایی مرۆڤ دەکات بەرە و چێژ و دەسەلات و ژیانکردن. عەتر خولیایە و مەراقی مرۆڤ. عەتر سەرچاوەی ژیان و مردن، جیهان و عەدەمە. عەتر ئاڕاستەی مرۆڤەکان دەکات بۆ ناسینەوەی رێگەکان و وێنەکان و سرووتی دنیایی و رۆحی بە مرۆڤ دەبەخشێت. دواتریش هەر عەترە پەردە لەسەر نهێنییەکانی مروڤ لا دەدات و دەتوانێت لە ساتێکی بێهوشیدا، مرۆڤەکان بە دەستەجەمعی لە گۆڕەپانێکی حیساب و کوشتندا رووت رووت بکاتەوە و بیانگەیەنێتە ترۆپکی ئەو ساتانەی عەتر کونترۆڵی دینی و کومەڵایەتی و شارستانییەتی مروڤ توڕ هەڵدەدات و هەموو کەسەکان، ژن و پیاو، هەژار و دەوڵەمەند، دەسەڵاتدار و بندەست، ئیماندار و بێ باوەڕەکان وەک یەک و پێکەوە دەیانخاتە نێو هەقیقەتێک، کە بکوژ و کوژراوەکان دەکاتەوە بە گرێیە تەواوکەرەکانی یەکدی لە سیستمێکی دیکەدا،

سیستمێک کە دەتوانێت بەسەر مانای مرۆڤ بۆ کوشتن باز بدات و بکوژێک ببێتە خوداوەندێکی مرۆڤ مەستکەر و لە جیاتی ئەوەی بیکوژن بە فریشتەی بناسن و پیرۆزی بکەن. سیستمێک لەڕێی عەترەوە بۆ چەند ساتێک کۆنترۆڵی ئەو زەینە نەفی دەکاتەوە کە مرۆڤی تاوانبار و قوربانیی لێک جیادەکاتەوە، سیستمێک کە ڕێسایەکانی مرۆڤ دەکاتە بکوژ و فریشتە، قوربانی و جەللاد. ئیدی ڕوانینەکان بۆ شێتیی و ئاقڵبوون ئاوەژوو دەبنەوە و بە شێوەیەکی دیکە بۆ چەند ساتێک ژیان ڕێکدەخەنەوە، کەتیایدا چەمکی یاسا و سزا و پاداشت لە ڕەگەوە دەگۆڕێن و شێوازێکی دیکە بە خۆوە دەگرن.

لەم ڕۆمانەدا، ئەوەندەی چیرۆکی بکوژێک دەخوێنینەوە، ئەوەندەش هەڵگەڕانەوەی سیستم و مرۆڤەکان دەبینینەوە، لە ڕووی سرووشتی شارستانی و کومەڵایەتییانەی ژیان. هەڵگەڕانەوەیەک کە هیچ دوور نییە، ئەو بکوژانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تا ئێستاش پەیکەر و وێنە و ناو و ناوبانگییان پیرۆزکراوە، بگۆڕێتە سەر بکوژێکی نەخۆش، لە هەمان کاتیشدا ئەو قوربانییانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەک خائین و ئەخلاق تێکدەر و بێ باوەڕ ناسراون، بکاتە فریشتەیەکی لە شێوەی گرینوی، لێ پرسیاری من ئەوەیە، ئایا چ عەترێک هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بێت و گشت مرۆڤەکان ڕووت بکاتەوە و بۆ چەند ساتێک هەقیقەتی هەبوون و جیهان و مرۆڤمان نیشان بدات؟ چ عەترێک دەتوانێت زەینمان بەسەر هەقیقەتێکدا بکاتەوە؟ هەقیقەتی مێژووی ئێمەی مرۆڤ، لە شووشەی عەتری چ گرینویەکی عەترساز خۆی بەیان دەکات؟!

ئەم ڕۆمانە، بە شێوەیەکی سەرەکی، درێژە و سێ بەشە، (٣٠٩) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە، بەڵام چیرۆکە ڕاستەقینەکەی لە بەشی سێیەمدا دەستپێدەکات، دەکرا هەمان ئەو ئەنجامانەی دەستدەکەون، تەنیا بەو بەشەش وەگیرهاتبان ئەگەر نووسەرەکەی ئەوەندە درێژدادڕیی نەکردایە. بەهەرحاڵ، هیوادارم ئەم نووسینە ببێتە هاندەر بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە و ستاییشێکیش بێت بۆ وەرگێڕ (کەریم پەڕەنگ)، کە ڕاستەوخو لە ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوە و لە خوێندنەوەی وەرگێڕانێکی دیکەی هەمان ئەو ڕۆمانەی لە عەرەبییەوە ڕزگارکردین.

نووسینی: پاتریک سویسکیند
وەرگێڕانی بۆ کوردی: کەریم پەڕەنگ
لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم
سلێمانی ٢٠٠٩



# دیدار لەگەڵ



# بەختیار عەلی

چێژی شاعیر لەوەدا نییە کە خالیقە،
بەڵکو لەوەدایە کە بینەری یەکەمە

**سازدانی: حەمە کاکەڕەش**

# دیدار لەگەڵ بەختیار عەلی



**سازدانی: حەمە کاکەڕەش**

## چێژی شاعیر لەوەدا نییە کە خالیقە، بەڵکو لەوەدایە کە بینەری یەکەمە

خودا لای شاعیران دەرگایە بەرەو جیاوازی و هەمەڕەنگیی، ڕێنمایکەرە نەوەک فەرماندەر، جیاوازییە نەوەک یەکڕەنگیی، ئەو هێزەیە کە دەرگا لەسەر دەریای بێسنووری زمان دەکاتەوە، نەوەک ئەو هێزە بێت کە یەک تێکستمان بداتێ لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد لە بەریبکەین و بیڵێینەوە. بە بڕوای من ئەو جیهانەی پێغەمبەرانی دروستدەکرد کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەو وەهمەی زۆر لە مرۆڤەکان وەک پێغەمبەر ڕەفتاربکەن، کۆتایی نەهاتووە.

**دەمەوێت بتگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی، منداڵیی تۆ چۆن بوو؟ ئایا لە منداڵیدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان تۆو شیعردا هەبوو؟**

یەکەم کتێبی شیعر لە یادەوەریمدا هەبێت، دیوانێکی گۆران بوو. هەستدەکەم لە تەمەنی هەشت یاخود نۆ ساڵیدا بووبێت کە خوێندوومەتەوە، بەڵام شتێکی ئەوتۆم لەسەر هەستەکانی ئەو کات لا نەماوە. باوەڕ ناکەم منداڵ زۆر بە قووڵی هەست بە شیعر بکات، شیعر شتێکە پەیوەندی بە توانایەکی گەورەی ناسینی ئازارە رۆحییەکان و تەعبیرکردن و توانای زمانەوە بەندە. منداڵ گەر زمانێکی دەوڵەمەندیشی هەبێت، هێشتا ئەو هەستە ئەبستراکتەی لا نییە کە بیکات بە شاعیرێکی باش، یاخود ئەو گەشە رۆحییەی نییە کە پاڵی پێوەبنێت بۆ تەعبیری قووڵ لە دیوە نهێنی و نادیارەکانی دەروون. دەروونی منداڵ هێشتا نەبۆتە دەروونێکی فرەلۆچ و فرەدیو، منداڵ هێشتا لەوە سادەترە پێکهاتێکی ئاڵۆزی وەک شیعری لێبکەوێتەوە. بە کورتی منداڵ مەخلوقێکە پێویستی بە شیعر نییە، بەبڕوای من شتێکیش نییە ناوی شیعری منداڵان بێت، ئەو تێکستە قافیەدارانەی بە ناوی شیعری منداڵانەوە بڵاودەبنەوە، زیاتر ئامۆژگاریی قافیەدارن نەوەک شیعر بەو مانایەی کە ئێمە باسیدەکەن. بەبڕوای من شیعر لە هەوڵی گەڕانەوەدا بۆ منداڵیی دروستدەبێت، نەوەک لە منداڵیی خۆیەوە، شیعر هەستکردنە بە لەدەستدانی منداڵیی. شیعری باش ملکەچی سیستمێکی رەمزی ئاڵۆز و توانایەکی شوبهاندنی گەورەیە، توانای لێکدانی هەستی عاتیفی باڵا و وێناکردنی ئەبستراکتی دونیایە. مرۆڤ دەتوانێت لە منداڵیدا سیحری زمان هەست پێبکات، ئەوە بدۆزێتەوە کە دونیای شیعر هەڵگری جۆرە پێکهاتێکی نهێنییە کە جیاوازە لە نهێنی سروشتی دونیا، بەڵام بوونە شاعیر بە منداڵیی کاری نەکردەیە، منداڵ دەشێت بتوانێت قافییە رێکبخات، بەڵام شیعر شتێکی ترە، ئەزموونێکە پێویستی بە کەمێک پیربوونی رۆح هەیە.

**تۆ سەرەتا بەشیعر دەستت پێکرد لەگەڵ ئەوەیشدا بەشداریی گفتوگۆ جدییەکانی نێوەندی رۆشنبیری ئێمەت کردووە، دواتر هاتیتە سەر نووسینی رۆمان و وتاری فیکریی و بەهاوکاری لەگەڵ برادەرانی رەهەنددا گۆڤاری رەهەندتان دەرکرد، تۆ لەکۆمەڵێک بواردا بەقورسی جێگا پەنجەت نەک هەردیارە، بگرەکاریگەریت لەسەر یەک دوو نەوە هەیە و... پێنج رۆمانی ناوازەت خستۆتە کتێبخانەی کوردییەوە، دەمەوێت ئەوەبڵێم ئایا ئەم هاتن و چوون و گەڕان و گۆڕین و لەدەرگادانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دونیای شیعر یان ئاسمان و پانتایی شیعر جێگای خەون و**

**بینین و خەیاڵەکانی تۆی تێدانابێتەوە، یان خەمێکی رۆشبیریی وات لێدەکات هەر لەوێستگەی شیعردا نەمێنیتەوەو دەست بۆ ژانرەکانی تر بەریت؟**

لە راستیدا هیچ شتێک بەشمان ناکات، هیچ ژانرێک بەتەنیا ناتوانێت جێگای هەموو ژانرەکانی تر بگرێتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێک نییە یەک زمان بەشی بکات، منیش هەمان یاسا دەمگرێتەوە. هەموو ژانر و هەموو زانستەکانیش پێکەوە ناتوانن وەڵامی زۆر پرسیاری گەورە و گرنگ بدەنەوە. ئەوەی من سەرسامدەکات تێگەیشتن و روانینی عەقڵی کوردییە لەم مەسەلەیە، هەندێک واسەیردەکەن کە مرۆڤ رۆمان و شیعر و لێکۆڵینەوەی نووسی، کەواتە دەبێت خەلەلێک و گرفتێک لە مەسەلەکەدا هەبێت. وەک کەسێک سەیریدەکەن لە یەککاتدا لە سێ دائیرە دەوامبکات، من هەمیشە لەگەمژەیی ئەمجۆرە تێڕوانینە سەرم سوڕماوە، ماوەیەک لەوەوبەر برادەرێکی شاعیر نووسی بووی، مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەم شاعیر بێت و هەم رۆماننووس و هەم باسکار، پرسیارەکە بەجۆرێک نەزانانە و سەرەتایی و بەستەزمانانەیە، ناکرێت مرۆڤ دڵی بەم عەقڵییەت و دیدە نەسووتێت. ئەوە وەک ئەوە وایە مرۆڤ بڵێت، چۆن دەکرێت قوتابییەک لە یەککاتدا لە ماتماتیک و بایۆلۆژی و ئینگلیزیشدا زیرەک بێت، چۆن دەبێت لە هەرسێکیاندا پلەی باشی هەبێت. شیعر و رۆمان و لێکۆڵینەوە لای من یەک ریشەیان هەیە، وەک چۆن یەکێک بیەوێت لە نەخۆشییەک تێبگات و چارەسەرییبکات، دەبێت هەم بایۆلۆژیا و هەم کیمیا و هەم داڕوسازیی بزانێت، لە ئەدەبیات و فیکریشدا هەمان کێشەیە. من ریشەی ئەم تێڕوانینە دەبەمەوە سەر ئەو ریشە دینیانەی رۆشنبیری ئێمە، لە سەردەمی دێریندا دین بە تەنها وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدایەوە، دواتریش کە مارکسییەت هات هەر هەمان جێگا و پایەی داگیرکرد و هەر خۆی هەموو وەڵامێکی دەدایەوە، مرۆڤی یەک کار و یەک دید و یەک دیو، ریشەکانی لەناو ئەو رۆشنبیرییە تاک رەهەندەدایە کە لە مێژە لە دونیای ئێمەدا باڵادەستە، فرەکایەیی لە دونیای ئێمەدا هێشتا بەعەقڵییەتی فرەخودایی حوکمدەکرێت و بەنەفرەتدەکرێت. من سەر بە نەوەیەکی پارچەپارچەم کە هەم مەرجەعی پارچەپارچەیە، هەم شوێنی کارکردنی. لەسەردەمێکدا شیعر تاکە شێوازی تەعبیر بوو، بەڵام ئەوە سەردەمی کلاسیکی بوو، ئەو عەقڵییەتەی کە پێیوایە گەر مرۆڤ شاعیربوو، ناتوانێت شتێکی دی بێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زیهنییەتە کلاسیکییە، پارچەپارچەبوونی شێوازەکانی تەعبیر و کایەکانی ئیشکردنی نووسەران، بەشێکی گرنگ و نیشانەیەکی جیاکەرەوەی سەردەمی ئێمەیە. من سەر بەو نەوەیەم کە زۆر بە جیدی ئیش بۆ لەدایکبوونی کایەی دیکە

دەکەم، ئیش بۆ پارچەپارچەکردنی زمانی تەعبیر دەکەم، ئیش بۆ دابەشکردنی ئەو زمانە دەکەم بەسەر زیاد لە شێوەیەک و ئاستێکدایە. تێنەگەیشتن لەم شتە تێنەگەیشتنە لە رۆحی سەردەمی ئێمە، پاک نەبوونەوەیە لە زیهنییەتی تێڕوانینی کلاسیکی. لەوەش بترازێت ئەوەی ئەم سەرسامییەی دروستکردووە، ئەوەیە کە هوشیاری شیعریی لە دونیای ئێمەدا بەجۆرێک لە هوشیاری فەلسەفی و فیکریی دابڕاوە، خەڵکانێک هەن پێیانوایە بەبێ رۆشنبیرییەکی فیکریی و ئەدەبی گەورە دەکرێت شیعری جوان بنووسین. ئەم تێڕوانینە ترادسیۆنیستییە، دێرینە تا ئەمڕۆ لەناو ژمارەیەکی زۆر شاعیری کورددا دەبینمەوە. شاعیری رووت لەم سەردەمەدا بوونی نییە، ئاساییە مرۆڤ هەر شیعر بنووسێت، بەڵام ئەوەی هوشیاریی و رۆشنبیریی و خولیای لە شیعر تێنەپەڕێت، بە دڵنیاییەوە شاعیرێکی راستەقینەی لێ دەرناچێت. شیعر واتە هوشیاریی گەورە، هوشیاریی گەورەش واتە پەلکشان بە ناو ژانر و ئایدیا و شێوازە جیاوازەکانی تەعبیردا. تێگەیشتن لە دونیا بەیەک ژانر و یەک زمان مەیسەر نابێت. ئەوەی بیەوێت دوور بڕوات، هەمیشە دەبێت زیاد لە بلیتێکی پێبێت.

**تۆ لە (گوناه و کەرنەڤاڵ)ەوە کە یەکەمین ئەزموونی شیعریت بوو تا ئەمڕۆ بەردەوام لەچڕبوونەوەیەکی جواندا دوور لەتەمومژی دەستکرد لەباڵاکردن و دەنگ زووڵاڵیدای، خەیاڵ وێنەو دەربڕین لە شیعرەکانتا تووشی چەقبەستن و دووبارەبوونەوە نەهاتوون، ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە پشتی شیعرەکانتەوە ئیلهامێکی کەڵەگەت وەستاوە یان رۆشنبیرییەکی فرەڕەهەند؟**

سوپاسی ستایشەکەت دەکەم. من واتێدەگەم شیعر ساتەوەختێکی فەلسەفییە کە لەبری ئەوەی تەنیا بەعەقڵدا تێبپەڕێت بە هەست و تاریکییەکانی رۆحیشدا رادەبوورێت، بە زوڵمەتی زمان و روناکی وشەدا رادەبوورێت. باوەڕم بە ئیلهام نییە، ئیلهام بەو مانایەی لە هیچەوە شتێکت بۆبێت... شیعر وردبینییەکی ناکۆتاییە لە هەموو شتەکان، شیعر سەرەتا سەروکاری لەگەڵ تاریکیی زماندا هەیە، بەبڕوای من هەموو وێنە جوانەکان لەناو ئەو تاریکییەدان، مەبەستم لە تاریکیی زمان ئەو نارێکییە گەورەیەیە کە دەکەوێتە پێش ئیشکردنی ئێمەوە لەناو زماندا. بۆئەوەی مرۆڤ ببێتە شاعیر بەر لەهەر شتێک دەبێت ئەو رووبەرە رەشەی ناو زمان بدۆزێتەوە، شیعر بەبڕوای من بەر لە هەر شتێک پاککردنەوەی زمانە لە رابووردووی خۆی، بەڵام ئەستەمە بەبێ وێنە بتوانین زمان پاکبکەینەوە، زمان تەنیا لە رێگای وێنەیەکەوە کە پێشتر زمان زەفەری پێ نەبردووە پاکیی خۆی

دەدۆزێتەوە. پاکردنەوەی زمان ئەوە نییە بیگێڕیتەوە بۆ بێدەنگیی، بەڵکو ئەوەیە سیاقی تازەی بۆ بدۆزیتەوە. ناوچەی رەش لە زماندا ئەو ناوچەیە نییە کە تێیدا زمان رێسا و دەستوورە زمانەوانەکانی خۆی دەشکێنێت، بەڵکو ئەو جێگایەیە کە خەیاڵی زمانەوانی چیتر ملکەچی لۆژیکی قسەکردن و کۆمۆنیکاتسیۆن و خەیاڵی باو نییە، شیعر ئەو رێگایەیە کە لە رێگایەوە زمان رەهەندە بەکارنەهێنراوەکەی خۆی دەدۆزێتەوە، مرۆڤ رەهەندە بێدەنگ و «بە زاردا عبور نەکردووەکەی» خۆی دەدۆزێتەوە، خەیاڵ رێساکانی پێشووی خۆی تێکدەشکێنێت و بیرکردنەوەماڵی تازەی بۆ دروستدەبێت. شیعر هەموو ئەم شتانەیە پێکەوە، بۆئەوەی لە شیعردا بگەینە ئەو ناوچە رەشەی زمانیش کە چیتر خەیاڵی تەقلیدیی و سیستمی تێڕوانینی ئاسایی تێیدا ئیش ناکات، پێویستیمان بە وێنەیەک هەیە کە بەرەو شێوە نیگاکردنێکی دی بۆ شتەکان بمانبات. شیعر ئاوێنەی هەبوونی جێگایەکە لە ناوماندا کە یاساکانی ئـەم جیهانە چیتر تێیدا ئیش ناکەن... شیعر گەیشتنی جیهانی واقعییە بە بوونبەست. من لە شیعردا هەوڵدەدەم هەم ئەو بوونبەستە و هەم ئەو دیوی ئەو بوونبەستە نیشانبدەم، هەم هەرەسی واقیع و هەم ئەو کیمیایە بدۆزمەوە کە لەو هەرەسە دەکەوێتەوە.

**ئەو تێکستە قافیەدارانەی بە ناوی شیعری منداڵانەوە بڵاودەبنەوە، زیاتر ئامۆژگاریی قافیەدارە نەوەک شیعر**

من کە شیعری ئەحمەدی مەلام خۆشدەویێت لەبەرئەوەیە کە کەم تا زۆر کیمیای جیهانێکمان نیشاندەداتەوە کە یاسا و وێنەکانی بۆ ئێمە نائاسایی و نامۆن. من بۆ خۆم هەمان هەوڵدەدەم، ئایا سەرکەوتووم یان نا... ئەوە نازانم، بەڵام گرنگ ئەوەیە من بەردەوام هەوڵەکە بێوچان دووبارەدەکەمەوە، وەک تەیرێک لە قەفەزێکی بچووکدا کە هەموو ژیانی هەوڵی دووبارە دەرچوونە. شیعر هەوڵێکی دووبارە و هەمیشەییە، بۆ دووبارە نەکردنەوەی دونیا. شیعر تاکە شتێکە دەتوانێت جیهانێکمان پێشکەشبکات کە رادیکال لەم جیهانەی ئێمە جیاواز بێت. باڵندە چکۆلانەکەی ناو قەفەزیش بێهودە بەردەوام لە هەوڵی دووبارە نەکردنەوەی دونیای خۆیدایەتی، شاعیرانیش لە هەمان هەوڵدان... شیعر هەمیشە شۆڕشگێڕە، چونکە بەبێ ناتەبایی لەگەڵ دونیادا لەدایک نابێت. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت جیهان وەک خۆی دووبارەبکەنەوە نابنە شاعیر. لە شیعردا هەوڵدەدەم کۆتایی ئەو دونیا لۆژیکی و عەقڵانیە رابگەیێنم کە تێیدا دەژین و لەسەر پاشەڕۆ و خاشاک و کەلاوەکانی دونیایەکی تر دروستبکەم... لەو باوەڕەدام ئەوە تەنیا بە ئیلهام ناکرێت، بەڵکو بە کۆمەڵێک کەرەستەی زۆر و جیاواز دەکرێت، کە مرۆڤ ماوەیەکی درێژی پێویستە تا هەموویان کۆبکاتەوە. بۆ نموونە: چەمکی «بۆ هاتن» لە شیعردا کە لای ئێمە زۆر دووبارە دەبێتەوە، هیچ نییە جگە لە ئاستێک تێیدا خەیاڵ سەربەخۆیی خۆی و لۆژیکی خۆی وەردەگرێت و چیتر بۆئەوەی ئیشبکات پرسیار لە عەقڵ ناکات، مۆڵەت لەو وەرناگرێت.

**هەست و خەونەکپکراوەکان، کردەی بەرهەمهێنانی شیعرن لەلای تۆ، یان عەقڵ و رۆشنبیریی، یان تێکەڵەیەک لەمانە؟**

وەک لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا گووتم، ساتێک هەیە کە خەیاڵ ئازادیی خۆی وەردەگرێت، ئێمە ئەوە ناودەنێین ئیلهام یان بۆ هاتن. ئەم ساتە زۆر گرنگە، چونکە بە بڕوای من ساتی جیابوونەوەی خەیاڵ نییە لە عەقڵ، بەڵکو ساتی لەدەستدانی عەقڵە بۆ دەسەڵاتی رەها... شیعری جوان بە هاوکاری خەیاڵ و عەقڵ دەنووسرێت، ساتێکی هاوسەنگی بێوێنەی نێوان خەیاڵ و عەقڵە. یەکێک لە کێشە گەورەکانی شیعر ئەوەیە کە بە خەیاڵی رووت نانووسرێت، بەڵام دەشێت شیعر هەبێت بە عەقڵ یاخود بە گەمەی زمان، بە بەرهەمهێنانەوەی کلێشە دێرینەکانی ناو فۆرمی شیعر بنووسرێت، ئەوە شیعرە بەد و خراپەکانن. لە راستیدا شتێک نییە ناوی خەیاڵی رووت بێت، خەیاڵ هەمیشە ریزکردنەوەی کۆمەڵێک رەگەز و ئایدیا و فۆرمە، کە لە عەقڵ دوورناخرێنەوە... خەیاڵ دەستێوەردانێکی گەورەیە

لە عەقڵدا، لە شیعردا بە تایبەتی و لە ئەدەبدا بە گشتی عەقڵ ناکرێتەوە دەرەوە، بەڵکو خەیاڵ ئیش لەسەر ناوەڕۆک و لۆژیکەکەی دەکات، شیعر شکاندنی ئەو فۆرمە لۆژیکییەی عەقڵە، شیعر دەتوانێت عەقلانی نەبێت، بەڵام ناتوانێت بێ عەقڵ بێت، جیاوازی نێوان ئەم دوو شتە ئێجگار بەرین و گەورەیە... دیـارە ئەو خەزێنە گەورەیە لە شتی چەپێنراو لە ڕۆحدا بزوێنێکی گرنگی خەیاڵە، بەڵام هیچ شاعیرێک ناتوانێت بزانێت نەستی خۆی چۆن ئیشدەکات، گەر زانیمان نەست بەتەواوەتی بە چ میکانیزمێک کاردەکات، واتە چیتر نەست نییە. من و هەموو شاعیرێکی تری دونیا کە مەرجی شاعیربوونی تێدابێت، نەست ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتن و دروستکردنی خەیاڵماندا دەبینێت... بەڵام وردکردنەوەی ئەوە داڕشتن و کاریگەرییە بۆ ئێمە ئەستەمە.

فەلسـەفە لەناو خۆیدا چەند بەر مەحاڵ بکەوێت، ئەوەندە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ شیعر دەبێت... شیعر سـەرەتا و کۆتایی فەلسـەفەیە، فەلسـەفە هـەمیشـە لە شیعرەوە دەستپێدەکات و لە شیعردا کۆتایی دێت...

**شیعر دەنگدانەوەی دونیای خەیاڵ و واقیعە. ئایا تۆ واقیع لەخەیاڵدا دەنووسیتەوە یان بەپێچەوانەوە خەیاڵ لەواقیعدا دەنووسیتەوە یان دەکرێت خەیاڵ و واقیع ڕەنگەکانی یەکتر بگۆڕن؟**

واتێدەگەم لە شیعردا دەبێت واقیع ملکەچی شیعر بێت، نـەوەک شیعر ملکەچی واقیع بێت. ڕاستییەک کە لەسەرەتاوە دەبێت بیزانین ئەوەیە کە خەیاڵ بە پێچەوانەی واقیعەوە شوناسی

## زمان تەنیا له ڕێگای وێنەیەکەوه که پێشتر زمان زەفەری پێ نەبردووه پاکیی خۆی دەدۆزێتەوه

نییه. واقیع هەمیشه فۆرمێکی جێگێر و شوناسێک و وێنەیەکی لەسەرماندا هەیه، بـەڵام کاتێک دەڵێین خەیاڵ کەس بەدروستی مانای تەواوەتی و ڕاستەقینەی وشەکە نازانێت، واته که باس له واقیع دەکەین کەم تا زۆر دەزانین چی لێوه بەرهەمدێت، بەڵام که باسی خەیاڵ دەکەین دەرەنجامی ئیشکردنی تـەواو دیار نییه... خەیاڵ فۆرمێک و شوناسێک و وێنەیەکی نییه... مەرج نییه خەیاڵ هەمیشه ناواقیعی بێت، بۆ نموونه ئەدەبی واقیعی جۆره «خەیاڵێکی واقیعی» دروستیکردووه، که جیاوازه لەو خەیاڵەی که له واقیعییەتی سیحریدا دەستبەکاره. خەیاڵ دەشێت واقیع تـەواو تێکبشکێنێت و هەوڵی سڕینەوەی ڕووه زاڵەکانی بدات، وەک له هەندێک شیعردا یان له تابلۆیەکی سوریالیدا دەیبینین، بـەڵام دەشێت واقیعیشمان له گۆشه نیگایەکی دییەوه نیشانبداتەوه و چاوێکی ترمان تێدا بچێنێت بۆ بینینی ئەو شتانەی که هەیه، واته واقیعی بێت، بێئەوەی واقیع وەک خۆی دووبارەبکاتەوه. دۆستۆفسکی واقیعی بوو، بەڵام جۆره واقیعییەتێک که به چـاوی ڕووت یاخود هەستی ساده نایبینین و هەستی پێناکەین. که دەڵێین خەیاڵ واقیع تێکدەشکێنێت، مانای ئەوه نییه که خودی واقیعی مادیی تێکدەشکێنێت، بەڵکو وێنەی سادەی ئێمه بۆ واقیع تێکدەشکێنێت. خەیاڵ هیچ

نییە جگە لە توانای مرۆڤ بۆ یاریکردن بە وێنەکان و ماناکان و دەرکردنیان لە فۆرم و ئاماژە بنەڕەتییەکانیان... لە شیعردا ئەم توانای یاریکردنە دەگاتە ترۆپکی خۆی، شیعر ئەو ژانرەیە کە رادیکالانە رێگا بە وێناکردنەوە دەدات، لە کاتێکدا ئەم توانایە و ئەم بوارە لە ژانرەکانی تردا سنووردارە. لە رۆماندا واقیعی کۆنکرێت لەوە ناکەوێت کە بەردەوام قسەبکات، واتە لۆژیکی جیهانی واقیعی هەمیشە ئامادەیە، لە رۆماندا چەند یاریبکەین، لەدواجاردا ناتوانین رێزی برێک لە یاسای مەنتیقی نەگرین. بۆ نموونە گەر تەماشای تێکستێکی کورتی وەک میری چکۆلانەی سانت ئەگزۆبێری بکەین، چەندە تێکستەکە ناواقیعی و شاعیری دەردەکەوێت، کەچی لەدواجاردا یاسا سروشتی و لۆژیکە نۆرماڵەکەی دونیای واقیعی لە تێکستەکەدا هەر ئیشدەکات، بەڵام لە شیعردا دەتوانین نەهێڵین جیهان بە لۆژیکە تەقلیدییەکەی خۆیەوە زۆر دەربکەوێت، وەک گووتم: من زۆرجار ئیش بۆئەوە دەکەم کە شیعر تەواو لە دونیا نەچێت. فەزایەک دروستبکات کە لۆژیکی زەمان و شوێنەکان و لۆژیکی ناوبردن و ناونانەکانیش تێکبشکێنێت. دەکرێت هەر قەسیدەیەکی من وەربگرین و ئاسان ئەو ترازاندنەت پیشانبدەم. لەبەر ئەو هۆکارە شیعر لە هەر ژانرێکی تر گرنگترە، گرنگییەکەشی لەوەدایە کە زیاتر لە هەر چالاکییەکی تری مرۆڤ ئەگەری بوونی سیستمێکی لۆژیکی جیاواز لە سیستمی لۆژیکی باڵادەست و ئەگەری بوونی دونیایەکی تر جیاواز لەم دونیایە لە بەردەم مرۆڤدا دەکاتەوە. بۆ نموونە شیعر بەر لە فیزیا و رامبۆش بەر لە ئەنشتاین نیسبییەتی کات و نیسبییەتی شوێنیان بینیوە. نەوەک هەر ئەوە شیعر لە جەوهەردا لەسەر یاساکانی ئەو نیسبییەتە دروستبووە. لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا، لە چیرۆکی خاولییەکەدا لەسەر ئەو ئەگەرە جیاوازانە قسەمکرد کە دەشێت شاعیرێک بە وێناکردنی شارێکەوە «کە لە رۆمانەکەدا ئاماژەیەکی کۆنکرێتە بۆ واقیع» ببەستێتەوە. مرۆڤ لە خەیاڵدا واقیع بنووسێتەوە یاخود لە واقیعدا خەیاڵ بنووسێتەوە، دەرەنجامەکان یەک شتن کە دەرکردنی واقیعە لە پێناسە و شوناس و مانای خۆی...

**ئەی دەکرێت لەشیعردا بۆ فەلسەفە بگەڕێین. ئەی ئاخۆ فەلسەفە تاچەند جێگای شیعر دەکاتەوە؟**

کێشەکە ئەوەیە فەلسەفەش وشەیەکە زیاد لە مانایەک و فۆرمێکی هەیە. من مەسەلەکە تەنیا وا دەبینم کە هەموو فەیلەسوفێک لە جێگایەکدا دەوەستێت، واتە مەحاڵێک دێتە بەردەمی کە ناتوانێت تێیبپەڕێنێت، چونکە لە جەوهەردا لە

ناخی هەموو ژانرێکی فیکریدا مەحاڵێک هەیە کە نابڕدرێت، پرسیارێک هەیە کە مرۆڤ هەستدەکات نەیتوانیوە وەڵامی بداتەوە، لە ساتی دەرکەوتنی ئەو مەحاڵەدا مرۆڤ ناچارە رووبکاتە ژانرێکی دیکە و جێگایەکی دیکە بۆ ئەوەی هەوڵی شکاندنی ئەو مەحاڵە بدات، بەڵام بۆئەوەی پرسیارەکەی بەرێزتان وردتر وەڵامبدەمەوە، دەبێت هەندێک جیاکاریی بکەم لە نێوان «هەڵوێستی فەلسەفی» و «رستەی فەلسەفی» و «فەلسەفە وەک میتۆد و تیورە». بۆ نموونە رستەی «ببم یاخود نەبم، ئەوە کێشەکەیە» رستەیەکی شیعرییە، بەڵام بە کۆمەڵێک دەرەنجامی فەلسەفییەوە. شیعر شت لە فەلسەفە وەرناگرێت، بەڵکو بەردەوام کێشەی نوێ دەخاتە بەردەمی فەلسەفە. بۆ نموونە گەر من بڵێم «دەڕۆم و لەسەر سوچی ئەم شەقامەدا چاوەڕوانی باران دەکەم»، ئەمە رستەیەکی شیعرییە کە دەشێت لە دونیای مانادا سەدا و دەنگدانەوەیەکی فەلسەفی هەبێت. من باوەڕم بە شیعرێک نییە کە دوای فەلسەفە بکەوێت، شیعر هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێش فەلسەفە دەکەوێت، فەلسەفە وەک میتۆد و تیورە کارێکی راستەوخۆی لەگەڵ شیعردا نییە. بەڵام شیعر لە ناکاو، لە ساتە گەورەکانی ئیشراق و رۆشنبوونەوەی ناوەکیدا رستەی گرنگ دەخاتە بەردەمی فەلسەفی. باشلار دەڵێت: کاری فەلسەفە گونجاندنی زانست و شیعرە لەگەڵ یەکدا. شیعر بە رۆحە نەگیراو و نەسەلمێنراو و ئەنارشییەکەی پتر وەک پۆلی پێچەوانەی زانست دەردەکەوێت. شیعر شوێنی ئیشکردنە لەسەر ئەو مەحاڵانەی کە زانست و فەلسەفە بە روونی ناتوانن کاری لەسەر بکەن... شیعر هەمیشە لەو دەلیلە دەچێت کە بەرەو دونیای نادیار، بەرەو زوڵوماتە راستەقینەکانی بوون، پێش رۆحی مرۆڤ و پێش عەقڵی دەکەوێت... ئەم دەلیلە ناتوانێت تەفسیری زانستی و فەلسەفی پێشکەشبکات، بەڵام دەتوانێت بە زمانێکی تا ئەندازەیەک ئاڵۆز جوگرافیای ئەو هەرێمە نەناسراوانەمان پێشکەشبکات. شیعر پێش فەلسەفە و زانست ئەو سنوورە تاقیدەکاتەوە کە دەشێت زمان بیگاتێ، ئەو سنوورەش دەشکێنێت کە دەشێت خەیاڵی کۆمەڵایەتی و زانستی مرۆڤ ئیشی لەسەر بکات... بەبێ کەشفکردنی سنووری نوێ لەناو زماندا ئەستەمە لە فەلسەفەدا بتوانین ئایدیای نوێ بدۆزینەوە. فەلسەفە لەناو خۆیدا چەند بەر مەحاڵ بکەوێت، ئەوەندە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ شیعر دەبێت... شیعر سەرەتا و کۆتایی فەلسەفەیە، فەلسەفە هەمیشە لە شیعرەوە دەستپێدەکات و لە شیعردا کۆتایی دێت... واتە لە هەرێمێکی تاریکەوە دەستپێدەکات و لە هەرێمێکی تاریکدا دوایی دێت... چونکە شیعر تەنها رۆشنایی ناو هەرێمە تاریکەکانی بوونمانە.

**ئایا شیعر خەیاڵمان دەتەقێنێتەوە، یان شیعر بوونەوەرێکی چێژبەخشە، ئامرازی چێژبەخشینە، یان لەشیعردا دەبێت بۆ چی بگەڕێین، بۆ دەنگ و رەنگی دیوی ئەو دیوی خۆمان و شتەکان بگەڕێین یان شیعر خۆی گەڕانێکە بۆ ئەوەی خۆمان بیربچێتەوە؟**

من باوەڕم بە چێژی شیعر هەیە، بەڵام بەرابەر بە بەکارهێنانی وشەکە لە دونیای ئێمەدا کەمێک دوودڵم، لەبەرئەوەی ریشەکانی ئەم وشەیە دەمانگێڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک پێناسەی کلاسیکی بۆ شیعر. وەزیفەی شیعر شتێک نییە یەکجار دیاریبکەین و لێبیبینەوە... وەزیفەی شیعر شتێکە بەردەوام و لەگەڵ هەموو شیعرێکدا سەرلەنوێ دەیدۆزینەوە. شیعر هەم گەڕانە بۆ دیوە نەبینراوەکەی خۆمان، هەم هەوڵێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ئێستا نەمانخنکێنێت، بەڵام شیعر لە هەموو حاڵەتەکاندا تەعبیرێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ تێپەڕاندنی خود، بۆ ناڕازیبوون لە دونیا، بۆ دەرچوون لە ئێستا. ئەو چێژەی شیعر دەیبەخشێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت... گەورەترین چێژ لە شیعر، شاعیر دەیبینێت، چێژ وەرگرتنی خوێنەر لە شیعر هەرگیز ناگاتە چێژ وەرگرتنی شاعیر. چێژی شاعیر لەوەدا نییە کە خالیقە، بەڵکو لەوەدایە کە بینەری یەکەمە، ئەو جیهانەی کە شیعر دروستیدەکات یەکەمجار لە بەرچاوی شاعیر بەرزدەبێتە و لەبەرچاوی ئەو دروستدەبێت. من جیاوازی نێوان شاعیر و خوێنەری شیعر، وەک جیاوازی نێوان ئەو ئەسترۆناودە دەبینم کە خۆی لەسەر مانگ دەنیشێتەوە لەگەڵ یەکێکدا کە لە تەلەفزیۆندا سەیری نیشتنەوەی یەکێک لەسەر مانگ دەکات. شاعیر ئەو کەسەیە کە خۆی لەسەر مانگ دەنیشێتەوە... هەموو وشەیەک، هەموو بڕگەیەک، تامی هەموو حەرفێک لای شاعیر قورسایی و رەنگێکی تری هەیە کە خوێنەری شیعر نایگاتێ. خوێنەر هەرگیز ناتوانێت بەرزبێتەوە بۆ ئەوەی تامی ئەو ساتە بکات کە وشەکان و دێڕەکان لە نەسقێکی تایبەتیدا لەدایکدەبن... گەر ئەو سیحرە نەبێت نووسینی شیعر زۆر زەحمەتە. شیعر تەواو ئەو قەناعەتەمان تێدا دروستدەکات کە ئێمەی شاعیران چەشنێکی ترین لە مرۆڤ، وە ئەو بەڵگەیەمان دەداتێ کە ئێمە چەشنێکی ترین لە مرۆڤ، وە بە کۆمەکی شیعر دەتوانین بیسەلمێنین کە ئێمە چەشنێکی دیکەین لە مرۆڤ. ئەوەش کەم نییە... .

**بێرتراند روسێل. دەڵێت: هەرکەسێک بیەوێت ببێت بەفەیلەسوف، نابێت لە ناماقووڵ بترسێت. ئایا گونجاوە بڵێت هەرکەسێک بیەوێت ببێت بەشاعیر نابێت لە ناماقووڵ بترسێت، ئایا هیچ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان شیعرو ناماقووڵدا ئەگەر هەیە چۆنە، ئەگەر نییە، بۆ؟**

ناماقوول ئەو خاڵەیە کە شیعر و فەلسەفە پێکەوە کۆدەکاتەوە. فەلسەفەی نوێ لە رووبەرێکی گەورەیدا راپەڕینە بە رووی عەقڵدا. شیعر بیرخستنەوەیەکی ئەبەدییە بۆ ئەو رووبەرانەی دەکەونە دەرەوەی عەقڵ. بەشێک لە چێژی شیعر لەوەدایە، ئەو جیهانە ئامادە و رێکخراو و پێشبینکراوەی عەقڵ جێدەهێڵێت. عەقڵ هەمیشە نەخشەیەکی دیاریکراومان پێشکەشدەکات کە تێیدا شتەکان چاوەڕوانکراون... زانست و سیاسەت سەرسەختانە خۆیان بەو رووبەرانەوە سەرقاڵدەکەن کە شتە چاوەڕواننەکراوەکانی عەقڵمان پێشکەشبکەن. هەڵبەت کە عەقڵیش رووبەری نادیاری خۆی هەیە، بەڵام شیعر بە پلەی یەکەم سەروکاری لەگەڵ ئەو ناماقوولانەدایە کە کەمتر دەکەونە ناو قەڵەمڕەوی عەقڵەوە... سات هەیە لە مێژوودا ناماقوولی شیعر و ناماقوولی مێژوو پێکەوە یەکدەگرنەوە، بەبڕوای من ئەوە ساتی شۆڕشە چاوەڕواننەکراو و گەورەکانە... لە شۆڕشە گەورەکاندا هەم عەقڵ و هەم خەیاڵ، هەم شیعر و هەم فەلسەفە، هەم شاعیر و هەم سیاسی رووە چاوەڕواننەکراو و پێشبینی نەکراوەکەی خۆیان دەخەنە روو. شیعر گەر دووبارەکردنەوەی ماقوول بێت نابێت بە شیعر... شیعر تەنیا لە رێگای سەروکارەوە لەگەڵ ناماقوولدا دەبێتە شیعر. کێشەی

## لە شۆڕشە گەورەکاندا، هەم عەقڵ و هەم خەیاڵ، هەم شیعر و هەم فەلسەفە، هەم شاعیر و هەم سیاسی، رووە چاوەڕواننەکراو و پێشبینی نەکراوەکەی خۆیان دەخەنە روو

گەورەی ناماقووڵ ئەوەیە کە بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە، لە شیعردا ئێمە بۆ دیوە ستاتیکییەکەی ناماقووڵ دەگەڕێین، بۆ ئەو دیوەی دەتوانێت شەڕ لەگەڵ سیستمە داڕێژراوەکانی ماقووڵدا بکات. لە شیعردا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ بەشێکی ناماقووڵدایە کە لۆژیکێکی قووڵی خۆی هەیە، ڕێسای خۆی هەیە... شیعر هەمیشە سنووربەزاندنێکی گەورەیە، لەبەرئەوە دوورخستنەوەی لە ناماقووڵ ئەستەمە.

**ئەم رۆژگارەی ئێمە کە بە پۆستمۆدێرن ناسراوە، دەکرێت داوا لەشاعیر و ئەدیب بکرێت کە وەک دەنگێکی رەخنەیی دژی نادادپەوەریی بوەستێتەوە، کە کۆمەڵگای کوردیی بەدەستییەوە هەراسانە؟**

وەستانەوە دژ بە نەبوونی دادپەروەریی بەشێکە لە ئیلتیزامە مرۆڤانەکەی شاعیر. شیعر بۆی نییە راستەوخۆ دەست لە سیاسەت وەردا، بەڵام شاعیر بۆی هەیە، ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێت شیعرمان هەبێت ناوەڕۆکی سیاسی هەبێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە لە شیعردا شیعرییەت، زمانی ئیستعارە و هێما و ئاماژە لە پێشە. بە مانایەکی تر گەر شیعر سیاسیش بێت، رزگارکردنی سیاسەت لە زمانی خۆی لە شیعردا لە پێشە. من باوەڕم بەوە هەیە کە شاعیر پتر لەدەرەوەی شیعر و وەک مرۆڤێک دژ بە نادادپەروەریی بوەستێتەوە، مەرج نییە ئەم بڕوایەی من یاسا بێت، دەیان شاعیری گەورە بە شیعریش دژی ستەمی کۆمەڵایەتی وەستاونەتەوە، نیرۆدا و لۆرکا و نازم حیکمەت و گۆران و شێرکۆ لەم رووەوە تاقانە نین، بەڵام من لە شیعردا سەر بە رێبازێکی ئەبستراکترم، ئەو سیستمی وێنە و هێما و تەرمیزەی من یان بەشێکی زۆری شیعری نوێ کاری پێدەکات، کەمتر بەکەڵکی ئەوەدێت شیعر خۆی ببێتە ئامرازێکی سیاسی، لەبەرئەوە دیوە سیاسییەکەی تێڕوانینی من بۆ جیهان پتر لە نووسینە ئەدەبی و فیکرییەکانی ترمدا رەنگیداوەتەوە، بەڵام بە هەر جۆرێک بێت، باوەڕم بە بوونی مرۆڤێک نییە کە لە ئیلتیزامی دژایەتیکردنی ستەم ئازاد کرابێت، هیچ مرۆڤێک نییە بتوانێت بڵێت من لەبەرئەوەی نیگارکێشم یان شاعیرم یان ئەکتەرم یان پزیشکم یان پیاوی دینم ئەو ئیلتیزامەم لەسەر شان نییە. مرۆڤ ئازادە چۆن ئەو ئەرکە جێبەجێدەکات، بەڵام خودی ئەرکەکە هەمیشە هەیە و وەک واجبێکی مرۆڤانەی قووڵ، وەک دەروەستی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ هەردەم دەمێنێتەوە. ئەو ئەرکە بەبڕوای من بە ئەندازەیەک گرنگە، زۆرجار گومان لە شاعیرییەتی کەسێک دەکەم کە دەبینم ئەو ئەرکە فەرامۆشدەکات، یاخود هەرگیز لە هەڵوێستێکی راستەقینەدا بەرامبەر

ستەم و نەبوونی داد نایبینینەوە... مەرج نییە شاعیر وەک شاعیر ئەو ئیلتیزامە جێبەجێبکات، بەڵام مەرجە شاعیر وەک مرۆڤ ئەو ئیلتیزامە جێبەجێبکات.

**لەو سەردەمە بێ پەیامەدا، یان بێ "داستانەمەزن"ەدا. دەکرێت هێشتا شاعیر وەک پێغەمبەر سەیر بکەین؟**

نابێت هیچ کەس وەک پێغەمبەر سەیربکەین. پێغەمبەر کەسێکە، پەیامێکی سەرتاسەریی بۆ رزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتی پێیە. پێغەمبەران جگە لە کارەسات هیچی تر دروست ناکەن، من پێغەمبەرێکم پێ شک نایەت دوای خۆی کارەساتی دروست نەکردبێت، دوای خۆی دونیای لە شەڕ و تاریکیدا نەخنکاندبێت، بەڵام بەودیودا شاعیرێکی گەورەشم پێ شک نایەت کاری وەهای کردبێت. شاعیر ئەو کەسەیە کە دەیەوێت رزگارمانبکات، بێئەوەی ئەو پەیامەی پێ بێت، بێئەوەی جیهان نوقمی سیاسەت و دین و ململانێ بکات. شاعیر کەسێکە نایەوێت بەلای دینێک یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا ئاراستەمان بکات، بەڵکو دەیەوێت لە رێگای زیندووکردنەوەی رێزی ژیان و رێزی جوانییەوە ئەو کارەبکەین. ئیشکردنی شاعیران زۆر لە ئیشکردنی پێغەمبەران جیاوازە، پێغەمبەران و سیاسییەکان پتر لە یەکەوە نزیکن، نەوەک پێغەمبەران و شاعیران... هەمیشە درزێکی گەورە و رووبەرێکی پڕنەکراوەی گەورە لەنێوان شاعیران و پێغەمبەراندا دەمێنێتەوە. شاعیران شتێکی دیکەن، چەکیان ئیمانی رەها نییە، هێزێک پەنای بۆدەبەن لە ناوەوەی مرۆڤەکان و لە خەیاڵ و بیرکردنەوەیاندایە، خودا لای شاعیران ئاماژە نییە بۆ هێزێک کە بە یەک راستەڕێی تەسک و باریکدا دەمانبات، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هێزێک کە دەرگای جیهانمان بە واڵایی و گەورەیی لێدەخاتە سەرپشت. خودا لای شاعیران دەرگایە بەرەو جیاوازی و هەمەڕەنگی، رێنماییکەرە نەوەک فەرماندەر، جیاوازییە نەوەک یەکڕەنگیی، ئەو هێزەیە کە دەرگا لەسەر دەریای بێسنووری زمان دەکاتەوە، نەوەک ئەو هێزە بێت کە یەک تێکستمان بداتێ لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد لە بەریبکەین و بیڵێینەوە. بە بڕوای من ئەو جیهانەی پێغەمبەرانی دروستدەکرد کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەو وەهمەی زۆر لە مرۆڤەکان وەک پێغەمبەر رەفتاربکەن، کۆتایی نەهاتووە.

**ئێوە وەک زۆرینەی نووسەر و شاعیرانی کوردیی بە روانگەیەکی رەشبینییەوە سەیری کۆمەڵگای کوردیی دەکەن، ئایا دەکرێت رەشبینی وزەیەکی داهێنەرانە و لە دژی ئەو هێزە نەریتییە بێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟**

ڕەشبینی جۆرێکە لە جیهانبینی کە لەسەر بنەمای جوان نەکردنی ڕووی ڕاستەقینەی دونیا ئیشدەکات. دەبێت دووجۆر ڕەشبینی لە یەکدی جیابکەینەوە، یەکێکیان پێیوایە ژیان خۆی بێمانایە و شایستەی ئەوە نییە مرۆڤ تێیدا بژی، لەگەڵ جۆرێکی تر لە ڕەشبینی کە پێیوایە سیستەمی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی دۆزەخێکیان بۆ مرۆڤ دروستکردووە کە لە ڕاستیدا دۆخێکی دەستکردە و دەشێت ئەم سیستەمە باشتر و جوانتر بکرێت. ڕەشبینی من لە جۆری دووەمە. من لەو نووسەرانە نیم کە باوەڕم بە ژیان نەبێت، بەڵکو لەوانەم کە باوەڕم بەم سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە نییە کە مرۆڤ لە مێژووی خۆیدا بۆ خۆی دروستکردووە. ئەمجۆرە ڕەشبینییە، لەسەر بنەمای ئیشکردن بۆ داهاتوو دادەمەزرێت، ڕەشبینییەک نییە دەستبەرداری کارکردن بێت، بەڵکو ڕەشبینییەکە دەستبەرداری ئومێدیش نابێت. من لەسەرەتاوە ئەو ناکۆکییە ڕەتدەکەمەوە کە لەنێوان ئومێد و نائومێدیدا دروستکراوە و دروست دەکرێت. نائومێد و ئومێد شتێک نین لە یەک بترازێن. گەشبینی موتڵەق و ڕەشبینی موتڵەق جگە لەوەی دوو درۆی گەورەن، دوو سیستەمی هەڵهاتنن لە پرسیار و بیرکردنەوەش. هەتا ئەوانەش کە خودکوژیی دەکەن تەواو ڕەشبین نین، چونکە لە خودی مەرگدا یان لەو دیو مەرگەوە بۆ چارەسەرێک دەگەڕێن، بۆ ئومێدێکی دەربازبوون دەگەڕێن. ئومێد چەند گەورە بێت سنوورێکی هەیە، نائومێدیش چەند گەورە بێت سنوورێکی هەیە. ئومێد مانای ئەوە نییە تاریکییەکانی دونیا نەبینین و نائومێدیش مانای ئەوە نییە کە باوەڕمان بە مرۆڤ و ئیرادە و هێزی نەبێت. کە نائومێدیی وای لێهات، مرۆڤ بڕوای بە خۆی و بە ئەوانی دی تەواو تەواو بدۆڕێنێت، ئیدی دەکەوێتە دۆخێکی کپی و وەستانی ئەبەدییەوە. گەشبینییەکی دابڕاو لە ڕەشبینی دۆخێکی ناشیرین و دزێو و گەمژانەیە، ڕەشبینییەکی ڕەها و دابڕاویش لە ئومێد خۆدزینەوە و هەڵاتن و ئیفلیجییە. من وەک زۆربەی مرۆڤەکانی دی لە تێکەڵاوبوونێکی کاریگەر و چالاک و بزوێنی ئومێد و نائومێدیی دروستبووم، لای من لەو ساتەدا کە ڕەشبینی دەستە دیکتاتۆرییەکەی خۆی سەردەخات، دەستبەرداری ئومێد نەبین، لە کاتێکیشدا کە ئومێد بە هەڵەماندا دەبات، هێزی ڕەخنەکردن و توانای بینینی زوڵوماتەکانی بەردەممان لە دەست نەدەین. مرۆڤ لە دۆڕان و براوەنەوەیەکی هەمیشەییدایە، مرۆڤ لەو جەنگە بێوچانە دروست بووە، نە ئەوەیە سەربکەوێت و نە ئەوەیە بە ڕەهایی نغرۆبێت... شکستی ڕەهابوونی نییە، وەک دوا ڕزگاربوون و دوا بەهەشتیش بوونیان نییە، لای من گرنگ ئەوەیە بیرۆکەی بەهەشت و دۆزەخ لەسەری خۆمان دەربکەین و بژین. ئەمە کارێکی

سەختە، بەڵام دەکرێت... بەبڕوای من مرۆڤ دەبێت لە هەوڵی پراکتیککردنی ئەو مەحاڵەدا بێت.

**چییە وادەکات شیعرێک بەنەمریی بمێنێتەوە کێش و سەروایە، زمانە، دونیابینی شاعیرەکەیەتی، هەڵگەڕانەوەیە لە زمانی باو، یان شیعر شتێکی ترە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە بازییە؟**

نازانم چییە، هەڵبەت گەر بمزانیبایە هەوڵمدەدا هەموو شیعرەکانم بەپێی ئەو کاتاگۆرییە بنووسم. زۆر گرنگە نەزانین کە چی شیعرێک دەکات بە شیعری نەمر، بۆئەوەی تەلیسمی شیعر بۆ ئەبەد بە نەکراوەیی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بۆ ئەبەد شیعر تەلیسمێک بێت نەشکێت و نەگۆڕێت و نەکرێتەوە. من دڵنیام کە نەمریی شیعرێک پەیوەندی بە هیچ یەکێک لەو خاڵانەوە نییە، دەشێت شیعرێک هەبێت هەموو ئەو سیفەتانەی هەبێت و دوای یەک دەقیقە لە خوێندنەوەی لە یادیبکەین. شیعری نەمر بەبڕوای من ئەو شیعرەیە کە بەردەوام ناچارماندەکات بۆ تەفسیرکردنەوەی بگەڕێین، واتە ئەو شیعرەیە کە تێناگەین بۆ نەمرە، تێنەگەیشتن لە هۆی نەمریی یان بەهانە داتاشین بۆ هۆی نەمریی بەشێکی گرنگی گەمەی نەمریی خۆیەتی. من واتێدەگەم شیعری نەمر، قسە لەگەڵ ڕەگەزێکی نهێنی ناو مرۆڤدا

## منداڵی نوقمبوو و خنکاو لە ناوماندا ئاماژەیە بۆ ئەو بەهەشتە نغرۆیەی نالی لە وێنەی سلێمانییەکی کاولبووی دوای بابانییەکاندا نیگاریکردووە...

دەکات، رەگەزێک کە مرۆڤ خۆی لە دۆخی ئاساییدا نایبینێت و هەستی پێناکات، بەڵکو تەنیا لە ساتی خوێندنەوەی ئەو شیعرەدا ئەو رەهەندە نهێنییەی ناو مرۆڤ ئاشکرادەبێت و دەردەکەوێت، رەهەندێکە نوقمدەبێت و سەردەکەوێتەوە، دەرکەوتن و هاتنەوەی گرێدراوی ئەو بانگەوازە نهێنییەیە کە شیعرەکە پێشکەشماندەکات. بۆ نموونە یەکێک لە قەسیدە زۆر نەمرەکانی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی چامەکەی نالییە بۆ سالم... قەسیدەکە تەنیا لەوەدا نەمر نییە کە لە بینای مۆسیقی و ستراکتوری نیگارسازیدا لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵکو حەسرەتێکی نادیاری مرۆڤ بۆ زەمانێکی بەسەرچوو ئاشکرادەکات... خودی قەسیدەکە وێناکردنێکی قووڵی تێدایە بۆ بەهەشتێکی وێران، لە ناو هەر یەکێک لە ئێمەشدا یادەوەریی بەهەشتێکی وێران هەیە، منداڵی نوقمبوو و خنکاو لە ناوماندا ئاماژەیە بۆ ئەو بەهەشتە نغرۆیەی نالی لە وێنەی سلێمانییەکی کاولبووی دوای بابانییەکاندا نیگاریکردووە... ئەم بەهەشتە وێرانە قەسیدەکەی نالی گۆڕیوە بۆ پارچەیەکی نەمر کە هەتاهەتایە دەشێت بخوێنرێتەوە، بەڵام شیعرێکی دیکەی نەمر «بۆ نموونە شیعرەکەی گۆران بۆ هیوای کوڕی» لە بەر هۆیەکی دیکە نەمرە، ئەویش لە سیستمی مۆسیقی و بونیادی زمانەوانی و نیگارسازیدا ئیشێکی بێئەندازە بەرزە، بەڵام هۆی نەمرییەکەی بەبڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرێ تاریک و تەلیسمە گەورەیەی دوو نەوە پێکەوە گرێدەدات، عومرێکی بەباچوو بە عومرێکی تازە پشکوتوو گرێدەدات... ئەمجۆرە قەسیدانە دەست بۆ برینێکی ناوەکی و نهێنی دەبەن کە لە ناوماندایە و قەسیدەکە زۆر بە گەورەیی بەرجەستەی دەکاتەوە... هەرکاتێک دەست بۆ ئەو برینە دەبەین قەسیدەکە دێتەوە سەرێ، هەر کاتێکیش دەست بۆ قەسیدەکە دەبەین، برینەکە دێتەوە سەرێ. نەمریی لە لەیەکدانی دوو نهێنی لەدایکدەبێت، نهێنییەکیان لەناو مرۆڤدایە و ئەویتریان لە ناو تێکستەکاندایە، هەر یەک لەم دوو نهێنییە زمان و تین و وزە دەبەخشنەوە بە یەک و وادەکەن هەر یەکێکیان ببێتە پردی ئامادەبوونەوەی ئەوی دی...

**زۆرجار دەبیستین باسی شیعری رەسەن دەکەن، من نازانم شیعری رەسەن چییە، دەتوانیت شیعری رەسەنم پێبناسێنی چۆنەو کامانە خاسییەتەکانێتی؟**

وشەی رەسەن یەکێکە لەو وشانەی کە من حەز بە بەکارهێنانی ناکەم، چونکە هێندەی مرۆڤ بە رابووردووەوە دەبەستێتەوە، بە ئاراستەی داهاتوو رێنمایی ناکات. رەسەن واتە گەڕانەوە بۆ ئەسڵێکی کۆن، بۆ شتێک کە لە سەرەتای بوونی

کۆمەڵگا یان نەتەوەدا هەبووە. مێرسی ئەلیاد ئەمجۆرە گەڕانەوانە بۆ دێرین، بۆ ڕووداوێکی یەکەم و بۆ ئەسڵێکی بنچینەیی، بە جەوهەری دین دەزانێت. هەموو دینێک بریتییە لە کۆمەڵێ سروتی گەڕانەوە و ئامادەکردنەوەی ئەو ڕووداوە سەرەتایی و دامەزرێنە، خودی یادەوەریی نەتەوەش بە هەمان فۆرم و میکانیزم کاردەکات، بۆ نموونە نەورۆز لە خەیاڵدان «مخیال»ی ئێمەدا، ئاماژەیە بۆ ئەو ئەکتە یەکەمینەی کە نەتەوەی کوردی دامەزراندووە، نەورۆز گەڕانەوەیە بۆ کردەیەکی ڕەسەن، بۆ ڕووداوێکی میتۆلۆگی و بنچینەیی کە کوردبوونی لەسەر دامەزراوە. وشەی ڕەسەن پتر وشەیەکی دینی و سیاسییە نەوەک وشەیەکی ئەدەبی بێت. بەو پێیە ئەدەبی ڕەسەن ئەو ئەدەبەیە کە دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێک بنەما و ئسوڵی دێرینە. وابەستەبوونە بە دووبارەکردنەوە و زیندووڕاگرتنی ئەو بنەما و ئسوڵانە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەدەبی ڕاستەقینە بە جۆرێک لە جۆرەکان بریتییە لە کردەی دروستکردنی گومان لەو بنەما و سەرەتایانە. ڕەسەنایەتی واتە گەڕانەوە بۆ سەرەتایەکی موبارەک، ئەدەبیش لە جەوهەردا لادان و خیانەتکردنە لە هەموو سەرەتایەک. شیعر هەمیشە دەستپێکردنەوەیە. شیعری ڕەسەن ئەو شیعرانەن کە فۆرم و هەست و ڕوانینە کۆنەکان دووبارەدەکەنەوە، ئاماژەیەکیان تێدا نییە بۆ دوودڵیی و گومان و ترسی سەرەتا کە جەوهەری شیعرە...

**ژیانی مرۆڤ چەند ساتێکەو هەرچییەک بخوڵقێنیت ئەوا بایەک هەڵدەکات و هەمووی لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەم دوو دێڕەم لەداستانی گەلگامێش خواستووە. دەپرسم ئایا شیعر دەتوانێت یادگارێک، شتێک، بنووسێتەوەو ئەو بایە نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات؟**

هەڵبەت دەتوانێت، داستانی گەلگامێش خۆی بەڵگەیەکی ڕوونە کە شیعر دەتوانێت ئەوە بکات. سێ مەرج زۆر گرنگە بۆ پاراستنی هەر شتێک لە مردن... هەڵبەت دوای ئەو سێ مەرجە کۆمەڵێک مەرجی دیکەش دێن. سەرەتا مرۆڤ خەزنەیەکی زۆر گەورەی پێویستە بۆ ئەوەی شتەکان بپارێزێت، ئەو خەزنەیەش هەمیشە ئامادەیە و شێوەکەی دەگۆڕێت و گەورەدەکرێت. سەرەتا کولتووری زارەکی و یادەوەریی و لەبەرکردن بوو، دووەم نووسین بوو. دواتر هەڵگرتن بوو لە شێوەی وێنە و تۆماری دەنگ و تۆماری سینەمایی و ڤیدیۆیدا، ئێستاش ئەو یادەوەرییە گەورە و بەرین و شت پارێزەیە کە ئینتەرنێتە، بەڵام هەڵگرتن شتێکە و مانەوە بە مانا پۆزەتیڤ و کاریگەرەکەی شتێکی دییە. شتێک بۆئەوەی بتوانێت بژی و بمێنێتەوە و کاریگەر بێت، دەبێت لە پاڵ هەڵگرتندا ڕێزی مرۆڤەکان

بەدەستبهێنێت. بۆئەوەی شکسپیر بپارێزین و بیدەین بە نەوەکانی دی، دەبێت شتێک لە ناوماندا هەبێت کە رێزی شکسپیرە، رێزی فیکرە، یاخود رێزی شیعر... مرۆڤ دەتوانێت دەستبەرداری هەموو شتێک ببێت و وەک ئاژەڵێک بژی و ئاسوودەش بێت، بەڵام ئەوە رێزە هەم مرۆڤ و هەم کولتوور بونیاد دەنێت... ئەوەی کولتووری زیندوو لە کولتووورە بچووک و نیمچە زیندوو و نیوەگیانەکانی وەک کولتووری کوردی جیادەکاتەوە، رێزە. رێز هەم کەلەپوور دەخولقێنێت و هەم مۆراڵی کولتووریش. واتە مرۆڤەکان ناچاردەکات مولتەزیم بن بە پاراستنی ئیشە جوانەکانی رابــووردووەوە. لە رێزیش گرنگتر ئەو وەڵامە رۆحی و فیکرییانەیە کە شیعر یان ئەدەب بە گشتی دەتوانێت پێمانببەخشێت و بەردەوام بچینەوە سەری. تا عەقڵی مرۆڤ گەورەتر و رووبەری ئیشکردنی زانستی گەورەتر بێت، رووبەری شتە نەمر و گرنگەکان گەورەتر دەبن. ئەمرۆ بەتەنیا عاتیفە یاخود هوشیاری سادە بڕیار لەسەر نەمری تێکستێک یان شیعرێک نادات، بەڵکو رەخنەگران و زانکۆکان و توێژەرەوەکانیش ئەوەدەکەن... شیعر دەتوانێت پرۆسەی گەورەبوون و بەمرۆڤبوونمان تۆماربکات... ناکۆکییە ناوەکی و دەردە رۆحی و تێکچوونە دەروونییەکانمان بنووسێتەوە. شیعر هەمیشە کەرەستەیەکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئەو جێگایەی کە خەیاڵ و گەشەی عەقڵی و رۆحی مرۆڤ پێیگەیشتووە. من باوەڕم بەوانە نییە کە دەرهەق بە پەیامی شیعر رەشبینن... شیعر یەکێکە لە گەورەترین خەزنە رۆحییەکانی ئادەمیزاد، کە مرۆڤ لە ناویدا مێژووی خۆی نووسیوەتەوە.

**ئەمڕۆ زۆر کەس دەبینین شیعر دەنووسن، لە ئاستێکدا زمان و وێنەو خەیاڵێکی نزم و کەم خوێن بەرهەمدێنن، کەچی لەبڵاوکراوەکاندا هیچ رێگرییەک بۆ ئەو بەناو شیعرانە نییەو بگرە هەندێک جار ستایش دەکرێن، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە گەندەڵیی رۆشنبیریی ئێمەیە؟**

ئەو شتانە هیچیان گرنگ نین. من لە سنوورێکی زۆر تەسکدا نەبێت لەگەڵ رێگرتندا نیم. میدیای کوردی و رۆژنامەگەری ئەدەبی ئێمە هەرگیز بنەمای ئەخلاقی و پێوەری فیکریی روونی نەبووە... دواجار هیچ شتێک نییە لە دونیای ئێمەدا بشێت بڵاونەکرێتەوە. هەموو کەسێک دەتوانێت دەستی بە کەناڵێکدا بگات شتەکانی بۆ بڵاوبکەنەوە، بەڵام پێموایە هیچ ستایشێک، هیچ پشتگیرییەک، هیچ لێدانێک، هیچ پلانرێژی و پاشقولگرتنێک ناتوانێت تێکستی خراپ رزگاربکات و تێکستێکی جوان بکوژێت. تێکستی جوان وەک قەقنەس وایە چەند جار

بیسوتێنێت لە خۆڵەمێشەکەی خۆیدا هەڵدەستێتەوە. تێکستی ناشیرینیش وەک کچەمیرزادە ناشیرینەکانی ناو حیکایەتی سەندرێلا وایە، چەند جوانیان بکەیت، چەند بیانڕازێنیتەوە، ناتوانن سەرەنجی کەس رابکێشن. من هەمیشە تێکستی جوان وەک سەندرێلا دەبینم کە دەرفەتێک هەردێت بدرەوشێتەوە. دەشێت ئەم ساتە دوابکەوێت، دەشێت ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دێت. تێکستی راستەقینە و گەورە هەمیشە پردێک لەگەڵ هوشیاری خوێنەرەکانیدا دروستدەکات، لەگەڵ پرسیارە گەورە و ئازارە وجودی و کێشە قووڵەکانیاندا، هیچ نیفاقێکی رەخنەیی ناتوانێت بەری پێبگرێت. لەم پەنجا ساڵەی دوایدا رۆژنامەگەری کوردی پڕبووە لە وتار لەسەر ئەم شیعر یان ئەو بەرهەم، بێئەوەی هیچ یەکێک لەو نووسینانە کاریگەرییەکی گەورەیان بۆسەر ناساندن یان شاردنەوەی ئەو تێکستانە هەبووبێت... لە دونیای ئێمەدا کە نیفاقی رەخنەیی گەورەیە، ئیشی گەورە دەکەوێتە سەر تێکست و نووسەرەکە خۆی... پەیوەندی تێکست و خوێنەر لای ئێمە پەیوەندییەکی راستەوخۆیە، تا ئێستا زۆر کەم بە کەناڵی رەخنەگردا دەڕوات.

**ئەمڕۆ بەتەنیا عاتیفە یاخود هوشیاری سادە بڕیار لەسەر نەمری تێکستێک یان شیعرێک نادات، بەڵکو رەخنەگران و زانکۆکان و توێژەرەوەکانیش ئەوەدەکەن...**

# وەرگێڕان

نیچە
راستی
هونەرو
ژیان

ئەردەڵان فەرەجی

نووسەرێکی
کەموێنە
جۆرج
بەرنارد شۆ

یوسف زەماوەنگەیی

ئیلیاس

هیوا خەیات

دیدار
لەگەڵ
مەنسوور
یاقووتی

مستەفا زاهیدی

من
و
هاوڕێ
شاعیرەکانم

سەلاح جەلال

دیدار
لەگەڵ
لەیلا
عوسمان

غەفور ساڵح عەبدوڵڵا



# نیچە
# راستی هونەرو ژیان

د.جواد. س
و: ئەردەڵان فەرەجی

ئەوەی کە ژیان خۆشدەکات روانینی جوانیناسانە بە جیهان. ئەگەر جیهان لە روانگەی جوانیناسانەوە سەیربکەین، جوانیناسانە و مایەی ژیان و ژیان بە هەموو رەنج و کوێرەوەرییەکانی تەنیا بەمجۆرەیە کە تەحەمول دەکرێت. نیچە نە زمانی ئەندێشە کە هاندەری نووسان بە ژیانی ئاژەڵی و سروشتی و یان مێگەلی، بەڵکو لە گەشە و زۆری ژیان بەرگریدەکات و نرخی ئەویش هەر بەم گەشە و فراوانییە دەزانێت و نە لە دژایەتی لەگەڵ عەقڵی پاڵ لایەنی هەست دەگرێت و دەیەوێت کە ژیان پەیڕەوی لە هەست بێت. هەڵبەت باس لە هەستدەکات کە دەکرێت بە جۆرێکی شەهووانی لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کە لە خزمەتی گرێی ژیاندا بێت، بەڵام گرێ کاتێک کە خۆی عەقڵانی بکاتەوە، لاواز دەبێت.

خەڵکانی عەقڵانی هەموو کات ژیانیان بە بێ نرخ ناساندووە و لەگەڵ ژیان لە رووی گومان و خەمەوە دواون و وتەکانیان پڕاوپڕ بووە لە ماندوویەتی لە ژیان و دژایەتی لەگەڵ ژیان. تەنانەت سوقرات لە سەرەمەرگدا وتی: ژیان

واتە کاتێکی دوور و درێژ نەخۆش بوون. سوقرات فەلسەفەی بە سەرمەشقی مەرگ دەزانی. ژیانی خۆبەخۆی سەخت و دژوار و ترسناک، پڕ هەوراز و نشێو، بەتاڵ و فراوانخوازی ژیانە. گرنگ روانگەی مرۆڤە بۆ ژیان. بە جۆرێک گۆشەنیگا و روانینیمانە بە جیهان کە ئەو خۆش و بەنرخ بۆ ژیانکردن دەبێت، یان ناخۆش و بێرۆح و سارد و بێبایەخ دەیبینین. ئەوەی کە ژیان مومکین و خۆش دەکات روانگە و گۆشەنیگای جوانیناسانەیە بە جیهان. ئەگەر جیهان لە روانگەی جوانیناسییەوە سەیر بکەن، جوانە و بۆ ژیان دەبێت و ژیان بە هەموو رەنج و نەهامەتی و کوێرەوەرییەکانییەوە تەنیا لەم رەوشەدایە کە نرخی ژیان بۆ کردنی هەیە. نیچە لە لەدایکبوونی تراژیدی بە هێنانە ئارای دوو جۆر روانینی دیونیسۆسی و ئاپۆلۆنی لە یۆنانی کۆن کە لە بەرهەمە هونەرییەکانی بەرچاوە، دەیەوێت نیشان بدات کە چۆن یۆنانییەکان لە رێگەی هونەری بەسەر شەپۆلی فەنابوون، کە هەڕەشە لە بنیاتیبوون دەکات، زاڵ بێت. روانینی ئاپۆلۆنی هێمای جیهانی فانتازیا و جیهانی جوانی خەونەکانە. لە خەونەکاندا بوو کە پەیکەری کۆمەندی خودایی بۆ یەکەمجار لە بەرامبەر گیانی مرۆڤدا دەرکەوتن، لە خەونەکاندا، هەیکەلی بەخشندەیی گەورە، ئەندامە بەشکۆکان و بوونەوەرە بان مرۆییەکانی دەبینی. یۆنانییەکان ئەم ئەزموونەی خۆیان کە لە خەونەکاندا پێی گەیشتبوون، لە ئاپۆلۆن وێنادەکرد. ئاپۆلۆن خودای ئەو وزانە بوو کە دەچوونە خانەی چوارچێوە، لە هەمانکاتدا خودای پێشگۆیە. ئاپۆلۆن یەکتای درەوشاوە، سەرچاوەی نوور و رووناکی و هەروەها فەرمانڕەوایی، وێڕای جوانیی جیهان و دەروونی خەیاڵە. نیچە روانینی ئاپۆلۆنی لە سەرچاوەکانی هونەرە وێناییەکان و بەشێکی گرنگ لە شیعر دەزانێت. ئاپۆلۆن سەرچاوەی رەسەنایەتی تاقانە و ئاسوودەیی و ئارامیی مرۆڤی ئاڵۆز لەم پرسەدایە. ئاپۆلۆن وێنەی شکۆمەندی و پیرۆزی رەگەزی تاقانەیە کە شادی و ژیری خەیاڵ، وێڕای جوانییەکەی لە رێگەی جوڵەی چاوەکانی ئەو لەگەڵ ئێمە دەدوێت. دیونیسۆس خودای هێنانە بەرهەم و شەرابە کە ئایینی پەرستگاری ئەو لەگەڵ سەما و مەی خواردنەوە هاوڕێیە. رێڕەوانی ئایینی دیونیسۆس رزگاری مرۆڤ لە مەستیدا و لە خۆی بێ خۆیی و باوەڕمەند بوون بەوەیە، کە دیونیسۆسییەکان دەتوانن بە مرۆڤی داهێنەری خودایی ببەخشن. لە کاتێکدا کە روانینی ئاپۆلۆنی رووناک بین و خوازیاری شەفافییەتە. لە روانینی دیونیسۆیی و موزیک و ئاوازە ئایینییەکەی سەرچاوەی لە شیعری گاڵتەجاڕانە و درامی یۆنانییە. هەر دووی ئەم روانگانە هەڵبەت پاڵ بە بنەمای پەیوەندی یۆنانییەکان لەگەڵ پرسەکان دەداتەوە، کە

لە ژیانی خۆیاندا لەگەڵی بەرەو روون. یۆنانییەکان هەروەها باقی مرۆڤەکانی هاوچەرخی ئۆستوورە لە ڕێگەی خەیاڵ و فانتازیا، هەروەها ئەو دۆزینەوانەیە کە لەم ڕێگەیەوە بۆ ئەوان وەدەست هاتووە، لەگەڵ بوون بەرەو دەبنەوە، ئەوان ئەهلی دڵن نە ئەهلی عەقڵ، لەوانەن وا لایەنگری دۆزینەوە و شەهادەت و ئاشنایی لەگەڵ سرڕ و رازن، نە باسکاری چەمکەکان و بیرکردنەوە و ئەرگۆمێنت و هۆکار و بورهان. ئەم تایبەتمەندییانە لە روانینی ئاپۆلۆنی و دیۆنیسوسی هەڵبەت هاوبەشە. مرۆڤ و تاکی یۆنانی بەپێچەوانەی نیچە لەگەڵ مۆسیقای دیۆنیسۆسی لە خەمی دنیا و رەنج و نەهامەتییەکانی ژیان هەست بە رزگاری دەکات و ژیان سەرەڕای هەموو رەنج و کێشەکانی، بەهێز و چێژبەخشە. هەر بەم پێیە هونەر، ئەو نەجات دەدات و ژیانی بۆ خۆش و چێژ بەخش دەکات.

جیهانی راز و رەمزئامێزی ئۆستوورەکان کە هاوزادی خەونی مرۆڤەکان بوون و مرۆڤ بە دڵەوە لەگەڵیان لە پەیوەندیدا بووە، بە هاتنە ئارایی روانینی نوێ، کە تایبەتمەندی ئەو بەگومان بوون و رەخنە و تاوتوێکردنی چەمەکانی پەیوەندیدار بوو، یەکجارەکی نا، بەڵام بە شێنەیی تێکدەڕمێت و هەموو شتێکی تێدا دەتوێتەوە، تەنانەت هونەریش کە بەرهەمی بێ خۆیی و مەستی پێناسە دەکرێت، لەگەڵ ئاگایی هۆشیاری موتربە دەدرێت و روانینی جوانیناسانەیەکی تر دێتە بوون کە بە پێی ئەو ئەوەی کە بەرهەمێکی جوان بێت، دەبێت توخمەکانی خاوەنی، خاوەندارییەتییەکی گونجاو و لۆژیکی بێت لەگەڵ یەکتر. سوقرات روانینێکی زانستیانەی خستۆتەڕوو کە بە پێی ئەو هەموو شتێک دەبێت بە دەرمانی زانین، پێوانە بکرێت و چی بوونی دیاری بکرێت. دەتوانین راستی هەر شتێک بە عەقڵ بناسین، چونکە دەرمانی کۆتایی عەقڵە. تراژیدی واتە گرنگترین و گەورەترینی هونەری یۆنانییەکان، وەک ئەوەی کە راستی وتە نایەتە گۆ، دەبێت وەلا بنرێت. رۆحی زانستی کە سوقرات بانگەوازی بۆ دەکرد، رووداو دەخاتە پەراوێزی هونەرەکان.

لەگەڵ سوقرات و ئیمانی ئەو بە توانای شیکردنەوەی سروشت، ئەوەی کە بە شێوازی دیالێکتیکی عەقڵ دەکرێت دەست بە ناسنامەی هەر راستییەک دەگات، جیهان ئۆستوورە نابوود بێت و لەناوچوونی ئۆستوورەی شیعر وەک بوونەوەرێکی بێماڵ و حاڵ لە خاکی ئارمانی سروشتی خۆی دەربکرێت. بە ئەندێشەی سوقراتی، بوون و جیهان بوونەتە بابەتی شیکاری مرۆڤ و ئەمە واتە جیایی مرۆڤ لە جیهان و لە بوون و ئەم جیاییەی گەیشتە ئەنجامی سووکایەتی و لە کۆتاییدا رەفزی ئەم جیهانە. نیچە لە بەرامبەردا روانگەری جوانیناسانەی

لە بوون و جیهان پێشنیار دەکات، بە بڕوای ئەو بوون و جیهان تەنیا وەک دوو دیاردەی جوانیناسانە شیاوی سەرنجن. بە واتایەکی تر دەبێت جیهان هەروەک یاری هونەرمەندانە بزانین کە تەنانەت ناشیرینییەکان و ناهاوئاهەنگییەکانیش بەشێک لەم یارییە بێکۆتایی چێژبەخش بێت، چونکە پاساوترین لێکدانەوە و تەفسیر لە بوون و جیهان، لێکدانەوەی ئەو وەک بەرهەمێکی هونەری و یەک یاری هونەرمەندانەیە؟ نیچە بۆ پشت راستکردنەوەی بۆچوونەکەی خۆی ئاماژە بە وتەی هراکلیت دەکات کە ئەویش هێزی جیهانساز وەک منداڵێک سەرقاڵی یاری هەڵدەسەنگێنێت، کە وردکە بەردەکان لێرە و لەوێ دادەنێت و تەپۆڵکەی لم چێ دەکات و دووبارە وێرانیان دەکاتەوە. هەڵبەت لەم لێکدانەوەیەدا تەنیا هراکلیت پێشەنگ و هاوڕێی نیچە نییە، بەڵکو زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی کولتووره جیاوازەکانیش وەک ئەو بیردەکەنەوە.

هەر بۆیە کە جیهان بە بەرهەمێکی هونەری دەشوبهێنێت کە هەموو شوێنێکی ئەو هێمایەکن لە وێنە سەرسووڕهێنەری هونەرمەندانەی هونەرمەندێک کە شیاوی ئەوەیە لە سەری سەما بکەین، لە رووی سەرخۆشی و شادی و زەوقەوە ستایشی بکەین. روانینی جوانیناسانە بە بوون و جیهان لە بەرامبەر روانینی عەقڵی بەم مانایەیە. لە روانینی عەقڵی وەک ئەوەی کە مرۆڤ لەسەر جیهان وەستا بێت و لەو سەرەوە سەیری دەکات و زاڵە بەسەر هەموو جیهاندا، لە حاڵێکدا کە لەو کاتەدا جیهان و بوون زاڵن بەسەر مرۆڤدا و وێناکردنی وەها پێگەیەک بۆ مرۆڤ، تەنیا هێمایەک بۆ خۆبەزلزانی وەهماوییانەی ئەو. بەم روانینەوە سەرنجی بەرەو یەکلایکردنەوەی راسپاردەکانی هەموو شتێک و چارەسەری هەموو پرس و نادیارەکان لە مرۆڤدا پێکدێن. ئەنجامی پراکتیکی ئەم روانینە بە رای نیچە رەتکردنەوەی ژیان و بێبایەخ زانینی ئەوە. لە روانینی عەقڵی هەموو شتێک بە پێی بنەمای هۆکارییەتی شیدەکرێتەوە. بنەمای هۆکارییەتی دەیەوێت بنەمای هۆی هەموو شتێک شیبکاتەوە، بەڵام بنەمای بێ بنەمای بوون لەگەڵ بنەمای هۆکارییەتی ناتوانێت شیبکاتەوە. تەنیا دەتوانێت وەک یارییەک سەیربیکات. یاری کردەیەکە کە لە هەر چەشنە بەچەمک بوونییەک رادەکات، لە چوارچێوەی پێناسە ناگونجێت، ئامانجێکی ئەوپەڕی خۆی هەیە، بەسەر ئەکتەرەکانی ژینگەیدا، بە بێهوودەیی و پووچیش خزمایەتییەکی نییە. مرۆڤ ئەکتەری یاری دونیایە و ئەوانەی کە جێگەی دادوەر و ناوبژیوانیان داگیرکردووە، بە شێوازێکی خراپتر بوونەتە دەستەچی لە دونیا. فەیلەسووفەکان لە سوقراتەوە تا ئێستا لەجیاتی بەشداریی لە یاری دونیا، ویستوویانە دادوەری و

ناوبژیوانی یارییەکە بگرنە ئەستۆ، لە کاتێکدا خۆیان بەبێ ئەوەی کە خۆیان بزانن بوون بە وتەبێژی ئیرادەی بەدەسەڵات کە ئەکتەرە سەرەکییەکانی یاری دونیان. ئیرادەی بەدەسەڵات بە زمانی ئەوان و بۆ پتەوکردنی خۆیان کۆمەڵێک بەهایان دیاریکردووە کە بە ناوی راستی بەناوبانگە. حەقیقەت تەنیا ئەو بەهایانەیە کە بۆ پاراستن و مانەوەی ژیان خولقێنراون. حەقیقەتی ئەو جۆرێک لە هەڵەیە کە بە بێ ئەوەی کە ژیان ئەستەمە. نیچە مەیلی فەیلەسووف و خولیای ئەو بۆ حەقیقەت کە بەرهەمی بەرینیی بیرکردنەوەی ئەوە، هۆکاری پێکهاتنی پەیوەندی نێوان بوونەوەرەکان و رەچاوکردنی روانینی لۆژیکی دەزانێت کە ئەم پرسەش بۆتە هۆی جۆرێک گەشبینی میتافیزیکی بنیاتنراو لەسەر لۆژیک کە بە شێنەیی دەگاتە هەموو شوێنێک و هەموو شتێک لەژێر حیجاب و چوارچێوەی درۆوە شارۆدتەوە. لەوێوەیە کە لۆژیک تاقانە دەسەڵات و خاوەندار و پێودانگ نییە، درۆ وەک حەقیقەت دەناسرێت.

مەبەستی نیچە هەڵبەت دژایەتی لەگەڵ ناسین و زانست نییە، بەڵکو ناوەرۆکی ناسین، بە شتێکی جگە لە کارکردن بە نازناوە خۆشەویستەکان، واتە لاساییکردنەوەیەکی تر لە لاسایکردنەوە نایەنە ئەژمار و هەر بۆیە پەیوەندییەکی لەگەڵ حەقیقەت نییە، دەزانێت. ئەوەی بە ناسینی دەناسین، بەرهەمی سیمایەکە لە حەقیقەی شمەکەکانی لای ئێمە و بە رێگای یەکەم گەیشتن بە خودی ئەوان نییە، بەڵکو رۆڵێکە کە لە خۆمانەوە لە جیهانی دەدەین و خۆمان لەگەڵ جیهان و شمەکەکان دەبینین و لایەکەی تری بە حەقیقەت دەزانین. نیچە ئەم مانایە بەم شێوەیە شیدەکاتەوە: ئەوەی کە فەیلەسووف بۆی دەگەڕێت، حەقیقەت نییە، بەڵکو زۆرتر تێکەڵبوونی جیهانە لەگەڵ مرۆڤەکانی. ئەو تێدەکۆشێت تا بە خودئاگایی بگاتە تێگەیشتنێک لە جیهان. کۆششی ئەو بۆ بادانەوە بەرەو لایەنە ویستراوەکان و توانەوە (جیهان لە زەینی مرۆڤ) دایە. ئەو کاتێک رەزامەند دەبێت کە پرسێک بەپێی هەڵسەنگاندنی نەفس شیکردبێتەوە. هەروا کە ئەستێرە نێوان هەموو جیهان لە خزمەتگوزاری کەسێکی تاقانە دەزانێت، فەیلەسووفیش بە جیهان وەها سەیری مرۆڤ دەکات.

ئێستا لە درک و ئاوزانی نیچە لە حەقیقەت نزیکتر دەبینەوە. یەکەم بە بڕوای نیچە شتێک کە بەناوی حەز بەرەو مەعریفە و حەقیقەت و راستی بوونی نییە، ئەوەی کە هەیە تەنیا مەیل بە باوەڕی راستەقینە و حەقیقەتە. مەعریفەی رەسەن هیچ مەیلێکی بەرەو گرێ (غریزە) نییە. بە واتایەکی تر لە مرۆڤدا تەنیا حەز و راکێشانێک بەرەو لای باوەڕکردن بە حەقیقەت و دروستی ناسین بوونی

هەیە. بە شێوەی سروشتی حەز دەکەین هەندێک شت بە حەقیقەت بزانین و باوەڕ بە ناسینیان بگەینە ئاسوودەیی خەیاڵ. ئەمە پرسێکە کە بۆ ژیانی ئێمە پێویستە و بە بێ ئەو ژیان شادی خۆی لە دەستدەدات. هەر بۆیەیە کە نیچە گرنگی حەقیقەت بۆ مرۆڤ لەمەدا دەبینێت کە بەرزترین و بێ وێنەترین ژیان بەم باوەڕەوە مانا پەیدا دەکات، کە مرۆڤ خاوەنی حەقیقەتە و مرۆڤ پێویستی بە باوەڕمەندی بە حەقیقەت هەیە. هەر چەند کە ئێمە هێشتا نازانین ئەم حەزە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. دووەم ئەوەی کە حەقیقەت تەواو پشت ئەستوورە بە هەڵسەنگاندنی بە پێوانەی نەفس. ئەوەی کە بەحەقیقەتی دەزانین و بە درێژایی مێژوو ئەوها دەناسرێت پشت ئەستوورە بە دوور هاویشتنی ئەحواڵ و تایبەتمەنییەکانی بەسەر جیهاندا و بوونەوەرەکانی جیهان و هەر بۆیەش تەواو مرۆیی و ئافرێنەری بیر و خەیاڵ و زمانی مرۆڤە. حەقیقەت لەشکرێکی پاڵنەرە کە نازناوەکان، نەبینراوە نێردراوەکان و جیهان و جۆر و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی خودی مرۆڤە. کۆمەڵەیەک لە پەیوەندییەکانی مرۆڤە کە بە شێوازێکی شاعیرانە و ئاخێڤەرانەی توند و ئاڵوگۆڕ و جوانکاریکراوە، هەر ئێستا پاش بەکارهێنانی درێژماوە لە روانگەی مرۆڤەکان پرسێکی سەما و یاسایی و پێویست بە ئەنجام دەنوێنێت. هەر بۆیە نیچە حەقیقەت بە کۆمەڵێک وەهم دەزانێت کە ئێمەی وەهمی بوونیمان بیرچۆتەوە، کۆمەڵێک نازناو کە لە زۆری بەکاربردنی بێ توانا بوون، ئەو سکانەی کە نەخشەکانیان سواون و دیار نەماون و ئێستاش ئیتر بێکەڵک کەوتوون و نە ئەو سکە زەربکراوانە و سێهەم ئەوەی کە حەقیقەتی بە ئیرادەی دەسەڵات بۆ چەسپاندن و بەردەوامی لە خۆیان دیاریدەکەن. نیچە بوونی بوونەوەرەکان لە ئیرادەی دەسەڵات دەزانێت. هەموو بوونەوەرەکان هێمای ئیرادە بە دەسەڵاتن و ئیرادە بە دەسەڵات ئیرادە بە دەسەڵاتی زۆرترە و هەر بۆیەش لە دەروونی ئیرادەی بە دەسەڵات، لە ئیرادەی بە دەسەڵاتی زۆرتر شاراوەیە، بەڵام ئەم چوونەی سەرەوە بێکۆتاییە و تەنانەت سست و لاوازیشە ببێتە قوربانی ئەو. ئیرادە بە دەسەڵات بۆ بەرەنگاری ئەم دۆخە باس لە کۆمەڵێک بەها دەکات. بەهاکان هەر ئەوانەن کە بە حەقیقەت دەناسرێن و ناونراون. جیهان وەک ئەفلاتوون، خودای مەسیح، عەقڵ و زانست و پێشکەوتن و دادپەروەری لە خولی نوێ (کە هەر هەموویان حەقیقەت ناونراون) شتێک جگە لە دۆخی بەهاکان لەلایەن ئیرادە بە دەسەڵاتەوە بۆ چەسپاندنی خۆیان نەبوون. هەر بۆیە ئەوەی بە حەقیقەت ناسراوە، تەنیا تەزویر و کۆپی ئیرادەی بە دەسەڵاتە و فەیلەسووف و بیرمەندانەی کە باس لە حەقیقەت دەکەن،

زمانی ئیرادە بە دەسەڵاتن و سەرەنجام حەقیقەت جۆرێک لە هەڵەیە کە بەبێ ئەو، جۆرێکی دیاریکراو لە ژیان نایەتە بوون. بە واتایەکی تر نیچە حەقیقەت نە تەنیا دژوازی هەڵە، بەڵکو بە پلەیەک و فۆڕمێک لە هەڵە جۆراوجۆرەکان دەزانێت. حەقیقەت نەزەرگەیە، نەزەرگە گەلێکی زۆر جۆراوجۆر و جیاواز بوونیان هەیە و لە ئەنجامدا حەقیقەت جۆری زۆر جیاوازی هەیە و هەر بۆیە حەقیقەت بوونی نییە.

موحتاجی هونەرین تا بتوانین بژین. هونەر گەورەترین پاڵنەری ژیانە. هونەر و تەنیا هونەر ئامرازێکی گرنگە بۆ ئامادەکاری و خۆشکردنی ژیان، ئەغوایەکی گرنگە لە پێناو ژیاندا، پاڵنەری گەورەی ژیان. هونەر شازترین هێزی نەیاری گشتی ئیرادە بۆ حاشاکردن لە ژیان. بە واتایەکی تر هونەر لە بەرامبەر ئەندێشە دژە ژیانییەکانی مەسیح، بودایی و بە گشتی نەبوون خوازانە، مانا دەبەخشێتە ژیان. هونەر، رزگارییەخشی مرۆڤە کە تایبەتمەندی پرسیاری هەڵخزێنەر و ترسناکی بوون دەبینێت و هەروەها رزگارییەخشی مرۆڤی پراکتیکییە کە دەیەوێت جگە لە تێبینی تایبەتمەندی پرسیار هەڵخزێنەر و ترسناکی بوون، ئەو بژیت. بە شێوەی گشتی نیچە ئیرادە بە، هێما، خەیاڵ، بوون و گۆڕان بە قووڵتر و میتافیزیکتر لە ئیرادە بە حەقیقەت دەزانێت، هەر بۆیەش هونەر لە سەرووی حەقیقەتەوە دادەنێت، بەڵام پرسیارێکی گرنگ کە هەروا بەردەوامە، ئەمەیە کە ئایا نیچە لە ئاوێتەکردنێکی تایبەت کە لە حەقیقەت هەیەتی، واتە ئەوەی کە دەیکاتە سیمای بۆچوونەکەی، درۆ، تەزویر و ئیرادە بە دەسەڵات، لە ئاوێتەکردنی باوی ناسراو لە حەقیقەت کە بە درێژایی مێژووی میتافیزیکیش، بەرین بۆتەوە، بەرهەمێکی وەدەستهێناوە؟ ئایا نیچە ناڕازی بە پرسیاری لە دەروونی حەقیقەتە؟ حەقیقەت لە مێژووی مێتافیزیکی رۆژئاوایی هاوتای نێوان سوژە و ئۆبژە بیری لێکراوەتەوە و بە واتایەکی تر بەردەوام مرۆڤەکان ئەوەی کە پەیدایان کردووە، بەڵام نیچە حەقیقەت بە درۆ (پێچەوانەی راستی) دەزانێت.

بەردەوام مرۆڤەکانی ئەوەی کە دۆزیویانەتەوە رێک بە حەقیقەتیان زانیوە و حەقیقەتیشان هاوتا لە نێوان دۆزراوەکانی خۆیان و راستەقینەی دەرەکی زانیوە. نیچە دەریخستووە کە دۆزراوەی ئێمە تەنیا لە سەر رەهەندی بۆچوونی ئێمە بنیات نەنراوە، هەربۆیە هاوتاییە لە جیهانی دەرەوەی بۆ نییە و هەر ئەم مانایە حەقیقەت بە درۆ دەزانێت، بەڵام بە مانەشەوە نیچە هەروا لە سنووری هەمان ئاوێتەی میتافیزیکی لە حەقیقەتدا دەمێنێتەوەو لە دەروونی حەقیقەتدا پرسیار ناکات.

پرسیار لە خودی حەقیقەت، دەتوانین تەنیا دوای تێپەڕین لە میتافیزیک بێنینە ئاراوە. تێپەڕین لە میتافیزیک کاتێک دێتەبەرهەم کە چەمکێک کە بنەڕەتی ئەندێشە میتافیزیکییە بە عەیاری رەخنە هەڵبسەنگێندرێت. هەڵبەت نیچە زۆرێک لەم چەمکانەی زۆر جەسوورانە داوەتە بەر رەخنە، بەڵام هێشتا لە میتافیزیک تێنەپەڕیوە و بە سەریدا زاڵ نەبووە. نیچە کە رەخنەی لە چەمکی حەقیقەت، عەقڵ، سوژە، ئۆبژە، هۆکارییەتی، جەوهەر و... گرتووە، بۆچی هێشتا لە هەرێمی میتافیزیکدایە؟

نیچە ئاوێتەی فەیلەسووفەکان لە مرۆڤ بە مانای ئاژەڵی قسەکەر و بکەر دەناسێت و رەخنەی لێدەگرێت و رەتیدەکاتەوە. لە لایەکەوە رەخنەی لە ئاوێتەی ناسراوی بەرامبەر بە حەقیقەت گرتووە و حەقیقەت بە هەڵە دەزانێت، بەڵام بە هەموو رەخنانەی کە لەم چەمکە زۆر بنەڕەتییەی میتافیزیکییەی هەیە، هەروا بەردەوام لە سنووری میتافیزیکدا ماوەتەوە، چونکە بەرامبەر بە حەقیقەت، بوون، ناخی مرۆڤ، ناسینی بوونی مرۆڤ و هەڵە تێنەپەڕیوە و هەڵبەت تێنەپەڕاندن یان هێرشکردنە سەر بە وەها شتێک، پێویستی بە تێپەڕین لە میتافیزیک و بەڵکو خودی ئەوە. نیچە لە بەردەم دەروازەی تێپەڕین لە میتافیزیکی رۆژئاواییدایە.

سەرچاوە:

ماڵپەڕی رۆشنگەری.



## نووسەرێکی کەموێنە

# جۆرج بەرنارد شۆ



**و:لە ئینگلیزییەوە: یوسف زەماوەنگەیی**

(جۆرج بەرنارد شۆ، ١٨٥٦-١٩٥٠) نووسەرێکە لەدایکبووی ئیرلەندایە، لەدوای (ویلیەم شەکسپیر)، بە گەورەترین و گرنگترین شانۆنووسی بەریتانی دەژمێردرێت. بەگشتی بەرنارد شۆ شانۆکانی بە زەخرەفەی دیالۆگی پڕ واتا رازاندۆتەوە کە تەوەرەکانی زیاتر لەسەر بوار و ئاڕاستەی ئایین، سیاسەت، دراو، زانست، هاوسەرگیریی و هونەر دەدوێن. هەرچەندە شانۆکانی بەرناردشۆ

بە کۆمیدی دادەنرێن، بەڵام ئەو ئەنجامە زۆر جددییانە دەخەنەڕوو کە کاریگەریی لەسەر بیرۆکە و هەڵوێستی ئامادەبووان و بینەری شانۆکانی دادەنێن. بەرنارد شۆ زۆربەی کات لە کارەکانیدا ئەو چەمک و بیرۆکانەی، کە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبووڵ دەکرێن، هەڵدەگەڕێنێتەوە و بینەرانی خۆی توشی شۆکدەکات، لەوێشەوە دەیانگەیەنێت بەئاگابوون. سەرەڕای ئەوەی کە بەرنارد شۆ لەڕێگەی کارەکانییەوە جەخت لەسەر بیرۆکە سەرەکییەکانی دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی حەڤدەوە گرنگترین کۆمەڵی کەسایەتی گرنگ و درامایی لەبیرنەکراوەی دروستکردووە.

سەرەڕای ئەو راستییەی کە بەرنارد شۆ لەمەڕ زۆری بەرهەمەکانی کە نووسیویێتی (کە زیاتر لە ٥٠ بەرهەمی شانۆیی بووە)، ئەو بە رەخنەگرێکی لێوەشاوەی گەورەی مۆسیقا سەیردەکرێت و باشترین رەخنەگری شانۆیی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها باشترین نووسەری نامەی ئەدەبیی بووە.

### سەرەتای ژیانی شۆ:

شۆ لە (٢٦)ی مانگی تەمموزی ١٨٥٦ لە شاری دبلنی ئیرلەندا لەدایکبووە. باوکی کەسێکی پرۆتیستانتی بووە، لە چینی سەروو ناوەڕاست بووە و بازرگانێکی سەرنەکەوتوو و دڵتەنگ و هۆگری خواردنەوە ئەلکهولییەکان بووە. بەرنارد شۆ دوایی خۆی وا وەسفدەکات کە ئەو کەسێکی سەرکەوتوو بووە لە ژیانی رابردوویدا لە کۆمەڵگادا، واتە بە شێوەیەکی نموونەیی پێچەوانەی کەسێکی نموونەییە کە تازە ژیانی خۆش بوویێت و دەوڵەمەند بوویێت، هەروەها دایکی بەرنارد شۆ بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی و داهاتی زیاتر، ماوەیەک خۆی بە وتنەوەی وانەی مۆسیقاوە خەریککرد، دوایی بەرنارد شۆ بەشێوەیەک دایکی خۆی بەخەیاڵ دا دەهات کە دوور و کەم بەزەیی بێت.

دوای ئەوەی لە هەردوو خوێندنگای پرۆتیستانت و کاسۆلیک شۆ ماوەیەک لەگەڵ خوێندن خەریکبوو، پاش ئەوە لە تەمەنی ١٦ ساڵی وەکو نووسەرێکی ئاسایی کاریکرد، ئیتر دوای ئەوەش بۆ خۆی، خۆی فێر دەکرد و ئەوەش هەڵوێستێک بوو کە بەڕاستی پێ دەچێت سەربەخۆیی و رەسەنایەتی بیرەکانی ئەو نووسەرە کەم وێنەیە روون بکاتەوە. دوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەرێتی لە لایەن دایک و باوکییەوە، دایکی خۆی و کچەکانی ناچاربوون سەفەربکەن بۆ لەندەن، هەر لەوێشەوە بەرنارد شۆ لە ساڵی ١٨٧٦ واتە لەتەمەنی ٢٠ ساڵی دا پەیوەندیی بە دایکی و خوشکەکانی کرد.

### کارە سەرەتاییەکانی شۆ:

یەکەم دە ساڵی ژیانی بەرنارد شۆ، واتە لە سەرەتای (١٨٧٦)، پڕ لە ماندووبوون و کوێرەوەریی و هەژاریی بوو. لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٩-١٨٨٣) شۆ پێنج رۆمانی نووسی و رەتکردنەوەی زۆری رووبەڕووبووەوە لەلایەن ناوەندە بڵاوکەرەکانەوە، تەنها دوو لە رۆمانەکانی نەبێت کە قبووڵکران بڵاوبکرێنەوە، ئەوانیش رۆمانی (کارەکەی باشیڵ بایرۆن ١٨٨٢) کە دەربارەی شەڕی بردنەوەی دیاری وەکو کارێک لەگەڵ رۆمانی (سۆسیالیستێکی بە سۆسیالیست نەبوو ١٨٨٣) بوون. هەروەکو بەرنارد شۆ دوای خۆی وتبووی (من ئەو کارانەم کرد، چونکە زانیبووم کە هیچی تر نەبوو تا کاریان لەسەر بکەم و لەوکاتەشدا هەر ئەوەندە توانام هەبوو. رقم لەو کارانە دەبووەوە کە کردبووم و هەستم بە شەرمەزاری کرد دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، چونکە ئەوانە شەقامە پڕ ساتە وەختەکانی لەندەنیان بیری من دەخستەوە کە بە جلوبەرگی شڕ خۆم پۆشیبوو، تەنانەت گیرفانەکانم فلسێکی تێدا نەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو شتانە منیان فێری کار کرد).

لە ناوەڕاستی (١٨٨٠)کاندا، شۆ خۆی بە خوێندنەوەی کارە سیاسییەکانی (کارل مارکس) خەریککرد و گەڕایەوە بۆ پڕوپاگەندەی وتاری گشتی سۆسیالیستی و کاری رۆژنامەوانی رەخنەیی، هەروەها بەرنارد شۆ دوایی بوو بە بڕوادارێکی جددی رووەکخۆر(vegetarianism) و هەرگیز لە ژیانیدا کهول و قاوە و چای نەخواردەوە. لە (١٨٨٤)دا شۆ پەیوەندیکرد بە ریزەکانی رێکخراوی (فابیانی سۆسیالیست) کە تایبەت بوو پەروەدەی سۆسیالیستی و ریفۆرمی دیموکراسی کە تازە دامەزرابوو، بۆیە شۆ لەوێ لە کۆمیتەی جێبەجێکاریی کاری دەکرد لە نێوان(١٨٨٥-١٩١١). رێکخراوی (فابیان) کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی بوو کە لە گۆشەنیگای ئەوەوە سەرمایەداریی و کاپیتاڵیزم هەلومەرجی نادادپەروەرانەی لە کۆمەڵگادا دروستکردبوو. ئامانجی ئەندامەکانی ئەم رێکخراوە ئەوە بوو کە حکومەت و کومەڵگایەکی ئینیقالی دروستبکەن بەشێوەی پلە پلە و کارەکانیان فراوانتر نەکرد بۆ شۆڕشێک.

بەرنارد شۆ پشتگیریی لە مافی ژنان و یەکسانی داهات و کۆتاییهێنان بە هەبوونی موڵکداریی تایبەت دەکرد. هەروەها شۆ داوای ئەوەی دەکرد کە رێنووسی وشەی زمانی ئینگلیزی سادەتربکرێت، چونکە وای دەبینی کە ئەوە رێگەکە خۆشتر دەکات بۆ هێنانەدی دیموکراسی، هەر لە رێگەی هەردوو دامەزرێنەرانی رێکخراوی (فابیان)، (سیدنی وێب و بیتریس وێب)، چاوی بە

خانەدانێکی ئیرلەندی کەوت بە ناوی (چارلۆت پەین تاونشێند)و لەگەڵیدا ژیانی هاوسەریی پێکهێنا.

لە ساڵی (١٨٨٨-١٨٩٠) و لەژێر نازناوی (دەنگی کلارنێت Corno din Bassetto)و کورتکراوەی ناوی خۆیەوە، کاری رۆژنامەنووسی شۆ سەرەتا لە کاری سادەی پێداچوونەوەو رەخنەی هونەریی و کاری پایەی مۆسیقیدا دەستیپێکرد، ئەو بەتایبەتی لەسەر ئەو مۆسیقایانە کاری دەکرد کە بە پلەی یەکەم پەسەندیدەکردن وەکو مۆسیقاکانی ئاوازدانەری بەناوبانگی ئەڵمانی (ریچارد واگنەر) و هەروەها لەکاری ئەدەبیش دا زۆر لەلایەن کارەکانی شانۆنووسی بەناوبانگی نەرویجی (هێنریک ئیبسین). هەرچەندە (ریچارد واگنەر) ئەو کاتە تەنها وەکو شێتێک سەیردەکرا، کارەکانی (هێنریک ئیبسین)یش جۆرێک بوون لە توندوتیژیی، بەڵام بەرنارد شۆ توانی هەڵوێست و تێڕوانینی خەڵک و راگەیاندنەکان بەگشتی بەرامبەر ئەو دوو کەسە بگۆڕێت.

لە ساڵی (١٨٩٨) بەرهەمی شانۆیی رەخنەیی شۆ بە ناوی (واگنەرێتی تەواو) دەرکەوت کە بەرهەمێکی هونەرییە و تیایدا شۆ مۆسیقاری ئەڵمانی دەکاتە پاڵەوانی هەرەمەزن، چونکە شۆ توانیبووی پۆستی رەخنەیی لە ساڵانی (١٨٩٥-١٨٩٨) لە بڵاوکراوەی (ساتەردەی ریڤیو) بەدەست بهێنێت. سەبارەت بەو مەبەستەی کە لە پێشەوە ئاماژەی پێدرا بۆچوونەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە. هەروەها لە بەرهەمێکی کاریگەری تری دا بەناوی (زە کویتسنس ئۆڤ ئیزبینیزم، ١٨٩١)، شۆ کارەکانی (ئیسبین)ی شیکردەوە کە ململانێ و دژە تەوژمی بڕوا قبوڵەکان باس دەکات، لەهەمان کاتیشدا شۆ بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە چەپڵەی بۆ بۆچوونە دژەکانی (ئیسبین) لێدابوو.

### یەکەمین شانۆکانی (بەرنارد شۆ):

هەرچەندە لە سەرەتاکانی (١٨٩٠) شۆ بەتەواوی وەکو وتەبێژ و رۆژنامەوانێک لەناو جەماوەردا دەرکەوت و ناوبانگی پەیداکرد، بەڵام کارە شانۆییە سەرەتاییەکانی سەرکەوتنێکی کەمیان بەدەستهێنا. بەشێوەیەکی گشتیی کارەکانی لە روانگەی مامەڵەکردنی شیکارکراو توانیان بینەران و ئامادەبووان بحەپەسێنن، چونکە بیرۆکەکانی تا رادەیەکی زۆر بۆ ئەو کاتە نوێ بوون و نەگونجاو بوون بۆ سەر شانۆ، هەروەها لەلایەکی تریشەوە ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامان بوو، بەکارهێنانی زۆری گاڵتەجاری زیرەکانە و هەبوونی دژیی و پارادۆکس بوو لە بەرهەمە شانۆییەکانی شۆ دا، کە یەکبینە وای لە

هەواداران و بینەرانی شانۆکانی دەکرد کە زۆر دڵنیا نەبن لە بیرۆکە و دیدەنیگا و جددیاتی مەبەست و نیازەکانی شۆ، بۆیە بەرهەمە سەرەتاییەکانی شۆ کەمتر نمایشکران و بەشێوەیەکی گشتیی وەکو بەرهەمێکی پێویست سەیر نەدەکران. یەکەم شانۆیی، (ماڵی بێوەپیاوەکان، ١٨٩٢)، شۆ کەرەستە سەرەکییەکانی لە (ئیسبین)ەوە هێنا بوو ئامادەبووانی بەشێوەیەک چاوبەست کردبوو کە خەیاڵ نەڕواتە سەر ئەزموون و عادەتی ئینگلیزی ئەو کاتە. لە بەرهەمێکی تری دا کە شانۆییەکە بەناوی (کاری خاتوو وارن، ١٩٠٢)، شۆ تەوەری سەرەکی دەیخاتە سەر کاری سۆزانی، بەڵام ئەمکارەی شۆ رێگەی پێنەدرا بۆ ئەوەی نمایشبکرێت و وەکو گوناه و لادانێک سانسۆری لەسەر دانرا.

هەندێکیتر لە کارە شانۆییەکانی شۆ وەکو (شانۆکان، خۆش و ناخۆش، ١٨٩٨)،(کاندیدا، فیلاندەرە، چەک و مرۆڤ، پیاوی چارەنووس، هەرگیز ناتوانی بیڵێیت) (سێ شانۆ بۆ پیوریتانەکان)،١٩٠١: (قوتابی شەیتان) کە یەکەم شانۆی شۆ بووە بتوانێت داهاتێکی باشی هەبێت، (قەیسەر و کلیۆپاترا)، (گۆڕانی کاپتن براسباوند)، (پیاو و باڵامرۆ)، (دوورگەکەی تری جۆن بوڵ، ١٩٠٤)، (بەزمەکەی دکتۆر، ١٩٠٦)، (مەیجە باربەرا)، (ژنهێنان ١٩١٠)، (میسالیانس، ١٩١٠)، (یەکەم شانۆی فانی)، ئەمانە و دەیەها بەرهەمی تری.

(بەرنارد شۆ)، لە ٢ ی مانگی یازدەی ١٩٥٠ لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا، لە ناوچەی (ئایۆت)ی (سەینت لۆرێنس) لە ماڵەکەی خۆی دا گیانی بە خاک سپارد.

**سەرچاوە:**

http.//searchbar//www.google.com//Bernard Shaw’s life and .works

## مەنسوور یاقووتی:

# پێویستمان بە توانایی‌ەکی تیۆری‌و زانستی جیهانییە بەوەی دۆنکیشۆتەکانی وڵاتەکەمان بنێرینە شەڕ لەگەڵ ئاشەباکان



**سازدانی: سەعید ڕەزایی**
**و: مستەفا زاهیدی**

**لەئێستادا چی دەکەیت و بە زۆریی بە چییەوە سەرقاڵیت؟**

لەم ڕۆژە تاڵ و ناخۆشانەدا، کە تاریکییەک هەموو دونیای داگرتووەو مژێکی بەربڵاو دەبیندرێت، لەلایەکەوە سەرقاڵی ئیشکردنم لەسەر دیوانی حافز، چونکە هیچ کۆپییەک لەم دیوانە جێگای باوەڕ نییە، هەموو کۆپییەکانی ئەم دیوانە هەر لە حافزی قەزوینییەوە بگرە تا دەگاتە پژمان بەختیاری و خانری، ئەنجەدی شیرازی و بەهادین خورەمشاهی و قودسی، جێگای باوەڕ نیین. ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و زەحمەتە کە ئەو بەڕێزانە کێشاویانە. لەلایەکی ترەوە لەسەر نووسینەکانی خۆم کار دەکەم. دووبارە بە ڕۆمانی (وەرزێر)دا دەچمەوەو هەموو ڕەگە توند و ڕۆمانتیکەکانی لێدەردەکێشم. ڕێگەی چاپیشی پێدراوە.

**رەنگە ئەگەر لەگەڵ سەردەمدا بویتایە ئێستا زۆر زیاتر لەسەر زاران دەبوویت، وا باشتر نەبوو؟**

ئەوانەی زۆر لەسەر زارن و باسیان لێدەکرێت بەکوێ گەیشتوون و چ دەستکەوتێکی سەیریان بەرهەمهێناوە یان چ میراتێکی گرانبەهایان لە خۆیان بەجێهێشتووە؟ بە داخەوە دەبێت بڵێین هیچ توانایەکی سەیر و سەمەرە لە دڵی ئەم شەپۆلانەوە، کە لەسەر بوورسن و لەسەر زارن لە هەر کام لە بوارەکانی شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، سینەما، رەخنەی ئەدەبی و.. سەریهەڵنەداوە. چاو لە پارامێترە جیهانییەکان بکە و هەر بەم پارامێترانە لە چیرۆک و شیعر و بوارەکانی تری هونەر لە ئێران بڕوانە. سەرەڕای هەموو ئەم هەڵەخەرجی و پڕووپاگەندەی بەربڵاوە، کام توانای سەیرو سەمەرە دەرکەوتووە؟ تەنها پارەیان سەرفکردووە. ئێستاش کە ئێستایە سادقی هیدایەت و سادقی چووبەک لە چیرۆکدا قسەی یەکەم دەکەن، هێشتا غوڵام حوسەین ساعیدی باشترین فیلم نامە نووسی ئەم وڵاتەیە، لە بواری شیعریشدا فرووغ فەروخزارد و نادر نادر پوور و نوسرەت رەحمانی و هووشەنگ ئێبتهاج و ئەخەوان سالس و... قسەی یەکەم دەکەن.

**چ بکەین لە بە پیرۆزکردن لە ئەدەبی ئێراندا؟ پرسێکی فەنتازیایی کە کەسایەتییە دیارەکانی ئەدەبی ئێرانی گەمارۆداو و ئەگەر لێیان نزیک بیتەوەو رەخنەیان لێبگریت هەزار و یەک قسەت پێ دەڵێین بەوەی بۆچی سووکایەتیت بە فلانە نووسەر کردووە، تکایە ئێوە بڵێن چی بکەین لەم بابەتەدا؟**

تەنها لە هەلومەرجێکی تەواو دیموکراسی و لە بەستێنی رەخنەی زیندوو و زانستیانەدا دەکرێت ئەم شێرە بەفرینانە ببن بە ئاو. ئەم پەیکەرانە هەندێکیان تەنها لە زستانێکدا لە دایکبوون کە دەرگا و دەمەکان داخراون، بەردەکانیان بەستۆتەوەو سەگەکانیان بەرداوە.

پێویست بە توانایەکی تیۆریک و زانستی جیهانییە بەوەی دۆنکیشۆتەکانی وڵاتەکەمان بنێرینە شەڕ لەگەڵ ئاشە باییەکان. نەخۆشی بە پیرۆزکردن نەخۆشییەکی تایبەت بە جیهانی سێیەمە. لە وڵاتە ئازادەکاندا کە هەر ئایدیا و رەوتێک بە شێوەیەکی ئازادانە دەکەوێتە بەر رەخنە، ئەم نەخۆشییە نییە. نابێت زۆر نیگەران بین، ئەمانە بڵقی سەر ئاون ، دێن و دەڕۆن، لە وەهمی مالیخولیایی و خەیاڵی جادوویی خۆیاندا لایان وایە پیرۆزن. نا وانییە! بەختەوەرانە جیهانی ئەمڕۆ جیهانی پێوەندییەکانە و ئەوەی کە دەڵێن جیهان بووە بە گوندێک بە راست قسەیەکی لە خۆڕا نییە. لە جیهانی ئازاددا تەنها لەژێر تیشکی رەخنەی بە کۆمەڵدایە- رەخنەیەکی بێ رەحمانەو بە ویژدانانەو هەڵبەت مێژوویی، زانستی و تەکنیکی- کە ماهییەت و چییەتی

دیاردەیەک دەردەکەوێت. سەردەمانێک ئێران لە باری هونەرییەوە تاکە سوار بوو، لە بواری چیرۆک و شیعر و بیناسازییدا تاقانە بوو، بە کەسانێکی وەک فیردەوسی و خەیام و سەعدی و کەسانی تر و بەرهەمەکانی تەخت جەمشید و تاق وەسان و قەلای شاپوور و ئەرگ بم و... لە جیهاندا دیار بوو، ئەمرۆ چ دەستکەوتێکمان هەیە؟ ئەویش بە بەراورد لەگەڵ مایکل ئانجیلۆ و بێتهۆڤن و مۆزارت و باخ و سینەمای پێشکەوتووی جیهان و چیرۆکنووسانی روسیا و فەرەنسا و ئەمریکا؟.... کامەیان پیرۆزە؟ ئەمە وەهم و دڵخۆشکردنە. چیرۆک نووسینمان لە سەرەتای رێگا دایە و سینەمامان نییە، شانۆ کە لە هیچ کوێ دیار نییە و بیناسازیمان کە هەر زۆر خراپە... دەبێت چ بکەین؟ دەبێت دەرگاکانی رەخنە ئاوەڵا بکەین.

**رەخنەی ئەدەبی بۆ وای بەسەر هاتووە؟ پێت وا نییە زۆربەی ئەم کەموکووڕی و گرفتانە بە هۆی نەبوونی رەخنەوەیە؟**

پێداهەڵدان و وەسفکردن جێگای رەخنەی ئەدەبی گرتۆتەوە. شتێکمان نییە پێی بوترێت رەخنەی ئەدەبی. رەخنەی ئەدەبی لە کەش و هەوایەکی تەواو دیموکراتیدا دەتوانێت گەشە بکات و بە شێوەیەکی تەواو ئازاد دەرکەوتنێکی عەینی و ئۆبژەکتیڤی ببێت. هەلومەرجی کۆمەڵگای ئێمە دەبێت بە شێوەیەک بگۆڕدرێت کە راگەیاندنەکان، تەلەفیزیۆن و رادیۆ، کەش و هەوای پەروەرد و فێرکاری بتوانن بێ ترس و بێ هیچ دڵەڕاوکێیەک مشتومڕ بکەن. تا ئەو کاتەی سەرجەم کۆمەڵگا دیموکراتی نەبێت، بەستێن بۆ رەخنە ئامادە و لەبار نابێت. لە نەبوونی بەستێن و فەزای رەخنەدا درۆ، دووڕیی، زمانلووسی جێگای رەخنە دەگرێتەوە و دەبێت بە بەها و رەخنە دەبێت بە شتێکی خراپ . تا ئەو کاتەی زەمینەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای دیموکراتی لەبار نەبێت و هێزە بیرمەندەکانی کۆمەڵگا نەتوانن هەست بە ئاسایش و ئەمنییەت بکەن و کێشەکان بدەنە بەر رەخنە، لە هەموو پانتاییەکانی کۆمەڵگادا دەبێت چاوەڕوانی کەموکورتی تازەتر بین.

یەکەم یەکەیەک کە دەبێت رەخنە لەوێوە دەستپێبکات و بکەوێتە بەر تیشکی رەخنە سیستمی پەروەردەو فێرکارییە. سیستمی پەروەردەو فێرکاری دەبێت سەربەخۆ و مۆدێرن و تەیار بە نوێترین ئامرازەکانی راهێنان و فێرکاری بێت و مامۆستاکان دەبێت بتوانن بە شێوەیەک ئازادانە لەسەر پۆلەکانی خوێندندا باس لە کێشە جیدییەکانی ژیانی رۆژانە و کولتووری کۆمەڵگا بکەن. رەخنە کاتێک گەشە دەکات کە کۆمەڵگا شانازی بە رەخنەگرەکانییەوە بکات و رێز لە رەخنە بگرێت، نەک ئەوەی هەر رەخنەیەک بە مەبەستی باشتر بوونی ژیان، سزای بە دواوە بێت و رەخنەگر لەناو ببرێت و مافی ژیانی لێ زەوت بکرێت.

**ئایا لەگەڵ من هاوڕا و هاودەنگی کە ڕووناکبیران ئەمڕۆکە تەنها کایە بە ناوەکان دەکەن و ئەوەیان بە لاوە گرنگ نییە بەرهەمەکە چۆنە؟ تەنها ئەگەر کەسێک ناوی لەناو ریزی دۆستاندا نەبوو مەحکووم دەکرێتە. جا گرنگ نییە چی وتووە. ڕۆژانە ئەم هەڵسووکەوتە دەبینم و هەستی پێدەکەم. واتە هەڵسووکەوتە دژە ڕووناکبیری. ئێوە چی، وەها بیردەکەنەوە؟**

ڕاستت دەوێت ئەم بۆچوونەی تۆم بە لاوە سەیرە. من لە ئێستادا لە ئێران و لە کەش و هەوای ئێراندا ڕووناکبیرێک نابینم. یەکەم مەرجی ڕووناکبیر بوون، ڕەخنەی زۆر جیدی لە پرسەکان و مشتومڕ و هێنانە بەر باسی ئایدیای نوێ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆچوونە باو و پەسەندەکاندایە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەرفەتێک نییە بۆ پێشکەشکردنی ڕەخنە، تا ئەو کاتەی بیرمەندانی ئێمە نەتوانن جیدی ترین پرسەکانی تایبەت بە وڵات یان جیهان لە کەش و هەوایەکی دیموکراتیکدا ببەنە ژێر پرسیارەوە بیدەنە بەر ڕەخنە، ناتوانین باس لە دیاردەیەک بکەین بە ناو ڕووناکبیری. لە ئەمڕۆدا ڕووناکبیری بووە بە چەمکێک کە لە باسە تیۆرییەکاندا بە شێوەیەکی نائاگاهانە بەکار دەبرێت. مەرجی ڕووناکبیر بوون گومان کردنە لە بونیادە پەسەندکراو و باوەکان و ڕەخنەگرتنی نەترسانەیە لە بابەتەکان، هەڵبەت لە کەش و هەوایەکی دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ. بۆ پێشکەشکردنی باس و ڕەخنە سەرەتا دەبێت فەزایەکی پارێزراو و ئاسایش بوونی هەبێت. لە ئێران وەها ژینگەیەک بوونی نییە. ڕۆشنبیری بەرهەمی هەلومەرجی دیموکراتی و زادەی هەلوومەرجێکە کە لەو هەلوومەرجەدا بەهایەکی جیددی دەدرێت بە ڕەخنەو بیرمەندان و بیریاران لە وەها کۆمەڵگایەکدا ڕێزیان لێدەگیرێت، نەک ئەوەی مەحکووم بکرێن بە تەریک کەوتنەوەو ژیانی بە ناچار لە ماڵەوەو دانیشتن لەبەر تەلەفیزیۆنێکدا کە تەنها مشک و پشیلەو چیرۆکی دووبارەی زەماوەند و جیابوونەوە بڵاودەکاتەوە. ژینگەی ڕۆشنبیری بەرهەمی هەلومەرجێکە کە گرنگی دەدرێت بە کولتوور و پارە تەنها پێوەری بەها نییە.

**بۆچی لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان دوور کەوتوویتەتەوە؟**

نە کۆڕ و کۆمەڵی زیندووی ئەدەبی دەناسم کە بێ ترس لە هیچ ناو و ناتۆرەیەک بتوانم تێدا بەشداریی بکەم و شتی لێ فێر بم و بەو پەڕی ئاسوودەییەوە دەرگای ڕەخنە و دەنگی جیاواز بکەینەوە، نە کۆڕ و کۆمەڵی ڕووناکبیرانە یان تەنانەت شێوە ڕووناکبیرانە بوونی هەیە کە بکرێت باسی فیکری و تیۆری تێدا پێشکەش بکرێت بێ ئەوەی لە تۆمەت و ناتۆرەکان بترسێت بە شێوەیەکی ئازادانە باس لە کێشەکانی خەڵک و جیهان بکرێت.

راستییەکی تاڵ و دڵتەزین ئەوەیە کە ئەمڕۆکە کۆمەڵێک تاقم و دەستەی تایبەت چەتریان بە سەر کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی ئێراندا کێشاوەو بە زۆری پەرە بە بۆچوونی دواکەوتووانەو باو دەدەن، لە شیعر و چیرۆکدا خوازیاری سڕینەوەی ئایدیان، هەوڵیان ئەوەیە هونەر بە دوور بێت لە روانگەکان و وەک سێوێکی کرمۆڵ کە کرم ناوەکەی خواردووە و پووکاوەتەوە ئەدەب و هونەر لە هێزی ژیان و شیرەی ژیان دوورکەنەوە. کەسانێکی نەخوێندەوار، هەلپەرست، بەرچاوتەنگ بە بیرکردنەوەی دۆگماو چەق بەستووەوەو ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە دەگێڕن و بەر بە هەر جۆرە رەخنەیەکی بونیادنەر دەگرن و جگە لە کاوێژکردنی ئایدیا کۆن و سواوەکان هیچ شتێکی نوێ و زیندوویان پێ نییە بۆ وتن. دەمارگرژی و تاقم و تاقم بازی یەکێکی تر لە نەخۆشییەکانی ئەم کۆڕ و کۆمەڵانەیە. هەر بۆیە لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا لەناو دڵی ئەم هەمووە کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییە هیچ توانایییەکی سەیر و سەمەرە سەریهەڵنەداوە. ئەگەر کەسێکی دیار لەو دڵی ئەم کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییە هەڵقوڵاوە تۆ ناوی ببە.

**باروودۆخی ئەمڕۆکەی ئەدەبی داستانی ئێران چۆن دەبینیت؟ ئاخۆ هیچ بەرهەمێکت دیوە سەرنجت رابکێشیت؟**

لە ئەدەبی داستانی ئەمڕۆدا ژیانی خەڵک بە وێنا ناکێشرێت. خەڵکی ئەمڕۆکە کێشە و گرفتی تاڵ و ناخۆشیان هەیە. تەنها پێویستە چیرۆکنووس چاو لە چواردەوری خۆی بکات و بڕواتە ناو قووڵاییەکان و پێوەندییەکی ئۆرگانیک بگرێت لەگەڵ ئەوانەی هیوایەکیان نییە بە داهاتوو. جەهەنەمێکی بۆ دەردەکەوێت کە گرەکەی تووشی سەرسووڕمانی دەکات. من لە شوێنێکی تر وتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە بەشێک لە نووسەرەکانی ئێمە لە سەد ساڵ لەوە پێش دا دەژین بێ ئەوەی بیانەوێت رۆمانی مێژوویی بنووسن. تووشی جۆرێک پاشەکشە هاتوون و بە دوای بابەتگەلێک دەکەون کە کێشەی مرۆڤی ئەمڕۆیی نییە. مرۆڤی ئەمڕۆیی کێشە و گرفتی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێت لەو کێشە و گرفتانە نزیک بینەوە. بەشێک لە نووسەرەکان تووشی کایە وێنەیی و زمانییەکان هاتوون و لە زماندا بە دوای ئەدەبدا دەگەڕێن. فۆرمالیسم بە جۆرە گاڵتەجاڕ و سووکەکەی بووە بە سەرقاڵی ئەم نووسەرانە، لە ئاستی جیهانییدا بەرهەمی گەورە دەنووسرێت و نووسەرانی گەورە لەگەڵ کێشە گەورەکانی رۆژگاری خۆیاندا دەژین. بەشێک لە نووسەرەکانیشمان وەک هەموو کات لاساییکەرەوەن و چاوەڕێن نووسەرێکی بیانی بەرهەمێک بخوڵقێنێت و ئەوان بە لاسایی لەو نووسەرە کۆپییەکی رووکەش و سەقەت بخەنە بازاڕەوە.

# لەیلا عوسمان:
# نەنکم کوردەو خەڵکی سلێمانییە...



**سازدانی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

لەیلا عوسمان، ژنە رۆماننووسێکی عەرەبی ناسراوی کوەیتییە. ئەم رۆمانانەی نووسیوە: بگرە نامەوێت، بێدەنگی پەپوولەکان، کلێنچکە، دادگا بڕگەیەک لەسەر بوردی واقیع، ٥٥ مەتەڵ، کۆچ، ژن و پشیلە، ژنێک لەناو جامێکدا، بەربەستە رەشەکان، گوڵێک دێتە گەرەک، وەسمیە لە دەریا دێتە دەرەوە، فەتحیە مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێت، خۆشەویستی وێنەگەلی هەیە، هەموو شەوێک روودەدات، کەڵکی خۆشەویستی ناگرێت...

**سەرەتا خاتوو لەیلا لەو هێرشانەی تەوژمی ئسووڵییەوە دەست پێبکەین، هەواڵێک هەیە کە گوایە داوایەک هەبوو لە دادگا دژی تۆ، لە کوەیت رێگریش هەیە لە ژن کە بچێتە پەرلەمانەوە؟**

سەبارەت بە دادگا حوکمەکە تەواو بوو هەزار دینار غەرامەیان لێسەندم لەجیاتی دوو ساڵ زیندانی، ئەو کتێبانەیش کە کێشە دژیان هەبوو لە بازاڕ کۆکرانەوە، لەوەوبەریش سێ کتێبی دیکەم قەدەغەکران، ئەمە تەنها لە بارەی کێشەکەوە، رووداوەکەم قۆستەوە و رۆمانێکم نووسی دەربارەی دادگاییەکە، کە لە ساڵی ١٩٩٨وە تا ساڵی ٢٠٠٠درێژەی هەبوو تا کێشەکە کۆتایی هات. بڕگەیەک لە سەربردەم نووسی، هەموو شتێکم تیا تۆمارکردوە، ئەو رووداوانەی کە بەسەرم هاتوون لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، بەڵام مەسەلەکەی دیکە نەچوونی ژن بۆ پەرلەمان، وەکو دەزانی ئەمە دواکاری ژنی کوەیتیە و تا ئێستا

نەوەستاوە. دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەنی عێراقەوە داواکارییەکە توندتر بوو، بێگومان ژنی کوەیتی ڕۆڵی زۆر مەزنی هەبوو، لە ڕۆڵی پیاو زیاتر بوو لە کاتی داگیرکردنەکەدا، مافی خۆیشی بوو پایەی سیاسی هەبێت، بۆ بڕیاردان، بەڵام ئەم مافەیش ڕەتکرایەوە، لە پڕێکدا زانیمان ئەو پەرلەمانتارانەی کە لەگەڵ مافی ژندا بوون هەندێکیان بێدەنگ بوون، هەندێکی دیکەیان هەوڵیان دا، بەڵام ئەم مەسەلەیە شکستی هێنا و ئەم مافە نەدراو یان ژن نەیتوانی سەرەڕای هەموو تێکۆشانێکی ئەو مافە بە زۆر بەدەست بهێنێت، بەڵام لە ١٥ی مایو میر مەرسومێکی دەرکرد ئەو مافەی دا بە ژن و دژی ئەوە وەستا، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم دژی ژن وەستان، ئەمە بە پێچەوانەی ساڵی ١٩٩٦وە کە تەنها دەنگی سێ پەرلەمانتارمان لەگەڵدا بوو، بەڵام ساڵی ١٩٩٠ (٣٠) دەنگمان لەگەڵدا بوو، ئەمەیش مژدەیەکی خێرە بۆ ژنی کوەیتی و ٩٥٪ هیوایان هەیە کە ئەمە جێگیر دەکرێت. هۆی ڕەتکردنەوەی ئەم مافەیش تەوژمە ئیسلامییەکانە کە هەمیشە دژی مافی ئافرەت دەوەستن. ئێمە کێشەمان لەگەڵ حکوومەتدا نییە، کێشەمان لەگەڵ پەرلەمان و گرووپە ئیسلامییەکانە. سەبارەت بە ئەدەبیش وەزارەتی ڕاگەیاندن هەیە هاندەدا، هەروەها ئەنجوومەنی نیشتیمانی ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب هەیە هاندەدا، نووسینەکانی کوەیتیەکان دەکڕێت و لە حیسابی خۆی کتێبیان بۆ چاپ دەکات، بەڵام کێشەکە لەگەڵ ئەو گرووپە ئیسلامیانەدایە.

**پێش داگیرکردنی کوەیت گەلی کورد تووشی دەردەسەری ببوو، هەروەها گەلی عێراقیش لەسەر دەستی ڕژێمی عێراق. دەمانبیست کە کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی عەرەب لە کاتی جەنگی عێراق ئێراندا سەردانی عێراقیان دەکرد، لەیلا عوسمان یەکێک بوو لەوانە؟**

من بەختەوەر دەبووم کە لە فیستیڤاڵەکانی مەربد ئامادە دەبووم لە ماوەی هەشت ساڵدا، حەزم لێبوو سەردانی بەغدا بکەم، وەکو وڵاتێکی عەرەبی بەر لەداگیرکردنی کوەیت، چونکە بەلانی کەمە بایەخی بە ڕۆشنبیریی دەدا، فێستیڤاڵی شێوەکاری هەبوو، فێستیڤاڵی شانۆ هەبوو و فێستیڤاڵی تر، ئامادەیان دەبووم، بەڵام هیچ سۆزێکم لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا نەبوو. تەنانەت لەناو بەغدایش ئەمەم دەووت، تەنانەت هەندێک لە هاوڕێکانی خۆمم ئیحراج دەکرد، دەیانووت لەیلا ئەمجۆرە قسانە مەکە، چونکە من دژی جەنگی عێراق ئێران بووم، یەکەم وڵات بوو کە تووشی شەڕ بوو یەک دینارم پیتاک نەکرد بۆی. چونکە دژی ئەم جەنگە دەوەستام، لەبەر ئەوەی میللەتانی دەپلیشانەوە و ڕژێمەکانیش لەسەر کورسی

خۆیان دانیشتبوون، تەنها میللەتان لەناو دەچوون و لە حاڵەتی ناخۆش دەژیان، هەندێک میللەتی ناهۆشیار دژی حاڵەتی کوەیت دەوەستان، بەڵام بۆم باس مەکە کە رووناکبیر و بیریاری عەرەب هەبوون راستییەکەیان دەزانی، بەڵام بە داخەوە لەگەڵ رژێمی عێراقی دەوەستان، چونکە رژێمی عێراقی زۆر لە رۆژنامەکانی عەرەب و رۆژنامەنووسانی کڕیبوو، تەپڵیان بۆ رژێم لێدەدا، نرخی ئەو ئاهەنگ و مەدحانەیان وەردەگرت، بەڵام دوای رزگارکردنی کوەیت و ئەوە چاو بینرا کە صەدام حسێن ئەوەی ئەو بە عەرەبی کرد ئیسرائیل و ئەمریکا پێی نەکردوون، ریزی عەرەبی تێکدا، وای لە فەلەستینیەکان کرد کە چۆک دادەن بۆ پرۆسەی ئاشتی. هەردوو گەلی کورد و عێراق لە وڵاتی خۆیاندا تووشی ئابڵووقە ببوون، توانی کوەیت وێران بکات، بەڵام دوای دوو ساڵ بنیات نرایەوە، گەلی کوەیتی ئازادی خۆی گەڕانەوە، یەکەم شت دوای ئەوە کە صەدام کردی برسیکردن و چەوساندنەوەی گەلی عێراق بوو، ئەگەر چی پێش داگیرکردنی کوەیتش چەوسێنرابووە، داگیرکردنەکە بۆ ئێمە زۆر بە ئێش بوو، کۆمەڵێک چیرۆکم نووسی بە ناونیشانی (کۆسپە رەشەکان)، بە گوێرەی توانا ویستوومە دادپەروەر بم، رقێکی تەقێنەر بەرامبەر بە گەلیّ عێراقم نییە، توانیومە جیاوازی بکەم لەنێوان کە رژێم چییەو گەل چییە، پاشان (ئومێدەکانی سەبر)م نووسی هێشتا بڵاونەبووەتەوە، بەڵام هێشتا برینی زۆر هەن، چونکە ئێمە هەست بە لەزەتی رزگاریی ناکەین، یان ئەوەتا ئازادیمان گەڕاوەتەوە، ئێمە دوو کێشەی سەرەکیمان هەیە، وەکو گەلی کوەیتی کە بە دەستیانەوە ئازار دەبینین، ئەویش کێشەی دیلە کوەیتیەکان و گەمارۆی سەر گەلی عێراقە، ئەم هەمووە ئازارمان دەدات، خۆشیمان ئەوسا تەواو دەبێت کە دیلە کوەیتیەکان بگەڕێنەوە.

**خۆم ئاگاداری ئەو نووسینانەت هەم کە لە گۆڤارە عێراقی و کوەیتی و عەرەبییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام سەبارەت بە خوێنەری کوردو عەرەب کۆسپی زمان هەیە، پاشان گەمارۆیەکی رۆشنبیری هەیە لەسەر عێراق، ئەم گەمارۆیە کوردستانیشی گرتووەتەوە، بۆیە بەرهەمە عەرەبییەکانمان پێناگات، دوا بەرهەمەکانی لەیلا عوسمان چییە؟**

١٣ کتێبم هەیە چەندیان کۆمەڵە چیرۆکن و دوو رۆمانیشم هەیە، وەکو وتم رۆمانی(دادگا)یشم تەواو کردوە کە دەربارەی دادگاییکردنەکەی خۆمە، رۆمانێکی دیکەم هەیە کە کاری تیا دەکەم، پرۆژەی ئایندەشم هەیە کە سەربردەی خۆم بنووسم بە خۆشی و ناخۆشیەکانییەوە.

**کێشەی سەختمان هەیە ئەویش بوونی کۆسپی زمانە.**

بۆ ئەوەی رایەڵە هەبێت لە نێوان ئێمە و کوردستان و نووسەرانی کورددا، دەبێت چەند لایەنێک هەبن ئەدەبی هەردوولا وەربگێڕن، ئەدەبی عەرەبی بکرێت بە کورد و ئەدەبی کوردیش بکرێت بە عەرەبی،کێشەی وەرگێڕان و ئەوانەی بڵاویدەکەنەوە هەیە، نرخی کتێب گرانە، من ئاگام لێیە لێرە لە کوردستان کتێب کۆپی دەکرێت و دەفرۆشرێت، چونکە نرخی کتێب گرانە. ئەم هەموو هۆیانەو دووریش و بوونی گەمارۆ لەسەر کوردستان، نەبوونی پۆستە وایکردوە جۆرە دوورییەک هەبێت، لە نێوان ئەدیبانی ئێمەو ئەدیبانی ئێوە. پرۆژەی دیداری دەوری لە نێوان ئەدیبانی کورد و عەرەب، واتا دیدار هەبێت لە شێوەی فێستیڤاڵ و دیدار لە نێوان ئەدیبان و ئەم هاوکێشە ئیلزامییە و کەسییە لە یەکترمان نزیک دەکاتەوە کە بیروباوەڕ و بەرهەمەکانی خۆیان بگۆڕنەوە لەگەڵ یەکتردا، وەکو چۆن لە مەربد رووی دەدا، ئەگەر رژێم چاکەیەکی هەبووبێت ئەدیبان عەرەب و دنیای لەم فێستیڤاڵەدا کۆدەکردەوە.

**ئەم گردبوونەوەیەتان یان ئەم کۆمەڵە رۆشنبیرەی عەرەب و نووسەران و ژنەنووسەرانی عەرەب، چی ئێوەی کۆکردەوەو ئامانجی ئەم سەردانە بۆ کوردستانی عێراق چی بوو؟**

سەردانێکە بۆ ئاگاداربوون و بزانین چی لەم ناوچەیەدا روودەدات، بە چاو بینینی هۆکارەکانی ئەوەی کە روویدا، ئەوەی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە لە ناخۆشی و کێشەو سەرکوتکردن و چەوساندنەوە لە لایەن رژێمی عێراقەوە، پاشان ئەوەی کە لەنێوان براکاندا روودەدات، لە نێوان هەردوولا و هەردوو حیزبدا، بینین و خۆئامادەکردن بۆ رێکخستنی فێستیڤاڵی سەد ساڵەی شاعیری گەورە محەمەد مەهدی جەواهیری، ئەمە جۆرێکە لە بینین، بەڵام من زۆر بەختەوەرم چونکە ئەم سەردانە بەری هەبوو، بەدوور و درێژی لە بارەیەوە دەنووسم بە ناونیشانی (رۆژانەی کوردستان). باسی لایەنی سیاسی ناکەم، چونکە لە سیاسەتدا فاشیلم، لە بارەی ژنەوە دەنووسم لە کوردستان و هەوڵی ژن چییە لە کوردستاندا.

**بیستوومە کە تۆ رەگێکی کوردیت هەیە، ئایا ئەمە راستە؟**

نەنکم، واتا دایکی دایکم خەڵکی شاری سلێمانیە لە بنەماڵەی ئەیوبییەکانە،

مەحموود شەوقی شاعیرێکی گەورەی کوەیتی بوو، بەڵام بە رەچەڵەک کورد بوو. خۆت دەزانی ئێمە تێکەڵین، شتێکت بۆ ئاشکرا دەکەم رۆماننووس (سەنەعەڵلا ئیبراهیم)میسرییە، لە خانەوادەی ئۆرفەلیە بە رەچەڵەک کوردە، بێگومان تۆ دەبینی کە ئەم جیهانە بچووکە... دەتوانم چیرۆکێکت بدەمی بۆ بڵاوکردنەوە کە ئێستا لە لامە. من دەزانم لە وڵاتی ئێوە پێشکەوتن هەیە، چیرۆکەکە نە ئیباحیەتی تیایە و نە دەرچوونە لەباو، لە خۆڕایی تاوانباریان کردم بەوەی کە ئەدەبی ئیباحی دەنووسم، کە من ئەو ئەدەبەم نەنووسیووە، ئەگەر بمویستبایە ئەدەبێکی زۆر بازاڕیم دەنووسی، ئەمە ئاسانترین شتە هەموو کەسێک دەتوانێت بینووسێت، ئەدەبێکی ئیستیفزازی بۆ غەریزە سەرپێیەکان، من دژی ئەم شتەم. من سێکس لە شوێنی خۆیدا بەکاردەهێنم، دەزانم ئەم سێکسە چۆن تەوزیف دەکەم، بە زمانێکی زۆر بەرز دەنووسم. بەدەر لەو زمانەی کە ئیباحیەتی تێدایە، خەڵکانێک دێن و لێرە بەدوای وشەیەکەوە دەگەڕێن، لەوێ رستەیەک و لە سیاقی گشتی دەریدێنن و دەیکەنە رستەیەکی فازیح، ئەمە ئیشی ئەوانەیە، ئەمەیە کێشەی من لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکاندا.

**ئێمەش ئەم کێشەیەمان هەیە...**

ئاواتەخوازم کە رێگە نەدەن بەمجۆرە گرووپانە، چونکە ئێوە ئیدارەیەکی پێشکەوتنخوازتان هەیە.

**بەم رادە دەمەتەقێیە لەگەڵ تۆدا کۆتایی پێدەهێنن و سوپاست دەکەین بۆ ئەم دیدارەو دیداری دیکەمان دەبێت لە هاتنەوەتدا بۆ کوردستان.**

ئینشاڵا و زۆر سوپاس بۆ ئێوەیش...

* ئەم دوو چاوپێکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ٢٠٠٠، کە لە موتێل چنار لە سلێمانی سازدراون.

* سەرچاوە رۆژنامەی الاتحاد ژ: ٣٨٣ و ٣٨٥ساڵی ٢٠٠٠.

# ئیلیاس

**لیۆن تۆلستۆی**
**و: هیوا خەیات**

سالآنێک لەمەوبەر کابرایەکی خەڵکی ((باشگیر)) بە ناوی ئیلیاس لە ناوچەی (ئوفا) ژیانی بەسەر دەبرد، باوکی ساڵێک دوای ئەوەی ژنی بۆ هێنا، کۆچی دوایی کردو میراتێکی وای بۆ بەجێنەهێشتبوو، لەو رۆژگارانەدا ئیلیاس خاوەنی تەنها حەوت مایینو دوو گا و دە بیست سەر مەڕ بوو.

بەڵام چونکە پیاوێکی زەحمەتکێش بوو، هێندەی پێنەچوو دەرگای بەرەکەت بە روویدا کرایەوە، لەگەڵ ژنەکەیدا لە بەیانی زووەوە تا شەو درەنگان کاریان دەکرد، زووتر لە هەموان لەخەو هەڵدەستانو درەنگتر لە هەموان سەریان دەخستە سەر سەرین، بەم شێوەیە وردە وردە بووە خاوەنی دارایی‌و سەروەتێکی زۆر، دوای سیو پێنج ساڵ ببووە خاوەنی دوو سەد ئەسپو سەدو پەنجا گا و هەزارو دوو سەد سەر مەڕ، کرێکارە پیاوەکانی چاودێری

مەڕومالاتەکەیان بۆ دەکردو ژنەکانیش شیری ماینو گاکانیان دەدۆشیو لە شیرەکەی کەرەو پەنیرو (کۆمیس*)یان دروستدەکرد، ئیلیاس خاوەنی هەموو شتێک بوو لەبەرئەوە تەواوی خەڵکی ناوچەکە ئیرەییان پێ دەبرد.

دەربارەی دەیانگووت:

ئیلیاس پیاوێکی خۆشبەختە، خاوەنی هەموو شتێکەو لە هیچی کەم نییە، دەبێت لە ژیانی خۆی زۆر رازی بێت، خەڵکانێکی خاوەن رێزو دەوڵەمەند لە دوورەوە ناوبانگیان بیستبوو تامەزرۆی ناسینی بوون، لە ناوچە دوورەکانەوە بۆ دیداری دەهاتن، ئەمیش بە روویەکی خۆشەوە پێشوازی لێدەکردنو خواردنو خواردنەوەی بەتامی پێشکەش دەکردن.

هەرکەسێک دەهات بۆ ئەو ناوچەیە بە سفرەی پڕ لە کۆمیس، چایی، شەربەتو گۆشتی مەڕەوە پێشوازی لێدەکرا، تا میوانەکە دەگەیشت مەڕێکیان سەر دەبڕی، خۆ ئەگەر ژمارەی میوانەکان زۆربوونایە دەگەیشتە دوو مەڕ یاخود ماینێکیان سەردەبڕی.

ئیلیاس سێ منداڵی هەبوو، دوو کوڕو کچێک، ژنی بۆ کوڕەکانی هێنابوو کچەکەیشی دابوو بە شوو، ئەو کاتەی دەستکورت بوو، کوڕەکانی بە باشی کاریان بۆ دەکرد، شوانی مەڕو مالاتەکەی بوون، بەلام کە دەوڵەمەند بوون نالەبارو خۆپەرست دەرچوون، یەکێک لە کوڕەکانی بووە مەیخۆرو لە شەڕێکدا کوژرا، کوڕە بچووکەکەیشی ژنێکی خۆ خۆشەویستی هەبوو سەرپێچی لە فەرمانەکانی باوکی دەکرد،، ئیتر نەیاندەتوانی لە ماڵێکدا پێکەوە بژین، ناچار ئیلیاس ماڵێکی بۆ دروستکردو بەشێک لە مەڕوماڵەتەکەی دا بەوانو لە سەروەتەکەی کەمبووەوە، دوای ماوەیەکی تر مەڕەکانی نەخۆش یان تێکەوتو مردار بوونەوە، ساڵێک دوای ئەوەش کشتوکاڵ نەکراو (کا) نەبوو، بۆ زستانیش ئافات دای لە گاکانی هەر لەو ماوەیە (قرقیزە)کان چاکترین ئەسپەکانیان دزی، خۆیشی وردە وردە تواناو هێزی لە دەست دەدا، کە پێی نایە حەفتا ساڵ تەنانەت قاڵیو کۆپانو زینی ئەسپەکانیشی فرۆشتبوو، سەرەنجام دوایین مەڕی فرۆشتو نابووت بوو، پێش ئەوەی بزانێت چی روویداوە، ئەوەی کە هەیبوو لە دەستی دابوو، چارەیەکی تری نەبوو جگە لەوەی کە خۆیو ژنەکەی ببنە خزمەتکاری کەسێک، ئیلیاس هیچی نەمابوو مەگەر ئەوەی کە لە بەریدابوو کەڵپوسێکو کلاوێکو جووتێک کلاش (شم شماگی) ژنیشی وەکو خۆی پیر بووبوو، کوڕەکەیشی کە لێی جیابووبووەوە رۆیشتبوو بۆ سەر زەمینێکی دوور، کچەکەیشی مردبوو، کەسێک نەبوو بە فریای ئەو دوو پیرە لەکارکەوتووە بگات.

محەمەد شای هاوسێیان لە بەرامبەریاندا دڵسۆزی خۆی نواند، نە زۆر هەژاو نە زۆر دەوڵەمەند بوو، ژیانێکی خۆش دەژیا، مرۆڤێکی دڵپاک بوو، هێشتا میوان دۆستی ئیلیاسی لە بیرمابوو، پێیگووت:

((لەگەڵ ژنەکەتدا وەرن لە لای ئێمە بژین، ئەگەر دەتوانی کار بکە، هاوینان شوتی بکەو زستانان ئاڵف بدە بە مەڕەکان، شم شماگیش ماینەکان بڕۆشیو لە شیرەکەیان کۆمیس دروست بکات خواردنو جلو بەرگو جێگاتان بۆ دابین دەکەم، ئەگەر شتێکی تریشتان ویست پەک ناکەوێت)).

ئیلیاس زۆر سوپاسی کرد، خۆیو ژنەکەی بوون بە خزمەتکارو کرێکاری محەمەد شا، سەرەتا ئەم کارەیان بە لاوە زۆر ناڕەحەت بوو، بەڵام هێندەی نەبرد راهاتنو رۆژگاریان بردە سەر، تا ئەو ئەندازەی تواناو هێزیان بوو کاریان بۆ دەکرد، محەمەد شا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە کارکردنی ئەو دوو پیرە سوودی زۆری بۆ ئەو هەیە، چونکە خۆیشیان پێشتر دەوڵەمەند بوون سەریان لە کارەکان دەردەچوو، تەمبەڵ نەبوونو ئەوەندەی بیان توانیایە تێدەکۆشان، محەمەد شا کە بیری دەکردەوە ئەوان لە چ پلەو پایەیەکی بەرزدا بوونو ئێستا بەو جۆرە نابووت بوونو زەلیل خەمی بۆ دەخواردن.

رۆژێک بە رێکەوت چەند کەسێکی دۆستی محەمەد شا لەگەڵ پیاوێکی ئیمانداردا لە ناوچەیەکی دورەوە هاتن بۆ سەردانی محەمەد شا ئەویش بە ئیلیاسی گووت مەڕێک سەر ببڕە، ئیلیاس مەڕەکەی سەربڕیو دروستی کردو ناردی بۆ میوانەکان، میوانەکان گۆشتەکەیان خواردو سەرگەرمی کۆمیس خواردنەوە بوون.

ئیلیاس کاری تەواو بووبوو لە بەرامبەر دەرگاکەی کە کرابووە تێپەڕی محەمەد شا ئەوی بینی بە یەکێک لە میوانەکانی گووت:

ئەو پیرە مێردەت بینی کە تێپەڕی؟

بەڵێ، بینیم بۆ دەپرسیت؟

هیچ، رۆژگارێک ئەو دەوڵەمەنترین پیاوی ئێرە بوو، لەوە دەچێت ناوبانگیت بیستبێت؟

بێگومان بیستوومە، بەڵام خۆیم نەبینی بوو، کابرایەکی بەناوبانگ بوو.

بەڵێ، بەڵام ئێستا زۆرنەدارە، خۆیو ژنەکەی وەکو کرێکار لە لای من کار دەکەن، میوانەکە واقی وڕمابوو لەبەرخۆیەوە ورتەیەکی کرد سەرێکی باداو گووتی:

شانسو بەخت وەکو چەرخ لە سوڕاندایە، یەکێک سەردەخاتو یەکێکیش

بەرەو خوار ئەم پیرەمێردە بۆ ئەو هەموو شتەی لە دەستی داوە خەم بارو پێتاقەت نییە؟

کەس نازانێت بێدەنگو ئارام ژیان بەسەر دەباتو باشیش کار دەکات.

ئەکرێ لە گەڵیدا قسە بکرێ؟ پێمخۆشە لە زمانی خۆیەوە گوێم لەسەرگوزەشتەی ژیانی بێت.

بۆچی نا

بانگی کرد بابا (لە زمانی باشگیرەکاندا بە مانای باوگەورە) وەرە پێکەوە دوو پێک کۆمیس بنۆشین، ژنەکەیشت بانگ بکە با بێت، ئیلیاسو ژنەکەی هاتنە ژوورەوە، داوای سەلام کردنو ئەحواڵ پرسی لە خاوەن ماڵو میوانەکانی، دۆعایەکی خوێندو لە نزیک دەرگاکەوە دانیشت، ژنەکەیشی رۆیشتو لە پشتی پەردەکەوە لەگەڵ خاوەن ماڵدا دانیشت.

پێکێک کۆمیسیان دایە دەست ئیلیاسو بە خۆشی خاوەن ماڵو میوانەکانی دوعایەکی خوێندو وەکو رێز نووشتایەوە کۆمیسەکەی خواردو فنجانەکەی لەسەر زەوییەکە دانا ئەو میوانەی کە دەیویست پرسیاری لێبکات، گووتی:

باوە لەوانەیە بە بینینی ئێمە نارەحەت بووبیت، بیر لە سەروەتو سامانی رابردووتو نەداری ئێستات بکەیتەوە.

ئیلیاس پێکەنیو گووتی:

ئەگەر من خۆشبەختیو بەدبەختیتان بۆ پێناسە بکەم بڕوا ناکەن، باشترە لە ژنەکەم بپرسن، ئەو ژنەو ژن هەرچی لە دڵیدا بێت هەڵیدەڕێژێت، تەواوی رووداوەکەتان بۆ باسدەکات.

میوانەکە روویکردە پەردەکەو گووتی:

دایە گەورە خۆشبەختی جارانو بەدبەختی ئەمڕۆتمان بۆ بەراورد بکە.

(شم شماگی) لە پشتی پەردەکەوە گووتی:

ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە منو مێردەکەم پەنجا ساڵ بە دوای خۆشبەختیدا گەڕاین نەماندۆزییەوە، ئێستا کە دوو ساڵە وەک کرێکار مووچەیەک وەردەگرین، خۆشبەختی راستەقینەمان بەدەستهێناوەو لە حاڵی خۆمان زۆر زۆر رازین.

خاوەن ماڵو میوانەکانی لەو قسانە سەریان سوڕما بوو، تەنانەت خاوەن ماڵ هەستاو پەردەکەی لادا تا رووخساری پیرێژنەکە ببینێت.

پیرێژن دەستەکانی خستبووە سەر سینەیو بزەی بۆ مێردەکەی دەکرد، مێردەکەیشی بەدەمییەوە پێدەکەنی.

ژنەکە بەردەوام بوو لە قسەکانی: ((ئەوەی دەیڵێم راستەو گاڵتە ناکەم نیو

سەدە بە دوای خۆشبەختیدا گەڕاینو نەمان دۆزییەوە، ئێستا کە دەستمان کورتەو وەک کرێکارێک کار دەکەین خۆشبەختی راستەقینەمان دۆزیوەتەوە.

میوانەکە پرسی ((بەڵام خۆشبەختی ئێوە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت)).

ژنە وەڵامیدایەوە: ((ئاسانە ئەو کاتەی دەوڵەمەند بووین منو مێردەکەم ئەوەندە سەرقاڵو گرفتار بووین نەماندەتوانی دوو قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین، ئاگامان لە رۆحمان بێت یاخود رووەو دەرگای خودا دوعایەک بکەین، زۆربەی کاتەکان میوانمان هەبوو، دەبوو لە بیری ئەوەدا بین چ خواردنێکیان بۆ ئامادە بکەین، چییان بدەینێ تا دوایی بە خراپە باسمان نەکەن، هەر کە میوانەکان دەڕۆیشتن دەبووایە فریای کاری کرێکارەکان بکەوین، ئەو کرێکارانەی خۆیان لە ئیشەکانیان دەدزییەوەو دەیشیان ویست خۆشترین خواردن بخۆن، ئێمەیش هەوڵمان دەدا زۆرترین کاریان پێبکەین، گوناهمان دەکرد، دەترساین گورگ مەڕێک یاخود گوێرەکەیەکمان مل بشکێنێت، یاخود ئەسپێکمان بدزن، شەو تا بەیانی بەخەبەر بووین نەوەکو گامێشەکان گوێرەکەکانیان پێشیل بکەن، تا بەیانی چەند جارێک سەرمان لێدەدان تا کێشەیەکمان بۆ دروست نەکەن، هەمیشە کارێک تەواو نەدەبوو کارێکی تر دەستی پێدەکرد، خەمی ئەوەمان بوو چۆن بۆ زستان ئاڵفی تەواو بۆ ئاژەڵەکان بخەین.

زۆربەی کاتەکان لەگەڵ مێردەکەمدا ناکۆک بووین، ئەو دەیگووت دەبێت فلانو فیسار بکەین من بە پێچەوانەی ئەوم دەویست، لە دەردی سەرییەک رزگارمان نەدەبوو دەردی سەرییەکی تر یەخەی دەگرتین، گوناهمان لە دوای گوناه دەکرد، هیچ هەواڵێک لە خۆشبەختی نەبوو.

ئەی ئێستا چی؟

ئێستا کە بەیانیان لەخەو هەڵدەستین لەگەڵ مێردەکەمدا دەکەوینە قسەوباسو بە قوربانی یەکتر، چونکە هیچمان نییە شەڕیش ناکەین، بە ئاشتیو سەفا ژیانمان دەگوزەرێنین، نیگەرانیی هیچ نین مەگەر ئەوەی کە بە راستگۆی کار بۆ خاوەن ماڵەکەمان بکەین، تا ئەو سوودو قازانج لە دەستی ئێمە بکات، پاشان لەکار دەگەڕێنەوە بۆ نانی نیوەڕۆ ئێوارە کۆمیس ئامادەیە، کاتێک هەوا سارد دەکات، دارمان بۆ گەرمکردنەوە هەیە کەڵپوسیش بۆ لەبەرکردن، دەرفەتمان هەیە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەین بیر لە رۆحمان بکەینەوەو دۆعا بخوێنین، پەنجا ساڵ بە دوای خۆشبەختیدا گەڕاینو سەرەنجام لێرە دۆزیمانەوە، میوانەکان پێکەنین.

بەڵام ئیلیاس گووتی:

دۆستان پێمەکەنن ئەم قسانە بۆ پێکەنین نەکران، ئەمە قسەوباسێکی گرنگن،

سەرەتا کە سەروەتو سامانەکەمان لە دەست دابوو، لە نەزانینەوە شیوەنو گریانمان دەکرد، بەڵام ئێستا مەیلی خوداوەند وا پەی بە حەقیقەت ببەینو بۆتانی باسبکەین، نەک بۆ ئەوەی پێبکەنین، ئیمان دارەکە گوتی:

بەڕاستی ئەمە قسەی کەسێکی دانایە، ئیلیاس ئەوەی کە راست بووە گوتوویەتی لە کتێبی پیرۆزیسشدا هەر ئەمە هاتووە.

(میوانەکان لە پێکەنین کەوتنو لە بیرکردنەوەدا رۆچوون)

*کۆمیس: جۆرێک خواردنەوەی (کحولییە) لە پێکهاتەی شیری ماین دروستدەکرێت.

سەرچاوە:

بیست و سه قصه‌ی لیون تولستوی، و. همایون صنعتی زاده، چاپ اول، تهران، ١٣٨٦.

# من و هاوڕێ شاعیرەکانم

**جابر محەمەد جابر**
**و: سەلاح جەلال**

لەو ڕێگایەی بۆ دڵم
ژنێکم بینی
بەردێکی سەردەبڕی
وام هەستکرد بەردەکە دەگری
خوێن لە گەردنییەوە دەچۆڕێت
چرپاندم بە سەرمدا
دەبینی...
ئایا مشاری کات ژەنگی هەڵهێناوەو
شەویش شێت بووە

ئەم هەنگاوانە چیانە
لە کانییەکانەوە بەلەتر دەردەچن،
خێرایی ترپەی باکەیە
دوکەڵەکە،
من خۆم بینیم بە لەرزۆکییەوە
هێلکە شەیتانۆکە
لە دزاشەکەیەوە دەردەچوو
بەبێ ئەوەی بیرەوەریی بدڕێنێت
قاو و قیژی زمانم دەبیست
خۆر بەلەمەکانی راو دەکرد
دادەچۆڕا...
وەک ماینێک لە تاریکیدا
ژنەکە... خۆی
پرسیارەکانی سەردەمی رام دەکرد
وە منیش...
گەواهیم دەدا لەسەر لە دەستچوونەکانی پایز.
×××
کۆڵانەکان...
وەک وەرزەکان دەلەرینەوە
ناوسکی خەونەکانیان هاتە دەرەوە
بۆ ئەوەی دەزووی تەمەن بگرن
کێ دوپشکی کات دەگرێت
کات پێوەی دەدات
هاوڕێم جەمال جاسم ئەمین جێدەهێڵم
بە دەوری شەوەکەدا پەرش دەبێتەوە
یاریی بە سەرینی بایەکە دەکات
بەبێ ئەوەی مۆسیقای کۆچی هەتایی
دەربچێت...
ئیبن حەنبەلی لە بەڵاکانیدا بەجێهێشت
قوڕگی زەوییان گرت،

ژنێکی تر...
له دەریاچەکە دەردەچوو
خەنجەری له شەپۆل دەدا
وه کەللەسەری بیابانی دەبەستەوه
سەوزاییەکی دەستکردە
من و هاورێکانم...
پەلەی ئارەزووەکانمان دەکەین
لەسەر دەریای مردوو سەما دەکەین
رەنگاڵە لە قەسیدەکانماندا
دەکرێتەوە...
کە بۆنیان بە ئێمە نامۆ بوو
لەوانەیە له باخچەکانی بەهشتەوە بێت.

سەرچاوە:
أحلام مبلله، شیعری جابر محمد جابر، چاپی یەکەم، بغداد، ٢٠٠٧.

# هونەر



## چریکەی زیندوو
## حەسەن زیرەک

**جەلال هانیسی**



## فۆڤیزم
## نیگارکێشان بە
## رەنگی ئاڵ

**و: تەها ئەحمەد رەسوڵ**

## خولی ٨٢ی فێستیڤاڵی ئۆسکاری سینەمایی٢٠١٠

**ئامادەکردنی: خەسرەو حەمە کەریم**



## دیدار لەگەڵ ڤۆڵکەر شلۆندۆرف

**و: پشتیوان کەمال**

# چریکەی زیندوو

# حەسەن زیرەک



جەلال هانیسی

گۆرانی و ئاوازی کوردی لە سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانییەوە برەوی سەندو لە حەسەن زیرەکدا گەشەیکرد و بە لووتکەی خۆی گەیشت. کە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا وەک کۆلەکەیەکی مۆزیک دێتە ئەژمارو پێناسە و شوناسی مۆزیک و گۆرانیی نەتەوەی کوردی بردە ئاستێکی زۆر بەرز، کە ئێمە وەک نەتەوەیەکی دابەشکراو و بندەست و بێ کیان شانازیی پێوە دەکەین، کە

بووه بە مێژوویەکی درەوشاوه هەتاهەتایە زیندوو و دیاره.

حەسەن کوڕی عەبدوللا ناسراو بە (حەسەن زیرەک) لە رۆژی ١٩٢١/١١/٢٩ی زایینی لە شاری بۆکان چاوی بە رووی ژیاندا هەڵهێنا. هەر لەو ساڵەدا دوو ئەستێرەی تری باخی ئەدەب لە ئاسمانی موکریانەوە هەڵاتن ئەویش (هەژار و هێمن) بوون، ئاخۆ بڵێی ئەم چەرخە چەپگەردە نهێنییەکی تێیدابێت کە هەرسێکیان هیچ کات تووشی خۆشی نەهاتن (قەد لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشیان)، چۆن بۆ خزمەت بە خاک و نیشتمانەکەیان بوونە بۆکرووز و بە رەنجەڕۆیی سەریان نایەوە.

حەسەن زیرەک سەرەڕای نەخوێندەواریی، زۆر باش لە مۆسیقا تێدەگەیشت چ وەک ئاوازدانەر، چ وەک هونەر، چ وەک گۆرانیبێژ، بە وتەی (مامۆستا عەلی مەردان) حەسەن زیرەک لە ئاستێکدایە کە ئینکاریی لێ ناکرێت، ((هیچ کەس بە ئەندازەی مامۆستا عەلی مەردان و حەسەن زیرەک لە رۆحی هونەری یەکتر تێنەگەیشتن))، بە واتایەکی تر مەلەوانی دەریای بێ سنووری مۆسیقاو گۆرانیی کوردی بووه. هەر لە منداڵییەوه لەگەڵ شاعیرانی بۆکان زەماوەندی گێڕاوه و هەمیشه لە دیوەخان و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا گۆرانیی وتووه و زۆریش لەنێو گۆرانیی قاڵ بووه، لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینی کاتێک چووەتە رادیۆی بەغدا و دەستیکرد بە گۆرانیی تۆمارکردن، کە زۆر زوو دەنگی بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاوبووەوەو ناو و دەنگی پڕسۆزی زیرەک هەر رۆژەی دەبووه میوانی ماڵە کوردێک و تژیان دەکرد لە خۆشەویستیی نیشتمان، بۆیە ناوی بە بوولبوولی کوردستان دەرچوو.

لە سێ قوناغدا گۆرانیی وتووه: یەکەم، لە رادیۆی بەغداوه دەستیپێکرد کە ئەم گۆرانیانەی تەنیا هی فولکلۆری ناوچەی موکریان بوون، کە پێشتر لە گەڵیاندا گەوره ببوو. ئاهەنگی خێرا و وشەی سادەو ساکاری بەکاردەهێنا کە تایبەتمەندی و سۆزی جیاوازیان پێوه دیاره، بەڵام مۆسیقاکەی زۆر لاوازه و تام و چێژی کوردانەیان پێوه دیار نییە، بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانیوه لەگەڵ هارمۆنی دەنگی حەسەن زیرەک هەماهەنگیان هەبێت و تەنیا ژەندنێکی ئاسایی بووه.

دووەم، قۆناغی بانگهێشتکردنی بۆ رادیۆی کوردی لە تاران لە ساڵی ١٩٥٨ی زایینی کە کۆمەڵێک گۆرانیی لەگەڵ ئۆرکێسترای رادیۆی تاران بە هاوکاری حەسەن و حوسێن یوسف زەمانی تۆمارکرد، بەڵام هێشتا لەنێو گۆرانییەکاندا نەتوابووەوه، چونکە مۆسیقاکەی شێوەی فارسی بوو، کەمتر توانیویانە

گوزارشتی رەسەنایەتی دەنگی زیرەک بکەن، گەرچی دابەشکردنێکی باشیان بۆ کردووە و مۆسیقاکەی زۆر لە ئاستێکی بەرزدایە.

زۆر گوێی سووک بووە و بە باشی کەموکوڕیی لەنێو موزیکدا دەستنیشانکردووە، هەروەها بە باشی لەگەڵ موزیک هەماهەنگی کردووەو هارمۆنی دەنگی بە تەواوەتی لەگەڵ موزیک کۆک بووە، کە لە هیچ گۆرانییەکدا جێگای رەخنەی نەهێشتووەتەوە، بە واتایەکی تر لە هیچ گۆرانییەکیدا فالڵژی نەکردووە. دەستپێکردن و بەرزکردنەوەی دەنگی و کۆتایی پێهێنانی زۆر ئەکادیمیانەیە، تەنانەت گۆرانییەکی بە دوو یان سێ شێوە دەچڕی، دەڵێی چەندین ساڵ سولفێژی خوێندووە. بە وتەی (حوسین یوسف زەمانی، ئەگەر لەنێو ئەو ئۆرکێسترایەدا ژەنیارێک نۆتێکی کەم لێبدایە، رایدەگرتین)، ئەمە وەک کەسێک کە ئەلف و بێی مۆسیقی نەخوێندبێت جێگەی سەرسووڕمانە و بێوێنەیە.

سێیەم قۆناغ چوونی بۆ رادیۆی کرماشانە، ئەمجارە لەگەڵ بەرهەمەکانی بەغدا و تاران جیاوازی زۆری هەیە، ئەو ژەنیارگەلەی کە کۆببوونەوە و تیپی مۆسیقای رادیۆی کرماشانیان پێکهێنابوو، موجتەبای میرزادە، مەسقەتی، پوولەکی ئیبراهیمی و... ئەم کەسانە کۆڵەکەی مۆسیقی کوردی کرماشان بوون.

ئەو پێشەکیانە (درئامەد) کە بۆ گۆرانییەکانی دانراون، دەتوانم بڵێم کە لە وڵاتانی دەوروبەر چەشنیان کەمە، خودی حەسەن زیرەکیش چ لەنێو گۆرانیداو چ لەنێو مەقامیشدا بە تەواوەتی تواوەتەوە، ئیدی لێرەدا جێگای رەخنەی نەهێشتووەتەوە، لە سلێمانی، سنە و تەورێزیشدا گۆرانیی تۆمار کردووە مۆسیقاکەشی لە ئاستێکی باشدایە، هەمیشە گۆرانییو مەقام و کورتەمەقامەکانی زیندوون و مردنیان بۆ نییە، لەبەرئەوەی رەسەنیی دەنگەکەی رەخنەی مۆسیقا لاوازەکانی داپۆشیوە. دەتوانم بڵێم هەم زمانەکەی زمانێکی یەکگرتووە، هەم مۆسیقاکەی مۆسیقایەکی یەکگرتووە.

ماوەی هەشت ساڵ کە لەکرماشان بوو، زۆربەی هەرە زۆری شارو دێیەکانی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی گۆرانییە فولکلۆرییەکان گەڕاوە، بایەخێک کە حەسەن زیرەک بە گۆرانییو شیعری فولکلۆری کوردیداوە، لە پێش ئەودا بەدەگمەن کەسانێک هەبوون هاوشێوەی، گەلێک گۆرانیی فولکلۆری لە فەوتان رزگار کرد، رچەشکێنێکی بێ وێنە بوو، کە دوای مەرگی کەسانێک وەک ناسری رەزازی و نەجمەی غوڵامیو... پەرەیان پێدا.

سەرەڕای ئەوەی کە شای خۆشخوانان بوو، لە بواری سرووودیشدا چەندین سرووودی تۆمارکردووە (ئەی کوردەکان ئەی بەچکە شێر، ئێران ئێران، نەورۆز)،

یەکەمین گۆرانیبێژە کە لە کوردستانی خۆرهەڵات سروودی وتووە، بەڵام کەس ناوی ناهێنێت!

هەرچەندە خوێندەواریی نەبووە، خۆی گۆرانیی دانـاوە و هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، کە ئەمانە هەڵگری لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو و بەرینن، کە ئاخۆ چی بێت حەسەنێکی ئاوارەو لە ناز بێبەش و خۆشی نەدیو بووە بەم بلیمەتەی کە مایەی شانازیی نەتەوەکەیەتی.

شێوەی وتنی کورتە مەقامەکانی لە ناوەڕاست و سەرەتای گۆرانییەکانیدا بە جۆرێکە کە هەرکەس کەمێک شارەزای لە بواری گۆرانیدا هەبێت لە ڕێوە دەستگاکەی (هەوا) بۆ دیاریی دەکات، کورتەی کورتە مەقامەکانی شێوەی داهێنانێکە کە لە هیچ گۆرانیبێژێکدا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە کاتێک کە (ئەمان ئەمانێک) بە هەناسەیەک دەچڕێت لە ڕێوە دەستگای مۆسیقا دیاریی دەکات.

یا لە تۆنی دەنگدا بەپێی بەرزیی گۆرانییەکە مەقامەکەشی بەرز خوێندووە (لەپڕدا پیریم لێ وەدەرکەوت/بەختیش وەکو خۆم هاتو لێی خەوت/ فتیلەی عومرم هاتۆتە کزیی/ هەر بینا ئەویش لە سووتان کەوت) لە مەقامی ڕاست پێنجگادا دەیچڕێت ئەوپەڕی توانای خۆی وەدەردەخات، کە ئەمە وتنێکی بێ وێنەیە و بە سەدان نموونەی وای هەیە.

لە گشت دەستگاکاندا گۆرانیی وتووە و شارەزاییەکی باشی لێی هەبووە. وەک: ماهوور (دەستەی ئاشقان مەجلیسیان گرت)، شوور (نازدارو نازدار) ئەبۆعەتا (سەرتای بەپای زێڕبێ)، دەشتی (چارۆکێ، شاییە دەگەڕێ، لەنگەر لەنگەر) بەیاتی کورد (ناڵەشکێنە، هەروایە هەروایە)، همایون (کۆرپەی دڵەکەم ئارەزوو، چارۆکە سوور تۆبە بێ، ڕەشم پۆشاوە)، گۆشەیەک لە همایون بە ناوی دادو بێداد (ئای لە مینا) شووشتری، ئەسفەهان (ئەی یار ئەی یار، خانباجی) شوورعەربی (سەبا)، (بیستوومە شرینیت دەخورێت) ڕاست تۆ بیت و سوورەی وەلفەجرێ، دەردت لە ماڵم نەسرین، بۆت دەڵێم نەرمە نەرمە، نەوا (لە بەردەرکییان دارە، داوەکەم داوت هەڵێنە) گۆشەی میهرەبانی لە نەوا (لە سیلەی قەبران)

بۆ هونەرمەندێکی وەک حەسەن زیرەک کارێکی ئاسان نەبووە ئەم هەموو شاکارە بخوڵقێنێت (نە حەرفی مەکتەبێکی خوێند و نە ئۆستادێکیش پەلی گرت)

زیاتر لە هەزار گۆرانیی و مەقامی چڕیوە، کە کەس بە ژمارە هێندەی ئەو گۆرانیی تۆمارنەکردووە و هەموویان شوناسی نەتەوەی کوردن، لە بواری ڕەوانبێژیدا تای نییەو بێوێنەیە، وەها وشە و بنجی وشە دەردەبڕێت مرۆڤ

سەرسام دەکات، بە زمانی حەسەن زیرەک رەسەنایەتی زمانی موکریان دەردەکەوێت! تەنانەت ئەو گۆرانییە تورکی و فارسییانە کە وتوونی تەحریرەکانی بە تەواوەتی کوردین. هێنانی ناوی شار، ئاوایی، کەژ، دەشت، چۆم و رووبارەکان کۆی ئەمانە قامووسێکن بۆ پاشکۆی فەرهەنگی وشەو وشەدانی کوردی.

حەسەن زیرەک ئەو هەموو خزمەتەی بە گەلی کورد کرد، بەڵام داخەکەم بە دڵێکی پڕ لە خەم و گلەییەوە سەری نایەوە، بە حوکمی کوردبوونی هەمیشە ئاوارەو وەیلان بوو، ئاواتنەخۆران و نەیارەکانی لە رادیۆی کرماشان! نەیاندەهێشت تاوێک بسرەوێت، هەر تاوە بە بیانوویەک دەریان دەکرد، ژین و ژیانیان وەها لێی شێواند، مێژووش سەری لێشێوا، هیچ کات نەیتوانیوە قەزاوەت بکات و رووی سپی و رەش وەدەربخات، حەسەن زیرەک مرد و ئەوانیش مردن و ئەمرن! هەر هونەر نەمرە! بەڵام ئەوەی راستی بێت هەتا کورد هەبێت حەسەن زیرەکیش هەر هەیە و تەسکینی رۆح و رەوانی خەڵک و چرای زەوق و شەوقی ماڵیانە.

**زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر**
**ژینت لەپێناو هونەر بردە سەر**
**باوەکو لە ژین نەحەسایەوە**
**پەژارەت زۆر دی زۆر چەوسایەوە**
**رۆژگارت ساتێک بەبێ خەم نەبوو**
**بەڵام لە هونەر هیچ کەمت نەبوو**

بە هەزاران داخ و دەردەوە لە رێکەوتی ١٩٧٢/٦/٢٦زایینی، بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە، نەسرەوتووی بوولبوولی کوردستان و گۆرانیبێژی نەتەوەی کورد دڵی پڕ لە حەسرەت و داخی لە لێدان کەوت و لە سەرگردی ناڵەشکێنەی شاری بۆکان بە خاکسپێردرا.





# فۆڤیزم نیگارکێشان به ڕەنگی ئاڵ

**وەرگێڕانی: تەها ئەحمەد ڕەسوڵ**

فۆڤیزم Fauvism یەکەمین شۆڕشی هونەریی بوو لە سەدەی بیستەمدا، بەکارهێنانی بێهاوتای ڕەنگە ئاڵەکان و ساناکردنەوەیەکی زێدەڕۆیی سکێچ و هێڵکارییەکان ناسنامەیەتی. وەک هەر بزووتنەوەیەکی پڕ بەخشش و بەرهەم،

فۆڤیزم لە یەکگرتنی هاوپەیمانیی و خەون و خولیای هاوبەشی کۆمەڵە نیگارکێشێکی لاوی سەربەخۆ لەدایکبوو، کە لە رەوتێکی نیمچە لێکچوودا رووبەڕووی رەوشی سەردەمەکەیان بوونەوە.

(ماتیس) سەردەستەی فۆڤیزمییەکان بوو کە لە هۆڵی (پایز)ی بەناوبانگدا ساڵی ١٩٠٥ بوونە جێی بایەخ و دیدگای هونەردۆستانیان چنییەوە... توندوتیژیی هەڵقوڵیوی تابلۆکانیان بووە مایەی ئابڕووچوونێک لە وێنەی یەکەمین پێشانگەی سەرنجخواکان (ئیمپریشێنیزم) کە لە ساڵی ١٨٧٤-دا لە هۆڵی نادار خستیانەوە، ئەو ناوزڕانەش بۆ (کامیل موکلێر)ی رەخنەگر دەگەڕایەوە کە لەو هونەرە نوێیەدا هەڕەشەیەکی بۆ سەرجەم پێودانگە هونەرییەکان دەبینییەوە، بە وتەیەکی کورت دەریبڕیوە: (قاپە رەنگی هاویژراو بە روخساری بینەراندا)... تەنانەت (گۆستاف جیفرۆی) کە یەکێک بوو لە داکۆکیکەرە دانسقەکانی هونەری هاوچەرخ و دواتریش پێشەکییەکی بۆ پۆستەری پێشانگەی دووەمی تایبەتی (ڤلامینیک) نووسیبوو، لە دەسپێکدا ئەو (رەنگە ناوازانە) سەرسامی کردبوو، ئەو رەنگانەی گێژەڵووکەی سەرکۆنە و سەرزەنشتیان درووژاندبوو بەچەشنی تابلۆی (ئۆلۆمپیا)ی مانێ، هەروەها زنجیرە تابلۆی (وێستگەی سانت لازار)ی مۆنێ کە بەر لە چەند ساڵێک لای بینەران دروستیان کردبوو.

وەلێ نازناوەکە قایلکەر نەبوو، ئەوەش لەسەر دەستی (لویس فۆکسیل)ی رەخنەگر خەملێی لە گۆڤاری گیل پلاسدا، هەر ئەویش بوو کە دووبارە لە ساڵی ١٩٠٨-دا زاراوەی (کۆبیزم)ی داتاشی... بەمەبەستی کەمکردنەوەی شۆکیش چەند پەیکەرێکی کلاسی و باویان لەو ژوورەدا نمایش کرد کە تەرخانکرابوو بۆ کاری کۆمەڵە نوێیەکە، لەوێدا، لەنێوەندی ئەو تابلۆیانەدا کە رەنگە رۆشن و رەونەقدارەکانیان هەرایەکی لای بینەران نابووەوە. فۆکسیل سەرنجی لە قەدی پەیکەری منداڵێک و نیوە پەیکەری ئافرەتێک دا، کە بە سروشی (فلۆرنتین) خەملێبوو و هەردووکیان کاری ئەلبێرت مارکی پەیکەرتاش بوون، سەرسوڕمانی خۆی بۆ (ماتیس) دەربڕی کە لەلایەوە وەستابوو و پێیوت: (بڕوانە! دۆناتێلۆ لە قەفەزی دڕەندەکاندایە Chezies Fauves)... ئەو لاقرتێیەی بە ریپۆرتاژێک لە گۆڤاری گیل پلاسدا نووسی لە ژمارە ١٧ی تشرینی یەکەمدا، ئیدی زاراوەی (دڕندە و کێوی و مێردەزمە) دەستبەجێ بڵاوبووەوە و لە ساڵی دواتردا جێی خۆی گرت وەختێ فۆڤیزمییەکان لە هەردوو هۆڵی (سەربەستەکان) و (پایز)دا تابلۆکانیان نمایشکرد و دیدگاکانیان چنییەوە.

لەهەمان کاتیشدا بزووتنەوەیەکی هاوشێوە دروست ببوو ئەگەرچی سەر



تابلۆیەکی ماتیس

بە ڕێبازی ئیمپریشێنیزم بوو لە ئەڵمانیا، یەکەمجار لە درسدن و پاشانیش لە میونشن، بە هاریکاری لەگەڵ ژمارەیەک لە نیگارکێشە سلاڤییە هەڵکەوتووەکاندا کە خۆڕسکانە ڕەنگەکانیان بەکاردەهێنا، فۆڤیزم ئەگەر لە شێوەی خولێکی هەماهەنگدا بووبێت کە لەسەر ئامادەکاریی دەگیرسایەوە، کە ئەوەش بەپێی قۆناغەکانی بوو، وەلێ نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەو شپرزەیی و شڵەژانە بەردەوام بکات، کاتێکیش چالاکییەکانی ڕووەو کزبوون دەچوو، ڕەگەزەکانی دیکە هەمان ڕۆڵیان دەگێڕا تێیدا، بەڵام زۆریش بڕی کرد، کە ئـەوەش بەس بوو بۆ لەنگەرگرتنی هونەری سـەدەی بیستەم لە ئاراستە چارەنووسسازەکەیدا بەرەو ئاقاری خودیی و سەربەستییەکی تەواو.

نازناوی فۆڤیزم وەک نازناوی ئیمپریشێنیزم و کۆبیزم کەسێک دایتاشی کە دەکەوتە دەرەوەی بازنەی هونەرەوە و لەوەدا مەبەستی گاڵتە و نووکتەیەک بوو، بەڵام ئاماژەی بۆ شتێک لە توندوتیژیی هەڵیساو و تاکتیکی بێهاوتای دەکرد وەک شۆکێک بۆ سەرمەستبوونی فۆڤیزمییەکان بە رەنگە ئاڵەکان، کە ئەوەش ئاماژەدان نییە بە ئامانج و هزر و شێواز و ستایلی ئەودیوی بزووتنەوەکە، سەرباری ئەوەش، لە توانستی هیچ دروشم و نازناوێکدا نەبوو کە هەمەجۆرییەک ببەخشێتە رەگەزەکانی، ئەمەش بەتەنها لەسەر فۆڤیزم ناوەستێتەوەو دوالیزمێکی گەورەی بەربڵاوی سەردەمەکەمانە گەر بتوانین بانگەشە بۆ خەسڵەتی گشتیی رەوتێکی هونەریی دیاریکراو بکەین و شرۆڤەی هەموو هونەرمەند و ئەندامێکیان وەکو یەک بکەین کە بمانگەیەنێتە بنەڕەتی فەلسەفە و روانینەکانیان.

بیرکردنەوە لەوەی وەها لە مرۆڤ بکرێت تا لەگەڵ بزووتنەوەیەکدا هەماهەنگ بێت یان لە خراپترین حاڵەتدا وای لێ بخوازین لەگەڵ دروشمی بزووتنەوەکەدا بگونجێت، وەهمێکی بەربڵاوە لای پێشەنگ و سەرپەرشتیاری کۆمەڵەکە. (کۆربێ) بەر لە سەد ساڵ سکاڵای لە دەست ئەوە دەردەبڕی وەختێ دەڵێت: (دروشمی ریالیزمییان بەسەرمدا سەپاندووە، هەروەکو چۆن نازناوی رۆمانسی بەسەر پیاوانی ساڵی ١٨٣٠-دا سەپێنراوە، ئەو دروشم و نازناوانە هەرگیز ناوەرۆکی تەواوی شتەکان ناگەیەنن).

شاکارە داهێنراوەکان کە رەنگدانەوەی باوەڕپێکراوی سەردەمەکەیان بوون، ئەو کارانەن کە بۆ هەردەم بە نەمریی دەمێننەوە، ناوەرۆکی نیگارەکان بە حوکمی ئیستاتیکایەکی پێشوەختە سنووردار ناکرێت، ئەمەش لە بواری هونەری نوێدا راستییەکە بەتایبەتیش لەو جۆرە ئەزموونەدا کە پێشتر نەکراوە و نەبینراوە و لێزیادکردنێکی بەردەوامی هەیە بۆ سەر خەرمانی ئەزموونەکەی... وەلێ چەندەها کاری گەوهەریی دیاریکراو هەن دەکەونە سەروو ئەوانی ترەوە و پێشیان دەکەون، کاتێکیش ئەو سیستم و ژینگەیەش گۆڕانیان بەسەردا دێت کە تێیدا سەریانهەڵداوە، سەرنج دەدرێت رەوتە شۆڕشگێڕەکانیش کە بەرجەستەیان دەکەنەوە و دەبنە زمانحاڵیان لەو نیگارکێشانانەدا خۆیان دەنوێننەوە کە بەرهەمیان هێناون... کارەکانیش سەرباری سیستم و تیۆرەکانیشیان لەو نوێنەرانەدا گرد دەبنەوە بەهاوشانی کاریگەرییە بەرچاوەکانیان، ئەمەش بە جیاوازی فۆرمەکانیانەوە کە لە چالاکی و روانینی وەچەکاندا هاتوونەتە کایەوە، یاخود لێکدانەوە خودییەکان و ئەو یاسا و رێسایانەش کە دیسیپلینی خودیی ئەقڵ و ئاوەز دەکەن. کارەکان کۆکردنەوەی بێسنووری فۆرم و رەنگەکان دووپات

دەکەنەوە لە پرۆسەیەکدا کە پێی دەڵێین مێژووی هونەر.

کۆبیزم (التعکیبیە) مەبەستیش شیکردنەوەی فۆرم و توێکاریی بابەتیانەی بۆشاییە، داهێنانی دوو مامۆستای نوێخواز بوو کە سامانێکی هاوشانیان بەخشی، بە هەوڵی تەواوکەریان (پێکەوە خۆیان بە گوریسێکەوە شەتەک دابوو هەروەک دوو پیاو کە بەسەر شاخێکدا هەڵبگەڕێن)، هەروەک (براک) وەسفی دەکات... هەرچی فۆڤیزمە (التوحشیە) مەبەستیش لە چارەسەرکردنێکی هەڕەمەکی ڕەنگ و بەخاوەنکردنی خودیی رووبەری تابلۆیە، لەپڕێکدا سەریهەڵنەدا، هەروەک چۆنیش بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو پەرەی نەسەند، بزووتنەوەیەکی کەمتر کۆک و پێکەوە شەتەک دراو بوو بەهۆی سروشتە سۆزدارییەکەیەوە، هەروەها بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەندامان و توانستی پێشەنگەکانییەوە.

ساڵانی نێوان ١٨٩٨-١٩٠١ بە گردبوونەوەی یەکەمینی ڕەگەزە ئەکتیڤەکان دەژمێردرێت، لەلایەکەوە بزووتنەوەکە لەسەر دەستی (ماتیس) و (مارکێ) ڕێکخرا لە سایەی ئیمپریشێنیزمە نوێیەکاندا و لەژێر کاریگەریی بونیادگەرانەی (سیزان)دا... لەلایەکی تریشەوە لە شێوەی بزووتنەوەیەکدا ڕێکخرا کە (مۆریس ڤلامینیک) و (دێرین) پێشڕەوییان دەکرد لەژێر کاریگەریی بەهێزی (ڤانکوخ)... قۆناغی یەکەمی بەر لە فۆڤیزم جیاوازتر بوو وەک لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٥-١٩٠٧ کە نیگارە زەخرەفییەکانی (گۆگان) باڵی بەسەر هەموو کاریگەرییەکانی تردا کێشابوو.

لە ساڵی ١٩٠١ تاوەکو کۆتایی ١٩٠٣ ماتیس بەشێوەیەکی ئەوتۆ لەسەر هێڵکاریی و سکێچەکان ڕادەوەستایەوەو گرنگی پێدەدا، بێ لەبەرچاوگرتنی درەخشانبوونەوەی ڕەنگ کە ناوبەناو ڕوویدەدا، بەخشندەیی دەنواند لەگەڵ پالێتەکەیدا (هەروەکو مارکێ و پی ئەوەیان ئەنجامدەدا) لەهەمانکاتیشدا بۆخاتری بەهێزکردنی کۆنترۆڵی لەسەر شێوە و قەبارەکان، ڕووی کردە کاری پەیکەرتاشین، (دێرین) لەماوەی ساڵانی ١٩٠١- ١٩٠٤ دوورکەوتبووەوە لەبەر خزمەتی سەربازیی، ڤلامینکیش بەتەنها لە (شاتو) دوور لە جیهانی هونەری پاریس کاریدەکرد، بە سروشێک کە ڤانکوخ پێی بەخشیبوو-بەپێچەوانەی ماتیسەوە- لەو قۆناغەدا ڕەنگەکانی زیاتر چڕکردەوە و چەندی لە توانایدا بوو بەوپەڕی زیندووێتییەوە دەیڕژاندە سەر تابلۆکانی، بەهۆی ئەو نیگارانەشەوە دواتر ڤلامینیک ئەو شەرەفەی بەخۆی دەبەخشی کە دامەزرێنەر و پێشەنگی فۆڤیزمەکانە.

لە ساڵی ١٨٩٧-دا (کیس ڤان دۆنگن) کە هاوەڵی هەریەک لە جۆنگکیند

و ڤانکوخ بوو لە مۆنیمارتەر نیشتەجێ بوو، ژیانێکی بۆهیمی نابووت دەژیا بەرلەوەی ببێتە نیگارکێشێکی باوی چینی سەروو... لە (لی هاڤەر)دا کە نیشتمانی بۆدان و مۆنێ بوو سێ نیگارکێشی لاو هاتن و کاری ئەو دوو هونەرمەندەیان بینی، ئەوان لەسەر دەستی (چارل لۆلییر)ی مامۆستا خوێندبوویان کە هاوتای (گۆستاف مۆرۆ) بوو، ئەوانیش هەریەک لە: (فریز) و (براک) و (دۆفی) بوون لەنێوان سالآنی ١٨٩٨- ١٩٠٠-دا.

هەروەها لە ١٩٠٠-دا پیکاسۆ پەیدابوو لە یەکەم سەردانیدا بۆ پاریس و نیگارێکی بە (بیرس وێل) فرۆشت، کە پێشانگە بچکۆلەکەی لانکی هونەری نوێخوازبوو، بە ئازایەتی و چاپووکیی و دووربینییەوە، لە کاتێکدا کە جگە لەو کەسێکی تر گرنگی پێنەدابوون، ڕێنمایی ماتیس و مارکێی دەکرد لە ١٩٠٢-دا، پی و کامۆین و دۆفی و مانگۆن لە ١٩٠٣-دا، فریز و دێرین و ڤلامینیک و ڤان دۆنگن لە ١٩٠٥-دا... بەشێوەیەکی شیاو کارەکانی نمایش دەکردن چ لە پێشانگەی تایبەتی و چ لە پێشانگەی هاوبەشیشدا، لەو ساڵە پڕ بەخششانەدا کە کارەکانیان لەڕووی پراکتیکەوە فرۆشیان نەبوو، تەنها چەند دەلآلێکی کەم نەبێت کە قوماریان لەسەر دەکردن، لە نموونەی (سۆلێی باوک) کە لەلاوە دوکانێکی هەبوو و لە سەرەتاکانی ١٩٠٢-ەوە تابلۆی لێدەکڕین، هەروەها (دۆرێ) کە فۆتۆگرافیست بوو و هاوڕێی رۆدان بوو و ساڵی ١٩٠٣ پێشانگەیەکی کردەوە.

لە ساڵی ١٨٨٤-دا (ئۆدیلۆن ریدۆن) و ئیمپریشێنیزمە نوێیەکان (هۆڵی سەربەستەکان)یان دامەزراند، ئەو هۆڵە قۆناغێکی پڕ لە چالاکی دروستکرد هەر لە ساڵی ١٩٠١-ەوە بە بەشداری ماتیس و مارکێ و پی، لە ١٩٠٢-دا مانگوین هاوشانیان بوو، فریز و دۆفی و کاموینیش لە ١٩٠٣-دا، ڤان دۆنگن و ڤالتات لە ١٩٠٤-دا، دێرین و ڤلامینیک لە ١٩٠٥-و براکیش لە ١٩٠٦-دا، نزیکەی هەمووشیان، تاوەکو ساڵی ١٩١٠ لەو هۆڵەدا نمایشەکانیان پێشکەش دەکرد، هەرچەندە دادوەرەکانیش بوونیان نەبوو لە پێشانگەکاندا، وەلێ هونەرمەندەکان مافی ئەوەیان هەبوو کە کارەکانی خۆیان تێدا نمایش بکەن... ئەوەش بووە هۆی نێژرانی کارە نوێگەرەکان کە چوونە ژێر کەڵەکەی کارە خراپەکانەوە، ئەوەش بووە ئەوەی پێویستییان بە هۆڵێکی تازە بێت بۆ نمایشکردنی کارەکانیان و باشتر جیایان بکاتەوە و ئەو دادوەرانەشی تێدا بێت کە ئەقڵیەتی لیراڵییان هەیە و جێی متمانەن، نەک بە بۆچوونی بوێرانە کە ئەندێشە و خەمی نیگارکێشەکان بڕەوێنێتەوە، بەڵکو خاوەن بۆچوونێک بن بۆ شرۆڤەکردن و یەکالآکردنەوە لای هونەردۆستان.

(هۆڵی پایز) بۆ پڕکردنەوەی ئەو مەبەستە هاتە کایەوە، ئەندازیار (فرانتز گۆردین) لە ١٩٠٣-دا دایمەزراند بە ڕێنمایی هەریەک لە راوول و مارکێ و فولارد، لە بەتەمەنەکانیش لە نموونەی (ریدۆن) و (سیزان) و (کاییر) و (رینوار)... لەکاتێکدا هۆڵی (سەربەستەکان) بەهاران دەکرایەوە و ئەو کارانەی نمایش دەکرد کە زستانان لە ستۆدیۆکاندا جێبەجێ دەکران.

هۆڵێکی نوێ بوو (هەروەک ناوەکەی رایدەگەیاند) لە پایزدا دەکرایەوە تاوەکو هونەرمەندەکان کارەکانی هاوینیان تێدا نمایش بکەن، کە لە سروشتدا کێشرابوون. وەلێ هۆڵەکەی پێشتر تەنها بە نیگارکێشان و پەیکەرتاشین دەوەستایەوە، ئەوی دیکە هونەری تەلارسازیی و موزیک و ئەدەب و هەموو فۆرمەکانی هونەری زەخرەفەشی لەخۆدەگرت، سەرباری گرتنەخۆی هونەرمەندانی بیانیش، هەردوو هۆڵەکەش پێشانگەی وەبیرهێنەریشیان ساز دەدا، لە ناودارترینیان کە تەرخانکرابوون بۆ سورا و ڤانکوخ و گۆگان و سیزان، کە هەمووشیان هێشتاکە لای جەماوەر بەشێوەیەکی بەرفراوان نەناسرابوون، ئەو پێشانگایانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبوو لە دروستبوونی خێرای فۆڤیزمدا.

پاش نمایشکردن لە (هۆڵی فۆلارد) لە حوزەیرانی ١٩٠٤-دا، ماتیس هاوینەکەی لە (سان ترۆبیز) بەسەر برد لەسەر ریڤیرای فەرەنسی بەهاوشانی (سیناک) و (کروس) هەرسێکیان پێکەوە کاریان دەکرد، ئیدی لەوێوە ماتیس بەشێوەیەکی کاتی شێوازی خاڵخاڵییان ئەنجامدا، هەریەک لە مانگوین و کاموین و مارکێساڵی دواتر چوونە (سان ترۆبیز) لەگەڵ (لویس ڤالتات)دا کە نیگارکێشێکی سەربەخۆ بوو و چووە بازنەکەیانەوە بە پەیڕەوکردنی ستایلی (کروس) و (رینوار)... بەمەش هەموو فۆڤیزمییەکان بە قۆناغی خاڵخاڵیدا تێپەڕیبوون وەک زەرورەتێک بۆ پەرەسەندنی شێوازەکانیان.

لە ساڵی ١٩٠٤-دا ماتیس لە هۆڵی پایزدا چەند تابلۆیەکی بە شێوازێکی نوێ نمایش کرد، وەختێ (ئۆسۆن فرێز) ئەو کارانەی بینی رووەو بزووتنەوەکە کشا و دواتر فرێز ئامانجەکانی فۆڤیزمی بەم شێوەیە چڕکردەوە: (ئەوە فرینێکە بە ستایلێکی چەسپاو لەسەر دابەشکردنی رەنگ و گۆڕانی سۆز و عاتیفە - بە ئیلهام و سروشی میهرەکانی سروشت وەک خاڵی دەسپێک - دەستکەوت و تیۆرەکانیشی بە ئاقاری گەڕانێکی گەرموگوڕ پێکدێت)... لە ١٩٠٥-دا ماتیس لە هۆڵی سەربەخۆکاندا پێکهاتەیەکی خاڵخاڵیی گەورەی نمایشکرد کە لە بەری باشووردا کێشابووی و تازە لە پاریس تەواوی کردبوو بەناونیشانی: (ئاسوودەیی، بێدەنگی و چێژ Luxe, Calme et Volupte) پاشان نۆرەی (دۆفی) هات تاوەکو بێتە

نێو بزووتنەوەکەوە (ئەو پەرجووە لە خەیاڵی داهێنەرانە بە یاریکردن بە ڕەنگ و نەخشەسازیی)، ئەوەش نیگارکێشێکی وەک هاڤەری سەرنجخوای خستەوە تاوەکو بنەماکانی ماتیس لە (تەکنیکی نیگارکێشان) پەیڕەو بکەن.

لە پایزی ١٩٠٤-دا (دێرین) لە سەربازیی گەڕایەوە، ئەو دەمەش قۆناغێکی نوێی وەرگرت و بەخشینی کاریگەر لەنێوان ماتیس و هەردوو لاوە هاتووەکانی شاتو رووی‌دا کە تیوبی بۆیەکانیان وەک قەوانە فیشەک بەکاردەهێنا... دێرین و ماتیس هاوینی داهاتوویان پێکەوە لە (کۆلیوار) بەسەربرد، لەوێ لەژێر تیشکی خۆری گڕگرتوودا بەرهەمی دوو سروشتی دەوڵەمەند و قەشەنگیان بۆ تابلۆکان بەدەست خست کە دەکرێن بە هەق وەک فۆڤیزمی وەسف بکرێن، ئەو تابلۆیانەیان مشتومڕیان لە هۆڵی پایزدا نایەوە لە ١٩٠٥-دا، کە هاوشانی کارەکانی مارکێ و مانگوین و فریز و پی و ڤالتات و ڤلامینیک و فان دۆنگن نمایشکرابوون.



تابلۆیەکی ماتیس

ئەوەی جێی ئاماژەپێدانە بەشداریکردنی نیگارکێشە رووسییە هەڵکەوتووەکان بوو لە بەکارهێنانی ڕەنگدا لە هۆڵی پایزدا ساڵی ١٩٠٥، کە ئەوانیش (گۆلنسکی) و (کاندینسکی) بوون، هەروەها دەرکەوتنی هاودەمی بزووتنەوەیەکی هاوچەشن لە درسدن کە بەناوی (پرد Dle Brucke) خۆی

ناساندبوو، که هەریەک لە (کیرگنەر) و (هیگڵ) و (شمیدس رۆتلف) نوێنەرایەتییان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا، لە فەڕەنسا و ئەڵمانیادا چاوی هەموو هونەرمەندەکان بە هونەرەکانی ئەفەریقی و پشت زەریاکان کرابوونەوە، ئەوەش وردە وردە شێوازە ژاپۆنییەکەیان کاڵ دەکردەوە و سیحری خۆیان کێشابوو بەسەریاندا بەرلەوەی بیبەخشێت بە کۆبیزمییەکان.

ئاڵوودەبوون بە هونەری سەرەتایی پەیوەست بە سەربەستییەکی تەواوەوە لە بەکارهێنانی رەنگ یەکێک بوو لە رەگەزە بەرچاوەکانی فۆڤیزم، گۆگان یەکەم پیاو بوو ئەو رەگەزانەی پراکتیزە دەکرد، وەک رێزلێنانێک هۆڵی پایز لە ١٩٠٤-دا پێشانگەیەکیان بۆ کردەوە لە چاوەڕوانی نمایشێکی گشتگیردا کە ساڵی ١٩٠٦ بۆیان سازدا.

بە نمایشی گەورەی (پێشەنگە فەڕەنسییەکان) رەوتی سەرەتایی زۆر بەهێز بوو کە ساڵی ١٩٠٤ لە (بەری دی مارسان) لە پاریس سازدرا، پێش ئەویش پێشانگەیەکی بۆ هونەری ئیسلامیی کردبووەوە کە ماتیس زۆر پێی سەرسام بوو. لە ١٩٠٥-دا هۆڵی پایز نمایشێکی رێزلێنانی بۆ (مۆنێ) سازدا و ماتیس لەبارەیەوە نووسیویەتی: (یەکەم کەسە کە بەرامبەر و راستەوخۆ نیگاری کێشاوە، بەوەش پیشەی نیگارکێشی والاکردووە بۆ ئەو کاریگەرییانەی لەسەر هەستەکان جێی دێڵێ بە جۆرێکی راستەوخۆ)... هیچ بۆشاییەک یان جیاکردنەوەیەک نییە لەنێوان هەستکردن و گوزارشتی هەڕەمەکی و خۆڕسکدا، ئەوەش راستە سەبارەت بە فۆڤیزم کە بەمانایەک لە ماناکان فەلسەفەی هاوچەرخی بێ پێچ و پەنا رەنگ پێدەداتەوە، هەروەکو (بندیتو کروچە) و (برگسۆن) راڤەیان کردووە. ماتیس دانی بەوەدا ناوە: (ناتوانم لەنێوان ئەو هەستەدا کە هەمە بۆ ژیان و ئەو رێگەیەشدا کە گوزارشتی پێدەکەم، پۆلێنکاریی بکەم)، کەواتە هونەر گواستنەوەیەکی پوخت و کردەیەکی سەربەخۆ و خودییە، شتە دەرکپێکراوەکانی هەست و نەست لەگەڵ کەرەسە و بابەتەکاندا چوونیەک دەبێت بە رەهایی.

پاش مانێ، گۆگان یەکەم کەسە رەنگە ساردەکانی پیادە کردووە و بەهای دەربڕینخوازیی و شوێنکاتی بە تۆنە رەنگە ئاڵەکان بەکارهێناوە، کارەکانی گۆگان لە ساڵی ١٩٠٦-دا لە پاریس کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبوو، ئەو ساڵەش تێیدا فۆڤیزم گەیشتە بووژانەوەی تەواوی.

براک بە کاریگەریی فریز کە هاوشانی کاری دەکرد بەدرێژایی هاوینەکە لە (ئەنتۆیرب) چووە نێو کۆمەڵەکەوە، لەکاتێکدا کارکێ و دۆفی لەپاڵ یەکەوە لە (نۆرماندی) نیگاریان دەکێشا و باشترین تابلۆی پرشنگداریان بەرهەمدەهێنا،

سەرنج و روانینی خۆیان لەسەر چواردەی گەلاوێژ بەرجەستە دەکرد، ڤلامینیکیش وەک پیشەی ستاندەکەی بەدرێژایی رووباری سین و شاتو رادەگرت، دێرینیش دیمەنەکانی رووباری تایمزی لە لەندەن دەنەخشاند.

ماتیس لە خۆرەتاوی دەریای سپی ناوەڕاستدا کاریدەکرد لە ( کولیۆر )، هەرسێکیان هێز و تینی پالێتەکانیان چڕتر و رەونەقدارتر دەکرد، هەنووکە رەنگ لەپێناوی خودی رەنگەکەدا بەکاردەبرا، سەربەست و سەربەخۆ لە بابەت و کەرەسە، رووناکی و رووبەر و پانتاییش تەنها هەر بە رەنگ دەخولقێنرا، فۆڤیزم شێوازێکی پێگەیشتووی تایبەت بەخۆی دەخولقاند و سەرکەوتنی تەواویشی لە سالی ١٩٠٦-دا بەدەستهێنا لە هۆلی پایزدا، ئەودەمەش کاری کردە سەر کاندینسکی وەختێ سەردانی فەڕەنسای دەکرد، هەروەها گۆلنسکی بە چەند مانگێک دواتر پێی سەرسام بوو ئەو کاتەی چاوی کەوت بە ماتیس و کارەکانی بینی، لە (درسدن)یش کۆمەلەی پرد کە لەگەل فۆڤیزمییەکاندا پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لە سالی ١٩٠٦-دا یەکەم پێشانگەیان کردەوە، ئیدی لەوێوە فۆڤیزم لە دەرەوەشدا بەرز نرخێنران، بەلام هێندەی نەخایاند ئەو پەیوەندییە پچڕا کاتێک هونەرمەندەکانی پرد فۆرمێکی ئەلمانی تەواویان رووەو دەربڕینخوازیی (ئێکپریشێنیزم) سەنگینتر کردەوە.

وەختێ فۆڤیزم دەگەیشتە هەڕەتی خۆی لە فەڕەنسادا، یەکێتیی هاوپەیمانی بزووتنەوەکە لە ١٩٠٧-دا بە سەرهەلدانی کۆبیزم هەلوەشایەوە، کە براک و پیکاسۆ دایانمەزراند، هەرچەندە ماتیس و دێرینیش رووەو ئەو شێوازە چوون، بەلام کاریگەریی (سیزان) جێی کاریگەرییەکانی (گۆگان)ی گرتەوە و بەسەریدا زال بوو، لە ١٩٠٨-دا ماتیس زنجیرە شاکارێکی بێهاوتای هونەریی بەرهەمهێنا، تیۆرە هونەرییەکانیشی لە کتێبی (یادەوەرییەکانی نیگارکێش)دا خستەڕوو، لەوێدا رۆلی تازە و تایبەتمەندی رەنگی دەربڕیوە... ئیدی فۆڤیزم وەک بزووتنەوەیەک بوونی نەماو هەندێکی هونەرمەندەکانی رووەو نیو کلاسیک کشان و هەندێکی دیکەشیان رۆچوونە نێو ریالیزمییەکی نوێی ئەندێشمەندییەوە، ماتیس بەتەنها و دۆفیش بە شێوازێکی دیکە، تەنها ئەوان مانەوە و توانییان تا ئەوپەڕی پەرەی پێبدەن، ئەو قۆناغەش بە چالاکییەکی زێدەڕۆ و بوێر خۆی جوێ دەکاتەوە... نیگارکێشان ئالبووەوە و رەنگ ئازادیی پێبەخشرا، لەهەمانکاتیشدا جوانترین بەهرەی هونەری نوێ و رەسەنترینیشی رەنگپێدایەوە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (آفاق عربیە)، ژمارە ٧، گەلاوێژی ١٩٨٧، ت: عبدالواحد محمد.

# خولی ٨٢ی فێستیڤاڵی ئۆسکاری سینەمایی٢٠١٠




ئامادەکردنی: خەسرەو حەمە کەریم

هەموو شتێک لە کۆتاییدا دەخەمە خزمەت پێکەنیین، بۆ ئەوە دروستبووم و هەروایش دەمێنمەوە، پیاوە گاڵتەجاڕەکە، ئەوەیشە کەمنی خستووەتە ئەوئاستە زۆر بەرزەی کە هیچ سیاسەتمەدارێک ناتوانێت پێیبگات.

(چارلی چاپلن)

ئەگەر سینەما لەگەڵ ئێمەدابێت و هەموو لەشکری دونیا دژمانبن، ئەوا دواجار ئێمە سەردەکەوین.

(لینین)

## خەلاّتی ئۆسكار

خەونی هەموو ئەكتەر و دەرهێنەرێكی ئەمریكی و ئینگلیزی و بەلّكو هەموو هونەرمەندێكی جیهانە، پێوانەیە بۆ سەركەوتن و سەربەرزی و شانازیی هەر تاكێكی بوارەكە لەسەر گۆی ئەم زەمینە.

خەلاّتێكی ئەكادیمییە(Academy Award) وەلێ ناوە زۆر بەربلاّوەكەی (خەلاّتی ئۆسكار)ە، سالاّنە ئەكادیمیای هونەر و زانستی سینەمایی لە ولاّتی ئەمریكا دەیبەخشێت، هەروەک ئاشكرایە ئەكادیمیاكە (ئەكادیمیای هونەر و زانستی وێنە جولاّوەكان) خەلاّتەكانی (شانازی)یە، نەوەک (پەروەردەیی).

(خەلاّتی ئۆسكار) بەپلەی یەكەمین و بەرزترین خەلاّتی سینەمایی دێت لە ولاّتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، هەر بۆیە لەلای هەواداران و ئارەزومەندانی سینەماش لە پلەی یەكەمی خەلاّتەكانی دونیاو بەرزترینیان دێتە ژماردن.

دەستەی بەڕێوەبەر و دابەشكەری خەلاّتەكە بەشێكن لە (ئەكادیمیای هونەر و زانستی وێنە جولاّوەكان)، كاتی دامەزراندنیان دەگەڕێتەوە بۆ (١١ (ئایار) ١٩٢٧) لە كالیفۆرنیا، ئەندامانی ئەكادیمیاكەش بریتین لە ٦٠٠٠ ئەندامی سینەماكار و لێزان لە هونەری سینەمایی، دەنگدەرانی كۆمیتەكەش بریتین لە ٥،٨١٦ دەرهێنەر و رەخنەگری سینمایی و ئەكتەر لە هەردوو رەگەز.

جێی ئاماژەیە كە (ئەكادیمیای هونەر و زانستی وێنە جولاّوەكان) بێجگە لە رێكخستنی فێستیڤالّی سالاّنەی(ئۆسكار)، سالاّنە فێستیڤالّ و ئاهەنگی خەلاّت بەخشینەوەی جیاواز سازدەكات بۆ گەنجان و قوتابیانی هێشتا دەرنەچوی ئەكادیمیا و زانكۆكانی بواری هونەری سینەمایی ولاّت و دەرەوەی ولاّت.

## هەیكلی ئۆسكار

بەرزی خەلاّتەكە (٣٤سم) و كێشی(٣،٨٥كغم)ە، شێوەی جەنگاوەرێكی راوەستاوی هەیە كە شمشێرێكی بەدەستەوە گرتووە، راوەستاوە لەسەر باندە فیلمێک، پێكهاتەكەی لە مادەی (بریتانیوم) دروستكراوە و تێكەلّەیەكە لە قەسدیر و مس و توێژی كۆتایی روكەشەكەی بە زێڕی پەتی داپۆشراوە. بۆ یەكەمینجار لە سالّی١٩٨٨ دا و لەسەر شانۆ لەدەستی ئەكتەری بەناوبانگ (كلی ولتر) لەكاتی وەرگرتنیدا، ویستی بەرزیبكاتەوە ،كەوتە خوارەوە و پارچە بە پارچەبوو.

## فیلم بژاردن

ئەو فیلمانەی هەڵدەبژێردرێن دەبێت پێشوەختی پێوست و دیاریکراو لە سینەماکان و بەتایبەتی سینەماکانی کالیفۆرنیا نمایشکرابن، واتە لە ساڵی پێشوتری وەختی فێستڤاڵەکەدا نمایشکرابن، ماوەی هەر فیلمێک نابێت لە ٤٠ خولەک کەمتربێت، چونکە بە فیلمی درێژ ناژمێردرێت و دەچێتە قاڵبی فیلمی کورتەوە. دەبێت فیلمەکان لەسەر فێست پلاتە یان شریتی ٣٥ملم یان ٧٠ ملم تۆمارکرابن، ناوی فیلمە بژێردراوەکانی ساڵی پێشتر لە مانگی فێبرایەری ساڵی تازەدا ئاشکرادەکرێن، واتە کەمتر لە مانگ پێش وادەی دەستپێکردنی فێستیڤاڵ. واتە تەنها ئەو فیلمانەی ناویان ئاشکرادەکرێت، دەچنە پێشبڕکێی ڤیستیڤاڵەکەوە.



## دەستپێکی فێستیڤاڵ بەگشتی

وەک هەمیشە و لەکاتی خۆیدا فێستیڤاڵ لە مانگی ئازاردا و لە سەر تەختی شانۆی (کـۆداک) لەشاری لۆس ئەنجلۆس-ی سەر بە هەرێمی کالفۆرنیا نمایشدەکرێت. دیارە لەبەر گەورەیی و زیاد لە ئاسایی نێوبانگی فێستیڤاڵەکە، بەگشتیی و تێکڕا هەموو دەزگا بچوک و گەورەکانی راگەیاندنی دونیا کامێراو مایکرۆفۆنەکانیان لەڕێی پەیامنێرەکانیانەوە لەو دەڤەرە دەئاڵێنن، دیارە پەیوەستی زۆرێک لە دەزگاکانی راگەیاندن بەفێستیڤاڵەکەوە لەبەرچاوی کاڵی هەواداران و بینەرانی فێستەکە نییە، بەڵکۆ زیاتر وەک قۆستنەوەیەکی بازرگانی بەپلان کاری بۆدەکرێت بۆ بەرچاوخستن و فرۆشتنی کاڵا ناودارەکان و

ناوداركردنی هەندێك كاڵایتری نوێ لە میانەی نمایشكردنی راستەوخۆی فێستەكەدا، كە ئەمانەش وەك پێشبینی ملیۆنان دۆلار مەزەندە دەكرێن، دیارە بەشی شێریش بەر بە بەڕێوەبەرایەتی فێستیڤاڵ دەكەوێت، بێجگە لەو ریكلامە رەش و بێئاگاداركردنەوەیانەی لەولاتە دەستەچەپەكەكانی دەرەوەی ئەمریكاو ئەوروپا دەكرێت، كە ئەویش بە پارەیەكی خەیاڵی مەزەندەكراون. جگە لە وەش مقۆمقۆی رامیاری جۆرێكی تری بازرگانییەكانی راگەیاندنە. بۆ نموونە.. قۆستنەوەی ئەو ٤٠ چركەیەی وەرگری خەڵاتەكە بەوچەند وشە مێژووییەی كە هەندێكجار وروژێنەرن و هەندێكجاریش پڕوكێنەرن و سەركۆنەی دەوڵەتێكی تێدا دەكەن، وەك خولی ٧٥ لەساڵی ٢٠٠٣دا، دوای ئەوەی هەندێك ئەستێرەی سینەمایی هۆڵی كۆداكیان بەجێهێشت، زۆرێكی تر لە ئەستێرە بەناوبانگەكانی هۆلیۆد كەوتنە دژایەتیكردنی دەستە و دائیرەكەی بۆش بەرامبەر بە عیراق، لەوانە دەرهێنەر مایكل مۆر لە دوای وەرگرتنی ئۆسكاری باشترین دەرهێنەر، لە ماوەی ٤٠ چركەكەی خۆیدا بە ئاشكرا تێروپڕ سەركۆنەی سەرۆك بۆشی كرد، بەدوایدا لەنیوەزیاتری وەرگرەكانی خەڵاتی ئۆسكاری ئەو ساڵە نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر سەرۆك بوش. ئەمانەش لەكاتی خۆیدا هەرایەكی راگایاندنی زۆرگەورەی نایەوە.

هەندێك جاریش رویـداوە ئەم خەڵاتە گرنگە رەتكراوەتەوە لەلایەن هەڵبژێردراوەكانیانەوە لەبەر چەند هۆیەكی رامیاری، وەك ئەوەی فێستیڤاڵی ساڵی ١٩٧٢ ئەستێرەی بەناوبانگ مارلۆن براندۆی كۆچكردوو كە فەرموبووی.. با هیندییەك لە جێی من بچێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەكە، كە ئەویش هێمابوو بۆ ئەو هەموو زۆردارییەی دەكرایە سەر هیندییە سوورەكان.

جێی ئاماژەپێدانە كە هەمان ئەستێرە ساڵی ١٩٧٣بە فیلمی دواین تانگۆ لە پاریس، هەڵبژێردرایەوە بۆ هەمان خەڵات، ناوەكەی خرایە نێو ریزی پێنج ئەكتەرە سەرەكییەكەوە، كەبریتیبوون لە ئەلپاچینۆ، جاك نیكلسۆن، روبرت ریدفۆرد، جاك لیمۆن، وەلێ لەبەر هەڵوێستی كۆنی دیسان بێبەش بوو لە خەڵاتەكەو درایە دەست جاك لیمۆن و ئەویش لەبەر ئەوەی باوەڕی نەدەكرد، تووشی شۆك هات.

مارلۆن براندۆ تا ئەو سەردەم تاكە گرانترین ئەكتەری سینمای جیهان بوو، ئۆسكاری ئەو دوو خولەی نەبرد، وەلێ بوو بەنیشانەی هۆلیۆدی چەوساوەكان، تاوانی كوشتنێكی خرایە مل و دە ساڵ زیندانی بەكەفالەت، دواتریش هەتا مرد قەرزدار بوو.

## پێشبینی و پاشبینی خەڵاتەکانی ئۆسکار

هەمیشە پێشبینی کەمجار ڕێککەوتووەتەوە لەگەڵ ئەو مستانەی سفت خۆیان بۆ پڕ لەپگرتنی خەڵاتەکان مەلاس داوە یەکانگیر بوبێتنەوە، ئاخر زەحمەتە هەندێکجار لە کۆی زیاد لە پەنجا هەزار دەنگ لە پێنج پەنجەی مستێکدا هیور بوبێتنەوە، ئەوی بەردێک لە دوو چۆلەکە دەگرێت لە پێش بەهەوادانیدا پێشبینی بۆ دەکات، وەلێ ئەوی خەرمانێک نادورێتەوە، دیارە مشتەکەی پوچ نەبووە، بەڵکو پێشبینی کەش و هەوای نەکردووە.

لە فێستیڤاڵی گرنگ و بەناوبانگیشدا بێشبینیەکانت چەند نزیکیش بن، ئەوا لەکۆتایدا دەشێت دوربووبن لە نیشانەوە، تیری نوک ڕوو لە نیشانە ئەوی جار کە ئۆسکارێک دەپێکێت دەشێت دەرهێنەرەکەی وەک زۆربەی جار توشی شۆک و سەرسوڕمان بکات، وەک ئەوەی ئەمساڵ، فیلمی ئەرژەنتینی (نهێنی لە چاوەکانیدایە)، بوو بە خاوەنی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی دەرەکی، وەلێ کاتێک ئەڤاتار توشی شکستی کەم بەدەستهێنان دەبێت، جیمس کامیرۆن پێشوەخت خۆی بۆ ئامادەکرد و بۆی دێتە مەیدانەوە، ئەوە نەبوو بەچەند ڕۆژێک بەر لە فێستیڤاڵ بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتبووی (من بەرامبەر فیلمی کۆگەی ئازار گەر شکستیش بهێنم ئەوە دڵخۆشتر دەبم، چونکە ئەو فیلمە لەدەرهێنانی هاوسەری پێشووترمە).

لێرەدا ناوی هەندێک لەو فیلمانە دادەنێین کە وەرگری زۆرترین ئۆسکار بوون لە مێژوودا و پێشبینییە نزیک لە پێکاوەکانیش لە تەنیشتیاندا ئاماژە پێدەدەین .

١-فیلمی بن هور(Ben Hur) وەرگری ١١ ئۆسکار لە ١٢ پێشبینی لەساڵی ١٩٥٩، لە نێویاندا باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەکتەری سەرەکی تشارلتۆن-چارلتۆن هیستن، باشترین فیلم، باشترین ئەکتەری یاریدەدەر، پۆشاک، مۆسیقا.

٢-تایتانیک (Titanic) وەرگری ١١ ئۆسکار لە ١٤ پێشبینی لەساڵی ١٩٩٧، لەنێویاندا باشترین فیلم، پۆشاک، دەرهێنەر، مۆسیقا.

٣-فیلمی خاوەن ئەنگوستیلەکان، گەڕانەوەی مەلیک (The Lord of the Rings: The Return of the Kin) وەرگری ١١ ئۆسکار لە ١١ پێشبینی لەساڵی ٢٠٠٣، لە نێویاندا باشترین فیلم، دەرهێنان، مۆسیقا، بڕینی فیلم، پۆشاک، مکیاج.

٤-چیرۆکی گەڕەکە خۆرئاواییەکە (West Side Story) وەرگری ١٠ ئۆسکار لە ١١ پێشبینی لەساڵی١٩٦١، لەنێوانیاندا باشترین فیلم، ئەکتەری پیاوی یاریدەدەر، ئەکتەری ژنی یاریدەدەر، پۆشاک، مۆسیقا.

٥-جیجی(Gigi) وەرگری ٩ ئۆسکار لە ٩ پێشبینی لە ساڵی ١٩٥٨، لەنێویاندا

باشترین فیلم، دەرهێنان، دیکۆر، پۆشاک، بڕین.

٦-دوایین ئیمپراتۆر(The Last Emperor) وەرگری ٩ ئۆسکار لە ٩ پێشبینی لەساڵی ١٩٨٧، لەنێویاندا باشترین فیلم، پۆشاک، دیکۆر، بڕین، دەرهێنان، مۆسیقا.

٧-نەخۆشە ئینگلیزەکە (The English Patient) وەرگری ٩ ئۆسکار لە ١٢ پێشبینی لەساڵی ١٩٩٦، لەنێویاندا باشترین فیلم، ئەکتەری ژنی یاریدەدەر جۆلێت بینۆش، دەرهێنان، بڕین، مۆسیقا، پۆشاک.

٨-لەگەڵ شنەبادا چوو (Gone with the Wind) وەرگری ٨ ئۆسکار لە ١٣ پێشبینی لە ساڵی ١٩٣٩، لەنێویاندا باشترین فیلم، ئەکتەری سەرەکی ژن فیفیان لی، ئەکتەری ژنی یاریدەدەر هاتی ماکدانیاڵ کە بەیەکەمین ژنە پێست ڕەشی لە بنەچەدا ئەفریقی دێت ببێتە خاوەنی ئۆسکار لە مێژوی ئەم خەڵاتەدا، باشترین دەرهێنان، بڕین.

## ئەستێرە بەشخوراوەکان یان بێ بەختەکان لە رابردوودا

هەندێک لە رەخنەگران و لێکۆڵێنەرانی بوارەکانی سینەماو هونەر، پێیان وایە فێستیڤاڵی ئۆسکار، کەموکورتی یان ناحەقی زۆری کردووە بەرامبەر بە دەرهێنەران و ئەکتەران و کارکەرانی بوارەکانی سینەما، بەڵگەشیان زۆرە، زەقترینیان دەستێوەردانی سیاسی لە بەخشینەوەی خەڵاتەکاندا، روونتر.. کەمکردنەوەی بەختی ئەو دەرهێنەر و ئەکتەرانەی کە بۆچونی زەرەرمەندیان هەیە بەرامبەر بە سەرۆک یان سیاسەتی دەوڵەت.

وتەبێژانی دەوڵەت و بەڕێوەبەرانی ئەکادیمیاکەش توشی شەڕی گەورەبوون لە رێی وەڵامدانەوە و بەدرۆخستنەوەی یەکتری و رەخنەگران لە راگەیاندنەکانەوە. رەخنەگران پێیانوایە زۆرێک لە فیلمە زۆر نازدار و باشەکان، کەزۆر کۆمەڵایەتی بوون و لە خزمەتی هونەر و باری کۆمەڵایەتی خەڵکدا، هەم لە ریزی داهێناندا دێنە ژماردن، هەم لە چارەسەرکردنی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا شاکار بوون و بێبەشیش بوون لە خەڵات، وەلێ هەندێک لەو فیلمانەی کە ئاسایی بوون و تەنها لەبەر ئەوەی تیشکیان خستووەتە سەر بەکۆمەڵکوشتنی یەهودییەکان خراونەتە سەرەوە. وەک ئەوی ساڵی ٢٠٠٢ کاتێک دونیا سەری سوڕما لە بەرجەستەکردنی کەسایەتی بیلی قەساب کە بەوپەڕی لێزانییەوە ئەکتەری ناودار دانیاڵ دای لویس بەنمایشکردنی هەستا، یان بەرجەستەکردنی کەسایەتی وارن شمیت کە ئەکتەری لێزان جاک نیکلسۆن رۆڵەکەی بینی.

## پاڵێوراوەکان بۆ باشترین ئەکتەری سەرەکی ئەمەنەبوون..

دانیال دای لویس، جاک نیکلسۆن، نیکۆلاوس کیچ، مایکل کین(یەکێک لە باشترین ئەکتەرانی بەریتانی)، ئامادەبووان هەموو تووشی شۆک بوون کە خەڵاتەکە کەوتە بەرناوی ئەدریان برودی ٢٩ ساڵ، ئەکتەری سەرەکی فیلمی پیانۆ ژەنەکە، کە رەخنەگران گوتەنی پێویست ناکات کەس بپرسێت بۆچی؟

ئەکتەری زۆر بەناوبانگ و ئەستێرەی فیلمەکانی کاوبۆی و رەمزی ئەمریکا کلینت ئیستوود، ئەستێرەی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان، بە ئەکتەری ئەم خەڵاتەی نەگرت بەدەستیەوە و بێبەشبوو لێی، لە چاوپێکەوتنێکیدا گووتبووی(ئەم خەڵاتەم بەدەستەوە نەگرت و ناشیگرم، بەئاسانیش دەتوانم بڵێم لەبەر ئەوەی جوولەکە نیم)، وەلێ دواتر ئەم خەڵاتەی دووجار خستە نێو مستییەوە بە هەردوو فیلمی نابورێت و کچەی ملیۆن دۆلار، بەڵام بەئەکتەری نا، بەڵکو وەک دەرهێنەر.

هەروەها ئەکتەری بەریتانی پیتر ئوتول هەشت جار بۆ ئۆسکار هەڵبژێردراو هەمووجارەکان بێبەخت بوو، یەکەمجاریان لە ساڵی ١٩٦٢، دواین جاریشیان لە ساڵی ٢٠٠٦.

هەروەها ستانلی کوبریک-ی دەرهێنەر و وێنەگر و نووسەری فیلم، ٤جار وەک دەرهێنەر، ٥جار وەک نووسەری چیرۆکی فیلم، ٣جار وەک وێنەگر هەڵبژێردرا و دوای خزمەتی ٤٥ساڵ لەبوارەکانیدا، یەکجاریان بەختی هێنا بە فیلمی ئۆدیسای بۆشایی ئاسمان.

## بەشی شێر لە تێکرای فێستیڤاڵەکانی ئۆسکاردا

والت دیزنی١٩٠١/١٩٦٦ پاشای ئۆسکارە و لە ٣٧ جار وەک پاڵێوراو بۆ خەڵاتەکە توانی ببێتە خاوەنی ٢٢ ئۆسکار، هیچ دەرهێنەر و ئەکتەرێک نەیتوانیوە بە ژمارەش لێی نزیک ببێتەوە، بێجگە لەوەی کە ٣ ئۆسکاری وەک رێزو پێزانین بۆ ماندوبونی پێبەخشراوە.

فرانسیس فورد کۆبۆلا دەرهێنەری هەرسێ بەشی فیلمی بەناوبانگ مافیاکان (The Godfather) لەریزبەندی دووەمدا دێت و خاوەنی ٥ ئۆسکارە. ئەکتەری ژن کاپرین هیبورن لەپلەی سێهەمدایەو خاوەنی ٤ ئۆسکارە.

جێی ئاماژەپێدانە کە فیلمی لەگەڵ شنەبادا چوو(بەپێی داتای ئەسوشیتد پێرس) خاوەنی بەرزترین رێژەی فرۆشراوی بلیتی سینەمایە لەمێژوودا و فیلمی ستار ورز بەپلەی دووهەم دێت.



## فێستیڤاڵی ئۆسکار خولی ٨٢ی ساڵی ٢٠١٠
## دووهاوسەرە لەیەکجیابووەوەکە بەشی شێریان برد

لەڕێوڕەسمێکی نـازدارو رەنگاوڕەنگ و زۆرقەرەباڵغدا، دوای ئەوەی هۆڵەکان بە رووناکی سینەماکارانە، وەک باخچەیەک رازێنرابوویەوە بۆ ئەکتەرە گوڵئاساکان، ئەوکاتەی یەکەم نوکەپێی یەکەم ئەکتەر یەکانگیربوو لە فەرشی سوری راخـراو، بریسکەی فۆتۆگرافەکان ئەوناوەی کردە رۆژی قوربانی هەزاران وێنەی مێژوویی راگەیاندنەکان.

پێشکەشکارانی ئۆسکاری ئەمساڵ درابوونە دەستی چەند ئەستێرەیەکی هۆلیۆد، گرنگترینیان ئەکتەری بەناوبانگ و کۆمیدی ستیف مارتن و ئەکتەری پڕکار ئێلیک بالدوین وەک پێشکەشکاری سەرەکی، تۆم هانز و کاتی ڤینسلت و چەند ئەکتەرێکی دی وەک هاوکاری پێشکەشکاران ناوی براوەکانیان دەخوێندەوە.

فێستیڤاڵی ئەمساڵ جودا لەهەموو خولەکانی دی ئۆسکار، لەبری ٥ فیلم ١٠ فیلمیان پاڵاوتبوو بۆ پێشبڕکێکە، کەئەمە بۆیەکەمینجارە لە مێژووی ئۆسکاردا بهێڵرێت پێشبڕکێ لە ٥ فیلم تێبپەڕێت، فیلمەکان بریتیبوون لە..

١-فیلمی پیاوی بەدەربەست A Serious Man
نوسین و دەرهێنانی Ethan & Joel Coen، نواندنی Michael Stuhlbarg - Richard Kind - Fred Melamed، ماوەی فیلم سەعاتێک و ٤٥ چرکە، بوار کۆمیدی و دراما.

٢-یلمی ساختیەچییە تۆڵەسێنەکان Inglourious Basterds
نوسین و دەرهێنانی Quentin Tarantino، نواندنی Brad Pitt - Mélanie Laurent - Christoph Waltz - Eli Roth - Diane Kruger، ماوەی فیلم دوو سەعات و نیو، بوار کۆمیدی شەڕانگێز دراما.



٣- فیلمی فڕین بەرەو سەرەوە Up in the Air
نوسین و دەرهێنانی Jason Reitman، نواندنی George Clooney - Vera Farmiga - Anna Kendrick، ماوەی فیلم سەعاتێک و ٥٠ چرکە، بوار کۆمیدی دراما رۆمانسی.

٤-فیلمی فڕین Up
نوسین و دەرهێنانی Pete Docte، نواندن بەدەنگ- Edward Asner - Christopher Plummer - Jordan Nagai، ماوەی فیلم سەعاتێک و نیو، بوار ئەنیمەیشن کۆمیدی دراماى خێزانی سەرەڕۆیی.

٥-فیلمی سێ رەهەندی ئەڤاتار Avatar
نوسین و دەرهێنانی James Cameron ، نواندن Sam

Worthington - Zoe Saldana ، ماوەی فیلم دوو سەعات و ٤٠ چرکە، بوار سەرەڕۆیی و خەیاڵی زانستی و پێکدادان.

٦- فیلمی فێربوون An Education

دەرهێنانی Lone Scherfig، نوسینی Nick Hornby، نواندنیarey Mulligan - Olivia Williams، ماوەی فیلم کاتژێر و نیو، بوار دراما.

٧- فیلمی گەڕەکی ژمارە District ٩

دەرهێنان و نوسینیNeill Blomkamp، نواندنیSharlto Copley، فیلم، بوار پێکدادان و خەیاڵی زانستی و دراما.

٨- فیلمی Precious

دەرهێنان Lee Daniels، نوسینی Geoffrey Fletcher، نواندنیGabourey Sidibe - Mo'Nique، ماوەی فیلم سەعاتێک و ٥٠ چرکە، بوار دراما.

٩- فیلمی رەهەندی کۆتایی The Blind Side

دەرهێنان و نوسینی John Lee Hancock، وەرگیراو لە چیرۆکی Michael Lewis، نواندنی - Sandra Bullock - Tim McGraw - Quinton Aaron - Jae Head، ماوەی فیلم دووسەعات، بوار دراما و وەرزشەوانی.

١٠- فیلمی کۆگەی ئازار The Hurt Locker

دەرهێنانیKathryn Bigelow، نوسینی Mark Boal ، نواندنیJeremy Renner - Anthony Mackie - Brian Geraghty، ماوەی فیلم دووسەعات و ١٠ چرکە، بوار دراما و پێکدادان و شۆکهێنەر.

ئـەوەی کەناکرێت بەسەریدا بازبدەین، هــەردوو فیلمە گرنگەکەی نیو پێشبرکێکەیە، کە بووە هۆی دوولەتکردنی دەنگدەرانی (ئەکادیمیای هونەر و زانستی وێنە جولاَوەکان)، هەردوو فیلمی سێ رەهەندیی، ئەڤاتار و کۆگەی ئازار، ئەم دوو فیلمە سەرسوڕهێنەرە، کاری دوو دەرهێنەری جووت هاوسەری کۆنی یەکترین، گرنگی نوسینی ئەم بابەتە دەشێت تەنها هۆی ئەم چەند بەراوردیە کورتەبێت لەسەر ئەم دوو فیلمە، ناوەڕۆکی هەردوو فیلمەکە ناردنی هێزی سەربازییە بۆ کاری خزمەت بە سیاسەتی دەوڵەت و جودا، وەلێ شەڕی

مرۆڤەکان لەوێدا کۆتایی دێت کە مرۆڤ هەست بەو نایەکسانییە دەکات کە هەم خۆی جەلادەو هەم قوربانی و هەم رزگارکەر.

### فیلمی سێ ڕەهەندی ئەڤاتار Avatar

ئەو فیلمەیە کە دەروازەی هونەری نوێ (سێ رەهەندی3D) بەداهاتووەوە دەبەستێتەوە، جۆرێکی ترە لە هونەر، جودایە بەچاو، ئەمە ئەو وتەیەیە کە رەخنەگرانی سینەمایی لەسەری کۆکبوون بەرامبەر بە فیلمی ئەڤاتار، نوسەر و دەرهێنەر جیمس کامیرۆن بەم فیلمەی بینەرانی گواستەوە بۆ دونیایەکی نەبوو، بۆ ناو بەهەشتی سروشت و خۆشی و ئازادی، بۆ دونیایەک هەرچی و چۆنێکن رەنگ و قەدو باڵاو ئارەزوی تاکەکانی، زۆرداریان بەرامبەر دەکرێت لەلایەن مرۆڤەوە، ئەوە دەرهێنەرە کە بۆچونی خۆی تێهەڵکێش دەکات لەگەڵ فیلمەکەیدا و پێمان دەبێژێت، هەموو زۆردار و داگیرکەر و خۆپەرستن دەوڵەت سیاسەت مرۆڤ، بەڵام هەرهەموو مرۆڤەکان نا...نا....نا.

پێشینان گوتەنی خەون دەروازەی بەدیهێنانی ئامانجەکانە، وەلێ جیمس کامیرۆن بەم خەونەی یان فیلمەی پێمان دەڵێت زوڵم و زۆرداری داوای هیچت لێ ناکات، دەتسوتێنێت وماڵت دەبات، دروستکردنی هێز چەندەی بۆ پاراستنی خودە، سەد هێندە بۆ لەباربردنی ئاشتییە، چەک کوڕی هێزە و چەکداریش منداڵی دەوڵەت، فیلمەکە بەناخدا شۆڕدەبێتەوە، مرۆڤەکان لە کوێدا خۆیان بۆ بەرجەستە دەکرێت، من بەکوشتدەرم یان وێرانکەر یان شەڕانگێز، نەخێر من مرۆڤم رزگارکەر قوربانی.

بەکورتی فیلمەکە پێدادەگرێت لەسەر ئەو خەونە جوانەی مرۆڤ هەیەتی، ئەوەی کە مرۆڤ لەگەڵ گەشەی سروشت و زانیاریدا پێشدەکەوێت، ئارەزوەکانی دەچنەوە نێو باوەشی هیواکان زیاتر پێدادەگرن لەسەر ژیانێکی جوانتر و باشتر بۆ هەمووان، بێ رەچاوکردنی ئەوەی کەتۆ لەشیوازێکی تردایت و جۆرێکی تری، یان روونتر، ئەوەی تۆ هەتە و من نیمە تێکەڵی دەکەین لەگەڵ ئەو زانیاریانەی من هەمە و تۆ نیتە بۆ جوانترکردنی باری ژیانی هەمووومان بەئاشتی و گەر کێشەیەکیش بوو ئەوا بە دانوساندن.

فیلمەکە باس لە گەشتی گروپێک سەربازی خەڵکی زەوی بە کەشتییەکی ئاسمانی دەکات دەچن بەرەو ئەستێرەیەک، خەڵکێک کە لەبواری هونەری زانیاریدا زۆر پێشکەوتوون و هەڵدەکوتنە سەر خەڵکی ئەستێرەیەک بەناوی پاندۆرا، خەڵکانێک کە وەک سەرەتای چاخی بەردینی مرۆڤ دەژین، ژیانێک پڕ

لە عیشوەو خۆشی ناو سروشتێکی جوداتر لەجوانی لای خۆمان، عاشقتر لەئێمە بە سروشت، یەکرپزتر لەوەی کە پێشبینی خۆی لەقەرەی بدات.

لەکەشتیەکەدا سەربازێکی کەم ئەندام لە بری برا مردووەکەی، بە بەدەنێکی جودا لە مرۆڤ و بە بەژنوبالاَی سێ مەتری وەک خەلَکی پاندۆرا، دەخرێتە ناویانەوە بۆ دزینی زانیاری دەربارەی ئەوان و رێوشوێن و جموجولَیان، گواستنەوەی هەوالَ لە شێوازی مامەلَە و بیرکردنەوەیان بۆ ناو کەشتییەکە، لەپێناو بەدەستبەسەراگرتنی ئەو کانزایەی کە لەوێ هەیەو گرنگیەکی زۆرو گرانبەهای هەیە لە زەوی.

سەربازەکە لەناو خۆیدا دووکەرت دەبێت و رازی نابێت بەو داگیرکردن و زۆرداریکردنە بۆسەر خەلَکی پاندۆرا، لەوێ عاشقی کچی سەرۆک دەبێت و بڕیار دەدات لەو سیخوڕییە پاشگەز ببێتەوە و هاوخەباتی شۆڕشی ئەوان ببێت لە پێناو دانەڕمانی ئەو داری ئاشتی و تەباییەی کە ئەوان لە باو باپیرانیەوە پاراستویانە، دواتر ئەنجامەکان زۆر دلَتەزێن دەبن، وەلێ دەرهێنەر بەدلَی هەموو بینەرەکانی چارەی دەکات.

### فیلمی کۆگەی ئازار The Hurt Locker

کەسایەتی سەرەکی فیلمەکە سیرجێنت ولیم جیمس کە ئەکتەر جیرمی رنر رۆلَەکەی دەگێڕێت، پسپۆڕێکە لەبواری بەتالَکردنەوەی بۆمبە قورمیشکراوەکان، لەگەلَ ئەوەی ولیم کارەکەی زۆرخەتەرناک و دژوارە، وەلێ ئەو بە هەستێکی لێپرسراوییەوە کارەکانی خۆی ئەنجامدەدات، لەخۆڕابینی و چاونەترسی و حەزی بێمانای بۆکارەکەی، زۆرجار وای لێ دەکات سەرشێتانە کارەکانی ئەنجامبدات، وەک دیمەنی بەتالَکردنەوەی ئۆتۆمبیلەکە لە بۆمبی قورمیشکراو، پۆشاکی پارێزگاریکردنەکە لەبەرخۆی دادەکەنێت، ئینجا دەستدەکات بە بەتالَکرنەوەی، بەقسەی خۆی گوێ بەقسەی گەورەکان نادات و هەمیشە پشتگوێیان دەخات، پێیخۆشە کارەکانی بەوپەڕی ئارەزوی نەترسانەوە بەئەنجامبدات.

دەرهێنەری فیلمەکە خانم بیگلو بەم کارەی دەیەوێت پێمان بلَێت، ئەم فیلمە جودا لەهەموو فیلمە جەنگییەکانی هۆلیۆد، ناوەڕۆک پەیوەست نییە بە پیاهالَدان بەسەر شەڕداو بە قارەمانکردنی جەنگاوەرەکان، بەلَکو ئەم فیلمە باس لە ئەو بارە نالەبار و ژیانە ناهەموار و ناشرین و قورسەدەکات، کە جەنگاوەرەکان رۆژانە خراپ و ناخۆش هەیانەو دەیگوزەرێنن.

ناوەڕۆکی فیلمەکە تیشک دەخاتە سەر قورسایی ناشرینییەکانی شەڕ

نەک پیاهەڵدان. خانم بیگلۆ وێنای خراپی باری دەروونی و بیرکردنەوەی ئەو سەربازانەمان نیشان دەدات، کە چۆن شەڕ کردوونی بە مرۆڤێکی شەڕانگێز و خراپەکار و جەلاد و هەم قوربانیی.

فیلمەکە بەقورسایی خۆی وێنای جوان و ناشرینی باری ژیان و قورسایی ژیانی ناهەموار و رۆژانەی خەڵکی رەشوڕوتی سیڤیلی عیراقی لەخۆگرتووە، کە بڕین و تەکنیک شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، نمایشی ئەو پشیلە گۆجەی لەناو زبڵی کەلاوەکاندا دەگەڕێت بۆ بژێوی، خۆتەقاندنەوەی ئەو مرۆڤی خۆتەقێنەرەوە بەزەبری تیرۆریستەکان لەکاتێکدا گروپی بەتاڵکەرەوەی بۆمب دەیانەوێت هاوکاریی بکەن و سەرناگرێت، لەولاتر منداڵێک یاری دەکات بە فڕۆکەیەک و بەرزهەڵیدەدات بەرەوئاسمان کە نیشانەیە بۆ هیوا، بەردەوام لەتەنیشت هەموو کوژراوێکەوە جوڵەیەک هەیە کە نیشانەیە بۆ بەردەوامبوونی ژیان، لەودیوی هەموو برسییەکەوە لەتێک نان هەیە کە هەتا دەمرێت بەهیوایە پێیبگات.

### بەخشینەوەی خەڵاتەکانی خولی ٨٢ی خەڵاتی ئۆسکار

وەک ئاماژەمان پێدا، ئەو ١٠ فیلمەی سەرەوە لە پێشبڕکێدا بوون، براوەکان بە گشتی ئەمانەی خـوارەوەن، ناوی براوەکانی خەڵاتی ئۆسکار لە بوارە جیاجیاکاندا ...

خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین فیلم درایە فیلمی کۆگەی ئازار The Hurt Locker

فیلمە پاڵێوراوەکان ...

Avatar

The Blind Side

٩ District

An Education

Inglourious Basterds

Precious

A Serious Man

Up

Up In The Air

خەڵاتی باشترین ئەکتەری سەرەکی پیاو درایە جیف برید جز لە فیلمی دڵی

شێت Crazy Heart

ئەکتەرە پاڵێوراوەکان ئەمانەبوون ...

جورج کلونی لە Up in the Air

کولن فیرپ لە A Single Man

مورجان فریمان لە Invictus

جیریمی رینر لە The Hurt Locker

خەڵاتی باشترین ئەکتەری یاریدەدەری پیاو درایە کریستوف والتز لە Inglourious Basterds

ئەکتەرە پاڵێوراوەکان ئەمانەبوون ...

مات دیمون لە Invictus

وودی هاریلسن لە The Messenger

کریستوفر بلامر لە The Last Station

ستانلی توتشی لە The Lovely Bones

خەڵاتی باشترین ئەکتەری سەرەکی ژن درایە خاتوو ساندرا بولوک لە The Blind Side

ئەکتەرە پاڵێوراوەکان ئەمانەبوون ...

هیلین میرین لە The Last Station

کاری مولیجان لە An Education

جابوری سیدیب لە Precious: Based on the Novel Push by Sapphire

میریل ستریب لە Julie & Julia

خەڵاتی باشترین ئەکتەری یاریدەدەری ژن درایە خاتوو مونیک لە Precious

ئەکتەرە پاڵێوراوەکان ئەمانەبوون ...

بینیلوبی کروز لە Nine

فیرا فارمیجا لە Up in the Air

ماجی جالینهال لە Crazy Heart

ئانا کیندریک لە Up In the Air

خەڵاتی باشترین فیلمی وێنە جوڵاوەکان درایە بیت دوکتر بۆ فیلمی Up

پاڵاوتووەکان ...

هنری سیلیک لەCORALINE

ویز أندرسون لە The Fantastic Mr. Fox

جون ماسکر و رون کلیمنتس لە The Princess and the Frog

توم مور له The Secret of Kells
خەڵاتی باشترین دەرهێنەر درایە خاتوو کاپرین بیگلو The Hurt Locker
دەرهێنەرە پاڵاوتووەکان ...
جیمس کامیرون Avatar
کوینتن تارانتینو Inglourious Basterds
لی دانییلز Precious:
جایمس رایتمان Up in the Air
خەڵاتی باشترین فیلمی دەرەکی درایە فیلمی ئەرژەنتینی نهێنی لە چاوەکانیدایە
فیلمە دەرەکی (بیانی)ە پاڵاوتووەکان ...
عەجەمی(ئیسرائیل)
شیری نالەبار(پیرۆ)
پەیامبەر(فەرەنسا)
قردێلەی سپی(ئەڵمانیا).

لە کۆتایدا فیلمی کۆگەی ئازار بە کەمترین تێچوون و کەمترین قازانج توانی سەربکەوێت بەسەر ئەڤاتار کە بڕی ٤٥٠ ملیۆن دۆلاری تێچووە و لە ١٧ رۆژی یەکەمیدا ١ ملیارد دۆلاری پەیداکرد و تائێستا لە ٢ملیاردتێپەڕیوە و بەردەوامیشە.

خاتوو بیگلۆ بووە یەکەمین دەرهێنەری ئافرەت لەمێژووی ئۆسکاردا بوبێتە وەرگری خەڵاتی ئۆسکار

ئەڤاتار یەکەمین فیلم لە مێژوودا بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین پارەی قازانج، تایتانیک ی لە ریزبەندی یەکەمەوە گواستەوە بۆ دوو، بێگومان دەرهێنەری هەدوو فیلمەکەیش داهێنەر جیمس کامیرۆنە.

xesrew@googlemail.com

**سەرچاوەکان:**

سایتی ئەسوشیدتدبرس
سایتی سەرەکی ئەکادیمیای ئۆسکار
رۆژنامەی شرق الاوسط عەرەبی
گۆڤاری دێر شپیگل-ی ئەڵمانی
BBC عەرەبی.



ڤۆڵکەر شلۆندۆرف:

# سینەمای تەواو، مەبەست لێی سینەمای بێدەنگی ڕەش و سپییە

**سازدانی: گۆڤاری فیلمی نێودەوڵەتیی**
**و. لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان کەمال**

**چۆن لاوە ئەڵمانییەکان پەیوەندیی بە سینەماوە دەکەن؟**

کاتێک گەنج بووم، چەند گۆڤارێک هەبوو لەسەر سینەما، بەڵام گەنجە ئەڵمانییەکان چێژیان لەو بابەتانە نەدەبینی کە بڵاودەکرانەوە. پاش ماوەیەک؛ خۆشەویستیم بۆ سینەما دروست بوو. مێژووی سینەما لای من بە فیلمی (Bladerunner دەستپێکرد. هەموو کارەکانی پێش ئەوە، کارێکی سادەو ناهونەریی بوون. خوێندکارە سینەماییەکان تەنانەت فیلمێکی بێدەنگیشیان نەبینیبوو. وانەکانیان لەو فیلمەوە دەستپێکرد. تەنانەت ئەمڕۆ ئەو فیلمەش بەسەرچووە. لەجیاتی ئەوە، لاوە ئەڵمانییەکان هەموو شتێک دەربارەی مەڵتی میدیا دەزانن. زیاتر چێژ لە کۆمپیوتەر دەبینن وەک لە کامێرا. دنیایەک جیاوازی هەیە لەنێوان ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەوان و مندا.

**هەمان بیرکردنەوەش لە ئێراندا بوونی هەیە...**

بەهەمانشێوەیە لە هەموو دنیادا. تەنها وڵاتێک کە لە دژی ئەم بیرۆکەیە دەوەستێتەوە؛ فەڕەنسایە، رەنگە هەندێکجار ئەم وەستانەوەیەش شتێکی باش نەبێت. هەندێک کات فیلم بەرهەمدێنن کە وات لێدەکەن پرسیار بکەیت، کە ئایا ئەوان بۆ کێیان بەرهەمهێناوە، کێ تەماشای دەکات؟

هەرچەندە لە ئێران چەندین ژانری جیاوازی فیلم هەیە کە کاری لەسەردەکرێت، هەروەها تەکنیکی سینەمای جیهانیی. هەندێک لە هاوڕێکانمان لە ئێران کار لەسەر بە ئەرشیفکردنی فیلمە بێدەنگەکان دەکەن، کاتێک لاوە ئێرانییەکان حەز بە بینینی عەشق دەکەن لە سینەمادا: لە فیلمە هونەرییەکانەوە بگرە تا سینەما رابردووەکەی ئەڵمانیاش.

من دەربارەی یاسا قسە دەکەم تۆش دەربارەی رازیکردن. دەربارەی یاسا، خەڵک هەیە لە جیهاندا سەیری سینەما دەکەن وەک فۆڕمێکی چێژوەرگرتن و هیچ ناخوێننەوە لەسەری!

**نەوەی سەردەمەکەی تۆ چۆن بوون. واتا سینەماکارانی ١٩٦٠-١٩٧٠، جیاوازیتان لەگەڵ نەوەی پێشووتردا چی بوو؟**

پاش ماوەیەک کە بۆم دەرکەوت، جیاوازییەکە بریتیبوو لە رەوانزانیی لە کەلتووری فەڕەنسیدا. ئەمە بۆ وارنەر هێرزۆگیش راستە، هەروەها پیتەر فلێشمان و هەندێکی تریش. هەندێکی تریان هەبوون وەکو ئەلیکساندەر کەلوگ کە باکگراوەندی زانیاری لە فەلسەفەو سیاسەتدا هەبوو وەک لە سینەما.

**ئایا کەلوگ هێشتا کار دەکات؟**

لە ٢٥ ساڵی رابــردوودا کاری لە پڕۆگرامەکانی تەلەفزیۆندا دەکرد. پڕۆگرامەکانی لە کەناڵە جیاوازەکانەوە پەخش دەکران. هیچ کارێکی لە سینەمادا ئەنجامنەدا. هەموویان دەربارەی سیاسەت و ئەدەب و ژیانی سۆشیال و لەو جۆرە ستایلانە بوون...

**ئەی گۆدارد؟**

بەڵێ، لە ستایلێکی تایبەتدا.

**ئەوە روون و ئاشکرایە کە تۆ یەکەم سینەماکاری ئەڵمانیت کە کارت لەسەر قوتابخانە کردووە. تۆ لە (IDHEC)خوێندووتە، وانییە؟**

نەخێر، لەوێ نەمخوێندووە. ئەمە دەربارەی ئەوەیە کە خەڵکی دەنووسێت لێرەو لەوێ. ئەوە راست نییە، بەڵام حەزم لێی بوو! خۆم ئامادەکردبوو بچمە ئەوێ. دوو ساڵ خوێندم و سەیری زۆر فیلمم کرد، پاشان دەمتوانی بەشداریی بکەم لە بەناوبانگترین تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا دەستمکرد بە کارکردن لەگەڵ لویس مالی لە فیلمی زازیدا وەک یاریدەدەری دەرهێنەر، پێم باشتر بوو کە ئەو کارە بکەم نەک بچم بۆ (IDHEC) تەنانەت بۆ رۆژێکیش.

**هەروەها تۆ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر لەگەڵ ئالان رێسنایسیش کارت کردووە..**

پاش ئەو کارەم؛ هەلی زۆر باشم بۆ رەخساو کارەکانم بە باشی دەرۆیشتن بەڕێوە. دەرهێنانی فیلمیzazi هەژدە هەفتەی خایاند، لە سەرەتاوە دوو یاریدەدەری سەرەکی هەبوو، هەروەها سیانی لاوەکییش. من سێیەمین بووم لە لاوەکییەکاندا، بەڵام لە کۆتاییدا بوومە دووەمین یاریدەدەری سەرەکی. بەرەو کۆتایی فیلمەکە بوو کە ئەو خانمەی لەگەڵماندا کاریدەکرد و لەگەڵ رێسنایسیشدا کاریدەکرد، هەروەها پێشتریش کاری لەگەڵ کردبوو. وتی ماوەیەکی تر دەچین بۆ کاری دەرهێنانی فیلمێک لە مارین باد بە درێژایی هاوین، پێویستیشمان بە یاریدەدەرێک دەبێت کە ئەڵمانیزان بێت. وتی؛ بۆچی پەیوەندیمان پێوە ناکەیت؟ ئیتر بەو شێوەیە بوومە یاریدەدەری ئالان رێسنایسیش. پاشان بێرتراند تاڤێرنەر کە لە گۆڤارێکی سینەماییدا کاریدەکرد و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ژان پەریدا ئەنجامدابوو، پێیوتم؛ کە بچم بۆ لای. پاشان چووم و پاش یەکترناسین و ...، پێیوتم، بە نیازی دەرهێنانی فیلمێکە، کە باس لە کۆمەڵکوژیی فەرەنسییەکان دەکات لەلایەن نازییەکانەوە، بۆیە پێویستم بە زمانزانێکی ئەڵمانی دەبێت وەک یاریدەدەر کارم لەگەڵدا بکات. بەو شێوەیە من توانیم لە ماوەی ساڵێکدا وەک یاریدەدەر کار لەگەڵ سێ دەرهێنەری گەورەی سینەمایی ئەنجام بدەم.

**کەی ئەمە روویدا؟**

پێموابێت ساڵی ١٩٦١ بوو. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا من یاریدەدەری دەرهێنەر بووم لە پاریس و هەمیشە بە خۆشەویستییەوە بۆ کارەکەم هەوڵم دەدا، بۆیە

هەمیشە کەسانی چواردەورم دەیانوت: کار لەگەڵ ئەو ئەڵمانییەدا بکە زۆر جدییە!

**هەموو ئەمانە هەل بوون روویان دا؟**

خۆشم زۆر هەوڵمدەداو زۆر دەجووڵام. من لە مانای هەل تێناگەم؟ دەبێت ئێمە بە دوای هەلدا بگەڕێین. دەبێت هەمیشە هەوڵبدەیت خۆت دەرخەیت. لە شانزە ساڵییەوە هەمیشە ویستوومە ببمە دەرهێنەر. ئەمە نەدەگونجا لە ئەڵمانیادا، چونکە لە ١٩٥٠دا تەنها یەک ژانری سینەمایی هەبوو لە ئەڵمانیادا، کە ئەویش بازاڕیی بوو. بڕیارمدا واز لە قوتابخانە بێنم و لە سینەمادا کار بکەم. هەوڵمدا باوکم رازی بکەم و دەست بکەم بە کارکردن. بەهیچ شێوەیەک نەیهێشت ئەو کارە بکەم. رۆژێک ئاگادارییەکم بینی لە بڵاوکراوەیەکدا، کە نووسرابوو؛ دەچین بۆ پاریس لە پێناو فێربوونی زماندا بۆ ماوەی دوو مانگ. بڕیارمدا ئەوە بکەم، تەنها لە پێناو ئەوەی کە لەو شوێنە هەڵبێم کە لێیم. هۆی ئەوەی کە حەزم دەکرد لە سینەمادا کار بکەم، ئەوەبوو کە من هەر لە تەمەنێکی منداڵییەوە ئارەزووم لە سینەمابوو. هەمیشە وا راهاتبووم سەرم بەهەموو شوێنێکدا دەکرد بۆ بینینی کارێک، هەروەها بینینی کورتە فیلم و زۆر لە فیلمەکانی ١٩٥٠م دەبینی. وا هەستدەکەم تاکە وڵات کە خاوەنی سینەمای راستەقینە بێت، فەرەنسایە. من بەختم هەبوو کاتێک لە خوێندنگەی جێسووت، شوێنی نمایشکردنی فیلم هەبوو. ئەو شوێنە بوو کە تیایدا بۆ یەکەم سات کارێکی کارڵ درایـەرم بینی و بە کارەکانی ئاشنا بووم. ئەوە یەکەمین فیلمی بێدەنگ بوو کە من پێی ئاشنابووم. بەڕێوەبەری ئەو شوێنە منی دەستنیشانکرد کە وەکو دەرهێنەرێک کاربکەم. پاشان پاش ئەو دوو مانگە من هەر لە فەرەنسا مامەوە، تا ماوەی ١٠ ساڵی تر. پێویست بوو لەسەرم کە بەردەوامبم لەسەر خوێندنەوە، بۆئەوەی بتوانم لەو شوێنەدا بمێنمەوەو خۆم زیاتر ماندوو بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانمدا هەنگاو بنێم. من بەختەوەربووم، چونکە دەمتوانی لەگەڵ دەرهێنەرە مەزنەکاندا کاربکەم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە من هەموو شتێکم دەکرد بۆ ئەوەی بتوانم کارێکی سەرنجڕاکێش ئەنجام بدەم. یان بە مانایەکی تر: من هەوڵمدەدا هەلێکیان بۆ بڕەخسێنم.

**ئایا تەنها لە کارێکدا لەگەڵ لویس مالێ کارت کردووە؟**

نا، نەخێر بۆ ماوەی پێنج ساڵ کارم لەگەڵ کرد. چووین بۆ جەزائیرو راپۆرتی جەنگمان ئامادە دەکرد. لە ١٩٦٢دا بەر لە شەڕەکەی ڤێتنام چووینە ئەوێ. پاشان

چووینە تایلاندو بۆ ماوەی ئەو چەند ساڵە من کارم لەگەڵ کرد. من ببوومە یاریدەدەری سەرەکی ئەو. ئێمە وەکو برا وابووین تا کۆتایی ژیانی. نزیکترین هـاوڕێ بووین، ئیتر خۆت چۆن بیری لێدەکەیتەوە. من یەکەم خێزانیم بۆ دۆزییەوە. ئەکتەرێکی ئەڵمانی بوو، هەریەکەمان بەرهەمهێنەری کارەکەی ئەوی ترمان بووین. ئەو یەکەمین و مەزنترین سینەماکار بوو کە لە ژیانی سینەمایمدا ناسیم، بەڕاستی هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بوو. هەروەها لەگەڵ مێلڤیڵی کە لە چەند فیلمێکدا کارم لەگەڵ کرد.

**پرسیارێک هەیە دەربارەی دوو دەنگی جیاواز لە سینەمای ئەڵمانیدا لە ساڵانی ١٩٧٠داو خەڵکیش خۆشیان دەوێن و گرنگییەکی تایبەتیان پێدەدەن ئەوانیش؛ شلۆندۆرف و واندەرز-ن، ئەو کەسانەی کە باکگراوندێکی سینەماییان هەیە و ئەوانەشی کە نیانە...**

واندەرز ١٠ ساڵ پاش من هاتە ناو دنیای سینەماوە. ئەو بۆ چینی دوای من دەگەڕێتەوە. منیش لە سەردەمی وارنەر هێرزۆگ و ئەلیکساندەر کێلوگ کارم کردووە. من پێویست بوو لە ئەڵمانیا بڕۆشتمایەو بچوومایەتە پاریس، دەبووایە چەند تاقیکردنەوەیەکی پراکتیکیم ئەنجام بدایە. کاتێک من بڕیارم دا ببمە سینەماکار کێشەکەم ئەوە نەبوو کە بێم ئامۆژگاریی خەڵکیی بکەم لە دنیادا، من شێوەیەکی تایبەتیم هەبوو لە کارکردندا. تاکە خاڵی گرنگ بۆ من ئەوەبوو، کە کار لە سینەمادا بکەم. هێرزۆگ و کێلوگ لە ئەڵمانیا کاریان دەکرد، لە ١٩٦٠-١٩٦١ دەستیانکرد بە کاری کورتە فیلم. ئەوە ئەو کاتە بوو کە دامەزراوەی ئەوبەرهاوس دامەزرا.

**ئایا لە پەیوەندیدا بوویت لەگەڵیاندا، یان هیچ پەیوەندییەکت هەبوو لەگەڵ ئەو دامەزراوەیەدا؟**

نەخێر، هیچ زانیارییەکم نەبوو دەربارەیان، تەنها لە ڕۆژنامەکانەوە دەربارەیان شتم دەخوێندەوە. دەربارەی ئەوان هیچم نەدەزانی تا ئەو کاتەی یەکەم فیلمی خۆم لە ١٩٦٥دا کاری دەرهێنانم بۆ کرد. من بە تەواویی ببوومە پیاوێکی فەڕەنسی. دبلۆمم لە فەڕەنسا بەدەستهێناو خوێندنی زانکۆشم هەر لە فەڕەنسا تەواوکرد. پلەیەکی بەرزم لە بازرگانیدا بەدەستهێنا، کاتێک چوومە فەڕەنسا شانزە ساڵ بووم، بەڵام کە گەڕامەوە ئەڵمانیا، ٢٥ ساڵ بووم.

**کەواتە دەتوانیت بڵێیت من دەرهێنەرێکی فەڕەنسیم؟**

نەخێر، لەبەرئەوەی فەڕەنسییەکان خۆیان بەوە رازی نابن! کاتێک چوومە فەڕەنسا بۆ ئەوەی فیلمێک بەرهەم بێنم کە دەقەکەیم لە رۆمانێکی مارسێل پرۆستەوە وەرگرتبوو، پێیاندەوتم؛ ئەو ئەڵمانییە چی دەکات لێرە؟! بۆیە ئەوان منیان رەوانەی ئەڵمانیا کردەوە، چونکە نەیاندەزانی من لە فەڕەنسا خوێندوومە.

**سەرنجڕاکێشترین خاڵ لە فیلمەکانتدا ئەوەیە، کە زۆربەیان لە دەقی ئەدەبیی نووسەرە گەورەکانەوە وەرگیراون؛ وەکو گۆنتەر گراس، مارسێل پرۆست.**

ئەوە بۆ ماوەی چل ساڵ دەبێت من کاری فیلم دەکەم. هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە بۆ چێژ لە دەقی ئەدەبیی وەردەگـرم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە بەڕاستی من چێژ لە خوێندنەوە وەردەگرم، من جیهانێکی سەرنجڕاکێش و تایبەتیم لە کتێبەکاندا دۆزییەوە، بۆیە هەوڵمداوە کار لەسەر کتێب بکەم. هەوڵمداوە وێنەی ئەو کتێبانە دروست بکەم کە تێگەشتنیان قورس بووە. جیهانی راستەقینە زۆر بێزارکەرە و هەرگیز ناتوانم رووبەڕووی ببمەوە.

**شتێکی ئاساییە ئەگەر بێت و تۆ لە دەقێکی ئەڵمانییەوە سیناریۆی فیلمەکانت وەربگریت، بەڵام ئەگەر بێت و لە ئەدەبیاتی وڵاتانی ترەوە وەکو ئەمریکا وەریبگریت، ئەوا ئاسایی نییە بە بڕوای من..**

لە بیست ساڵی کارکردنی خۆمدا تەنیا لە کتێبـە ئەڵمانییەکانەوە سیناریۆکانم وەردەگرت. ئەوەش لەبەر ئەوە بوو بزانم چۆنە ئەگەر وەکو ئەڵمانییەک بم. کاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر لە فەڕەنسا مامەوە، زۆر لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا مامەڵەم کرد و لە ئەڵمانیا و لە هەڵسوکەوتی کەسانی وڵاتەکەی خۆم زۆر دوورکەوتمەوە. هاوڕێ فەڕەنسییەکانم وەکو لویس مالی منی وەکو ئەڵمانییەک نەدەبینی. هەوڵمدەدا تەواو وەکو فەڕەنسییەک مامەڵە بکەم، بەڵام هەموو کاتێک نەمدەتوانی! پاش ئەوەی بڕیاری یەکەمین کاری سینەمایی خۆم دا، وام لێکدەدایەوە کە دەتوانم لە هەر شوێنێک بێت ئەنجامی بدەم. من لە نووسینی سیناریۆیYOUNG TORLESSببوومەوە بەتەواوی، ئەو کاتانە بوو کە لە فەڕەنسا دەمخوێند، هەندێک شتم لە بارەی نازییەکانەوە دەبیست کە بەڕاستی کاریگەریی هەبوو بۆ من. چۆن شتێکی لەو شێوەیە لە ئەڵمانیادا روودەدات؟ کە ئەوە هەلێک بوو تا بزانیت چۆنە ئەڵمانی بیت و چۆنە لەژێر رکێفی نازییەکاندا بیت. بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەردەوام بووم لەسەر وەرگرتنی سیناریۆ لە

ئەدەبیاتی ئەڵمانییەوە. لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە من ئەرکێکی قورسترم لەسەر شانە کە دەبێت جێبەجێیان بکەم. چەند ساڵی دوای ئەوە (TIN DRUM)م تەواو کرد. پاشان (CIRCLE OF DECEIT)م تەواو کرد، کە ئەویش هەر بابەتێکی ئەدەبی بوو، لە لوبنان پێش ئەوەی ئیسرائیل هێرشی بباتە سەرو داگیری بکات. هەرگیز پلانم بۆ ئەوە دانەنابوو کە کار لە سینەمای فەڕەنسیدا بکەم، بەڵام لە ناکاو فیلمی(SWAN IN LOVE)م بەرهەمهێنا، سوپاس بۆ هاوڕێ و بەرهەمهێنی فەڕەنسی جان کلاودی کاریەر. ئەو سیناریۆکەی بۆ پیتەر برۆک نووسیبوو کە نەیتوانی کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجام بدات، منیش فشارێکی زۆرم لەسەر خۆم دروستکرد بە خوێندنەوەوە، جگە لەو کارە نەمتوانی هیچ فیلمێکی تر لە سینەمای فەڕەنسیدا بەرهەمبێنم، تەواوی ژیانم لە سینەمای ئەمریکیدا بەسەر برد. لە منداڵیمەوە تەنانەت پێش ئەوەش کە سەفەر بکەم بۆ فەڕەنسا خەونم بەوەوە دەبینی سەفەری ئەوێ بکەم. لە کۆتاییدا هەلێکم هاتە بەردەم بۆ ئەوەی سەردانی بکەم. بەو شێوەیە بوو کە فیلمی ئەمریکیم بەرهەمهێنا.

**پلانت داناوە کە هەر لەسەر ئەو دەقە ئەدەبیانە سیناریۆی فیلمەکانت دابڕێژیت؟**

باشە، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا بەلای رووداوە راستەقینەکاندا وەرچەرخاوم، بەڵام هیچ شتێکی دڵنیایی نییە تا ئێستا. لەوانەیە ئێستا بە دەقی ئەدەبی تێر بووبم. بە دڵنیاییشەوە ئێستاش هەر بەردەوامم لە کتێب دەخوێندنەوە، ئەوانەی کە ئاسان نیین خوێندنەوەیان، بۆ نموونە کتێبەکانی تۆڵستۆی.

**پرۆفایل:**

ڤۆلکەر شلۆندۆرف تەمەنی ٧٠ ساڵەو لە سەرەتای کاری سینەماییەوە بە یاریدەدەری دەرهێنەر لەگەڵ دەرهێنەرە مەزنەکان کاریکردووە، بەهۆی تواناو لێهاتوویی خۆیەوە رۆژ بە رۆژ پلەی لە سەرکەوتندا بووە. ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سینەمای نوێی ئەڵمانی، زۆربەی کارە سینەماییەکانی لە دەقە ئەدەبییەکانەوە وەرگرتووە و هەمیشە حەز بە خوێندنەوە دەکات. یەکێک لە ناسراوترین فیلمەکانی تەپڵی تەنەکەیە، کە لەلایەن نووسەری ئەڵمانی گۆنتەر گراسەوە نووسراوە کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە.

**سەرچاوە:**

Film international

دەتوانیت گۆڤاری هونەر لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.dengekan.com

www.chrakan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە